# بنەماکانی ئێتیك و

## ئێتیك لە ڕاگەیاندنی کوردیدا

دکتۆر سەپان

هەولێر
2014

ناوی کتێب: بنەماکانی ئێتیك و... ئێتیك لە ڕاگەیاندنی کوردیدا
نووسەر: دکتۆر سەپان
تایپ: نووسەر
نەخسەسازی: ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٤
چاپ: چاپخانەی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ) ساڵی ٢٠١٤ی دراوەتێ

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 7 |
| بەشی یەکەم | 15 |
| فەلسەفە و ڕاگەیاندن و ئێتیك | 17 |
| 1 - فەلسەفە و پێناسەی فەلسەفە | 19 |
| 2 - ئێتیك و پێناسەی ئێتیك | 19 |
| 3 - ئێتیك و ڕاگەیاندن | 22 |
| ا - ئێتیك و پروپاگەندە | 24 |
| ب - ئێتیك و ڕێکلام | 25 |
| ج - ئێتیك و یاسا | 26 |
| د - ئێتیك و هەقیقەت | 28 |
| بەشی دووەم | 33 |
| دۆزینەوەی چاپخانە و کارتێکردنی لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیری | 35 |
| 1 - کورتەیەك لە مێژووی چاپخانەکانی سەرەتایی لە ئەوروپا | 35 |
| 2 - کورتەیەك لە مێژووی رۆژنامەکانی سەرەتایی لە ئەوروپا | 37 |
| 3 - کورتەیەك لە مێژووی پەیدابوونی سێنسور (ڕەقابە) | 41 |
| 4 - یاسا و ئێتیك (دانانی چوارچێوەی کارکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان) | 45 |
| 5 - ئازادی رادەربڕین و هەوڵەکان بۆ باشترکردنی ڕاگەیاندن | 47 |
| 6 - تیۆرییەکانی ڕاگەیاندن | 49 |
| ا - تیۆری دەستەڵات Authoritarian Theory | 50 |
| ب - تیۆری لیبرالی Liberal Theory | 50 |

| | |
|---|---|
| ج - تیۆری سۆڤیێتی The Soviet Theory | 51 |
| د - تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی Social Responsibity Theory | 52 |
| 7 - پەیدابوونی پرێسی زەرد لە جیهان و لە کوردستان | 53 |
| ا - پێناسەی پرێسی زەرد | 54 |
| ب - سەرهەڵدان و خەسڵەتەکانی پرێسی زەرد | 54 |
| ج - خەسلەتەکانی پرێسی زەرد | 56 |
| د - پرێسی زەرد لە کوردستان | 57 |
| 8 - ماف و ئەرکی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگەدا | 58 |
| 9 - دۆزینەوەی هەقیقەت و باسکردنی | 60 |
| 10 - ئێتیك لە سەردەمی ئەزمەکاندا | 61 |
| 11 - بەرتیل لە کاری ڕاگەیاندن | 62 |
| بەشی سێیەم | 69 |
| رۆژنامەگەری لە کوردستان | 69 |
| 1 - ڕۆژنامەنووس و پیشەی ڕۆژنامەنووس | 71 |
| 2 - کورتەیەك لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بە دید و تێڕوانینی نوێ | 73 |
| 3 - پەیدابوونی ڕەخنە لە ڕۆژنامەگەری کوردی | 75 |
| ا - ڕەخنە لە گۆڤاری ڕووناکی، هەتاو، گۆڤاری ڕۆژی نوێ | 75 |
| ب - ڕەخنە لە ساڵی 2012 لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیدا | 81 |
| بەشی چوارەم | 95 |
| ڕەوشی ڕاگەیاندنی کوردی لە ساڵی 2012 | 97 |
| 1 - یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی | 97 |
| 2 - ڕۆژنامەنووسانی پێشتری ڕۆژنامەگەری کوردی | 99 |
| 3 - مێژووی ڕۆژنامەگەری ئەهلی لە کوردستان | 100 |
| 4 - هۆکانی خراپی ڕاگەیاندنی کوردی | 101 |

| | |
|---|---|
| 5 - یاسای ڕاگەیاندن لە کوردستان | 103 |
| 6 - ئەنجومەنی ڕاگەیاندن | 105 |
| 7 - عەدالەتی کۆمەڵایەتی | 106 |
| 8 - هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن | 108 |
| 9 - هەبوونی دیوار لە نێوان ڕۆژنامەنووس و بەرپرسان | 109 |
| 10 - وردەکارییەکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن لە ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی سوید (نموونەی زیندو) | 110 |
| بەشی پێنجەم | 121 |
| هەڵسەنگاندنی چەند رۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی لە ڕوانگەی ئێتیکەوە | 123 |
| 1 - دۆسییەی قایمقامی سولەیمانی و ڕەنگدانەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا | 123 |
| ا - دۆسییەی قایمقام لە ماڵپەڕی ئیلێکترۆنی: خەندان و رووداو | 124 |
| ب - دۆسییەی قایمقام لە پرێسی کوردی، کوردستانی نوێ، ئاوێنە، یەکگرتوو، میدیا، هاوڵاتی، رووداو، لڤین و شەقام | 133 |
| ج - مامەڵەی پرێس لەسەر دۆسییەی قایمقام | 145 |
| د - مامەڵەی زانا محەمەد ساڵح لەگەڵ پرێس | |
| 2 - ئێتیك لە پرێسی کوردی | 146 |
| ا - نموونەی گۆڤارەکان | 146 |
| گۆڤاری شەقام، گۆڤاری هۆنیا، گۆڤاری سڤیل، گۆڤاری چرکە | 147 |
| ب- نموونەی ڕۆژنامەکان | 153 |
| ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی خەبات، هەفتەنامەی ئاوێنە، هەفتەنامەی چاودێر، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، هەفتەنامەی رووداو، ڕۆژنامەی هەولێر، هەفتەنامەی باس، هەفتەنامەی هەواڵ | 154 |
| کتێب و سەرچاوە | 161 |
| پاشکۆکان | 169 |
| 1 - پڕۆژە یاسای ئەنجومەنی باڵای سەربەخۆی ڕاگەیاندن | 171 |

| | |
|---|---|
| 2 - پڕۆژە یاسای ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان | 175 |
| 3 - یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان | 199 |

## پێشەکی

پێشوەچوون و باشی ڕاگەیاندن، ڕاستەخۆ بەندە بە ئاستی وشیاری ڕۆژنامەنووس و ئەو جەماوەرەی ڕۆژنامە و گۆڤاری بۆ دەردەکەین، بەو ژینگەیەی پرێسی لێ بڵاودەکەینەوە و بەو خەڵکەی بەرنامەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی بۆ پەخش دەکەین. پێشوەچوونی جەماوەریش بەندە، بەوەی تا چەند ئازادی رادەربڕین لە وڵات هەیە، ئازادی ڕادەربڕنیش پەیوەندی بە دیموکراتیەت هەیە، دیموکراتیەتیش پەیوەندی بە ئازادی تاك هەیە، ئازادی تاکیش پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئازاد و شەفاف هەیە، ئازادی و شەفافیەتیش پەیوەندی بەو یاسایانە هەیە، لە پەرلەمان دەردەچن، یاساش پەیوەندی بەو پەرلەمانتارانەوە هەیە، کە دەینووسن و دەنگی لەسەر دەدەن، پەرلەمەنتارانیش ڕاستەخۆ پەیوەندییان بە پارتی سیاسییەوە هەیە، کە کەسەکان بۆ پەرلەمان کاندید دەکەن..

ئەگەر پارتی سیاسی خراپ و نادیموکراتیبێ، ناتوانی چاوەڕێی حکومەتی باش و دیموکرات بکەیت، لەوکات ناتوانی چاوەڕێی ڕاگەیاندنی باشیش بکەیت.. بەمشێوەیە دەبینین، ئەوانەی سەرەوە هەمووی ئەلقەی نەپچراوی یەکترن و بەیەکەوە گەشە دەکەن، پێش دەکەون و بەسەر گرفتەکان زاڵ دەبن، کار بۆ باشترکردن و داهاتوو دەکەن.

ئەوانەی سەرەوە لە یەك شەو و ڕۆژ لەدایك نابن و بۆ جێگیربوون و قایمبوون، پێویستیان بەکات هەیە، پێویستیان بە ئەزموون هەیە، پێویستیان بە هەڵەکردن و بەخۆداچوونەوە و هەموارکردن هەیە.. لە هەمووشی گرنگتر خڕ ئەوانەی باسکران، لە کەش و هەوایەکی دیموکرات لەدایك دەبن و لە ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیر گەشە دەکەن..

پەلەکردن لە پێشوەچوون و بەخێراکردنی ڕەوڕەوەی مێژوو نەبووە و کۆمەڵ هەمیشە کاتێکی دیارکراوی پێویستە. ڕاستە هەندێك جار، هەندێك بیرۆکە، پرۆژە دێنە پێش، لەکاتێکدا ئەو بیرۆکە و پرۆژانە تێر و تەواویشبن، بۆ تێگەیشتن و هەزمکردنی دیسان بڕێك کات هەر پێویستە..

ئەگەر ئەوانەی سەرەوە لە کوردستان هەبوو، بێشك یاسایەکی ڕاگەیاندنی باش بوونی دەبێ، ڕاگەیاندنی کوردی باش و پوخت دەبێ، ئەنجومەنی ڕاگەیاندن دەبێ، سەندیکایەکی ڕۆژنامەنووسانی بێلایەن دەبێ، بە هەمووشیانە و بەیەکەوە کاردەکەن بۆئەوەی ئێمەی کورد ببینە خاوەن ڕاگەیاندنێك، بەرژەوەندی

جەماوەر بخاتە سەرووی تەواوی بەرژەوەندییەکانی دیکەوە...

لۆژیکی بیرکردنەوە ڕێگانادا، لە ولاتێك ڕاگەیاندنی باش هەبێ و لە تەواوی بوارەکانی دیکەی ژیانیش دەریایەك تێبینی و کەموکورتی هەبێ. حکومەتێکی باش هەبێ و پەرلەمانێکی سست و مردوو هەبێ، زانکۆی خراپ هەبێ و مامۆستای باش هەبێ.. لەگەڵ ئەوەش، ئەوانەی سەرەوە ناکەنە ئەوەی، ڕۆژنامەنووس لەماڵ دەستەوەستان دابنیشێ و کار بۆ پێشوەچوونی خۆی نەکات، بەرهەمی باش نەداتە دەست و بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵنەستێ.

کاری ڕۆژنامەنووس لەم کاتەی ئێستا و لەکۆمەڵگای کوردەواری، لە تەواوی کارەکانی دیکەی کۆمەڵ بەرپرسیارێتی گرانترە، چونکە لەسەر ئەو پێویستە لە ڕێگای بەرهەمەکانییەوە، خەڵك هۆشیار بکاتەوە، زانیاری تەواویان بگەینێتێ، کار لەسەر دیموکراتیەت بکا و ماف و ئەرکی جەماوەر لە کۆمەڵگا ڕوون بکاتەوە.. ڕۆژنامەنووس پێیدەکرێ و لەتوانای هەیە، پرۆسەی پێشوەچوون کەمێك خێرا بکات، گەشە بە دیموکراتییەت بدا، بناغەی کۆمەڵگایەکی یەکسان و مەدەنی دابمەزرێنێ..

هەبوونی مۆدێلی سۆسیالیزمی سوێدی، لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی سوێدییەوە هاتە کایەوە، کە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان خەونی پێوە دەبینن، ئەگەر لە سوید بەر لە سەد ساڵ، ڕۆژنامەنووسان توانیان سیستێمی سۆسیالیستی بێننە کایەوە، بێشك دیارە ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتی دیکەش، دەتوانن کار بۆ دیموکراتییەت و هەبوونی یاسای باش و کۆمەڵگای یەکسان بکەن.

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بە ڕۆژنامەی کوردستان لە 22ی نیسانی 1898 لە قاهیرە دەستی پێکرد، کە دەکاتە ئەوەی ئێمە 289 ساڵ لەدوای دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەین لە جیهان دا. جگە لەوەی جیاوازیمان بە ساڵ لەنێوان زۆرە، بە دەرکردنی ڕۆژنامە، بەشێوەیەکی بەردەوام هێشتا زۆرترە. ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی کوردی، پچڕ پچڕ و ناوە ناوە و لە شوێن و وڵاتی جیا جیا دەرچووین و بڵاوکردنەوەشی لەناو جەماوە لە دەرکردنی گرانتر بووە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بووە، کە ڕاگەیاندن لە کوردستان نەبۆتە پیشەسازی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەتوانن بە بەرهەمی خۆیان، خۆیان بژێنن.

کۆمەڵێك هۆ هەن، کاریان کردۆتە سەر سست یان خراپ بوونی ڕاگەیاندنی کوردی، لەهەموویان گرنگتر: نەبوونی ئازادی لە کوردستان و ئاڵۆزی کەشوهەوای سیاسی، چەوساندنەوەی گەلی کورد و کارکردن بۆ لاوازکردن، بەعەرەب کردن و ڕاگواستنەوەی سەدان هەزار ماڵ، بێبەشکردنی قوتابییانی کورد لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگاکان، نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی، هاندانی حکومەت و دەرەبەگەکانی کورد، بۆ هێشتنەوەی جەماوەری کوردستان هەر بە دواکەوتوویی، کەمی توێژینەوە لەسەر ڕاگەیاندن و کەمی کادری ئەکادیمی لەم بووارەدا...هتد.

نووسین و لێکۆڵینەوەش لەسەر ئێتیکی ڕاگەیاندن جگە لەوەی بەرپرسیارێتییێکی گەوریە، پێویستی

بە زانیاری فەرهەنگیانەش لە: ڕاگەیاندن، دابونەریت، یاسا، مێژووی.. هتد هەیە. ئەمانەی سەرەوە هەموویان بەیەکەوە، بوونەتە هۆی گرنگ، کە ڕاگەیاندنی کوردی بەمشێوەی ئەمڕۆ بهێڵێتەوە و لەئاست پرسە مەزنەکەی نەبێ.

بە حزبی کردنی ڕاگەیاندنی کوردی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەك و هەبوونی حکومەتی دیکتاتۆری یەك لەدوای یەکی بەغداش، دەرگای لەسەر بەئەهلیکردن ئەگەر داشنەخستبێ، ئارەزووەکەی کەمکردۆتەوە، موناfەسەی لەنێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان و هەتا ئاژانسەکانی دەنگوباسیش خەفە کرد.

ئەم شێوە ڕاگەیاندنە حزبییەی لە کوردستان هەیە، ڕۆژنامەنووسانی کوردی تەمبەڵ کرد و فێریکردن، هیچ پێویست ناکات، هەموو وزەی خۆت بۆ نووسینی گوتارێك تەرخان بکەیت، ئەگەر بتوانی بەنیوەی ئەو ماندیبوونە، بەرهەمێکی کاڵ بدەیتە دەست، بێئەوەی کاربکاتە سەرمووچە، یان بەرزبوونەوەی پلەی حزبی، سڕ یان دەرکردن لە ریزەکانی حزب.. ئەگەر بەرهەمی باش ڕۆژنامەنووس نەباتە پێشەوە، مووچەی زیاد نەکات، لە ڕۆژنامەنووسانی دیکەی جیا نەکاتەوە، هیچ پێویست ناکات، ڕۆژنامەنووسێکی حزبی بە دڵەوە کار لەسەر گوتارێك بکات. لەلایەکی دیکەش ئەگەر خزم خزمانێ لەناو ڕۆژنامە هەبێ، چۆن دەتواندرێ باس لە پێشوەچوون و جوانکردنی ڕووی پرێس یان ڕاگەیاندن بکرێ...

نووسین لەسەر ئێتیکی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی گرانە و بەتایبەتیش ئەگەر ئەو نووسین تایبەت بە ئێتیکی ڕاگەیاندنی کوردی بێ چونکە: لە وڵاتێك گەندەڵی هەموو بوارێکی ژیانی گرتبێتەوە و دزی و فێڵ و ساختەی ڕۆژانە شەرم نەبێ و یاساش بۆ سزادانی بیری لێنەکرێتەوە و بۆ هەموو کەسێکیش نەبێ، لەوڵاتێك عەدالەتی کۆمەڵایەتی لاوازبێ، لەوڵاتێك ڕۆژنامە ئۆرگانی حزب بێ، لە وڵاتێك یاسایەکی باشی ڕاگەیاندن نەبێ، لە وڵاتێك دابەشکردنی کورسی دەستەڵات لەسەر بنەمای خزم خزمانێ و دۆست و برادەرایەتی بێ، لە وڵاتێك کەمترین بودجە بۆ ڕاگەیاندن دابین بکرێ، لە وڵاتێك کادری پیسپۆری و ئەکادیمی ڕاگەیاندکار بەش نەکات، لە وڵاتێك بەرهەمەکانی فریلانس بەسەر پرکردنەوەی لاپەڕە و شاشەی تەلەفزیۆن و بەرنامەکانی رادیۆ زاڵ بێ، لە وڵاتێك ڕێز لە ڕۆژنامەنووس نەگیرێ و بە چاوی سووك سەیریان بکرێ، لە وڵاتێك نووسەر نەتوانی بە بەرهەمەکەی بژی، بودجە بۆ تەواوی بوارەکانی فەرهەنگ تێر نەبێ...هتد، ناکرێ داوا لە ڕۆژنامەنووسی گەنج و بەدبەخت یان بە تەمەن و هەژار بکەیت، لە نووسین یان بەرهەمت، ڕەچاوی ئێتیکی ڕاگەیاندن بکە، لەکاتێکدا ئەو هەموو ئەوانەی سەرەوە رۆژانە بەچاوی خۆی دەبینی و زۆر بەباشی هەستیشی پێدەکا..

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، نووسین لەسەر ئێتیکی ڕاگەیاندن بە گشتی و ئێتیکی ڕاگەیاندنی کوردی بەتایبەتی گرنگە و بابەتێکی هەنووکەیی و یەکجار پێویستە، بەتایبەتیش بۆ من، کە سێ ساڵ ئەم بابەتەم بە قوتابییانی قۆناغی سێی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین گوتۆتەوە.

کتێبی بەردەست بەناوی: (بنەماکانی ئێتیك و ئێتیك لە ڕاگەیاندنی لە کوردیدا) لە پێشەکی، پێنج بەش، لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پاشکۆیەك پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەم بەناوی: (فەلسەفە و ڕاگەیاندن و ئێتیك) لە دەرگای کۆمەڵێك بابەتی گرنگی فەلسەفی دراوە وەك: فەلسەفە و پێناسەی فەلسەفە، ئێتیك و ڕاگەیاندن، ئێتیك و هەقیقەت، ئێتیك و ڕێکلام، ئێتیك و یاسا و کۆمەڵێك بابەتی دیکەی گرنگ باسیان لێوە کراوە. لەم بەشە بۆ ئەوەی لە فەلسەفە و مانای فەلسەفە بگەین، بۆ زیاد لە دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا گەراوینەتەوە و لە سوکراتی فەیلەسوفەوە دەستمان پێیکردووە. نووسینی ئەم بەشە بۆ ئەم کتێبە، زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر خوێنەر نەزانێ، فەلسەفە چییە، قەت نازانێ ئێتیك چییە و چۆن پێویستە لە نووسین مامەڵەی لەگەڵ بکەین. بۆئەوەی لەم بەشە لەلایەنی فەلسەفییەوە بێ کەموکورتی بێ، مامۆستای بەڕێز نەوازاد جەمال لە بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بە نووسنیەکەمدا چۆتەوە و لە باشترکردنی یارمەتی دام.

لە بەشی دووەم بەناوی: (دۆزینەوەی چاپخانە و کارتێکردنی لەسەر ڕەوشی رۆشنبیری) بەتێری باس لە کۆمەڵێك بابەتی گرنگ لەسەر: مێژووی داهێنانی هونەرەکانی چاپ، مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان، مێژووی پەیدابوونی ڕەقابە.. چوار تیۆرەکەی ڕاگەیاندن، ماف و ئەرکی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵ، دۆزینەوەی هەقیقەت و باسکردنی، ئێتیك لە سەردەمی ئەزمەکاندا، بەرتیل لە کاری ڕاگەیاندن لەگەڵ جۆرەکانی بەرتیل و وردەکارییەکانی.. هەموو ئەوانەی سەرەوە و هەندێك بابەتی دیکەش لەم بەشە باس کراون. نووسین لەسەر ئەم تەوەرانەی سەرەوە زۆر گرنگە، چونکە لەلایەك سەرچاوە بە زمانی کوردی نییە یان زۆر کەمە، لەلایەکی دیکەش بێزانینی ئەو مێژووانەی سەرەوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕاگەیاندن و زۆربوونی لکەکانی ڕاگەیاندن و رۆشنبیری هەیە، گرانە خوێنەری کورد بە تەواوی لە کێشەکانی ئێتیك و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و وردەکاری ئێتیك لە ڕاگەیاندن بزانێ و تێبگا...

لە بەشی سێیەم بەناوی: (ڕۆژنامەگەری لە کوردستان)، چوار بابەتی گرنگ لەسەر: ڕۆژنامەنووس و پیشەی ڕۆژنامەنووس، کورتەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، پەیدابوونی ڕەخنە لە ڕۆژنامەگەری کوردی، ڕەخنە لە گۆڤاری ڕوناکی، هەتاو، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ڕەخنە لە ساڵی 2012 لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی هەیە. هەڵبژاردنی ئەم بابەتانە، بۆ خوێنەری ئێستای کورد زۆر گرنگە، چونکە بە خوێندنەوەیان، شارەزایی لەسەر مێژووی ڕەخنە لە ڕۆژنامەگەری کوردی پەیدا دەکا و لەهەمان کاتیش، بە هێنانەوەی نموونە دەوڵەمەندەکانی، تێدەگا بەر لە هەشتا ساڵ ڕەخنە چۆن لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی نووسراین، وەڵامی ڕەخنەکان چۆن دراونەتەوە، هەروەها نووسەری ڕەخنە و وەڵامەکان چ کەسانێك بووین و ئاستی وشیارییان، پیشەی ڕۆژنامەنووسیان، پسپۆری ئەوان لەڕاگەیاندن چۆن بووە.

ئەگەر خوێنەری کورد لە مێژووی ڕەخنە ڕاگەیاندنی خۆی نەزانێ، بێشك تێناگات، ئێتیك لە ڕاگەیاندن چییە و چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. بۆئەوەی نووسینەکە تێربێت و خوێنەر شارەزایی باش لەسەر ڕەوشی ڕاگەیاندن و بیرکردنەوە لە ئێتیکی ڕاگەیاندن هەبێ، نموونەی ڕەخنە لە ساڵی 2012 باسکراوە. بۆ ئەم بابەتە، چەند نووسینێك وەك نموونەی زیندوو هێندراونەتەوە، کە نووسەرانیان ئەگەر بەناوبانگیش نەبن، پلەی بەرزیان لە حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم هەیە. بەخوێندنەوەی ئەم بەشە تێدەگەین، جیاوازی لەنێوان ڕەخنەگرانی کورد پێشان و ئێستا چۆنە و چەندە. هێنانەوەی ئەم نموونانەی سەرەوە هیچ پەیوەندی بە لایەنی سیاسی یان حزبییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە نووسین و ڕەخنە و وەڵامەکانەوە هەیە.

لە بەشی چوارەم بەناوی: (ڕەوشی ڕاگەیاندنی کوردی لە ساڵی 2012) لە دەرگای هەندێك بابەتی گرنگ وەك: یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی، مێژووی ڕاگەیاندنی ئەهلی لە کوردستان، هۆکانی خراپی ڕاگەیاندنی کوردی، یاسای ڕاگەیاندن لە کوردستان، ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، وردەکارییەکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن لە پرێسی سوێدی، ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی سوید لەگەڵ هەندێك بابەتی دیکە.. ئەو زانیارییانەی لەم بەشە هەن، بۆ قوتابییانی بەشەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی کورد زانینیان زۆر پێویستە، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی بەتەنگ ڕاگەیاندنی کوردییەوە دێن و دەیانەوێ لە وردەکارییەکانی ڕاگەیاندن باشتر شارەزا بن. هەر لەم بەشە، قورساییەکی زۆر خراوەتە سەر گرنگی هەبوونی یاساییەکی تێری ڕاگەیاندن، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس ماف و ئەرکی خۆی بەجوانی بۆ دیاری بکرێ، چونکە ئەگەر ڕۆژنامەنووس بەندەکانی یاسای ڕاگەیاندن نەزانێ، لە سنووری خۆی و بەرامبەری تێناگات و لەکاتی نووسین، ئاسانە تووشی هەڵە بێت.

هەر لەم بەشە، بۆئەوەی خوێنەر بزانێ ڕۆڵ و ئەرکی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن چییە، کۆمەڵێك نموونەی زیندووی ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی سوێدم وەرگرتووە. هەرچەندە ستۆکهۆڵم لە کوردستان نزیکەی 4500 کم دوورە، بەڵام بە خوێندنەوەی سکاڵاکان، دەبینین ئێمە زۆر لەیەك نزیکین و ئەو گرفتانەی هاوڵاتییانی ئەوان لەگەڵ هەندێك لە راگەیاندکاران هەیانە، ئێمەش هەمان گرفتمان لە کوردستانیش هەیە، جیاوازی تەنیا لە چارەسەرەکاندا هەیە. لەوێندەر ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، کێشە ئێتیکییەکان چارەسەر دەکا، کار بۆ جوانی پرێس دەکا، هەوڵدەدات متمانەی جەماوەر بە پرێس کەم نەبێتەوە، کەچی لە کوردستان هیچ لەوانەی سەرەوەمان نییە، بۆئەوەی لەکاتی پێویست، ئەو کەس یان کەسانەی بە غەدر ناویان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دێ یارمەتییان بدرێ و بەهانایانەوە بچێ، دڵیان بدرێتەوە و ڕوویان سپی بکرێتەوە.

لە کوردستان ڕێکخراوی زۆر هەن، بۆئەوەی یارمەتی ڕۆژنامەنوسان لەکاتی پێویست بدەن و بە هانایەنەوە بچن و بە کەفالەت بەریان بدەن: سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سەنتەری میترۆ، ئینستیتوتی

كوردستان بۆ مافەكانی مرۆڤ، ڕێكخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، ڕێكخراوی CDO، ڕێكخراوی خەڵك... هتد، بەڵام یەك ڕێكخراو یان كۆمەڵەش نییە، لەكاتی لێقەومان و تەشهیر بە هاوڵاتیان یارمەتییان بدرێ. ئەوان ناچارن هانا وەبەر دادگا بەرن، لەكاتێكدا زۆر بەئاسانی دەكرا، وەك سوێد لە ڕێگای ئەنجومەنی ڕاگەیاندن چارەسەر كرابا.

لە بەشی پێنجەم، كە دوا بەشی ئەم كتێبەیە بەناوی: (هەڵسەنگاندنی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێكی كوردی لە ڕوانگەی ئێتیكەوە) خوێنەر زۆر لایەنی شاراوەی ڕۆژنامەگەری كوردی قۆناغی نوێی بۆ ئاشكرا دەبێت. هەر لەم بەشە، بایەخی زۆر بە دۆسییەی قایمقامی سلێمانی دراوە، چونكە لەو بڕوایەدام، جاری یەكەمە، كەسێك بەو شێوە خەستییە لە ڕاگەیاندنی كوردی باسی لێوە دەكرێ، بێئەوەی خۆی شانسی گوتنی یەك وشەی هەبێ. دۆسییەی زانا محەمەد ساڵحی قایمقامی سلێمانی، لاپەڕەیەكی نوێی لە مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی بەكراوەیی هێشتەوە، بەتایبەتیش لەوكاتەی ئەو بەرگەی ئەو هەموو نووسینە ڕخنەئامێزانەی نەگرت و لە بەندیخانەی ئاسایشی سلێمانی لە ڕێكەوتی 14ی نیسانی 2012 خۆی خنكاند. جاری یەكەمە، ڕاگەیاندن كەسێك بەو ئەندازەیە بریندار دەكا، بەڵام دواجار نابێ لە ڕۆژنامەگەری كوردی بێتە پێشەوە. بۆ ئەوەی خوێنەر شارەزایی زیاتر لەسەر نووسینەكانی لەسەر قایمقام نووسراین هەبێ، كۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەری ئێلیكترۆنی سوودیان لێوەرگیراوە. هەر لەم بەشەی دۆسییەی قایمقام، باس لە هەڵسوكەوتی قایمقام و خزمەكانی، گەندەڵی و دادگاییكردنی ئەو كراوە.

بە خوێندنەوەی بەشی پێنجەم، خوێنەر زۆر بە باشی شارەزایی لە وردەكاری ئێتیكی ڕاگەیاندن لە پرێسی كوردی دەبێت، بۆئەوەش ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەی خوارەوە سوودیان لێوەرگیراوە: گۆڤاری شەقام، گۆڤاری هۆنیا، گۆڤاری سڤیل، گۆڤاری چركە، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی خەبات، هەفتەنامەی ئاوێنە، هەفتەنامەی چاودێر، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، هەفتەنامەی ڕووداو، ڕۆژنامەی هەولێر، هەفتەنامەی باس، هەفتەنامەی هەواڵ.. لەڕاستیدا ڕۆژنامە و گۆڤاری زیاتر لە كوردستان دەردەچن، بەڵام بە پێویستم نەزانی باس لە هەرهەموویانەوە بكەم و ناوەڕۆكیان لەروانگەی ئێتیكی ڕاگەیاندن شیبكەمەوە.

لە بەشی پاشكۆكان، بەپێویستم زانی پڕۆژەیاسای هەرسێك دكتۆرانی زانكۆ، لەگەڵ ئەنجومەنی ڕاگەیاندن و یاسای سەندیكای ڕۆژنامەنووسان دابنێم، بۆئەوەی خوێنەر شارەزایی زیاتر لەسەر یاسا هەبێ و بزانێ كاری ئەنجومەنی ڕاگەیاندن چییە.

بۆ نووسینی ئەم کتێبە سوودی زۆرم لە کۆمەڵێك کتێب و ماڵپەری ئێلیکترۆنی بە زمانەکانی: کوردی، عەرەبی، سوێدی، روسی و ئینگلیزی وەرگرتووە، هەروەها بۆ تێگەیشتن لە وردەکاری ئێتیك، سوودم لە کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی ساڵەکانی سی و کەمێك دواتر و ئێستا وەرگرتووە.

سوپاسنامە:

بۆ نووسینی ئەم کتێبە پێویستە سوپاسی زۆری (لیزا سەپان)ی خێزانم بکەم، بە بیروهۆش لام بووە، گوێی لە گلەییەکانم گرتووە، وەڵامی پرسیارە ئاڵۆزەکانی داوەمەتەوە، هانی داوم زیاتر و زیاتر بنووسم.. ئەگەر خۆشەویستی ئەو بۆمن ئەوەندە گەورە و گەرم نەبا، ئەگەر منیش هەستم بەو تەزووە خۆش و ناسکەی ئەو لە دووری خۆم نەکردبا، قەت نەمدەتوانی نەك ئەم کتێبە یان ئەوانەی پێشتر، بەڵکو یەك گۆشەش بنووسم. خانمەکەم بۆ من هەمیشە دیوارێکی ئەستوور و قەڵایەکی مەزن بووە..

خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر پێویستە بۆ:

هەموو چین و توێژێکی رۆشنبیر بە گشتی و بەتایبەتیش بۆ ڕۆژنامەنووسان، قوتابییانی بەشەکانی ڕاگەیاندن، سیاسەتمەداران، بۆ هەموو ئەوانەی لە ڕۆژنامەنووسانەوە نزیکن و دەیانەوێ لە وردەکارییەکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن باشتر تێبگەن.

**دکتۆر سەپان**

هەولێر 12 - 11 - 2012

**تێبینی:** ئەم کتێبەم لە مێژووی نووسینی پێشەکی بۆ چاپکردن بە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر درا، بەڵام لەبەر بەکارهێنانی دوو نموونە یەکەم: نووسین و لێداوانەکانی فەیسل دەباغ و دووەمیش لێدوانەکەی وتەبێژی فەرمی سەرۆکی هەرێم د. ئومێد سەباح و هەڵسەنگاندنیان لەلایەن ئێتیکی راگەیاندنەوە، نزیکەی سێ ساڵ ئەم کتێبەیان لە چاپخانەی وەزارەت بۆ چاپ نەکردم... ئەوە سێیەم کتێبی منە، لە هەولێر رەقابەی لەسەر داندرابێ.

**هەولێر ١ی حوزەیرانی ٢٠١٤**

بەشی یەکەم

# فەلسەفە و ڕاگەیاندن و ئێتیك

بەشی یەکەم

# فەلسەفە و ڕاگەیاندن و ئێتیك

1 - فەلسەفە و پێناسەی فەلسەفە
2 - ئێتیك و پێناسەی ئێتیك
3 - ئێتیك و ڕاگەیاندن
ا - ئێتیك و پروپاگەندە
ب - ئێتیك و ڕێکلام
ج - ئێتیك و یاسا
د - ئێتیك و هەقیقەت

## 1 - فەلسەفە و پێناسەی فەلسەفە

فەلسەفە پەیوەندی بە مرۆڤ خۆیەوە هەیە و دەکاتە تێڕوانینی ئەو: لە دەوروبەر، لە کۆمەڵ، جیاکردنەوەی باشە و خراپە، بۆچوون و هەڵسەنگاندن لەسەر پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ و ژینگەی ئەو خۆی لێی دەژیت.

ژیان بێ بیرکردنەوەی فەلسەفی و تێگەیشتن لە فەلسەفە، بۆ کەسانی بەهرەمەند و حەکیم، پوچە و مانای ژیانی تێر نابەخشێ و هەژار و بێمانایە.

لە مێژووی کۆن و نوێ زۆر کەس بەدوای وەڵامی پێویست گەڕاون، بەڵام مەرج نییە کەسەکە ئەو وەڵامەی دەستکەوتبێ، کە ویستوویەتی یان بەدوای گەڕاوە، لەگەڵ ئەوەش پاش تێڕوانین و بیرکردنەوەی زۆر ڕای لەسەر پرسەکان گۆڕدراوە. ئەو هەوڵ و خەبات و بەدواگەڕانە، کلیلی کردنەوەی زۆر پرسە لە فەلسەفە.

زۆر لە بیرمەند و فەیلەسوفانی جیهان مێژووی نووسینەوەی فەلسەفە بە شێوە زانستیەکەی، بۆ یۆنانی کۆن و بەرهەمەکانی سوکرات دەبەنە دواوە و تێروانینەکانی ئەو بە سەرەتایەك لە تێگەیشتنی فەلسەفە دەزانن، بەڵام ئاشکرایە، بیرمەندێکی وەك سوکرات ناتوانێ بەمشێوە جوان و ڕاست و دروستە بیربکاتەوە و تێڕوانینی دروست و تەواوی لەسەر پرسەکان هەبێ، ئەگەر ژینگە و ژیانی دەوروبەری ئەوکات کاریگەری لەسەر ئەو نەبووبێ. هیچ بەدوور نازارێ ئەگەر سوکرات لە شوێنێکی دیکە ژیابا نەك لە ئەسینا، لە وڵاتێکی دیکە مەزن بووبا نەك لە یۆنان، زمانێکی دیکەی زانیبا نەك یۆنانی، ئەم سوکراتەی

ئێمە دەیناسین لێدەرنەدەچوو و بەو شێوەیە نەدەناسرا، لەوانەیە بەرهەمیشی ئەگەر هەبا لەناو دەچوو.. بەمجۆرە ناویشی لەمێژوو بۆ ئێمە نەدەمایەوە، لەوکات نە مەدرەسەکەی و نە شاگردەکانی نەیاندەتوانی لەسەر ڕێبازی ئەو برۆن و پەرە بە بیرۆکەکانی ئەو بدەن و دەوڵەمەندی بکەن. هەموو دەمانگەینیتە ئەو بڕوایەی، فەلسەفە وەك زانست، فەیلەسوف وەك تاکێکی کۆمەڵ و بیرکردنەوەی فەلسەفیانە، پەیوەندی زۆر بە ژینگە و کۆمەڵ و حکومەت و ئاستی وشیاری جەماوەرەوە هەیە.

بۆ ئەوەی کەسێك بیەوێ لە فەلسەفەی هیندی وەك چۆن هەیە بەوجۆر تێبگا، پێویستە دابونەریت و زمان و ژیان لە هیندوستان باش شارەزابێ. گرانە لە فەلسەفەی وڵاتێك بگەیت، ئاشناییت تەنیا لەڕێگەی کاغەزەوە لەسەری هەبێت.. بەهەمان شێوە، کەسێکی ڕۆژنامەنووس ناتوانێ لە پرسی هەڵەبجە تێبگا، تراژێدیاکە بەو گەورەیی خۆی بخاتە سەرکاغەز، ئەگەر هەڵەبجەی نەبینیبێ، لە هۆکاری بۆردومانی کیماوی نەپێچابێتەوە، لە مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد مەلەی نەکردبێ، ئەسپی خۆی لە بەرەی گەل تاونەدابێ..

کەسێکی بیانی ناتوانێ لە داستانی مەم و زین بگا، لە داستانی شیرن و فەرهاد بگا، ئەگەر خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەبێ و مێژوو و زمانی ناوچەکە نەزانیت. بەهەمان شێوەش، هاوڵاتییێکی سویدی قەت لەو باوکە تێناگا، کە کچە گەنجەکەی خۆی کوشت، تەنیا لەبەر ئەوەی کوڕێکی خۆش دەویست.. دەبینین کوردێکی شۆڕشگێڕ قەت لە هاوڵاتییێکی عەرەب، تورك یان فارس ناگا، کە ئەوان دژی دروستکردنی دەوڵەتی کوردن و پشتیوانیش لە دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستین دەکەن.. ئەوشێوە قسەکردن و بیرکردنەوانەی سەرەوە، پرسیاری فەلسەفین و ئەگەر مرۆڤ لە شوێن و ناو کۆمەڵ نەژییێت، ناتوانێ لە وەڵامە فەلسەفییەکان بگا. کەواتە فەلسەفە لەگەڵ ژینگە، کۆمەڵ، سیاسەت و هەڵوێستەکان تەواوکەری یەکترن و بێی یەکتر بەشناکەن و کەمن. بۆ ئەوەی وەڵامی فەلسەفییانەت لەسەر پرسە گرنگەکان دەستکەوێ، وەڵامەکانیش شیکردنەوەی تەواویان هەبی، ئەو شوێنەی لێی دەژیت، پێویستە زۆر باش لێی شارەزا بیت.

لە مێژوو، زۆر کەس هەوڵیانداوە بە کورتی و پوختی پێناسەی فەلسەفە بکەن، ئەگەر چی هەموویان لەناوەڕۆك یەك دەگرنەوە و لەیەکتر زۆر نزیکن، بەڵام دیارە بە دەرگای جیا جیاوە بۆ وەڵامی پرسە ئاڵۆزەکان چوین.

ئەگەر لەیەك لە قۆناغەکانی ژیان پێشکەوتن نەبوو، هونەر و ئەدەب مردبوو، هەوڕێکی ڕەش و تاریك لەسەر ئاسمانی وڵاتێك، ناوچەیەك، کۆمەڵگایەك هەبوو، چاوەڕێ ناکرێ لەم ژیانە تاڵە فەیلەسوف لەدایك ببێ، مێژووی بێلایەن بنووسرێتەوە و کەسانێك بەدوای وەڵامی پرسیاری ئاڵۆز بگەڕێن. پرسیارە فەلسەفییەکان، بۆئەوەی وەڵامیان باوەڕپێکراوانە بێت و خەڵك قناعەت بە وەڵامەکان بکات، دەبێ بزانین کەشوهەوای دیموکراتی دەبێتە لەدایکبوونی، نەك بەتەنیا داهێنانی نوێ، بەڵکو کار دەکاتە سەر تەواوی

بوارەکانی دیکەی ژیانیش. لەناو ئەوانیش فەلسە دەنووسرێتەوە و گۆڕەپانی گفتوگۆ بۆ فەیلەسوفان خۆش دەبێ. بە پێچەوانەوەشەوە، ئەگەر لە وڵاتێك ڕێز لە کەسانی نووسەر و فەیلەسوف و هونەرمەند نەگیرێ، زۆر گرانە چاوەڕێی پێشەوەچوون و لەدایکبوونی فەیلەسوف و زانای مەزن بکەین. لەگەڵ ئەمەش، زانایان هەبوونی گۆڕانکاری لە کۆمەڵ و پازدانی بۆ جۆرێکی دیکە، بە ڕەوشێکی باش بەتایبەتیش بۆ فەلسەفە و کارکردن لەسەر پرسە فەلسەفییەکان ناو دەبەن.

پێدەچێت باشترین سەردەمانی دەرکەوتن و گەشەی فەلسەفە، ئەو سەردەمانە بووبێت گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان تێیدا بەخێرایی دەهاتنە ڕوودان، بینای فیکریی کولتووری دادەروخێ و پێویستی پێداچوونەوە بە چەمك و پرەنسیپە بنەڕەتییەکان و پێوەری بەهاکان هەستی پێدەکرێ."[1] بەرهەمەکانی سوکرات، بەڵگەی زیندوون لەسەر ئەوەی، خۆی یەکەم کەس بوو، لە گرنگی شیکردنەوەی واتای: خێر، ماف، دادوەری و چاکە و جیاکردنەوەی پێوەرەکانی وەسفکردنی ئەم چەمکانە گەیشت."[2]

فەلسەفە ڕاستە بەدوای وەڵام و شیکردنەوەی ئاسان دەگەڕێ، بەڵام لە وەڵامەکان، پێویستی بە بیرکردنەوە و داهێنانی زۆر هەیە، ئەگەر بمانەوێ لە پرسیارەکە بە شێوەیەکی فەلسەفی بگەین.

ڕەنگە ئێمە نەتوانین پرسیاری: فەلسەفە چییە؟ بخەینە روو، مەگەر بەدرەنگەوە نەبێت، کاتێك بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرۆکمان پێدەگرێت و کاتی قسەکردن دێ، بەڵام سەرچاوەکانی ئەو پرسیارە زۆر نایاب و دەگمەنن. ئەوە پرسیارێکە، ئێمە لەکاتی نیوەشەو و لەحاڵەتی شڵەژاوی شاراوەدا دەیخەینەڕوو، کاتێك هیچ بابەتێکمان نەما شایەنی پرسیارکردن بێت."[3] ئەوەی سەرەوە تەواوی وەڵامی فەلسەفە چییە نییە، بەڵکو فەلسەفە بریتییە، لە هونەری پێکهێنان و داهێنان و دروستکردنی چەمك."[4] یان: فەلسەفە بیرکردنەوە نییە، چونکە هیچ کەسێك پێویستی بە فەلسەفە نییە بۆ بیرکردنەوە لە هیچ شتێك، جا ئەو شتە هەرچییەك بێت."[5]

فەلسەفە چییە؟ لەلای دۆلۆز گواتاری وەڵامێکی بۆ نییە، تەنیا: فەلسەفە هونەری پێکهێنان و داهێنان و دروستکردنی چەمکە."[6]

## 2 - ئێتیك و پێناسەی ئێتیك

وشەی Ethics یان ethos: لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و لە زمانی کوردی (ئاکار)ی بەرامبەر بۆ داندراوە، زۆر جار ئێتیکیش بۆ هەمان وشە دەگوترێ. زانستی ئێتیك بەشێکە لە فەلسەفە و هەوڵدەدات، وەڵامی هەندێك پرسیار بداتەوە وەك: (شتی باش چییە) (شتی ڕاست چیە) (مرۆ چ بکات) بەڵام بەشێوەیەکی ڕونتر، چەند ڕێسایەك هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ چۆن بە باشترین شێوە هەڵسوکەوت بکات.

فەلسەفەی ئێتیك سەدەی پێنجی زایین لەگەڵ سوکرات دەستی پێ کرد و بەئەرکی خۆی دەزانی پێرەوکەرانی وشیار بکاتەوە لەوەی پێویستیان بە ڕەخنەی عەقلانی لە بیروڕاو کردەکانیان هەیە."[7]

پرسیارە سەرەتاییەکانی فەلسەفەی ئێتیك یەکەمجار لەلایەن سوکرات و سۆفیستەکانەوە گەلاڵە کرا. بەڵام تەنیا سوکرات لەوە گەیشت، کە هەندێ شێواز هەیە ناکرێ وەڵامی تەواویان بۆ بەدەستەوە بدرێ. لەم ڕووەوە سوکرات بە یەکەم فەلەسوف لەمانای ڕاستی وشەدا، دادەندرێ."[8]

هەموو پیشەیەك ئێتیکی خۆی هەیە و مرۆڤ لەکاتی کاکردنی پێویستە بیری لێبکاتەوە، بۆئەوەی ئەو کارەی، ئەو ئەنجامی دەدات، بە تێری بکرێ و مافی خۆی پێبدرێ و کەسیش غەدری لێنەکرێ. ئێتیك لە بیر و هزری مرۆڤە سەرچاوەی گرتووە و زیاتریش بایەخ بەناوەوەی مرۆڤ، بەناخی مرۆڤ دەدات. ئێتیك زیاتر لەوکاتە بیری لێدەکرێتەوە، کە ئەو کارەی تۆ ئەنجامی دەدەیت، کارتێکردنی لەسەر کەسانی دیکە هەبێت، یان ئەو بڕیارەی تۆ دەریدەکەیت، بە باشە یان بەخراپە کاریگەری لەسەر مرۆڤ و دەوروبەر هەبی. کەواتە ئێتیك بەتەنها و لە ئەشکەوت و دوور لە کۆمەڵ و دەوروبەر، مانا پیرۆزەکەی خۆی لەدەست دەدا، بۆیە بۆئەوەی بیر لە ئێتیك بکەیتەوە، پێش ئەوە دەبێ تۆ لە شوێنێك بژیت وئەو شوێنەش خەڵکی دیکەی لێبێت و بەهەمووتان کۆمەڵگایەك پێك بهێنن و کاری باش بەیەکەوە ئەنجام بدەن. چەند ئەو ژینگەیەی تۆ لێی دەژیت، ڕووبەری فراوانتر بێ، دانیشتوانی زۆرتر بێ، زیاتر ئێتیك بیری لێدەکرێتەوە و کاری زیاتر پێدەکرێ. مەبەست لە پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێساکانی ئێتیك، ئاسانترکردنی ژیانە تێگەیشتنە لە بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵ و مرۆڤ..

ئەگەر تۆ لە کۆمەڵگایەك بژیت، ڕاگەیاندنی لێ نەبی، دیارە تۆ پێویستت بە ئێتیکی ڕاگەیاندن نییە، ئەگەر پزیشکی لێ نەبی، دیارە پێویستت بە ئێتیکی پزیشکیش نییە، لەگەڵ ئەمانەش کۆمەڵێك ڕێسای دیکەی ژیان دێنە پێشەوە، مرۆڤ ناتوانێ لێیان ڕابکات یان بە هەند وەریان نەگرێ، چونکە ئەگەر کەسێك لە کۆمەڵ تڕۆ کرا، نەفرەتی لێکرا، ئەگەر لەو کۆمەڵگایە دەریشی نەکەن، خۆی واز دێنێ و لەوێندەر زیاتر نایەوێ بژی، چونکە ئەگەر کەس قسەی لەگەڵ نەکات، بە چاوی سوك سەیری بکەن، دیارە ژیان بەمشێوەیە ناچێتە سەر، چونکە ئازادییەکانی خەفە دەکرێ، سنوورەکانی لێ تەسك دەکرێنەوە.

ئێتیك لە ڕاستیدا، کۆمەڵ لە روانگەی ئێتیکەوە ڕێك دەخات و ڕێگای باشە و خراپە پیشانی خەڵك دەدات. زۆبەی جاریش، ئەو کارانەی باشن لە هەموو کۆمەڵگایەك بە گەرمی پێشوازیان لێ دەکرێ و باوەشیان بۆ دەکرێتەوە و ئەو کارانەی خراپیشن، دیسان لە هەموو کۆمەڵگایەك بە خراپە پێشوازییان لێدەکرێ. دزی یان شەڕفرۆشتن، بێ گوێدانە ئایین، زمان، ناوچە، کیشوەر.. هتد لەناو هەموو نەتەوەیەك یان ژینگەیەك خراپە و کەسەکان بە چاوی سووك سەیریان دەکرێ. کوشتن بەهەمان شێوە لەناو هەموو میللەت و ئاینێکی ئاسمانی بەخراپە باسی لێوەکراوە، لەهەمان کات، کاری باش وەك یارمەتی خەڵکی کەمدەرامەت، پەککەوتە یان کەمئەندام لە هەموو کۆمەڵگایەك بەکاری باشە سەیر دەکرێن و کەسەکان ڕێزیان لێدەگیرێ.

ئێمە زیاتر وشەی ئێتیك بەکار دەبەین و یەك تێگەیشتنمان بۆی هەیە، بەڵام لەڕاستیدا، ئێتیك بە درێژایی

مێژوو دەوڵەمەند کراوە و کۆمەڵێك لکوپۆپی لێبۆتەوە وەك بۆنموونە: شەرەف، هەڵسوکەوتێکی زۆر مرۆڤانەیە و بە پێویستییە بنەڕەتیەکانی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە، کە مرۆڤ بۆ بەردەوامبوونی لەژیانی سەربڵندی زۆر پێویستی پێیەتی، زیاتریش بۆ ئەوەی لەلایەن دەوروبەر و نزیکەکانییەوە ڕێزی لێبگیرێ.

شەرەف لە کولتورێك بۆ کولتورێکی دیکە جیاوازە. لێرە و لەو کولتورانەش، سزا بە جۆری جیایە. لە ناو نەتەوەی بچووك، لەوانەیە یاسا رۆلی گرنگی نەبێ، بۆیە شەرەف یان ڕێساکانی شەرەف گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگایانە چارەسەر دەکەن و بۆ ئەوان لە یاسا بەهێزترن. لە وڵاتی یابان seppuku تاکە ڕێگابووە، بۆ ئەوەی تاکی کۆمەڵ شەرەفی بپارێزێ. شەرەف بە ئەنترپۆلۆگی و سۆسیۆلۆگی بەستراوەتەوە، کە شوێنی ئەو کەسە لەناو کۆمەڵ چەندە گرنگە و ئەو چ جۆرە تاکێکەو چ پلە و پایەیەکی لەناو کۆمەڵ هەیە، وەك ئەو مرۆڤە چەند دێنێ یان بایەخی کۆمەڵ بەو چەندە.. کاری شەرەف، ڕێکخستەوەی کۆمەڵە و هەر کەسێك پێوەرێکی تایبەتی بۆ شەرەف لەناو کۆمەڵ هەیە. شەرەف لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕدرێ. لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆڕدرێ. ڕەفتارێك، کە زیان بە گروپێکی تایبەت دەگەینی، بە تاك دەگەینی.

ئەوەی شەرەف لەدەست بدات، لەلایەن گروپ یان کۆمەڵ دەردەکرێ و پشتگوێ دەخرێ. لە حاڵەتی خراپش لەوانەیە، توشی تۆڵەسەندنەوە ببێت. بۆ نموونە: مانەوەی کیژ بە کچێکێتی بۆ شووکردن لە هەندێك کولتور زۆر گرنگە و لە هەندێکی دیکە هچ گرنگ نییە. مرۆڤ هەیە بە لەدەستدانی شەرەف، لەناو کۆمەڵ ڕیسوا دەبێت و بۆ کرینەوەشی یان خۆی دەکوژێ، یان لەو شوێنە ڕادەکا و شوێنێکی نوێ هەڵدەبژێرێ لێی بژی، کە کەس لە ڕابردووی نەزانێ. لە هەندێك کولتور شەرەفی تاك بەدەست کەسێکی دیکەوەیە. بۆنموونە، لە کۆمەڵگای کوردەواری، شەرەفی خێزان بەتایبەتیش کوڕ و پیاوەکان لە کۆشی کیژ و ئافرەت دایە. لە شار و کۆمەڵگای گەورە، پاراستنی شەرەف گرانترە، چونکە لەهەر ساتێك، لەوانەیە کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراو بێتە پێش و تەواوی خێزان تووشی سەرئێشەی زۆر بکات. وەرگرتنەوەی شەرەف لە هەندێك کۆمەڵگا بە یاسا چارەسەر دەکرێ، بەڵام لە کۆمەڵگای دیکە، ئەگەر کەسەکە سزای یاسایش وەربگری، دیسان دەبێ پێکهاتنێك لەنێو خۆیان ئەنجام بدەن، ئەگەر بیانەوێ دوژمنداری نەمینێ. لە کۆمەڵگای پێشکەوتو، دوژمنداری نەماوە، تەنیا لەناو گروپە مافیاکان نەبێ، کەچی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی، زۆر باوە. هەندێك جار مرۆڤ شەرەفی پێ لە ژیانی خۆی گەورەتر بووە و نەتواندرایە بێ شەرەف بژی. شەرەف لەگەڵ شەرم لەیەك نزیکن یان تەواوکەری یەکترن، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگای کوردەواری و بۆ رەگەزی مێ و لەکاتی پێهەڵگوتن و لە فەرهەنگی لادێ، ئەگەر ژنێك شەرمن بێ و زۆر قسە نەکات، بە باشە باسی دەکرێ. شەرم چییە؟ شەرم هەستێکە تووشی مرۆڤ دەبێت بەتایبەتیش لەوکاتانەی کەسێك هەڵەیەك لەبەردەم خەڵك یان کەسێکی دیکە دەکا. دەشکرێ لەوکاتانە بێت، کە یەکێك قسەیەکی هەڵە یان ڕەفتارێکی هەڵە دەکا. بەتەنیا ئەو کەسەی ڕەفتاری هەڵە دەکا، شەرم

نایگرێ، بەڵکو هەموو ئەوانەی دەوروبەریشی شەرم دەیانگرێ، بەتایبەتیش ئەگەر کەسەکە کەسێکی نزیك و خۆشەویست بێ. لە شەرمکردن، مرۆڤ زەوقی تێکدەچێ، کەمێك دەشڵەژێ و هەست بە شەرمەزارییەك دەکا. شەرم، دەکرێ هۆیەکی ناوەوەشی هەبێ.

## 3 - ئێتیك و ڕاگەیاندن

ئێتیك لە ڕاگەیاندن لەوکاتە هەبوونی پێویست بوو، کە ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤار زیاد بوو، مونافەسەیەکی توند لەسەر ساغکردنەوەی پەیدابوو، ژمارەی ڕۆژنامەنووسان زیادی کرد و تیرژای ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش بەردەوام لە زیادبووندابوون، بازاڕی ساغکرنەوە گەورە بوو، گەیاندن ئاسان بوو، چاپ خێرا بوو و کاغەزیش و هەرزان و ڕاگەیاندن کرا بە پیشەسازی.. لە هەموو ئەوانەی سەرەوە بە بڕوای من گرنگتر، گەشە سەندنی دیموکراتییەتە لە سەرەتا لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و دواتر زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتەوە.

لەو ئازادییەی بە ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەران درا، دەرگایان بۆ واڵابوو، بە ئارەزووی خۆیان لەسەر کەموکورتییەکانی حکومەت و پاشا و سەرۆکەکان بنووسن. لەوکاتە پرێسی زەرد پەیدابوو. پرەنسیپی پرێسی زەرد، ساغکردنەوەی ژمارەی ڕۆژە، بەرزڕاگرتنی تیراژە و ئەوەی دیکە بەلایانەوەی هیچ گرنگ نییە، بە بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینە، وێنەیە، شەڕێك دووان یان زیاتر ڕوودەدا یان ڕوونادا، هیچ گرفتی ئەوان نییە. کەسێك دەکوژرێ، دوان دەگیرێن، حکومەت دەڕوخێ، دیسان گرفتی ئەوان نییە و شەوانە ئاسوودە دەخەون. لەوکات و لەناو ئەم قەیرانە گەورەیە، خەڵکانێك هەبوون، بیریان لە داڕشتنی کۆدێکسی ئێتیکی ڕاگەیاندن کردەوە.

ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندنی ئێستا، ڕەگی بۆ کۆتایی ساڵەکانی 1800 دەگەڕێتەوە. لەوکات خەریك بوو ڕووی پرێس ڕەش بێت و متمانەی جەماوەر لەدەست بدا. هەمووشی بەهۆی بڵاوکردنەوەی نووسینی پڕ وردەکاری لەسەر کوشتن و دزی و جەریمەکانی دیکەی ناو کۆمەڵ بوو. ڕۆژنامەنووسەکانی فریلانس، تەنیا بۆ ئەوەی گوتارەکانیان بڵاوبکرێنەوە، هیچ بیریان لە لایەنی ئێتیکی نووسین نەدەکردەوە و گوتاری سێنساسیۆنییان بە وردەکاری وردەوە بڵاودەکردەوە. لەوکات کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان، لەگەڵ کلوبی پوبلیستەکان، کاریان کرد، بۆئەوەی شوێنی ئەو فریلانسانە بە ڕۆژنامەنووسی دایمی پڕ بکرێتەوە.»[9]

ڕۆژنامەنووسانی باش و دایمی کۆتایی سەدەی نۆزدە، دژی ئەمجۆرە نووسینە زەردانە بوون. نووسەر و توێژەری بواری میدیای سویدی Nils Funcke لە کتێبەکەی دەنووسێ: لەوکات کلوبی پوبلیستەکان، هەوڵیدا یارمەتی ڕۆژنامەنووسان بدات، کە چۆن لەسەر بابەتەکان بنووسن ئەوەش خۆی دەگەیاندە زیاتر خانەی ئامۆژگاری، هەر ئەو نووسینانەش بوون، لە ساڵی 1916 بوونە بنەما بۆ دارشتنی ڕێساکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی. هەر لەوکاتیش لەلایەن نەقابەی ڕۆژنامەنووسان، کۆمەڵەی خاوەندارانی ڕۆژنامەنووسان، کلوبی پوبلیستەکان پی ئۆ ئێن (ئەنجومەنی ڕاگەیاندن)دروست بوو. هەر ڕێکخراوە و نوێنەرێکیان لەم

ده‌زگا نوێیه‌ هه‌بوو."[10] ئه‌م ڕێكخراوه‌ زۆر چالاكانه‌ كاری ده‌كرد، به‌ڵام به‌ هه‌ڵگیرسانی جه‌نگی دووه‌می جیهانی له‌ ساڵی 1939 - 1945 كاری ئه‌م ڕێكخراوه‌ سست بوو. دوای شه‌ڕ دیسان ده‌ستیان به‌كار كرده‌وه‌. له‌ پاش جه‌نگ و له‌ په‌نجاكان، ڕۆژنامه‌نووسانی پرێسی زه‌رد توندتر و ڕه‌قتر بوون. له‌ڕاستیدا، ڕێساكانی ئێتیك ته‌نیا یارمه‌تییێكه‌ بۆ ئه‌وه‌ی پرێس جوانتر بێت و نووسینه‌كان تێرتر بن، بۆیه‌ تێبینی و سه‌رنجه‌كانیان مه‌رج نییه‌، كاریان پێبكرێ و وه‌ك فه‌رمان ڕۆژنامه‌نووس و سه‌رنووسه‌ران له‌سه‌ری برۆن."[11]

ئێتیك وه‌ك له‌سه‌ره‌وه‌ نووسرا، بۆ جوانكردن و باشتركردنی ڕاگه‌یاندنه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش كه‌سانی به‌كاری ڕۆژنامه‌نووسی هه‌ڵده‌ستن، له‌ خه‌ڵك و پیشه‌ی دیكه‌ جیان و زووتر پرسیاری ئێتیك دێه‌ گۆڕ و زۆربه‌ی جاره‌كانیش ڕۆژنامه‌نووس خۆی بڕیار ده‌دات، ئه‌م نووسینه‌ بنووسێ، ئه‌م ڕسته‌یه‌ دابنێ زۆرجار بیر له‌ دانانی یه‌ك وشه‌ش ده‌كرێته‌وه‌. له‌وانه‌یه‌ هه‌موو كه‌سێك نه‌توانێ وه‌ك ڕۆژنامه‌نووسێكی بێلایه‌ن و باش كار بكات. گرنگترین پێوه‌ره‌كانی ئێتیكی پیشه‌ی ڕۆژنامه‌نووسی بریتین له‌: به‌رپرسیارێتی، ڕاستگۆیی، وردبینی، سه‌ربه‌خۆیی، ئازایی، ئازادی، بێلایه‌نی، جیاكارینه‌كردن، ده‌ستپاكی، بابه‌تیبوون، ڕه‌چاوكردنی تایبه‌تیبوونی ژیانی كه‌سه‌كان، دادوه‌ری، خراپبه‌كارنه‌هێنان، نهێنیپارێزی، خۆناساندن، ده‌مپاكی، ڕێزگرتنی به‌هاكان، هاوكارینه‌كردن "[12]

ئێتیك په‌یوه‌ندی به‌ ناخی مرۆڤه‌وه‌ هه‌یه‌، به‌ تێگه‌یشتی له‌ پرسه‌ هه‌نووكه‌ییه‌كان هه‌یه‌، تا حوكمی ته‌واوی له‌سه‌ر بدات، نووسینه‌كه‌ی بێلایه‌نانه‌ بێت و خوێنه‌ر هه‌ست نه‌كات فێڵی لێكراوه‌.

تێگه‌یشتن له‌ ئێتیك له‌ كه‌سێك بۆ كه‌سێك ده‌گۆڕدرێ، له‌ ده‌زگایه‌گ بۆ ده‌زگایه‌كی دیكه‌ ده‌گۆڕدرێ و له‌ سه‌رنووسه‌رێك بۆ سه‌رنووسه‌رێكی دیكه‌ ده‌گۆڕدرێ. ئه‌وه‌ی به‌لای ڕۆژنامه‌نووسێك لادانه‌ له‌ ئێتیك، له‌وانه‌یه‌ به‌لای ڕۆژنامه‌نووسێكی دیكه‌ هیچ لادان نه‌بێ، بۆیه‌ش ورده‌كاری زۆر له‌ تێگه‌یشتن له‌ ئێتیك هه‌یه‌.

زۆر پرسیاری دیكه‌ی ئێتیكی له‌ كاتی نووسین و بڵاوكردنه‌وه‌ دێنه‌ پێشه‌وه‌، كه‌ خوێنه‌ر تووشی دڵه‌ ڕاوكێ ده‌كا و به‌تایبه‌تیش له‌وكاتانه‌ی پرسی به‌های مرۆڤ دێه‌ پێشه‌وه‌. بۆنموونه‌: گۆڤارێكی به‌ناوبانگی ئه‌مریكی، له‌ گۆشه‌یه‌كی خۆی بابه‌تێكی له‌سه‌ر وه‌رگرتنی كورسی (ده‌سته‌ڵات) بۆ ره‌گه‌زی مێ بڵاوكردۆته‌وه‌ و تێیدا، ئاماژه‌ی به‌وه‌ كردووه‌، كه‌ ئافره‌تێك پۆستێكی باڵای له‌ كۆمپانیایه‌كی گه‌وره‌ وه‌رگرتووه‌ و ژنان ئاگادار ده‌كاته‌وه‌ به‌وه‌ی، ئه‌وان ده‌توانن ته‌واوی پله‌كانی پێشوه‌چوون وه‌ وه‌رگرتنی پۆستی باڵا له‌ ڕێگای قه‌لوێره‌وه‌ ببڕن (نووستن له‌گه‌ڵ به‌رپرسان)، ئه‌گه‌ر ئه‌وان بتوانن، ئه‌م كاره‌ به‌ وشیاری ئه‌نجام بده‌ن. (ژنه‌كه‌ ده‌نووسێ: ئه‌مه‌ كارێكی زۆر سه‌رسوڕهێنه‌ره‌، له‌وكاته‌ی تۆ به‌ ڕووتی و له‌سه‌ر قه‌لوێره‌ بۆی باس له‌كار ده‌كه‌یت، خواردنی به‌یانی بۆ كه‌سه‌كه‌ ئاماده‌ ده‌كه‌یت و قسه‌ی له‌گه‌ڵ ده‌كه‌یت، كه‌ هه‌ر هه‌مووی زۆر باش بێ بیركردنه‌وه‌ و هیچ ڕوونكردنه‌وه‌یه‌ك تێده‌گا)، له‌هه‌مان كات ئه‌و، ژنه‌كان ئاگادار ده‌كاته‌وه‌

بەوەی پێویستە: ئەم کارە بە هۆشیاری و وریایی و ئازایی بکەن. با کۆمپانیاکە بۆ خزمەتی تۆ کار بکات. لێرە مرۆڤ تێناگات، ئایا مەبەست لەم نووسینە، گاڵتەکردنە یانیش ئاگادارکردنەوەیە، بەوەی ئەوەی مافی ژنانە، پێویستە بەهەر نرخێك بێت، وەریبگرن.. لەو کاتەی ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە پەیدا دەبێت، پرسیاری ئێتیکی دێنە پێش، چونکە کار لە زۆر خەڵك دەکا..."[13]

## ا - ئێتیك و پروپاگەندە "[14]"

پروپاگەندە – Propaganda: وشەیەکی لاتینییە (لاتین زمانی ئیمپڕاتۆریەتی رۆم بوو، کە 500 ساڵ پێش زاین و زۆر دوای ئەوەش لە زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپا بەکار دەهات، پاش ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی رۆم لە 476 ی زاینی، زمانی لاتینیش ئەوەندە بەفراوانی وەك پێشان بەکار نەهات) و پێی دەڵێن propagare، بە زمانی کوردی دەکاتە گەیاندن، پیشکەش کردن، پەیام.. گەیاندنی بیرێك، پەیامێك، ئەگێندایەك "Agenda" ش وشەیەکی لایتینە و دەکاتە، کارتێکردن، یان هەستپێکردن، یانیش وەك ئەوەی: دەبێ چ بکرێ؟ دەفتەری بیرەوەری، یاداشتنامە...هتد. لە ئینجیل نووسراوە: چۆن خەڵك خوا بپەرستێ و ئەو واجیبانەی لەسەریەتی چین و چۆن جێبەجێیان بکات، ڕێگانیشاندان. چونێتی خوا پەرستی لە کتێبی (ئەگێندای) پاپای گریگۆریۆسی یەك لە ساڵی 590 – 604 نووسی چۆن خواپەرستی بکرێ، ئەوە Gregorius I ئەگێندای ئەو بوو.

ئامانجی پرۆپاگەندا، گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو کارتێکردنییەتی و زۆربەی جاریش، ئەو ئەرگومێنتانەی بۆ بەهێزکردنی خوتبەکەی بەکاری دەهێندرێ بێبەنەمان و لەڕاستی دوورن. پرۆپاگەندە زیاتر بۆ مەبەستی سیاسی بەکار دێ، بەتایبەتیش لەکاتی هەڵبژاردن و گرژی نێوان بەرەو حیزبەکان.

پروپاگەندە بۆ مەبەستی بازاڕ پەیداکردن بەکار نایەت، چونکە زۆرتر لە بواری سیاسی و بۆ ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی بەکاری دەهێنن. دەتوانین بڵێین، پروپاگەندە زانیاری درۆ و ناڕاست لەناو جەماوەر بڵاو دەکاتەوە. لەپشت ئەو جۆرە پرۆپاگەندانە، حزبی سیاسی یان کەسانی بەدەستەڵات و پارەدار هەن. پروپاگەندە زیاتر لەلایەن کەسانی دیکتاتۆر و ڕژێمە کۆنەپەرستەکان بەکار دێ. لە پروپاگەندە، بەهیچ شێوەیەك بیر لە لایەنی ئێتیکی ناکرێتەوە و بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامی خۆیان، ئامادەن، ڕێگای زۆر توند بگرنە بەر.

پروپاگەندە بۆ حیزبی سیاسی یان بۆ ئاینیش دەکرێ. باشترین کات بۆ پروپاگەندە، سەردەمی گرژی و شەڕە. هەموو بەشداربوانی شەر، هانا وەبەر پروپاگەندە دەبەن، بۆ ئەوەی بەزووترین کات بە ئامانجیان بگەن. ئێتیك کۆمەڵ بەرە و ئارامی دەبات، کەس مافی ناخورێ و سیستێمی بەڕێوەبردن ڕێك دەخات، پروپاگەندە ڕێك پێچەوانەی ئێتیکە، بۆ گەیشتن بە ئامانج، ڕێگای نایاسایی دەگردرێتە بەر، درۆ دەکرێ و جەماوەر فێڵی لێدەکرێ.

Maria - Pia Boethius، نووسەری کتێبی Mediernas svarta bok (کتێبی ڕەشی میدیاکاران) لەسەر پروپاگەندە دەنووسێ: ئامانجی یەکەمی پروپاگەندە، بردنی مرۆڤە بۆلای ڕێکخستن، (ئۆرگانیسەکردن) ئامانجی یەکەمی ڕێکخستنیش بردنی مرۆڤە بۆ بەردەوامبوون لەسەر پروپاگەندە. ئامانجی پروپاگەندەش تێکدانی، بارودۆخی کە هەیە و دانانی یەکی نوێیە."[15]

تێکدان و گۆڕینی سیستێم مەرج نییە، بەردەوام لە خراپ بۆ باش بێ. مێژوو پڕیەتی لە نموونەی زەق، لە ئەفگانستان لە باشە بۆ خراپە ڕۆیشت، بەڵام لە ئێراق و تونس لە خراپە بۆ دیموکراتییەت و باشە ڕۆیشت.

## ب - ئێتیك و ڕێکلام

ئامانج لە ڕێکلام، ئاگادارکردنەوەی جەماوەرە لە هەبوونی ئەو کاڵایەی، کەس یان کۆمپانیا، هێناویەتی یان بەرهەمی هێناوە بۆ بازارپەیداکردن، بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوە بەسەر زۆرترین خەڵك، ناوچە و هەرێم و وڵات، هانا وەبەر ڕێکلام دەبات. لە چاردە سەدە پێش زاین، لە گرێکلاندی (یۆنانی) کۆن، پیشەیەك بەناوی "گەڵەشتای" هەبوو. هەندێك خشتی ئەوسەردەم دۆزراونەتەوە و لەوێندەر ناوی کۆمەڵێك پیشە نووسراوە، یەك لەوان گەڵەشتایە. کاری ئەو پیشەیە، گەیاندنی زانیاری بۆ کۆمەڵە خەڵکێك یان تەواوی جەماوەر لە شارەکان بوو. ئەوان پروپاگەندەیان بۆ سیاسەتیش دەکرد، بەڵام زۆربەی کات زانیاری گشتییان بە جەماوەر دەدا وەك: باسکردن لە ئەفسەرانی ڕاستگۆ و ئازا، هاتنی سەفیرەکان، دابەشکردنی نان و گەنم...هتد. ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەو گوتنانە بکۆڵینەوە، دەبینین زۆر لە ڕێکلام و پروپاگەندە نزیکە، کە لەو سەردەم بەکار هاتووە."[16] ئەم پیشەشە لە سەردەمی نوێ بە Public Relations پەیوەندی گشتی بەناوبانگە و لە جەوهەردا لەیەکتر زۆر نزیکن.

لە ڕێکلامێکی کۆنی سەردەمی رۆم بۆ بانیۆ (گەرماو)، کە شوێنی خۆشی کات بەسەربردن بوو نووسراوە: بانیۆ بە هیممەتی فاوستینە، هاوڵاتییان بەشێوەی ئاسایی دەشوا و هەموو جۆرە خزمەتگوزارییێکیش پێشکەش دەکا.

هەر لەو سەردەم، ریکلام ئەوەندە زۆر دەکرا و لەسەر بەرد و دیوارەکان ئەوەندە زۆر دەنووسرا، حکومەت ناچار بوو بنووسێ: "لێرە نووسین قەدەغەیە، جگە لەوەش، ناوی هەرکەسێك لێرە بهێندرێ یان بهێنرێتەوە یاد، داهاتووی باش چاوەڕێی ناکا".

ئامانجی تەواوی زۆربەی ڕێکلام، ڕاکێشانی سەرنجی کڕیارە بۆ بەرهەمەکەی، تاکو بیهێنێتە ئەو بڕوایەی، کە کاڵای ئەو لە کاڵای کەسی دیکە باشترە."[17] ڕێکلام لەبەر ئەوەی پەیوەندی زۆر بەتینی لەگەڵ جەماوەر هەیە، بەهیچ جۆرێك نابێ فیێڵیان لێبکرێ و بە وێنەی جوان و تێکستی بڕواپێکەرانە خەڵك لە خشتە ببرێ، بۆیە لایەنی ئێتیکی پێویستە لەبەرچاو بگیرێ.

بۆئەوەی ڕێکلام بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەناو جەماوەر بڵاوبێتەوە، زانیاری ورد و پێویست بە کڕیارەکان بدا، بەڕێگای یاسا یان بە نووسینی ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن چارەسەر کراوە.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ سێ بوار ئەم ڕێسایانە نووسراین.

1 - ڕێسای بڵاوکراوەکان (ڕۆژنامە، گۆڤار...هتد)

2 - ڕێسای پیشەیی

3 - ڕێسا بۆ نووسینی تێکست بۆ ڕێکلام

یەکەمیان لە هەموویان کۆنترە و ڕێگا پیشانی ڕۆژنامەنووسان دەدات، ئامۆژگارییان دەکا، کە پێویستە ڕەخنگرانە سەیری سەرچاوەکانی هەواڵ بکەن، ڕێگا بە کەسانی تێکەڵاو بدات، بەرگری لەخۆیان بکەن، ڕێز لە تاك و لە کۆمەڵ بگرێ و ناوی کەس نەنووسێ.. لە بەکارهێنانی وێنە هەستیار و وردبین بێ، هەموو ئامنجیش هەبوونی ڕاگەیاندنێکی تەندروست و کەسی تێدا بریندار نەبێ.

لە خاڵی دووەم زیاتر مەبەست لەوەیە، کە ڕۆژنامەنووس ئەو زانیارییانەی لە ڕێگای پیشەی خۆیەوە دەستی دەکەوێ، نابێ بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی سوودی لێوەربگرێ. ڕۆژنامەنووس نابێ دیاری یان بەرتیل لەلایەن کەسی پەیوەندیدار، ڕێکخراو یان دەوڵەت وەربگرێ.

دەربارەی خاڵی سێیەم، خوێنەر دەبێ زۆر بەڕوونی نووسینی ڕێکلام لەگەڵ نووسینەکانی دیکە جیا بکاتەوە. جگە لەوانەی سەرەوە، ئەو نووسینانەی لەسەر کاڵا دادەندرێن، پێویستە بەو زمانە بێت، کە دانیشتوان پێی دەنووسن و قسەی پێدەکەن. ئەو بەرهەمانەی بۆ کوردستان دێنن پێویستە لەسەر هەر هەموویان بەتایبەتیش: خواردن و دەرمان بە زمانی کوردی بنووسرێ. ئەگەر لایەنی ئێتیکی ئەم کێشەیە چارەسەر نەکات، پێویستە بە یاسا ڕێك بخرێ.

لە هەموو ئەوانەی سەرەوە، نابێ لایەنی ئێتیکی سوودیان لێوەربگیرێ، بۆ ئەوەی کاڵا ساغ بکرێتەوە، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، درۆ بکرێ و بەڵێنی درۆ بە جەماوەر بدرێ. ئەمانە خاڵی گرنگن، پێویستە ڕۆژنامەنووس یان ئەوکەسانەی لەو دەزگایانە کاردەکەن، زۆر بە وردی بیری لێبکەنەوە.

## ج - ئێتیك و یاسا

ڤۆرۆشیلۆڤ ڤ. ڤ. پرۆفیسۆر لە ڕاگەیاندن، لە فاکولتێتی ڕۆژنامەوانی سانکت - پیتربورگ، لە کتێبە بەنرخەکەی بەناوی (ڕۆژنامەوانی) دەنووسێ: سەرکەوتن و بەرهەمی باشی ڕۆژنامەنووسان، پەیوەندی زۆری بە هەبوونی زانیاری تێر لەسەر یاسا و تێگەیشتن لە ئێتیکی پیشە هەیە."[18] ڤۆرۆشیلۆڤ لە هەمان لاپەڕەی کتێبەکەی دەنووسێ: بنەماکانی کارکردن و فونکشونی و بەڕێوەچوونی ڕاگەیاندن، لە حکومەتی یاسا سەروەر، هەبوونی ئازادی ڕادەربڕینە. هەبوونی ئازادیش ناکاتە نەبوونی چوارچێوە و بەرپرسیارێتی ئێتیکی و یاسایی.. چەند زیاتر ئازادی کارکردن و ڕادەربڕین هەبێ، ئەوەندە زیاتر،

کارتێکردنی لەسەر ژیانی کۆمەڵ دەبێ، ئەوەندەش زیاتر ڕۆژنامەنووس بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، کە چۆن ئەو ئازادییە بەکار بێنێ. هەر ڕۆژنامەنووسێك، کاری خۆی پسپۆرانە ئەنجامدا دەکاتە: بێلایەنی، مەوزوعی، کە کەس ناتوانێ ڕەخنەی لێبگرێ و بوختانی بۆ هەڵبەستێ."[19]

هەبوون و زانین و تێگەیشتن لە یاسا یارمەتییێکی باشە، بۆئەوی ڕۆژنامەنووسان تووشی هەڵەی گەورە نەبن و ئەو بەرهەمەی پێشەکەشی دەکەن تێبگەن، کە تەواوی هەقیقەتەکانیان باس کردووە و بە بڵاوبوونەوەشی کەسیان بۆ بەردەم داگا ناچێت. کەواتە ڕۆژنامەنووس پێویستە لەسەری، بایەخی زۆر بە لایەنی یاسایی بدات و کۆدێکسەکانی و ئێتیکی پیشە بەرز هەڵسەنگێنێ و کاریان پێوە بکات. ئەگەر لەکاتێکدا، یاسای ڕۆژنامەنووسی، زۆر و ئاڵۆزیش بوو، پێویستە ڕاست و دروست بۆ بابەتەکان بچیت و بەڕاستی لێکدانەوەیان بۆ بکات."[20]

زانینی وردەکارییەکانی یاسا، تەنیا کارناکاتە سەر ناوەڕۆکی بەرهەم، بەڵکو دەزگاکەش لە راکێشان بۆ بەردەمی دادگا دەپارێزی. "[21]

یاسای ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیایە. ئەو یاسایەی بۆ وڵاتی فەرەنسا دەگونجێ لەوانەیە بۆ کوردستان باش نەبێ، لەگەڵ ئەوەش هەبوونی یاسا بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە پێشکەوتن و ئاستی هەبوونی دیموکراتییەت لەو وڵاتەوە هەیە. دەرچوونی یاسا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگایە، بۆیە چەند لە وڵات دیموکراتیەت زیاتر پەرەی سەندبێ، یاساکان زیاتر و زۆرترین خەڵك لێی سوودمەند دەبێ. لە وڵاتانی دواکەتوو و دیکتاتۆر، یاسا بۆ چەسپاندنی حکومەت و مانەوەی ڕژێمە زیاتر، لەوەی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵ بێ. ئەوان یاسایا دەنووسون و دەردەکەن، بۆئەوەی کۆمەڵ ڕێکبخا وەك ئەوەی چۆن ئەوان خۆیان دەیانەوێ، نەك وەك ئەوەی، کۆمەڵ خۆی چۆن دەیەوێ. ئەوان یاسا دەردەکەن، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بەو سیستێم رازی نین، بەو یاسایەی خۆیان و بە ئارەزووی خۆیان لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکەن، زۆرجار لێپێچینەوەکە لە پرسیار و وەڵام لادەدات و کەسەکە لەباشترین حاڵەت بەند و تا لە سێدارەبوونیش هەیە، بۆیە زۆر گرنگە یاسا ئێتیکی بێ.

د. ڕامین جهانبەلگو مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە ناوەندی ئەخلاقیاتی زانکۆی تۆرۆنتۆ دەنووسێ: کاتێك تەماشای مێژووی فیکری سیاسی دەکەین، دەبینین بابەتی یاسا هەمیشە پەیوەست بە ماهیەت و سروشتی ئێتیك تاوتوێ کراوە. زۆربەی ئەو فەیلەسوفانەی لەسەر مەسەلەی یاسا لێکۆڵینەوەیان کردووە، هەمیشە ئەو پرسیارەیان لا گرنگ بووە، کە یاساکان چۆن دەتوانن ئەخلاقی یان نائەخلاقی بن.

ئایا ئێمە دەتوانین قسە لەسەر ئەخلاقیبوون و نائەخلاقیبوونی یاسا بکەین، یاخود نا؟ ئەمە پرسیارێکی گرنگە و لە فەلسەفەی هەق، - ماف دا خراوەتە ڕوو. زۆربەی ئەم بیرمەندانە یان هەموو ئەوانەی خەباتکاری مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بوون پێیانوایە، کە تاك وەك بوونەوەرێکی ئەخلاقی بەرپرسیارە و دەبێ دژی یاسا نائەخلاقییەکان بوەستێتەوە. ئەم باسە لە بەرهەمی زۆر نووسەر و

بیرمەندندا هەیە. لە تۆڵستۆی، گاندی و لۆتەرکینگەوە تا دەگاە سەر هەنووکە، بەوەی کاتێك یاسای ناعادیلانە و نائەخلاقیمان بینی یان ملکەچی نەبین و نافەرمی بکەین، یان ئەوەی دژی بووەستینەوە."[22]

ئەرستۆ پێیوایە، کە یاسا ڕێکخستنە، یاسای چاك ڕێکخستنی چاکە.

رامین جیهانبەلگو لە شوێنێکی دیکەی نووسینەکەی دەڵێ: ئەگەر یاسایەك بە ڕەهایی باش بێت، بۆیە باشە، چونکە لەهەموو شوێنێك باشە، واتە حاڵەتێکی یۆنیڤێرساڵ (گشتی)ی هەیە. ئەگەر یاسایەك بەشێوەی ڕێژەیی باش بێت، لەبەر ئەوەی لەناو دەست و تاقمێکی تایبەت، خەڵکانێکی تایبەت، جوگرافیا و قۆناغێکی مێژوویی تایبەتدا باشە. لەوکاتەی ئەرستۆ و سوکرات و ئەفلاتون باسی یاسا دەکەن، لەڕاستیدا باسی خۆیان دەکەن، باسی نەتەوە و خەڵکانێکی دیکە ناکەن. مارتین لۆتەر کینگ دەڵێ: ئامانجی یاسا دەستەبەرکردنی دادپەروەرییە."[23]

یاسا چوارچێوەی کارکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان دیار دەکا و ئێتیکیش لایەنی کۆمەلایەتی بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕێك دەخات، بەزانین و تێگەیشتن لە هەردووکیان، ڕاگەیاندنێکی پاك و دروست دێە بەرهەم.

بۆئەوەی ڕاگەیاندن پاك بێ، زانیاری ورد بدا، جەماوەر متمانەی پێبکات، گرنگە یاسا پێشێل نەکرێ، ڕێساکانی ئێتیکی پیشە کاریان پێبکرێ.. بۆئەوەی ئەوانەی سەرەوە کاریان پێبکرێ، گرنگە دیموکراتییەت پێشکەوتو بێ، عەدالەتی کۆمەلایەتی هەبێ، گەندەڵی کەمبێ و یاسا سەروەر بێ. ئەگەر لە هەر یەك لەوانەی سەرەوە بۆشایی هەبوو، ناکرێ باس لە ئازادی رادەربڕین و ڕاگەیاندنی باش و تەندروست و بێلایەن بکرێ.

## د - ئێتیك و هەقیقەت

ئێدمۆند ب. لامبێت لە کتێبی (تەواوی ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس لە ڕوانگەی ئێتیکەوە بۆ ڕۆژنامەنووسی) دەنووسێ: ڕاستی (هەقیقەت) وشەی "هەقیقەت"، زۆر پێوەری هەیە و ڕۆژنامەنووس لەسەری پێویستە ڕێز لە هەر هەموو ئەو پێوەرانە بگرێ. هەقیقەت لە فاکتەکان هەیە و لە کۆدێکسەکانی ئێتیکیش ئاماژەی پێکراوە، بەوەی پێویستە ڕۆژنامەنووس هەموو توانای (هەموو توانا) پڕ بە مانای خۆیەوە، بەکار بهێنێ، بۆئەوەی هەقیقەت پیشان بدات، نەك بەشێك لە توانای بۆئەوەی ناوەڕۆکی هەواڵ هەمووی ڕاست بێ و هیچ گومان لە ناوەڕۆکی لە ناڕاستی تێدا نەبی، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، کە ڕۆژنامەنووس، لەسەر ناوەڕۆکی هەقیقەت لێڕابێت و فەرامۆشی نەکات، لە ڕاستییەکان بکۆڵێتەوە و جارێکی دیکەش دیسان لە ڕاستییەکان بکۆڵیتەوە، بۆئەوەی ئەو زانیارییانەی گومانیان لێدەکرێ، گومانەکان بەو هەموو کۆنترۆڵ و بەدواداچوونەی هیچ نەمینێ..."[24]

لەم نووسینە، زیاتر باس لە هەقیقەت بۆ ڕاگەیاندن دەکەین، بەڵام لەڕاستیدا، زانین و دانی هەقیقەت بۆ هەموو پیشە و تاکێکی کۆمەڵ پێویستە. هەقیقەت لەگەڵ ئێتیك تەواکەری یەکترن و هەردووکیان پەیوەندییان بە ناخی مرۆڤ خۆیەوە هەیە. لێرە هیچ پێوەرێك نییە تا هەقیقەت و ڕاستییەکان بپێوی،

بەڵام بە ئەزموونی زۆر لە ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووسی بەتوانا، خۆی تێدەگا، لە چ بەرهەمێکی تەواوی هەقیقەتەکانی باس کردووە و لەچ بەرهەمێکیش کەمتری باس کردووە. دیسان گرنگە، ڕۆژنامەنووس بزانی، لەزۆر کات مافی نییە هەقیقەتەکان باس نەکات، بەتایبەتیش لەوکاتانەی مقۆی ڕووداوەکان بەناو خەڵك بڵاوبۆتەوە. باشترین نموونە، پەتای کۆلێرایە لە شاری سولەیمانی لە کۆتایی ئەیلول و سەرەتای ئۆکتۆبەری 2012، کە دوو کەس مردوون و نزیکەی 120 کەسیش گومانی ئەو نەخۆشییەیان لێدەکری. جەماوەر پێویستە هەموو هەقیقەت لەسەر ئەم پەتایە بزانێ، هەرنەبێ بۆئەوەی بتوانی بە باشترین شێوە خۆی لێ بپارێزی. دانی هەقیقەت لە سەرچاوەی یەکەمەوە زۆر گرنگە، چونکە بە گواستنەی زانیارییەکان لەناو جەماوەر لە کەسێك بۆ کەسێکی دیکە، بەردەوام کەم و زیادی دەخرێتە سەر، بەڵام ئەگەر وەك ئەوەی ئێستا دەیکەن، کە گواستنەوەی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانە، زانیارییەکان وەك خۆی بە وردی بڵاو دەکرێنەوە. لەم کەیسە، حکومەتی هەرێم، نەیویست ئەم پەتایە لەخەڵك بشارێتەوە، دیارە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانیش بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵساون و زانیارییەکانیان بەشێوەی پێویست گواستەوە. باسکردنی هەندێك هەقیقەت، هەندێکجار بە یاسا ڕێك دەخرێ، کە ڕۆژنامەنووس لەو نووسنیەی چەند ڕێگای پێدەدرێ باس لەو هەقیقەتە بکات یان نەکات. ئەمەش پەیوەندی بە یاسای وەدەستهێنانی زانیاری هەیە، کە لە کوردستان جارێ ئەم پرۆژە یاسایە گفتوگۆی لە پەرلەمان لەسەر کراوە، بەڵام دەنگی لەسەر نەدراوە و نەبۆتە یاسا.

هەقیقەت و تێگەیشتنی هەقیقەت لەناو هەموو کۆمەڵگا و نەتەوەکان یەکە، لەگەڵ ئەوەش، ئەو هەقیقەتە شاراوەی ڕۆژنامەنووسێکی کورد باسی دەکا، لەوانەیە بۆ ڕۆژنامەنوسێکی فەرەنسی رۆتین بێ، یان ئەو هەقیقەتەی ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی باسی دەکا و ئامادەیە لەسەری تووشی گەورەترین کارەسات بێ، بۆ ڕۆژنامەنووسێکی سویدی بێ ئارەقە ڕشتن بەتەلەفۆن دەستی دەکەوێ. بۆیە دەکرێ هەقیقەت ڕێژەیی بێ، لەگەڵ ئەوەش، بەگوێرەی شوێنی کارکردن، رۆژنامەنوس پێویستە لەسەری لە نووسین و بەرهەمەکانی تەواوی هەقیقەتەکان باس بکا، هەموو توانای خۆی بۆ وەدیهێنای بخاتە گەڕ، بەو مەرجەی ژیانی لەپێناو نووسین و بڵاوکردنەوەی هەقیقەتەکان نەکەوێتە مەترسی. ئەگەر ڕۆژنامەنووس گەورترین دزی هەموو سەردەمەکان ئاشکرا بکات، بەڵام بە ئاشکراکردنی ئەزیەتی بدەن، هەڕەشەی لێبکەن یان بیکوژن، باشترە ئەم کارە نەکات، چونکە هیچ هەقیقەتێك ناهێنێ دڵۆپێکی خوێنی لەسەر برژێ، مرۆڤێکی لەسەر بکوژرێ، بەتایبەتیش لەوانەیە، ئەوە هەقیقەتەی ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووس لە وڵاتانی نادیموکراتی تووشی گەورەترین بەڵا دەکا، لەچەند ساڵی داهاتوو، بە یاسا و بەئاسانی چارەسەر بکرێ.

(بەمدوایانە ڕۆژنامەنووسان تەنیا بەدوای فاکتەکان ناگەڕێن، بەڵکو بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ڕاستییەکان دەگەڕێن. خاوەنی ئەم بیرۆکەیە، پۆل ئەندرسن بوو لە ساڵی 1928 خەڵاتی پۆلیچرۆڤسکی لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی زنجیرەك ڕێپۆرتاژ لەسەر قەیرانەکانی دەرهێنانی نەوتی تیپۆت – دۆوم

وەرگرت، لە بەرامبەر قوتابییانی فاکولتێتی ڕۆژنامەنووسی گوتی:

- من گوتم، واجبی ڕۆژنامەنووس زیاترە لەوەی، تەنیا سەیر بکات و ئەو شتانەی بەرچاوی دەکەوێت بنووسی. ئاشکراکردنی هەقیقەت پێویستی بە زۆر زیاتر هەیە. هەقیقەت هەموو کاتێك بە ئاسانی نابیندرێ، ناتوانی وەك خۆخ لەدار بیکەتەوە، هەیانە شاراوەن و دوورن لە حوکمی چاو، کاری ڕۆژنامەنووس ئەوەیە، کە بگاتە ئەو هەقیقەتانە..."[25]

هەقیقەت لە مەدرەسەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەمشێوەی خوارەوە باسکراوە:

(بیرۆکەی بەرپرسارێتی کۆمەڵایەتی و ئازادی و ڕاگەیاندن – لەلایەن کۆمیتەی خاتچینسە لە ساڵی 1947 نووسرا. داواکارییەکان بۆ ئازادی ڕاگەیاندن و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، کۆمیتە بەم خاڵانەی خوارەوە بوو:

1 - هەقیقەتی و تێروانیی هەمەلایەنەی ڕووداوەکانی ڕۆژ و بەوشێوەیە بنووسرێ، کە شایەنی بایەخی خۆی بێت. فۆرمێك بۆ گۆڕینەوەی کۆمێنت و ڕەخنە بێ.

3 - تیشکخستنە سەر بۆچوونەکان و ئاسانکاری بۆ کارکردن کۆمەڵگا بە گرۆپ.

4 - سەرکردایەتی و بەشداریکردنی چالاکانەی سەرنووسەر بۆ هێنانەپێش و ڕوونکردنەوەی ئامانج و دەستکەوتەکانی کۆمەڵ.

5 - وەدەستکەوتنی تەواوی زانیارییەکانی ڕۆژ."[26]

ڕۆژنامەنووس پێویستە هەمیشە لە بەرهەمەکانی باس لە هەقیەقەت و ڕاستییەکان نەك تەنیا لە ڕۆژنامە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بکات، بەڵکو لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاریش پێویستە لەسەری ڕاستگۆ بێ. متمانە و بڕواپێکردن هەمیشە بۆ ڕۆژنامەنووس گرنگ بووین، چەند زیاتر جەماوەر بڕوا بە ڕۆژنامەنووس نەکەن، کە ڕاستگۆ نییە و درۆ دەنووسێ، گرانتر دەبی بۆ ئەو بڕوا بە کەسەکان بکات وەڵامی پرسیارەکانی بدەنەوە، کەمتریش خەڵك متمانە بە ناوەڕۆکی نووسینەکانی ڕۆژنامەکان دەکەن."[27]

پەراوێزەكان:

1. پاوڵ ئێدواردس، وەرگێڕانی: چنوور فەتحی، مێژووی فەلسەفەی ئێتیك، (كۆمەڵێك نووسەر). هەولێر 2010. ل.69

2. سەرچاوەی پێش. ل. 37

3. ژیل دۆلۆز و كۆمەڵێك نووسەر. و: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل. فەلسەفە. هەولێر، 2010. ل. 17

4. هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 19

5. هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 25

6. هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 107

7. پاوڵ ئێدواردس، وەرگێڕانی: چنوور فەتحی، مێژووی فەلسەفەی ئێتیك، (كۆمەڵێك نووسەر). هەولێر 2010. ل.21

8. هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 24 - 25

9 - Nils Funcke. Tryckfriheten Ordets män och statsmakterna. Fallun 2006. s.339

10. هەمان سەرچاوەی پێش. ل.339 - 340

11. هەمان سەرچاوەی پێش.

12. هێرش ڕەسول. ئازادی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا(1993 - 2007)، 2009 – چاودێر. ل. 166. ئەویش لە د. موەفەق دەرگەلەیی: ئێتیكی ڕۆژنامەنووسی وەرگرتووە.

13. Об Этическом подходе в журналистской профессии. Эдмонд Б. Ламбе. Москва 1998 с.21

14. بەشێك لەم نووسینەم پێشتر لە كتێبی: (ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ) بەرگی یەك ل.251 - 252 بڵاوكراوەتەوە.

15. Maria - Pia Bothius. Mediernas svarta bok. Falun. 2001. s. 167

16. د. مەغدید سەپان. ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ. بەرگی یەكەم ل. 247

17. بۆ زیاتر زانیاری سەیری كتێبی د. مەغدید سەپان: ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ. بەرگی یەكەم. ل. 247

18. Ворошилов В. В. Журналистика. Базовый курс. Учебник. 5 - е из. с.335

19. هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 335

20. هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 335

21. هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 338

22. ڕامین جیهان بەلگو. کۆرسی نۆیەم، و: حەمە قادر. ماڵپەڕی )کوردستانی نوێ( لە 8 - 8 - 2012.

23. هەمان سەرچاوەی پێش.

24. Эдмонд Б. Ламбет. Приверженность Журналистскому Долгу - Об Этическом подходе в журналистской профессии. с.48

25 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 49

26 . William Ernest Hocking، Freedom of the Press (Chicago: University of Chicago Press، 1947. p.59

27 . Anders R Olsson. Yttrandefrihet & tryckfrihet. Handbok för journalister. Femte upplagan. 2006. S.105

بەشی دووەم

# دۆزینەوەی چاپخانە و
# کارتێکردنی لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیری

بەشی دووەم

# دۆزینەوەی چاپخانە و کارتێکردنی لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیری

1 - کورتەیەك لە مێژووی چاپخانەکانی سەرەتایی لە ئەوروپا

2 - کورتەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەکانی سەرەتایی لە ئەوروپا

3 - کورتەیەك لە مێژووی پەیدابوونی سێنسور (ڕەقابە)

4 - یاسا و ئێتیك و دانانی چوارچێوە یان ڕێساکانی (کاری ڕۆژنامەگەری)

5 - ئازادی ڕادەربڕین و هەوڵەکان بۆ باشترکردنی ڕاگەیاندن

6 - تیۆرەکانی ڕاگەیاندن:

ا - تیۆری دەستەڵات Authoritarian Theory

ب - تیۆری لیبرالی Liberal Theory

ج - تیۆری سۆڤییێتی The Soviet Theory

د - تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی Social Responsibity Theory

7 - پەیدابوونی پرێسی زەرد لە جیهان و لە کوردستان

8 - ماف و ئەرکی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگەدا

9 - دۆزینەوەی هەقیقەت و باسکردنی

10 - ئێتیك لە سەردەمی ئەزمەکاندا

11 - بەرتیل لە کاری ڕاگەیاندن

## 1 - کورتەیەك لە مێژووی چاپخانەکانی سەرەتایی لە ئەوروپا

ناتواندرێ باس لە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و پێشوەچوون و کارتێکردنی لەسەر بواری فەرهەنگی بکرێ، بێ ئەوەی باس لە دۆزینەوەی چاپخانە و هونەرەکانی چاپ نەکەین. پێش دۆزینەوەی هونەرەکانی چاپخانە لەلایەن گوتنبێرگ، زانای زۆر هەوڵی دۆزینەوە یان کارئاسانی مۆر و چاپ و بڵاوکراوەیان لە شوێن و وڵاتی جیا جیای جیهان داوە. دۆزینەوەی چاپخانە وەك هەموو دۆزینەوەکانی دیکە، بەپازدان نەبووە و پێشتر کاری زۆری بۆکراوە. سەردەمانێك لە دەوروبەری 1050 لە وڵاتی چین هونەری پیت دروستکردن هەبووە. ئاسنگەرێکی چینی بەناوی پی شێن لە ساڵی 1040 - 1048 پیتی چینی لە قوڕ دروست دەکرد و

دواتریش بۆ چاپ بەكاری دەهێنا. هونەرەكە بەمشێوەی خوارەوە بووە: پیتەكان لە قوڕ دروست دەكران، لەناو فڕن گەرم یان دەسووتاندران. بەگوێرەی نووسینی پێویست، پیتەكانیان لەتەنیشت یەكتر ڕیز دەكرد، دەیان بەستا و دواتر مەڕەكەبیان لەسەر پیتەكان دادەنا، كاغەزیان لەسەری دادەنا و بە دەزگایەت، كاغەزی سەر پیتەكانیان پاڵدەدا یان خەفە دەكرد و ئەو نووسینەی دەیانویست، لەسەر كاغەز چاپ دەكرا. لێرە پێویستە ئاماژە بەوە بكەن، كە بۆ ئەمجۆرە چاپانە پیتەكان بەهەمان شێوەی مۆری ئێستا بە پێچەوانە هەڵدەكەندران یان دەنووسران. دروستكردنی پیت لە قوڕ، ئەگەرچی زۆر هەرزان بووە، لەگەڵ ئەوەش تەمەنی پیتەكان درێژ نەبوون و زوو خرادەبوون و هەڵوەشاونەتەوە، بوونەوەتە خۆر و تێكچووین، بەڵام لێرە گرنگ هەوڵ و ئەنجام و دۆزینەوەكەی بووە."[1] نزیكەی 350 ساڵ پاش دۆزینەوەكانی پی شێن، لە ساڵی 1392 لە كۆریا پیتیان لە قوڕقوشم دروست كرد. لە ساڵی 1403 لەسەر فەرمانی ئیمپراتۆر تای تزونگ، بەئامانجی ڕیفۆرمی خوێندن و پەروەردە، فەرمانیدا كتێبی كۆری بەو جۆرە پیتانە چاپ بكرێن."[2]

لەگەڵ ئەم پێشكەوتنانەی چین و كۆریا لە هونەری چاپ، لە ئەوروپا نەتواندرا سوودیان لێوەربگیرێ، چونكە لێیان بێئاگا بوون، دەتوانین بڵێین لە هەمان قۆناغی كۆریا، لە ئەوروپا كلێشە دروست دەكران و بۆ زیادكردنی كارتی یاری و بڵاوكراوە سوودیان لێوەردەگیرا.

ماوەیەكی زۆر لەنێوان زانای هۆڵەندی لاورێنس كۆستەر Laurens Coster لەگەڵ زانای ئەڵمانی یوهان گوتنبێرگ Johann Gutenberg مشتومڕ هەبوو، كە كامەیان لەپێشدا هونەری چاپیان دۆزیەوە، ئاشكرایە كە یوهان گوتنبێرگ بۆ یەكەم جار توانی پیت دروست بكات و بەو پیتانەی ئەوەی بیەوێ بینووسی و بیخاتە ناو دەزگاكەی و كاغەزی پێ چاپ بكات."[3]

ئەو كتێبانەی كە پێش ساڵی 1501 چاپكراون بەناوی یۆنانی ناودەبرێن و پێیان دەگوترێ پالیۆتیپەر Paleotyper بە زمانی كوردی دەكاتە (كۆن).

هانس سالاندەر Hans Sallander دەڵێ هەرچەندە جیاوازی نێوان كتێبەكانی كەلە ساڵی 1499 چاپكراون و ئەوانەی كە لەساڵی 1501 چاپكراون ئەوەندە زۆر نییە، لەگەڵ ئەوەش ساڵی 1501 وەك سنوورێكی باش بۆ هونەری چاپكردن دەناسرێت."[4]

پاش ساڵی 1500چاپخانەكان زیاتر پێویستییان بەوە نەدەكرد كە خۆیان پیت دروست بكەن بەڵكو كارگەی تایبەت بۆ دروستكردنی پیت دامەزرابوون. ئەو كارگانە پیتیان بە چاپخانەكان دەفرۆشت. لە چاپخانەكاندا لە سەرەتادا كتێبە ئاینییەكان چاپ دەكران و تاڕادەیەك ئەدەب و بابەتەكانی تر پشتگوێ خرابوون.

ئەگەر تا دۆزینەوەی هونەری چاپ لە ئەوروپا و لەلایەن گۆتنبێرگ تەنیا 30 هەزار دانە كتێب هەبوون، بەماوەی 50 ساڵ ژمارەیان گەیشتە 9 ملیۆن كتێب."[5]

هەبوونی نزیكەی نۆ ملیۆن كتێب، تەنیا لە ئەوروپا، بێشك ڕاستەوخۆ كاریكردۆتە سەر پێشكەوتن،

زیادبوونی كەسانی خوێندەوار، دابەزینی نرخی كتێب، بڵاوبوونەوەی زانیاری و بایەخدان بە خوێندنەوە و بیركردنەوە لە دەركردنی ڕۆژنامە و گۆڤار...هتد.

لەماوەی كەمتر لە پەنجا ساڵی یەكەم، چاپخانە گەیشتە زۆربەی هەرەزۆری شارەكانی ئەوروپا، لەگەڵ ئەمەش ئەم دۆزینەوە نوێیە، زۆربەی كات لەسەرەتا لەلایەن پاشاكان بۆ وڵات و ناوچەكان دەهێندرا. هەر لەو سەردەم، چاپخانە بووە پیشەسازی و خەڵك پێیەوە دەوڵەمەند بوون.

هەندێك چاپخانە و نووسەر گلەییان دەكرد، كە خەڵك كتێبە چاپكراوەكان ناكڕن. ئەم نەكڕینە بووە هۆی لەدایكبوونی ڕێكلام بۆ كتێبە چاپكراوەكان.

یەك لە بەناوبانگترین كتێب كە لە پەنجا ساڵی یەكەمی دۆزینەوەی هونەری چاپ، چاپكرا، ڕۆمانی Hypnerotomachia Poliphili كە لەلایەن Francesco Colonnas نووسرابوو، ساڵی 1499 لە شاری ڤینێسیای ئیتالیا لە چاپخانەی Aldus چاپكرایە. 168 كلێشەی دار ڕۆمانەكەیان ڕازاندبۆوە. بەدرێژایی چەندین سەدە، چاپخانەكان سوودیان لە دیزاینی كتێبی ناوبراو وەرگرت و تا ئەمڕۆش جوانی خۆی لەدەست نەداوە. لە ساڵی 1452 - 1455 گۆتنبێرگ ئینجیلێك، كە بە 42 خەت بەناوبانگە چاپ دەكا. ئەو كتێبەش نموونەی بەرزی هونەری چاپی ئەوكاتەی پێوە دیارە.

ئیتالیا دووەم دەوڵەت بوو، پاش ئەلمانیا، هونەری چاپی گەیشتێ و هەر لەو سەردەم، زۆربەی كرێكارەكانی چاپخانەكانی ئەوروپا، ئەڵمانی بوون.

دۆزینەوەی هونەری چاپ، گوتنبێرگی لە هەژاری و قەرزاری ڕزگار نەكرد. لە ساڵی 1457 لە كاغەزەكانی ئەرشیڤی دادگا نووسراوە، كە گۆتنبێرگ نەیتوانیوە قەرزەكانی خۆی بداتەوە و جگە لەوەش، ئەو نەیتوانیوە فایزی ئەو پارەی كە لەساڵی 1442 وەریگرتبوو بداتەوە. قەرزەكەی لەسەر ڕەش نەكراوەتەوە تا ساڵی 1474 لەو كاتە گوتنبێرگ شەش ساڵ بوو لەژیان نەمابوو. ئەو لە 3 - 2 - 1468 لە شاری خۆی كۆچی دوایی كرد.

لە ساڵی 1500 بۆ یەكەم جار كتێب بەمانای ئەمڕۆی كتێب چاپكرا. ئەوەش وەك: نووسینی ناوی نووسەر، ناوی كتێب، شوێنی چاپكردن، دەزگای بڵاوكردنەوە، كاتی چاپ و ساڵی چاپ...هتد.

## 2 - كورتەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەكانی سەرەتایی لە ئەوروپا

پێش نزیكەی دوو هەزار ساڵ لەناو ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم، كارگەی نووسین هەبوون. لەو كارگانە، كەسێك زانیارییەكانی دەخوێندەوە و بەند و عەبدەكانیش دەیان نووسییەوە یان لەسەر بەرد دەیانتاشی. خەڵكی ناودار و بەناوبانگی ناو ئیمپراتۆریەت، ئەو هەواڵانەیان دەكڕین.»[6] پێش ئەوەی هونەری چاپ لە ئەوروپا بدۆزرێتەوە، كاغەز هەبووە، كە چالاكییە سەربازی و ئابوورییەكانیان تێیدا بڵادەكردەوە. بەتایبەتیش لە سەردەمی زوو شەڕ باڵی بەسەر زۆربەی وڵاتان دا گرتبوو و كەم وڵات هەبوون بۆ ماوەیەكی كەم لە

شەڕ رزگاریان بووبێ. ئەوانەی دەستەڵاتیان زۆر بوو، دەیانویست هێشتا خاك و زەوی دیکە بخەنە ژێر رکێفی خۆیان و ئەوانەی ژێردەستەش بوون، خەباتیان بۆ ئازادی دەکرد و لەهەردووك جۆریش، جەماوەر پێویستی بە زانینی دەنگوباس و ڕاستییەکان هەبوو، بە زانیاری لەسەر بەرەی جەنگ هەبوو.

لە سەرەتا ڕۆژنامە گەزەتە «Gazetta"ی پێیدەگوترا و ئەو وشەیەش لەو برە پارەیە هاتووە، کەلە ڤینێسیا ئەو پارچە کاغەز یان لیستەیان پێی دەکڕی. ئەم بڵاوکراوانە لە ناوەڕاستی سەدەی 16 لە ئیتالیا پەیدا بوون و چوار ڕوو یان لاپەڕە بوون. ناوەڕۆکی ئەوان تایبەت نەبوون بە ڕووداوەکانی ناو ئیتالیا، بەڵکو زۆرتر باسی لە شەڕ و ناخۆشییەکان و ڕووداوە سیاسییەکانی ئەوکات دەکرد.

پێویستی جەماوەر بۆ زانینی رووداو و زانیارییەکانی ئابوری و بەرەی جەنگ، بووە هۆی لەدایکبوونی جۆرێکی دیکەی نزیك لە ڕۆژنامە بە ناوی: ئەکتە دیورنە Acta Diurna کە بەزمانی کوردی (هەواڵی ڕۆژانە)ی پێدەگوترێ. لە سەدەکانی ناوەڕاست، ئەم جۆرە ڕۆژنامانە لەلایەن کەنیسەی کاسۆلیکەکانیش دەردەچوون.

ئەو بڵاوکراوانەی لە ئیتالیا دەردەچوون، دەگەیشتنە زۆر وڵات و یەك لەو وڵاتانیش ئەڵمانیا بوو. لێرە زوو تواندرا سوود لە ئەزموونی ڕۆژنامەنووسانی ئیتالیا وەربگیرێ، هەر ئەوان دەزگایەکیان (کۆمپانیا – فۆند) بەناوی «فوگێرۆف» هەبوو. ئەم دەزگایە لقی لە زۆر وڵاتانی ئەوروپا کرایەوە و پارەی زۆریشی هەبوو. زۆر جار پارەیان بەقەرز بە پادشا و قەیسەرەکانی ئەو سەردەم دەدا.

ئەم نووسینگانەی فوگێرۆف زیاتر خەریکی بازرگانی بوون و هەر ئەوانیش ئەم بڵاوکراوە دەستنووسانەیان بەناوی گازێتی فوگێرۆف بڵاودەکردەوە و دواتر لە ساڵی 1605 کران بە ڕۆژنامە. ئەو ڕۆژنامانە ناویان Fuggerzeitungen بوو. تا ساڵی 1568 لە ئەوروپا دەردەچوون و ئەوانەی هەواڵەکانیشیان بڵاودەکردەوە پێیان دەگوترا "avvisatori" بە زمانی ئیتالی دەکاتە هەواڵ یان هەواڵگەیێنەر، بە زمانی کوردی تەتەری پێدەگوترێ.

ئەم ڕۆژنامانەی فوگێر بە ئازادی نەدەفرۆشران، بەڵکو تەنیا بۆ کەسانی تایبەت و ئابۆنەدارەکان ڕەوانە دەکران. کەسەکان دەبووایە ئەندامی ئەم خانووە یان کڵوبە بن، جگە لەوان بۆ کڕیار و سەوداکارانی بانکیش ئەم ڕۆژنامانە ڕەوان دەکران. لەبەر ئەوەی ئەم بڵاوکراوانە لەناو کۆمەڵ بڵاو نەبوون، ناتواندرێ وەك ڕۆژنامە سەرەتاییەکانی ئەوروپا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، چونکە یەك لەو سیفەتانەی ڕۆژنامە ئەوەیە، کە دەبێ بە ئاسانی دەست خوێنەر بکەوێ، لەگەڵ ئەوەش بوونی لەم جۆرە لیستانە بۆ ماوەیەکی ئەوەندە زۆر، گرنگە و جێگای بیرهێنانەوە و باسکردنە.

ئەگەر پسپۆر و زانایانی ڕاگەیاندن ئەو لیست یان (فوگێرۆف)انەی سەرەوە وەك ڕۆژنامە سەیر نەکەن، لەبەر ئەم سێ هۆیانەی خوارەوەیە:

- ئەم لاپەڕانە تەنیا باسیان لە یەك بوار دەکرد.

- ئەم لاپەڕانە لەکات و ساتی خۆی دەرنەدەچوون.

- هونەری دیزاین (نەخشەسازی) لاواز بوو.

نووسەرانی کتێبی مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان، ساڵی 1609 بە ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامە لە ئەوروپا لە قەڵەم دەدەن، هەندێك توێژەر، مێژووەکە بۆ ساڵی 1605ی دەبەنەوە و یەکەم ڕۆژنامەش لە جیهان لە ئەڵمانیا دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە لەسەری نووسرابوو: Relation: Aller Furnemmen و کانونی یەکی 1609ی لەسەر داندرایە. سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە چاپچی «یۆگان کارلۆس» بوو. ئەو پێشتر ڕۆژنامەی دەستنووسی بڵاو دەکردەوە. لەم ڕۆژنامەیە هەواڵ و زانیاری لەسەر: کێلن، ئەنتێڤێرپینە، رۆم، ڤێنیسیا و پڕاگی تێدابوو. سەرنووسەری ئەم هەفتەنامەیە چاپچی یوهان کارۆلیوس بوو. لە مانگی ئابی هەمان ساڵ هەفتەنامەیەکی دیکە بەناوی: Avisa Relation oder Zeitung هەر لە ئەڵمانیا دەرچوو.“[7]

هەفتەنامەکانی لە ساڵی 1609 چاپدەکران، زوو دەگەیێندرانە شوێنی پێویست و بە ئەوروپا بڵاودەکرانەوە. لە ساڵی 1610 هەفتەنامەیەك بەناوی Ordinari Wohenzeitung لە بازێل دەرچوو، لە ساڵی 1615 لە فرانکفۆرت و دواتریش لە ماین و ڤیێننا بە هەمان ناو دەرچوو. ساڵێك دواتر لە هامبورگ بە هەمان ناو هەفتەنامە بڵاوکرایەوە و لە ساڵی 1617 لە بەرلین دەرچوو، لە ساڵی 1618 لە ئەمستەردام دەرچوو، لە ساڵی 1620 لە ئەنتڤێرپنێ، مایدەبورگ، یورینبورگ، رۆستۆك براونشڤێیگ و کێلن هەفتەنامەکان دەردەچوون. بۆ ساڵی 1630 هەفتەنامە لە نزیکەی سی وڵاتی ئەوروپا دەردەچوون. لە کۆتاییی سەدەی شازدە و سەرەتای سەدەی حەڤدە، پیشەی ڕۆژنامەنووسی زۆر ڕێزی لێ نەدەگیرا و بە سووك لەناو کۆمەڵ سەیر دەکرا.

ڕاستەوخۆ پاش لەدایکبوونی هونەری چاپ، زوو سوود لەو ئامێرە نوێیە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار وەرنەگیرا، بەڵکو ئەوان ئامێری چاپیان زیاتر بۆ چاپکردنی کتێب و فەرمانەکانی پاشا و جەنەراڵ و حکومەتەکان بەکار دەهێنا.

لە ڕۆژنامە سەرەتاییەکان کەموکورتی زۆر هەبووە، وەك نەبوونی نازناوی سەرنووسەر، شوێنی چاپ... هتد، هەروەها دانانی هەواڵ لەسەر کاغەزی ڕۆژنامە یان شوێنی لاپەڕە، پێوەندی بە گرنگی هەواڵەکەوە نەبوو، بەڵکە بە کاتی گەیشتنی هەواڵەکەوە هەبووە. جگە لەوانەش، هەواڵەکان کۆمێنتیان بۆ نەدەنووسرا و سەردێریشیان بۆ دانەدەندرا.

شەڕی سی ساڵەی ئەوروپا 1618 - 1648 زیاتر کاری لەسەر پێشکەوتنی ڕۆژنامە کرد. ئەوەش لەبەر ئەوەی، کە مرۆڤ پێویستی بە هەواڵ و دەنگوباسی شەڕ هەبوو. ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە پەیامنێریان نەبوو و خەڵکیان بۆ کارکردن و ڕۆژنامە بەڕێوەبردن دانەدەمەزراند. گوتار و نووسینەکان لەلایەن سەرنووسەر لەگەڵ هەندێك نووسەری لابەلا دەنووسران.“[8] نەخشەسازی ئەم ڕۆژنامانەی سەرەوە زۆر لە بڵاوکراوەکانی ڤێنیسیایان دەکرد و دیارە کاریگەری ئەوانیان بەسەرەوە هەبووە.

لە سەدەی 16 - 17 لە زۆر دەوڵەتی ئەوروپی پۆست داندرا و ئەوانیش کاریان گۆڕینەوەی هەواڵ و دەنگوباس بوو. ئەوان زیاتر پێویستییان بە ئاڵوگۆڕی دەنگوباسی سیاسی و ئابووری هەبوو. بۆ بڵاوکردنەوەی لەو جۆرە دەنگوباسانەش لەو سەردەم، ڕووبار و کەناڵەکان بەکار دەهێندران. لەو کاتیش گۆڕینەوەی هەواڵ و دەنگوباس لە نێوان یەکتری پێویستییەکی زۆر گرنگی ئەو سەردەم بوو.

لە ساڵی 1630 وەك لەپێشەوە باسکرا، هەفتەنامە لە نزیکەی 30 دەوڵەتی ئەوروپی دەردەچوون و لە ساڵی 1609 تا سەرەتای ساڵی 1700 تەنیا لە ئەڵمانیا نزیکەی 200 ڕۆژنامە و هەفتەنامە هەبوون و دەرچوون.

ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی ڕەسمی فەڕەنسا لە 30 مارسی 1630 بەناوی La Gazette دەرچوو. لەو سەردەم ناوی گازێتە لە زۆر دەوڵەتی جیهان بۆ ڕۆژنامە بەکار دەهێندرا.

ڕۆژنامەی La Gazette چوار لاپەڕەیە و ژمارە یەکی هەواڵەکانی: ڕۆم، پڕاگ، ئیستەنبۆلی تێدا بوو. بابەتەکان، بازرگانی، شەڕ، باسی پاشاکان، هەواڵی دیبلۆماسی بوون. تیراژی 1200 دانە بوو.

هەر لەو ساڵ یانی 1630 بە هاوکاری و پشتیوانی "ڕیشێلێ تێیۆفراست ڕێنۆدۆ" ڕێگا درا بۆ کردنەوەی (بیرۆی ناونیشان) ئەم بیرۆیانەش هەوڵی کۆکردنەوەی زانیارییان بۆ ڕۆژنامەکان لە هەموو فەڕەنسا دەدا. لەو سەردەم بایەخی زۆر بە کتێب و خوێندنەوە دەدرا و کتێبفرۆشەکانی پاریس دەبوایە ڕۆشنبیر بوونایە و لاتینییان زۆر باش زانیبا و بە زمانی یۆنانی بیانخوێندبایەوە. دەشبوایە لە زانکۆی پاریس Certificat "مۆڵەت"یان پێ درابا. لەم بەڵگەنامەیە دەبووایە بنووسرابا، کە ئەوان ڕازین، خاوەن نامە مافی کتێبفرۆشتنی هەیە، جگە لەوانە بەلای کەم دەبووایە 4 - 6 ساڵ پێش داواکردنی مۆڵەت لە شاری پاریس ژیابا. نووسینەکانی ڕێنێدۆ زیاتر شێوەی ئەدەبی بەخۆیەوە دەبینی و پادشای ئەو سەردەمی فەرەنسا ڕۆژنامەکەی خوێندەوە و خەڵاتی سەرنووسەری کرد. ڕۆژنامەگەری لە سەرەتادا لە ئەدەب و ئابووری و زمان پەیدابوو، دواتر بۆ تەواوی بوارەکانی دیکەی ژیان گەشەی سەند.

بڵاوبوونەوەی ئامێری چاپ، بووە هۆی دەرچوونی ڕۆژنامەی زۆر، نەك بەرزبوونەوەی تیراژی زۆر. ئەوەش زیاتر لەبەر ئەوەی چونکە لەوکاتە بەربەستی زۆر دەخرانە بەر دەرچوونی ڕۆژنامە. سیاسییەکان و دەستەڵاتدارانی ئەوکاتە لە بڵاوبوونەوەی دەنگوباس دەترسان، کە کاری نێگەتیڤ و خراپ بکاتە سەر جەماوەر. جگە لەوەی باسمان کرد، نرخی ڕۆژنامەکان بەرز بوون و خەڵکیش ئەوەندە خوێندەوار نەبوون.

لەگەڵ پەیدابوونی پرەنسیپەکانی ئازادی ڕۆژنامە لە سەدەی حەڤدە، ڕۆژنامەکان باشتر و ئاسانتر بڵاو دەکرانەوە، بەڵام دیسا تیراژیان هەر کەم بوو.

بە پەرەسەندنی شۆڕشی پیشەسازی، دەرکردنی ڕۆژنامە بووە کارێکی پێویست. دەرکردنی ڕۆژنامەکان بوونە کارێکی ڕۆتینی و خوێندنەوەشی بووە پێویستییەك بۆ زۆر لەوانەی کە ئارەزوویان بوو بزانن چ لە وڵاتانی دەرەوە ڕوو دەدات. پێشکەوتنی پیشەسازی، ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر بەرزبوونەوەی تیراژی

ڕۆژنامه‌كان.

یه‌كه‌م ئامێری خێرای چاپ، له‌ ڕۆژنامه‌ی The Times له‌ له‌نده‌ن ساڵی 1814به‌كار هات. دامه‌زراندنی ئامێری نوێ له‌لایه‌ن كرێكاره‌كانه‌وه‌ زۆر به‌توندی دژایه‌تی ده‌كرا.»9« ئه‌وان ده‌ترسان كه‌ زۆر له‌ كرێكاره‌كان كار له‌ده‌ست بده‌ن. تا ئه‌و كاته‌ وه‌ك سه‌رده‌می یوهان كوتنبێرگ پیت ڕێكخستن به‌ده‌ست بوو. په‌یدابوونی ئه‌و جۆره‌ ئامێرانه‌ كاری ده‌ركردنی ڕۆژنامه‌ی زۆر خێراتر و ئاسانتر كرد. له‌ هه‌مان كاتدا، په‌یدابوونی كاغه‌زیش ئاسانتر و هه‌رزانتر ده‌ست ده‌كه‌وت.

له‌ ساڵی 1833 له‌ شاری نیۆیۆرك 19 هه‌زار دانه‌ ڕۆژنامه‌ له‌ ڕۆژێكدا ده‌فرۆشرا.«[10]» ڕۆژنامه‌كانی ئه‌وكاته‌ قه‌باره‌یان ته‌نیا چوار لاپه‌ڕه‌ بوو و به‌ناوه‌ڕۆكێكی زۆر ڕژد ده‌رده‌چوون. هه‌واڵ له‌ ڕۆژنامه‌كان لاواز بوون و زیاتر گوتاری سیاسی و گوتار له‌سه‌ر ئابووری وڵات ده‌نووسران. ڕۆژنامه‌ به‌ناوه‌ڕۆكی جددی و نرخی گران، كاری كرده‌ سه‌ر به‌رز نه‌بوونه‌وه‌ی تیراژی ڕۆژنامه‌كان.

به‌ په‌یدابوونی ڕۆژنامه‌ی The Sun له‌ ساڵی 1833 له‌لایه‌ن بنیامین ئێچ. ده‌ی Benjamin H. Day، بازاڕی ڕۆژنامه‌ ته‌واو گۆڕدرا. ڕۆژنامه‌ی ناوبراو له‌به‌ر نرخ هه‌رزانی كه‌ ته‌نیا یه‌ك پێنی بوو، بووه‌ یه‌كه‌مین ڕۆژنامه‌ی جه‌ماوه‌ری، كه‌ خه‌ڵكی زۆر ده‌یانخوێنده‌وه‌. ستایلی (شێوه‌ی) نووسینی ئه‌م ڕۆژنامه‌یه‌ به‌به‌راورد له‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌كانی سه‌رده‌می خۆی ئاسان و ڕوون بوو. ئامانجی بنیامین له‌م شێوه‌ نووسینه‌ ئه‌وه‌بوو كه‌ زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری جه‌ماوه‌ر له‌خوێندنه‌وه‌ی تێبگا. ئه‌م شێوه‌ به‌ڕێوه‌بردنه‌ی ڕۆژنامه‌ و ده‌ركردنی، تا ئه‌مڕۆش له‌ زۆربه‌ی ده‌وڵه‌تانی جیهان په‌یڕه‌و ده‌كرێ. ڕۆژنامه‌ی The Times له‌ ساڵی 1836 تیراژی گه‌یشته‌ 30 هه‌زار دانه‌.

دوای ده‌ركردنی ڕۆژنامه‌ی The Times، له‌ شاری نیۆیۆرك ڕۆژنامه‌ی دووه‌م به‌ناوی ز نیۆیۆرك هێراڵد The New York Herald ده‌رچوو. ئه‌م ڕۆژنامه‌یه‌ زیاتر له‌سه‌ر كێشه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان و ده‌نگوباسی زه‌ق وه‌ك: نووسینی ڕێپۆرتاژ له‌سه‌ر تاوان، سێكس، له‌گه‌ڵ نووسینی گوتار له‌سه‌ر خه‌ڵكی به‌ناوبانگی ئه‌وكاته‌، ڕۆژنامه‌ی زیاتر به‌ناوبانگ كرد.«[11]» ڕۆژنامه‌ی The New York Herald له‌لایه‌ن جێمس گۆردان بێنێتس James Gordon Bennetts ده‌رده‌چوو. ئه‌و بایه‌خی به‌ ژانه‌ری (جۆری نووسین) ئینته‌رڤیو دا و وه‌ك ژانه‌رێكی سه‌ربه‌خۆی ڕۆژنامه‌نووسی بۆ یه‌كه‌م جار له‌ مێژووی ڕۆژنامه‌گه‌ری جیهان به‌كاری هێنا.«[12]

## 3 - كورته‌یه‌ك له‌ مێژووی په‌یدابوونی سێنسور (ڕه‌قابه‌)

### پێناسه‌ی سێنسور Sencur

سێنسور ده‌كاته‌: خه‌فه‌ یان كاركردن و هه‌وڵدانی پێشوه‌خت بۆ نه‌گه‌یشتنی ئه‌و زانیارییانه‌ی له‌ ڕێگای مه‌سمێدیا بۆ جه‌ماوه‌ر بڵاوده‌كرێته‌وه‌. مه‌سمێدیا جۆری جیای هه‌یه‌ وه‌ك:

مێدیای چاپكراو: كتێب، بڵاوكراوه‌، ڕۆژنامه‌ و گۆڤار.

مێدیای ئێلیکترۆنی: رادیۆ، تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ وە هەروەها جۆرە نوێکانی دیکە:
ئینتەرنێت، بلوگ، تەلەفۆنی مۆبایل...هتد.

ڕوودەدات، پاش بڵاکردنەوەی گوتارێك دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش لەبازاڕ بەزووترین کات زانیارییە بڵاوکراوەکان کۆ دەکەنەوە و ناهێڵێن بەهەموو کەسێك بگا. جگە لە هەبوونی ئۆرگانی تایبەت بە ڕەقابە، کە زۆربەی جار حکومەت یان حزبەکان کۆنترۆلی دەکەن، لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش، کەسانێکی تایبەت دامەزراون، کەناهێڵن هەموو نووسینێك، فیلم و وێنە و دەنگێك بەناو جەماوەر لە ڕێگای مەسمێدیاوە بڵاوبکرێتەوە. ئەم مادە قەدەغەکراوانە دەکرێ بیانۆی ئەمن و ئاسایشی وڵات، لایەنی ئێتیکی یانیش کوالیتێی بەرهەمەکەی بخرێتە پاڵ، بەو بیانۆیەی خراپە و شایەنی بڵاوکردنەوە نییە. وەك لەسەرەوە نووسیمان، دەزگاکانی ڕەقابە، لەزۆربەی کات سەر بە حکومەتن و لە وڵاتە تازە ئازادەکانیش وەك کوردستان، زیاتر سەر بە حزبی سیاسی یان کۆمەڵە و ڕێکخراون. هیچ مەرج نییە، ڕەقابە لە وڵاتێکی وەك کوردستان لەگەڵ وڵاتێکی وەك تورکیا هەمان ستاندارد و پێوەری هەبێ، بەڵام لە جەوهەردا یەك ئامانجیان هەیە، کە نەهێشتنی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە، کەبەلایانەوە گرنگە نەگاتە زۆرترین خەڵك، لەهەمان کاتیش زۆرجار جیاوازیەکان لە دەزگایەك بۆ دەزگایەکی دیکەی ڕاگەیاندن، مەرجی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان جیاوازە. لە هەندێك دەزگا لایەنی ئێتیك گرنگ نییە و لە هەندێکی دیکە زۆر گرنگە. ئەو زانیارییەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خەفەدەکرێ و بڵاوناکرێتەوە، هیچ مەرج نیە لە ڕۆژنامەی خەباتیش هەمان بەربەست لەپێش بڵاوکردنەوەی دابندرێ. بۆچوون و شتی هاوبەش گەلەك زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش مەرج و پێوەرەکانی بڵاکردنەوە و بڵاونەکردنەوەی جیان، کە دەکرێ هۆی سیاسی، ئێتیك یان کوالیتێی بابەتەکان بێت.

جگە لە هەبوونی ئۆرگانی حکومی و ئۆرگانی حزبی ڕەقابە، زۆرجار ڕۆژنامەنووس لەناخی خۆشی، ڕەقابە لەسەر نووسینەکانی خۆی دادەنێ و پاش بیرکردنەوەی زۆر بڕیاردەدات ئەو نووسین نەنووسوێ، ئەو فیلم بەرهەم نەهێنێ، چونکە تێگەیشتووە بەو ناوەڕۆکەی خۆی دەیەوێ بۆی بڵاوناکەنەوە، یانیش گوتارەکە دەنووسێ، بەڵام بڵاوی ناکاتەوە. هیچ مەرج نییە، ڕێگا نەدرێ، تەواوی نووسین یان بەرهەمەکە ڕێگای بڵاوکردنەوەی لێبگیرێ. زۆرجار ڕەقابە، ڕازییە بەشێك لەو بەرهەم بڵاوبکرێتەوە، بەڵام دژی بڵاوکردنەوە تەواوی مەتریالەکەیە. لە وڵاتە ئازاد و دیموکراتەکان، بە یاسا چوارچێوە بۆ ڕەقابە و جۆرەکانی ڕەقابە داندراوە. لەگەڵ کات، کەمتر و کەمتر ڕەقابە لەسەر مەسمێدیا دەمینێ و زیاتر و زیاتر ئازادی بەڕۆژنامەنووسان دەدرێ.

لە ساڵی 1911 لە وڵاتی سوید دەزگایەکی حکومی بەناوی بیرۆی سینەمای حکومی دامەزرا و ئەم بیرۆیە کاری سەیرکردنی فیلمە تازەکان بوو. لە 1 - 1 - 2011 ئەم بیرۆیە نەما و لابردرا، چونکە حکومەتی سوێدی لەوبڕوایەدابوو، پارەیەکی زۆر و بەلاش لەم ئۆرگانە خەرج دەکرێ و تێشگەیشتن، بەشێکی زۆر

کەم لە جەماوەر فیلمەکانی دەبینی. ئەوان بۆ سەیرکردنی فیلم تەمەنیان دانا. چەند وڵات و حکومەتەکان هەنگاو بەرەو دیموکراتییەت بهاوێژن، ئەوەندە زیاتر ڕەقابە لەکۆمەڵ ڕۆلی کەمتر دەبێ.

سیستێمی سێنسۆری پێشوەخت لەگەڵ سیستێمی دیموکراسیدا ناکۆکە، لەبەرئەوەی گرنگترین ئامراز بۆ گوزارشتکردن لەبۆچوونەکان پەکدەخات و کاریگەری کارا لەسەر هەنگاوەکانی حکومەت دادەنێت، بەو پێیەی دەتوانیت بڵاوکردنەوەی ئەو بیروڕاو هەواڵانە یاساغ بکات، کە قبوڵی نیین."[13] لەزۆر وڵات، بەتایبەتیش لەوکاتەی لە سیستێمی تۆتۆلیتاری بۆ دیموکراسی دەچێ، ئەمەش لە ڕێگای کودەتا و خۆپیشاندان، لەڕێگای خەباتی چەکداری و شۆڕش، سیستێمی کۆن لادەچێ و سیستێمێکی دیموکراسی شوێنی دەگرێتەوە. یەك لە هەنگاوە یەکەمەکانی حکومەتی نوێ، ئازادکردنی بەندکراوە سیاسییەکانە، لابردنی حوکمی سەربازییە، دانانی کاتە بۆ هەڵبژاردنی نوێ. هەروەها یەك لە کار و ئەرکە سەرتاییەکانی حکومەتی نوێ، کە زۆرجار بە حکومەتی ئینتیقالیش ناودەبرێ و بەناوبانگە، ڕێگاپێدان بە ئازادی ڕادەربڕین و لابردنی ڕەقابەیە.

لەڕۆژی سێشەم ڕێکەوتی 20 - 8 - 2012 حکومەتی بورما سێنسوری پاش نزیکەی 50 ساڵ لە وڵاتی خۆی نەهێشت. خەڵك ڕۆژنامە و هەفتەنامەی لۆکال لەشاری یانگون Yangon لە بورما دەکڕن. حکومەت پاش 48 ساڵ و دوو هەفتە سەنسوری هەڵگرت."[14] لەسەرەتای پەیدابوونی هونەری چاپ، ڕەقابە نەخرایە سەر چاپکردن و دواتریش ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەڵام پاش ئەوەی تێگەیشتن ئەم دۆزینەوە نوێیە، مەترسی دەخاتە سەر حکومەت و نهێنییەکانیان، بۆ نەگەیشتنی زانیارییەکان، سوودیان لە ڕەقابە وەرگرت. پاش چەند ساڵێك لە ئازادی چاپکردن و بڵاوکردنەوە، جارێکی دیکە لە بەریتانیا لە ساڵی 1643 ڕەقابە سەریهەڵدایەوە. بەمشێوەیە تا ساڵی 1695 بەردەوام بوو."[15]

س. ئە. میخایلۆڤ لە کتێبی: ڕۆژنامەگەری وڵاتانی ئەوروپای باکور بە زمانی رووسی چاپیکردووە دەنووسێ: پاشا گوستاڤی سێی سوید، لە ساڵی 1766 یاسای ئازادی چاپەمەنی پەسند کرد و دواتر بووە بەشێك لە دەستوری وڵات، کەلە ساڵی 1772 پەسند کرا. بۆیەکەم جار لە مێژووی جیهان، لە دەستوور ڕەقابە هەڵگیراوە، کە دەکاتە: ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی بەدەستگەیشتنی زانیاری و کارکردن لەسەر بەڵگەکان."[16] هونەری چاپکردن لە ساڵی 1483 لەلایەن دوو کەس یەکیان ئەڵمان و ئەوەی دیکەش هۆڵەندی گەیشتە سوید. پاشا و کەنیسە، کۆنتڕۆلی بەرهەمە چاپکراوەکانیان دەکرد، وەك چۆن کۆنتڕۆلی تەواوی لایەنەکانی دیکەی ژیانیان دەکرد."[17]

لەو سەردەم پاشا بڕیاریدەدا، لەکوێی سوید چاپخانە دامەزرێ و چ کەسێکیش سەرپەرشتی بکات. ئەم کۆنترۆلە تا ساڵی 1941 مایەوە و لەو کاتەوە، هەر کەسێ ویستبای دەیتوانی چاپخانە دامەزرێنێ، چونکە هیچ دەزگایەکی کۆنترۆل کردنی چاپخانە نەما."[18] یەکەم کەس لە سوید، لەسەر ئازادی نووسین تووشی لێپێچنەوە بوو، Braskی قەشە لە Söderköping لە ساڵی 1526 بوو. گوستاڤ ڤاسای سوید، ئارەزووی

لەو نووسینانە نەبوو، کەلە چاپخانەی ئەو چاپدەکران و بڵاودەکرانەوە، بۆیە بڕیاریدا چاپخانەکە دابخا."[19]

پاش ئەوەی ژمارەی چاپخانەکان زیادی کرد، هەبوونی کۆنترۆڵ لەلایەن حکومەتەوە، بووە کارێکی پێویست. لە ساڵی 1539 فەرمانێك دەرچوو و تێیدا، ناوەڕۆکی هەموو ئەو نووسینانەی لەسەر خەڵك بوون و بۆ ئەوان دەنووسران، دەبوایە لەلایەن پاشا خۆی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و ڕەزامەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی بدرێ."[20] لە 9مارسی 1810 پەرلەمانی سوید یاسایەکی نوێ چاپ و پەخشی دەرکرد و لەم یاسایە ڕەقابەی دینی و ڕەقابە بەگشتی لەسەر چاپ و پەخش نەما و هەرڵگیرا. ساڵێك زووتر ئەنجومەنی یاسادانان (Justitieombudsmannen) دامەزرا. ئامانج لەم دەزگایە هەبوونی نوێنەری پاشا بوو، بۆئەوە لە دادگاکان ئامادەبێت و ببینێ، کە یاسا پەیڕەو دەکرێ. ئەم دەزگایە تا ئەمڕۆش لەکارکردن بەردەوامە و لەڕاستیدا، لەسەر هەمان پرەنسیپەکانی ساڵی 1809 دا کار دەکا و بەردەوامە."[21]

زۆرجار لەنێوان سیاسەتمەداران و خاوەن ڕۆژنامە یان ئێزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان کۆنفلیکت هەبووە و نەیانتوانیوە زمانی هاوبەش بدۆزنەوە. هیچ لایەك خۆی نەداوەتە بەر دەستی ئەوەی دیکە، ئەگەر لەکاتی شەڕیش بووبێ. وینستۆن چەرچل Winston Churchill لە کارەکانی BBC رازی نییە و لە 5ی ئۆکتۆبەری 1938 لە پەرلەمان گلەیی دەکا، بەوەی دەنگیان ناڕوات. BBC ڕێگا بە وەزیرانی دەریا و ئابووری نادات لە ئێزگەکەیان قسە بکەن. لێرە وەك لە زۆربەی وڵاتانی ئەورپا و لە سەردەمی جەنگ، تەنیا لە پرسیارەکانی تایبەت بە لەشکر، ڕەقابە هەبوو."[22] دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار لەسەر دەمی جەنگ و ناخۆشی، گرانە و ئاسان نییە، بۆیە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا یەکەم کەس نەبووە، گلەیی لە BBC بکات، بەڵکو زۆرجار ئەم قەیرانە ناخۆشانە سەرئێشەی زۆریان بۆ سەرنووسەرانیش دروست کردووە. سەرنووسەری ڕۆژنامەی تایمس Dawson لە بیرەوەرییەکانی نووسیویەتی: ئەوەی لەدەستم بێت کردوومە، شەو دوای شەو، بۆ ئەوەی هەموو ئەو نووسینانەی ئەڵمانەکان بێزار دەکەن لایان بدەم. ئەو نووسینانە پێش هەڵگیرسانی شەڕی دووەم بووە."[23]

ڕەقابە ڕەگی قوڵی لە مێژوو هەیە و ئەوەی تا ئێستا بە بەڵگە ماوەتەوە، پسپۆران بۆ 605 ساڵ پێش زاین دەیبەنەوە، لەوکاتەی پاشای یوداە یوهاکایم فەرمانی سوتاندنی کتێبی پیرۆزی پێغەمبەری جێرێمیاه ی دا. ئەم سوتاندنە بەڵگەی یەکەمی هەبوونی ڕەقابە لەجیهان پیشان دەدات.

دوای ئەم کارەساتە، ڕەقابە بەردەوام بوو، بەڵام یەك لە سزا توندەکان، لە ساڵی 399 پێش زاین دژ بە فەیلەسوفی بەناوبانگی گرێك (یۆنان)ی سوکرات دەرچوو، کە ناچاریان کرد ژەهر بخواتەوە. کوشتنی سوکرات، دەکاتە کوشتنی یەکەم فەیلەسوف، کە سەلماندی ئازادی وشە لەکۆمەڵ زۆر گرنگە.

- لە ساڵی 213 پێش زاین، ئیمپراتۆری چین، چین شی خوان – دی، (هەر خۆی دیواری مەزنی چینی دروستکرد) فەرمانی دەرکرد، کە هەموو ئەو کتێبانەی تایبەتن بە: زانست، مێدیسین، کشتوکاڵ...هتد

بسووتێنن و لەگەڵ ئەم فەرمانەش نزیکەی 500 زانا لەسێدارەدران و چەند هەزاریش دوورخرانەوە.

- لە ساڵی 48 پێش زاین، بە فەرمانی فەرماندەیەکی لەشکری ڕۆم یولی قەیسەر کتێبخانەی ئەلێکسەندەریا لە میسر سوتێندرا و نزیکەی حەوت هەزرا کتێب لەناوچوون. ئەمە جاری یەکەم بوو، کتێبخانە بسووتێندرێ. دوای چوارسەد ساڵ جارێکی دیکە کتێبخانەکەیان دروستکردەوە.

- لە ساڵی 499 یۆیەکەمجار لیستێك بەناوی کتێبانی قەدەغەکراو لەلایەن پاپای ڕۆمەوە دەرچوو. لەم لیستە ناوی نووسەر و ناوی کێب هەبوو.

- لە ساڵی 1501 پاپای شەش، بۆیەکەمجار کتێبە چاپکراوەکانی تایبەت بە زانستی قەدەغەکرد. بەمشێوەیە قوتابخانەکانی کاتۆلیکی، هەوڵی قەدەغەکردنی ئەمجۆرە کیتێبانەیان دا.

- لە ساڵی 1541 بۆیەکەمجار بەرهەمی هونەری بەگشتی و بەتایبەتیش نەخشی ژنە ڕووتەکان، کە لەلایەن مایکل ئەنجلۆ کێشرابوون قەدەغەکردان و لەناو بران.

- لە ساڵی 1643 بۆیەکەمجار ڕەقابەی ئابووری ((Licensing Act)) لە پەرلەمانی بەریتانیا دەرچوو، کە ڕێگای بە دان و وەرگرتنەوەی ڕەزامەندی بۆ بەڕێوەبەردنی چاپخانە دەرکرد. ساڵێك دواتر شاعیری بەناوبانگی بەریتانی جۆن میڵتۆن، خوتبە بەنرخەکەی دژی ئەم بڕیارەی پەرلەمان بۆ بەرگری لە چاپ بڵاوکردەوە. لەو خوتبەیە میڵتۆن نووسیبووی: لێمگەڕێن لە ئازادی تێبگەم!

- لە ساڵی 1735 یەکەم نموونەی ڕەقابەی سیاسی وەدیار کەوت. ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی جۆن زێنگەر، گوتارێکی لە گۆڤاری New York Weekly Jornal بڵاوکردەوە، تێیدا ڕەخنەی لە پارێزگای نیۆ – یۆرك گرت. پارێزگا فەرمانی گرتنی ڕەخنەگری دەرکرد.

- لە ساڵی 1789 بۆیەکەمجار لە فەرەنسا باس لە ئازادی چاپەمەنی کرا.

- لە ساڵی 1861 بۆیەکەمجار ڕەقابەی جەنگ پەیدابوو. ئەمەش لەکاتی جەنگی ناوەخۆی ئەمریکا بوو، کە بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو بابەتانی درزیان دەخستە ناو ڕێزەکانی کۆمەڵ و وڵاتیان دابەش دەکرد، بڵاوکردنەوەیان قەدەغە کرد. لێرە گرنگە ئاماژە بەوەبکەین، کە ڕەقابەی شەڕ لە هەموو لەشکرەکانی جیهان پێشتریش بوونی هەبووە.

- لە ساڵی 1918 ڕەقابەی ئیشتراکی بە فەرمانی ڤلادێمیر ئێلیچ لێنین لە یەکێتی سۆڤیێت پەیدابوو.

- لە ساڵی 1935 بۆیەکەمجار نازییەکانی ئەڵمانیا کتێبی نووسەری جولەکەیان دەسووتاند.»[24]

4 - یاسا و ئێتیك (دانانی چوارچێوەی کارکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان)

هەبوونی یاسای ڕاگەیاندن دەکاتە دانانی چوارچیوەی کار بۆ ڕۆژنامەنووسان، بۆئەوەی بزانن لەکاتی کارکردن مافیان چەندە و لەو چوارچێوەی بۆیان داندراوە لای نەدەن، بۆئەوەی بۆ دادگاکان ڕانەکێشرێن و لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتەکەیان سزانەدرێن. سزادانیش دیسان بەگوێرەی یاسا دەبێت و لە وڵاتێك

بۆ وڵاتێکی دیکە جیایە. لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان، ڕۆژنامەنووس بۆ نووسینی بەرهەمەکەی بۆ دادگا ڕاناکێشرێ، بەڵکو سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازن ئەگەر لە کەیسەکە دۆڕان، سزاکەی دەژمێرن.

یاسای ڕاگەیاندن لە زۆربەی وڵاتانی دیموکرات لەیەك دەچێت و ڕێگا بە ڕۆژنامەنووس دەدات، بە ئازادی کار بکات. مافی وەرگرتنی ئازادی، پەیوەندی بە شێوەی کارکردنی ڕۆژنامەنووسەوە هەیە.

لە دەستوری روسیا هاتووە: هەموو کەسێك مافی هەیە بە: ئازادی بەدوای زانیاری بگەڕێ، وەریبگرێ، بیدات، پرۆزیڤدەدیت – بەهەم بێنی و لە چوارچیەوەی یاسا بڵاوی بکاتەوە."[25]

لە وڵاتی فەرەنسا، کەسانی بیانی بۆیان نییە زیاتر لە 20% پشکیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەبێ. لە روسیا لەمجۆرە یاسایەیان نییە."[26] پێویستی گۆڕینی دەستوور و دانانی یاسای لە وڵاتێك بۆ وڵاتێك دەگۆڕدرێ، لەگەڵ ئەوەش ئامانج یەکە و ڕێگاپیشاندانی هاوڵاتییانە لەو وڵاتەی لێی دەژین، ماف و ئەرکیان دیاری دەکرێ. جگە لەمە، ساڵ و کاتی دەرچوونی یاساش جیایە، بەڵام لە هەموو شوێنەکان، لەوکاتەی بۆشاییێك لەشوێنێك، بوارێك هەبی، بە دەرکردنی یاسا چارەسەر دەکرێ. هەموو جارەکانیش کەسانی دڵسۆز و پسپۆر لە بوارە جیاجیاکان کار بۆ دەرکردنی یاساکانی پێویست دەکەن و هەوڵ و هیممەتی ئەوان پرۆژە یاساکە دەنووسرێ.

پاشای سوید بەناوی گوستاڤی سێ یاسای چاپەمەنی لە نیسانی ساڵی 1774 دەرکرد و ئازادی زیاتری بە نووسەران دا. ئەم پاشایە تەواوی دەستووری کەلە نێوان 1680 – 1772 نووسرابوو گۆڕی، ئەمەش لەوکات وەك کودەتایەك یان حکومەت گۆڕین دەهاتە بەرچاو. لەم دەستوورە نوێیە، ئازادی ڕادەربڕین و نووسین هەبوو. لە ساڵەکانی دووایی، چەندین جار ئەم یاسایەی سەرەوە هەموار کرایەوە. ئەم یاسایە کاریکردە سەر ئەوەی ژمارەی بڵاوکراوە زۆرتر بن. هەر لەم یاسایە، دامەزراندنی چاپخانە لەژێر دەستەڵاتی پاشا بوو. ئەو بڕیاری دەدا، لەچ شوێنێك چاپخانە پێویستە یان پێویست نییە. ئەگەر لە شوێنێك پێشتر ئامێری چاپ هەبوایە، ڕێگا نەدەدرا، چاپخانەیەکی دیکە لەتەنیشت ئەو بکرێتەوە. ئەمە لە کۆتایی 1700 بوو. لە ساڵی 1785 پاشا ئەم بڕیارەی سەرەوەی دەرکرد، ئەگەر لە شوێنێك چاپخانەیەك هەبێ، پێویست ناکات، لە تەنیشت ئەو چاپخانەیەکی دیکە دابندرێ."[27]

لە سوید بە هەوڵ و تەقەڵای دوو کەس بەناوەکانی: Anders Chydenius and Anders Nordencrantz لە دووی دێسەمبەری ساڵی 1766 یاسای چاپەمەنی نووسرا."[28] بەگوێرەی ئەم یاسایە، دەستێوەردانی بابەتی چاپ، تەنیا پاش بڵاوکردنەوە بوو، ئەویش ئەگەر کەسێك بیویستبایە سوود لەو یاسایە وەربگرێ. لێرەوە ڕەقابە نەما و نووسەر لەبەردەم دادگا، لەسەر ناوەڕۆکی بەرهەمی بەرپرسیار بوو، تەنیا لەوکاتانە نەبی، کە خاوەنەکەی دیار نەبا، ئینجا خاوەن چاپخانە دەکەوتە بەردەم دادگا و لەوێش بە یاسا حوکمی لەسەر دەدرا."[29]

لە سەردەمی گرژییەکان و شەڕو ناخۆشی، حکومەت هەوڵدەدات، بەیاسا کۆمەڵ توندتر ڕێك بخات، بۆئەوەی تووشی کەمتر گرفت بێت و لەشەڕ نەئالێ. لە ساڵی 1939 لەشکری نازی ئەڵمانی بەفەرمانی

ئادۆلف هیتلەر هێرشی کردە سەر پۆڵۆنیا و داگیری کرد، ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی بوو، کە بە شکانی هەمان لەشکر لە مایسی 1945 کۆتایی هات. هەندێك دەوڵەت یەك لەوان سوێد لەم شەڕە بێلایەنی خۆی پیشاندا. بۆئەوەی شەڕ نەهێتە وڵاتی ئەوان، بەیاسا ئەم کێشەیان چارەسەر کرد.

لە 18 ی مایسی 1941 پەرلەمانی سویدی یاسای سێنسور دەردەکا. هەمان ڕۆژی گرتنی پۆڵۆنیا لەلایەن لەشکری نازییەکانیش، سوید بێلایەنی خۆی لەم شەڕە ڕادەگەیەنێ. لە 3 شوباتی 1943 یاسای گواستنەوەی هەندێك لە ڕۆژنامە و گۆڤار لا دەبرێ و نامینێ. لە 17 مایسی 1944 سەنسور بەیاسا لە سوید نامینێ و جارێکی دیکە ڕاگەیاندن ئازاد دەبێتەوە.“[30]”

هەبوونی ئەم یاسایە، ڕۆژنامەنووس و دەستەی نووسەرانی ناچار کرد، لەکاتی نووسین و بڵاوکردنەوە بیر لە بەرژەوەندی وڵات بکەنەوە و بۆ لێواری شەڕی نەبەن.

لە 7ی ئۆکتۆبەر وەزیری دەرەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیران Hansson och Sandler، نامەیەك بۆ تەواوی سەرنووسەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سوید دەنووسن و تکایان لێدەکەن، لە نووسینەکانیان هەوڵبدەن، بیر لە بێلایەنی سوید بکەنەوە و خۆیان نەکەن بە تەرەف، چونکە بچووکترین ڕەخنە لەوانەیە بە زیانی گەورە بۆسەر وڵاتەیان بگەڕێتەوە. پێویستە بەرژەوەندی وڵاتیان بخەنە سەروی بەرژەوەندی دەزگاکەیان.“[31]”

ئەزمەکان، زۆرجار حکومەتەکان ناچار دەکەن، هەندێك بڕیاری توند بدەن، ئازادی خەفە بکەن، تەنیا بۆئەوەی زیانی گەورەتر بە وڵات نەکەوێ. هەندێك جار ئەزمەکان بە یاسا و جارەکانی دیکەش بە نامە و پێشنیاز و تکا و ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن چارەسەر دەکرێن. لە وڵاتێکی وەك کوردستانیش، زیاتر بە دانیشتن و پێکهاتن کێشەکان چارەسەر دەکرێن، سەرنووسەر دەگۆڕدرێن و گۆڤار و ڕۆژنامە دادەخرێن.

یاسای ژمارە 10 لە ساڵی 1993، یەکەم یاسای چاپەمەنی کوردی بوو پاش ڕاپەڕین دەرچوو. جگە لەم یاسایە، چەند یاسایێکی دیکە دەرچووین، بەڵام لەناو هەموویان کەموکورتی زۆر هەن و هەمووشیان تایبەتن بە بواری چاپەمەنی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت پشتگوێ خراون.

## 5 - ئازادی ڕادەربڕین و هەوڵەکان بۆ باشترکردنی ڕاگەیاندن

مێژووی ئازادی ڕادەربڕین یان هەوڵدان و خەباتکردن بۆ ئازادی قسەکردن و کۆبوونەوە و دژوەستان... هتد لە یۆنانی کۆن و ئیمپراتۆری ڕۆم پێش زاین باسیان لێوەکراوە، بەڵام زیاتر پاش پەیدابوونی ئامێری چاپ لە ناوەڕاستی سەدەی پازدە، هەوڵەکان لە شەقامەوە بۆ دانیشتنی پەرلەمان و کۆبوونەوەکانی حکومەت تێرتر و ڕێکتر گواسترانەوە.

لەسەر کاری چاپ و بڵاوکردنەوە و ئازادی ڕادەربڕین لەمێژوو، کەسانی زۆر تووشی سەرئێشە و دوورخرانەوە و کوشتن و

گیران بووین. یەك لەوانەی زوو لە سوێد Johan Henrik Schönheits بوو، کەلە ساڵی 1706 دەستی ڕاستیان بڕییەوە، زمانیان بڕی، ئینجا سەریان پەڕاند. ئەو لە کۆتایی ساڵەکانی 1600 لێگەڕابوو بەرهەمێك چاپ بکرێ، پێش ئەوەی لە ڕەقابە دەربچێ. بە بڕوای ئەنجومەنی ڕەقابە، کتێبەکە پڕ بوو لە نووسینی وەحشیگەری (بەرەبری)و بێشەرمی. Johan Henrik Schönheits لە دەرەوەی وڵات بەرهەمەکانی خۆی بۆ سوێد ڕەوانە دەکرد. تەلەیان بۆداناوە، گرتیان و بۆ سوید هێنایانەوە، لە سویدیش بەمشێوەی سەرەوە کوشتیان. نووسەر حوکم درا بەوەی گوایە ئەو: کفری کردووە (جوێنی بەخودا داوە) و ئەندامانی پەرلەمانیشی بە دز و گەندەڵ ناو بردووە."[32]

بە بڕیاری دێسەمبەری ساڵی 1766 سوید لەتەك بەریتانیا بووە یەك لەودەوڵەتانە لە چاپکردن، پەیڕەوی سیستێمی لیبرالییان دەکرد. بەریتانیا لە ساڵی 1695 ڕەقابەی نەهێشت. لەپاش ئەمە، هەموو کەسێك ئازاد بوو، ئەوەی دەیەوێ بنووسێ و بڵاوی بکاتە، جگە لە بابەتی تایبەت بە ئاین."[33]

سەرەتاکانی تێگەیشتنی هاوچەرخ بۆ ئازادی ڕادەربڕین بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، لە شانشینی یەکگرتووی پاش شۆڕش، کە بووە هۆی لاچوونی شا جێمسی دووەم لە ئینگلتەرا لە 1688، دواتر شا ولیەمی سێیەم و شاژنە ماری دووەم لە بەریتانیا چوونە سەر تەخت، دوای هەریەك لەم ڕووداوانە پەرلەمانی بەریتانی یاسایەکی بەناوی (ئازادی قسەکردن) دەرکرد.

لە فەرەنسا پاش شۆڕش لە ساڵی 1789 مافی ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕین وەك بەشێکی سەرەکی لە مافەکانی هاووڵاتی هاتووە.

لە سیستێمی بەڕێوەبەردنی حکومەت، ئەگەر هیچ بوارێکی ژیان وەك پێویست کار نەکات، گرانە باس لە چاکردن یان باشترکردنی ڕاگەیاندن بکرێ. لەگەڵ ئەوەش، بە شێوەیەکی گشتی و لۆژیکی، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن باش بێ، پێویستە ئازادی ڕادەربڕین هەبێ، بۆئەوەی ڕۆژنامەنووس بزانێ ماف و ئەرکی لە کۆمەڵگە چییە، پێویستە یاسایێکی باش و لەبەرژەوەندی جەماوەر هەبێ، بۆئەوەی تۆ خاوەنی ئەم یاسا باشە بی، پێویستە کەسانی بەتوانا لە پەرلەمان کار بکەن، بۆئەوەی کەسانی باشیش بۆ پەرلەمان بنێردرێن، پێویستە پارتی سیاسی باش و دیموکرات لە وڵات هەبن. ئەگەر ئەوانەی سەرەوە هەموو هەبوو، دیسان بەهیچ شێوەیەك نابێ: خزم خزمانێ، واسیتە، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی، کاربکاتە سەرئەوەی کەسی بێتوانا بۆ پەرلەمان کاندید بکرێ.

ئەوانەی سەرەوە هەمووی زنجیرەی نەپساون لەیەکتری و لەوکاتەش ڕەچاو دەکرێ، کە نەخوێندەواری لە کوردستان نەمینێ، ئازادی و دیموکراتی پەرەی سەندبێ، عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەبێ، خەڵك پەرلەمان و حکومەت بەهی خۆیان بزانێ و گەندەڵی کەمبووبێتەوە...هتد. لە کوردستان هەموو ئەوانەی لە سەرەوە بۆ باشترکردنی ڕاگەیاندنی کوردی نووسیمان، کەم تا زۆر هەیە، بەڵام ئەم هەبوونە جارێ بەش ناکات و تێر نییە.

ئازادی ڕادەربڕین لەتەك ئازادییەکانی دیکەی وەك: ڕۆژنامەنووسی، قسەکردن، کۆبوونەوە، سکاڵاکردن، بیروباوەڕ، بیرو کاری سیاسی، گەشەی هزری و زانیاری و بیرۆکە گەیاندن، لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆ پێشخستن و گۆڕان لەگەڵ پیادەکردنی پرۆسە دیموکراسییەکان بەکار دێ."[34] بۆ باشترکردنی

ڕاگەیاندنی کوردی، هەنگاوی باش نراون وەك: کردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن لە دێسەمبەری 1999 لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، کردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە ساڵی 2000 لە زانکۆی سولەیمانی، کردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر لە ساڵی 2000 و وە هەرهەوەها کردنەوەەی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی 2005 و دواتریش کردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکی دهۆك لە ساڵی2009، کردنەوەی ئەم بەشانە لە پەیمانگا و زانکۆکانی کوردستان، بووە یارمەتیدەر بۆ پەروەردەکردنی کادر، بەڵام تەواوی بەشەکانی ڕاگەیاندن، وەك پێویست نەیانتوانی بە ڕۆلی گەورەی خۆیان هەڵبستن، چونکە ئەوانیش بەخۆیان، کادری ڕاگەیاندکاریان بەشی نەدەکرد، جگە لە نەبوونی ستۆدیۆی پێویست، کامیرا و کەلوپەلەکانی دیکە، بۆئەوەی قوتابییان ڕاهێنانی لەسەر بکەن.

مەرجی زۆری بێکۆتایی جەماوەر لەسەر کەنالەکانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناچارکرد، خول بۆ کارمەندانیان بکەنەوە، بۆئەوەی لە ئارەزووەوە بۆ بە پیشەبوون بچن. بێگومان کاری هەموو ڕێکخراوە تایبەتەکانی ڕاگەیاندن و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش ناتوانی لەباشترکردنی ڕاگەیاندنی کوردی فەرامۆش بکرێ. لەگەل ئەم هەموو هەوڵانەش، لەوانەیە کات باشترین دەرمانی باشترکردنی ڕاگەیاندنی کوردی بێ، بەتایبەتیش زۆر بە ڕوونی دیارە، ساڵ دوای ساڵ شاشەکان جوانتر بووین، لاپەڕەی ڕۆژنامەکان باشتر بووین و نووسینەکانیش پسپۆرانەتر نووسراین.

ئەوەی لە کوردستان بۆ باشترکردنی ڕاگەیاندنی کوردی هەیە و دەکرێ جارێ بەش ناکات. هەبوونی یاسایەکی هەمە لاینە، کە تەواوی بووارەکانی ڕاگەیاندن وەك: ئێلیکترۆنی، بینین و نووسین بەخۆیەوە بگرێ.. جگە لەمە، پێویستە یاسایەك هەبێ بۆ ئاشکرانەکردنی سەرچاوەی پێدانی زانیاری، کە ئەمجۆرە یاسایە دەمێکە لە وڵاتانی ئەوروپا هەیە. لە سوید لە ساڵی 1912 مافی پاراستنی سەرچاوە وەك پرۆژە یاسا ئاماژەی پێکراوە."35" ئەگەر ئەوانەی سەرەوەت هەبوو، دەبێتە بناغەیەکی باش بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی کارکردن لەسەر باشترکردنی ڕاگەیاندنی کوردی بەرەو سیستێماتیکی ببەین و لە ئایندەیەکی نزیك ببینە خاوەن ڕاگەیاندنێك چی لە وڵاتانی دراوسێ کەمتر نەبی.

## 6 - تیۆرییەکانی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن لە هەر وڵاتەو بەو جۆریە، کە حکومەتەکە خۆی دەیەوێ، بۆیە هیچ مەرج نییە، بەناوەڕۆك ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەیەکتر بچن. بە خەفەکردن و ئازادی لەیەکتر بچن. هەبوونی تیۆرییەکانی ڕاگەیاندنیش زیاتر بۆ سوود وەرگرتن و ڕازیکردنی حکومەتەکان بووە و هەر ئەوانیش ڕێگایان داوە، بەو شێوەیە بێ، کە خۆیان ویستوویانە.

دابەشکردنی ڕاگەیاندن بەسەر چوار قوتابخانە یان تیۆری، بە ویستی ڕۆژنامەنووس لەدایك نەبووە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسان بەسەریان چەسپاوە، بەو شێوە هەبن و کاربکەن، دواتریش بۆ هەر تیۆریێك ناوێکی

بۆ داندراوە.

پسپۆرانی ڕاگەیاندن، لە مێژووی پەیدابوونی ڕۆژنامە و گۆڤار تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوویان بەسەر چوار جۆر یان مەدرەسە دابەش کردووە:

## ا - تیۆری دەسەڵات Authoritarian Theory

بۆ نزیکەی 200 ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی چاپ لە جیهانی خۆرئاوادا، تیۆری دەسەڵاتخوازیی بوو بە بنەمای تایبەت بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی ئەرك و پەیوەندی ڕۆژنامە میللییەکان بە کۆمەڵگەی هاوچەرخ. هەر یەك لە بنەماڵەکانی تیۆدۆر لە ئینگلتەرا، بۆربۆن لە فەرەنسا، هاپسبێرگ لە ئیسپانیا لە ڕاستیدا هەموو وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا، بەکردەوە بنەما بنچینەییەکانی سیتێمی دەسەڵاتخوازی (authoritarianism) یان پەیڕەو کرد."[36] ئەم تیۆرە لەبارودۆخی ئەو کۆمەڵگایانەدا لەدایك بوو، کە پاشا یان حوکمڕان خۆی بە خواوەند دادەنا و گەلیش خۆی بە کۆیلەی حوکمڕان دەزانی، بۆیە هەموو شتێ لەخزمەتی دەسەڵاتدارانەوە بوو."[37]

فەلسەفەی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە تاك لەکۆمەڵ بێ پشتبەستن بە حکومەت ناتوانی هیچ مەرامێکی خۆی وەدی بێنی."[38]

ڕاگەیاندن لەژێر ئەم سیستێمە، بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەبوایە لەخزمەت دەسەڵات بێ و دەسەڵاتیش بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاری دێنا، کە چۆن زیاتر و زیاتر لەلایەك دەسەڵاتی بهێڵتەوە و لەلایەکی دیکەش دەسەڵاتی بەهێزتر بکا و ڕەگوڕیشەی هێشتا زیاتر لەناو جەماوەر دابکوتێ.

## ب - تیۆری لیبرالی Liberal Theory

وشەی لیبێڕالیسم لە liber لەی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە دەکاتە ئازادی، بۆیەش هەندێك بەناوی تیۆری Freedom Theory ناوی دەبەن. بۆ تێگەیشتن لەو بنەمایانەی، کە ڕاگەیاندن بەڕێوەدەبات لەناو حکومەتە دیموکراتییەکاندا. فەلسەفەی بنەڕەتییەی لیبرالیزم لە سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا سەریهەڵدا."[39] لیبرالییەکان دەڵێن: مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە و خۆی لەخۆیدا ئامانجە. بەختەوەری و ئاسوودەیی تاك، ئامانجی کۆمەڵگەیە، مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی بیرکەرەوە، دەتوانێ جیهانی دەوروبەری خۆی ڕێکبخات و ئەو بڕیارانەش بدات، کە لەخزمەت بەرژەوەندییەکانیدایە."[40]

لیبرالیزم وەك سیستێمی بەڕێوەبردنی وڵات و هەبوونی ڕاگەیاندن لەژێر ئەو چەتر بە پازدان لەدایك نەبوو، بەڵکو پێویستی کۆمەڵ بە گۆڕین و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی تاکڕەوی، خەباتکردن بۆ ئازادی وشە پەیدا بوو. وەك نووسەرانی کتێبی: چوار تیۆرەکەی ڕاگەیاندن، بە پەیدابوونی چینی ناوەند پەیدابوو. پێش لیبرالیزم، زیاتر چینی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات هەبوو، کە ئەوان لەبەر باری کۆمەڵایەتییان لە

کۆیلەیان دەکرد.

بە بڕوای د. کەمال سەعدی، پەیدابوونی چینی ناوەندی گرنگترین هۆکاربوو، بۆ سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەم چینە ناکۆك بوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی دەرەبەگ، بۆیە بەرژەوەندی ناوەندی وایدەخواست، کە مرۆڤ ئازاد بێت لە دەستەڵاتی زۆردار و هەڵبژاردنی کارەکەیدا."[41] لە لیبرالیزم تاك بایەخی لە کۆمەڵ زۆرە، پشبەستنی تاك بەتوانای بیرکردنەوەی خۆی، چەمکی مافە سروشتییەکان، کە ئازادی ئاین و قسەکردن و ڕاگەیاندن بەشێکن لەم مافانە."[42]

تیۆریستە لیبرالییەکان پێیان وابووە، لەکۆی ئەو فرە دەنگییەی لە ڕاگەیاندا هەیە، لەوانەیە هەندێك لەو زانیارییانەی بەخەڵك دەگەن هەڵەبەن و هەندێك بۆچوونیش نادروست بن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەت مافی ئەوەی نییە، ڕێگری بکات لەو بابەتانەی، کە بە هەڵە و نادروست لە قەڵەم دەدرێن. ئەگەر دەوڵەت ئەمە بکات، ئەوا دوور نییە، ئەو بابەتانەش قەدەغە بکات، کە ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرن یان دژی بیرو بۆچوونی لیپرسراوە حکومییەکانن."[43] تیۆری لیبرالیزم، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، بەتایبەتیش وڵاتانی ئازاد و دیموکرات کاری پێدەکرێ و پروسکی ئەم ئازادییە، گەیشتۆتە هەندێك لە ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. هەر لەم تیۆرە، دەیانەوێ ڕاگەیاندن لە کۆمەڵ دەستەلاتی چوار بێ.

زۆرن ئەوانەی کاریان بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم مەدرەسەیە کرد. یەك لەوانە Lars Johan Hierta یە لە ساڵی 1830 ڕۆژنامەی Aftånbladet ی دەرکرد، بە دامەزرێنەری ڕۆژنامەگەری تازەی سوێدی و تەواوی ڕۆژنامەگەری لیبرالی و هزری و ئایدیایی ڕاگەیاندنی جیهانیش دادەندرێ. نموونەکانی ئەو ئێستاش فێرمان دەکەن، کە چۆن ڕۆژنامە دەربکەین. لە ڕۆژنامەی ئەو بەتێری باسی لە: دادگاکان دەکرد، ڕێپۆرتاژ لەسەر چۆنیێتی ژیانی ئەوکات، بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی بۆ دەستەڵات خۆش نەبوون، باسکردن لە بەرهەمی نووسەرە باشەکانی سەردەمی خۆی و دروستکردنی گفتوگۆ لەسەر بەرهەمەکان و دواندنی نووسەران...هتد، هەمووی لە ڕۆژنامەی ئەو هەبوون."[44]

## ج - تیۆری سۆڤیێتی The Soviet Theory

ئەم تیۆرە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی 1917 و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیێت پەیدابوو. لەم دەوڵەتە نوێیە، ڕێگایەکی نوێ بۆ ڕاگەیاندن دۆزرایەوە، کە پێکهاتبوو لە خاوەندارێتی حکومەت. هەموو کەس لەم دەوڵەتە بۆ حکومەت کار دەکا و حکومەتیش خاوەنی هەر هەموو شتێکە و لەناو ئەوانیش دەزگاکانی ڕاگەیاندن. لەم تیۆرییە حکومەت ڕێگایان پیشان دەدا، چ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوبکرێتەوە، یان قەدەغە بکرێ. لە سیتێمی سۆڤیێتی تەنیا یەك پارتی سیاسی بەناوی پارتی کۆمۆنیست مافی کارکردنی هەبوو، هەر ئەوانیش حکومەت و دەوڵەتیان بەڕێوە دەبرد. تەواوی ڕاگەیاندنیش لە خزمەتی ئەواندابوو. هەموو بۆچوونەکان، لە ڕوانگەی سۆسیالیستی یان مارکسی لینینی سەیردەکران.

پارتی کۆمۆنیست هانی نووسین و فیلم و بیرکردنەوەی سۆسیالیستیشی دەدا. هەر بەرهەمێك خزمەتی بە حزب و دەستەڵات و بیری مارکسی – لینینی نەکردبا، بڵاوکردنەوەی پێویست نەبوو. لێرە ڕاگەیاندن بەشداری لە دروستکردنی دەوڵەتی سۆڤیێت کرد. ئەوان لە ڕوانگەی حزبەوە سەیری هەموو کێشەکانیان دەکرد، بۆیە ڕاگەیاندن بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکەی خۆیان دەیانەوێ لە نزیکترین کات بۆ زۆرترین جەماوەر بەکاریان دێنا. جگە لەوانەی سەرەوە، سوودیان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ پروپاگەندەش بۆ دەوڵەتی سۆڤیێت بەکار دەبرد. تەواوی ئەو پەیامنێرانەی لە وڵاتانی سەرمایەداری وەك: فەرەنسا و ئەمریکا و یابان.. هتد کاریان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سۆڤیێتی دەکرد، ئەو زانیارییانەیان دەگواستەوە، کە لە خزمەت پارتی کۆمۆنیست بوون. ئەوان بایەخی زۆریان بە خۆپیشاندانەکانی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا دەدا، باسیان لە کەموکورتیەکانی ئەوان دەکرد.

بۆ تێگەیشتنی تیۆری سۆڤیێتی کۆمۆنیستی بۆ ڕۆژنامەگەری، نابێ هەر تەنیا بەدوای چەمکی سیاسی سۆڤیێتی، کە لە تیۆری مارکسییەتەوە سەروچاوەی گرتووە بکۆڵینەوە. بەڵکو دەبێ، لەوەش بکۆڵینەوە، ئاخۆ، شیکردنەوەی سۆڤیێتی بۆ وشەی "ئازادی" چییە؟ ئازادی لە تێڕوانینی سۆڤیێتی بریتییە لە ئازادبوونی کۆمەڵێکی فرەچین و توێژی وەکو چینەکانی باڵاو ناوەڕاست و خوارەوەیە لە چەوسانەوە."[45] بە ڕووخانی یەکێتی سۆڤیێت لە ساڵی 1990 ئەم تیۆرە نەما و لەناو چوو، کە ئازادی تاك شوێنی لەم سیستێمە نەدەبۆوە.

## د - تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی Social Responsibity Theory

ئەم تیۆرە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەهۆی نووسینەکانی ولیەم کینگ و جۆن میڵتۆن و ئەندامانی تری لێژنەی ئازادی ڕۆژنامەگەری بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی ئیستیغلالکردنی ڕۆژنامەگەری بۆ دەستدرێژی کردنە سەر مافی خەڵك لە ئەمریکا سەریهەڵدا."[46] بەگوێرەی ئەم تیۆرە، ڕۆژنامەنووس مافی ڕەخنەگرتنی لە حکومەت و حزبەکان هەیە، بەڵام پێویستە لەسەری بیر لە یەکڕیزی و نەشێواندنی خەڵك بکاتەوە، کە نووسینەکەی نەبێتە هۆی شێواندنی جەماوەر. هەر ئەم گرفتانەی ئێتیکیش بوون، کاریان کردە سەر ئەوەی لە زۆر وڵات بیر لە ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بکەنەوە.

نووسەرانی کتێبی چوار تیۆرەکەی ڕاگەیاندن ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەر هەمان ئەوانەی تیۆری لیبرالن. کاتێکیش ئەم تیۆرە پەرەی سەند، شەش ئەرك بۆ ڕاگەیاندن لەبەر چاو گیرا:

1 - خزمەتکردن بە سیستێمی سیاسی لە ڕێگەی دابینکردنی زانیاری، گفتوگۆ و مشتومڕکردن لەسەر کاروبارە گشتییەکان.

2 - بەرچاو ڕۆشنکردنەوەی خەڵك بۆئەوەی وایان لێبکرێت، توانای خۆبەڕێوەبردنیان هەبێ.

3 - پارێزگاریکردن لەمافەکانی تاك بەهۆی کارکردنی ڕاگەیاندن وەك چاودێرێك بەسەر حکومەتەوە.

4 - خزمەتگەیاندن بە سیستێمی ئابووری، بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێگەی لێك نزیککردنەوەی کڕیاران و فرۆشیارانی کەلوپەلەکان و خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەی ڕێکلامەوە.

5 - پێشکەشکردنی بابەتی کەیفخۆشی.

6 - پارێزگاریکردن لە سیفەتی پشت بەخۆبەستن لەڕووی ئابوورییەوە، تا نەکەوێتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە تایبەتییەکانەوە."[47] تیۆری بەرپرسیارێتی پێیوایە، حکومەت نابێت بەس ڕێگە بە ئازادی بدات، بەڵکو پێویستە بەردەوام پەرەی پێبدات."[48]

بەگوێرەی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی، ئازادی ڕادەربڕین مافێکی ئێتیکییە و هەڵگری بەشێك لە بەرپرسیارێتیشە بەرامبەری. بەمشێوەیە تیۆری بەرپرسیارێتی لە ڕووی سروشتی مافی ئازادییەوە، لە تیۆری لیبرالی جیاوازە."[49] پرۆفیسۆر سێرگێی ئەناتۆلۆڤیچ میخایلۆڤ لە کتێبەکەی بەناوی: (ڕۆژنامەنووس و کۆمەڵ) باسی لە پێنج خاڵەکەی توێژەری بەناوبانگی روسی یا.ن. زەسورسکی (Я.Н. Засурский) بۆ بەرپرسیارێتی دەستنیشان کردووە، کەلە پێشەکی کتێبی: چوار تیۆرەکەی ڕاگەیاندن بەزمانی روسی لە ساڵی 1998 ل. 9 - 10ی نووسیوە:

1 - بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵ و خەڵك.

2 - بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە حکومەت، کە لە قۆناغی جیا کۆنترۆلی دەکا.

3 - بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خاوەن ئیمتیاز، خاوەنی دەزگا، دەکاتە مافی خاوەن، کەچۆنی بوێ لە بواری سیاسی، ئابووری و یان ئینترێسی دیکە دەزگاکەی بەڕێوە ببات.

4 - بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە پیشەی خۆی، بەرامبەر بە هاوپیشەکانی، کە ڕاگەیاندن خۆی خۆی بژێینی

5 - بەرپرسیارڕێتی بەرامبەر بە خوێنەر، بینەر و بیسەر."[50]

## 7 - پەیدابوونی پرێسی زەرد لە جیهان و لە کوردستان

نووسین و باسکردن لەسەر پرێسی زەرد زۆر گرنگە، چونکە بە پەیدابوونی ئەمجۆرە مۆدێلە یان قوتابخانەی ڕاگەیاندن، لایەنی ئێتیکی فەرامۆش کرا، ڕۆژنامەنووسان زیاتر و زیاتر ناوی کەسانی ناوداریان دەزڕاند، بایەخیان بە ژیانی تایبەت و دوای کاردەدا.

گرانە بڵێین، ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە هەبوونی باشە یان خراپە، چونکە زیاد لە سەد ساڵە بوونی هەیە و لەهەمووو ئەو دەوڵەتانەی ئازادییان تێدا، پرێسی زەردیش هەیە. هەبوونی پرێسی زەرد، ئەگەر زۆرجار بووبێتە بێزارکردنی کەسانی بەرس و دەستەڵاتدار، دیسان پیشانی دەدا، لەو کۆمەڵگا ئازادی ڕادەربڕین و قسەکردن هەیە، بایەخ بە دیموکراتیەت دەدرێ، لەسەر نووسین و ڕەخنەی بە بەڵگە، ڕۆژنامەنووس نادرێتە دادگا.

## ا - پێناسەی پرێسی زەرد

پرێسی زەرد - Yellow Press – تابلۆید: بە ڕۆژنامەگەری زەرد، ڕاگەیاندن یان میدیای زەردیش بەناوبانگە. جیاوازی ڕاگەیاندنی كلاسیك لەگەڵ پرێسی زەرد لە: ناوەڕۆكی بابەت، چۆنێتی داڕشتنی تێكست، دانانی سەردێر، وێنە، هەڵبژاردنی بابەت، گوتار و نەخشەسازی تایبەتە، بۆئەوەی زۆرترین دانە و ژمارەی لێبفرۆشترێ و تیراژی ڕۆژنامە یان ئەو گۆڤار بەرزبكرێتەوە.«[51]

پرێسی زەرد: بریتییە لە بەكارهێنانی ڕاپۆرتی بریقەدار و وروژێنراو بۆ ڕاكێشانی سەرنجی خوێنەر و زیادكردنی تیراژ. زاراوەكە لە لە 1890 دا بۆ وەسفكردنی پێشبڕكێی نێوان دوو ڕۆژنامە لە نیۆ یۆرك، (World) و (Journal) داهێنراوە. هەندێ لە تەكنیكەكانی لەلایەن ئەم دوو ڕۆژنامەیەوە بەكارهێنراون، بوون بە سیمایەكی ڕاستەقینە و دایمی ڕۆژنامەنووسی، لەوانە دانانی سەردێڕە گرافیكییەكان(banner headlines)، كۆمیكی ڕەنگی (colored comics)، و وێنەی زۆر.«[52]

پرێس زەرد: ئەم جۆرەی ڕۆژنامەنووسی لە دەیەكانی (1880=1890) لە ئەمریكا پەرەی سەند بەڵام ڕیشەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چاپەمەنی بچوك كە بەنموونە ڕۆژنامەی (New York Sun) ناسراوە و لەلایەن (Benjamin Day) لە ساڵی 1833ەوە بڵاوكراوەتەوە. ئامانجەكەی خوێنەری، چینی كرێكاری ئەمریكا بوو. پرێسی زەرد، بە ناوەڕۆكە پڕسۆز و وروژێنەرەكەی لە ڕۆژنامەكانی دیكە دەناسرێتەوە، بەسەختی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامانەی لەسەر مەنتیقی بوون و میانەرەویی جەخت دەكەنەوە، ناتەبایە و وەك پێشڕەوی ڕۆژنامەنووسیی قەبارە بچوكی وێنەیی (tabloid) دادەنرێ."[53]

لەناو ڕۆژنامەنووسان، ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە زۆر جار بە ڕاگەیاندنی سوك و ناپسپۆر لەقەڵەم دەدرێ، چونكە بە ئەنقەست زۆر باس لە: خوێن، سوتان، وەرگەڕان، دزی، خۆفرشی، گەندەڵی، سێكس، تەشكپیش (خیانەتی زەوجی)...هتد دەكا. ئەمجۆرە نووسینانە لەسەر بابەتەكانی سەرەوە لە زۆر لە وڵاتانی جیهان زیاتر لە ڕۆژنامەی ئێواران و قەبارەی تابلۆید بەرچاو دەكەون.

## ب - سەرهەڵدان و خەسڵەتەكانی پرێسی زەرد

پێش پەیدابوونی پرێسی زەرد، ڕۆژنامە و گۆڤارەكان بەشێوەیەكی گشتی بەناوەڕۆكی وشك و جددی دەردەچوون. بە پەیدابوونی پرێسی زەرد، مۆدیلێكی تازەی ڕاگەیاندن هاتە ئاراوە، كە بۆ ڕۆژنامەنووسان پێشتر نامۆ بوو. لەم مۆدێلە تازەیە، ڕۆژنامەنووس ڕێگای پێدەدرا، لەسەر ژیانی تایبەتی خەڵك بنووسێ، لایەنی ئێتیكی بایەخ پێنەدا و فەرامۆشی بكا، باس لە دزی، كوشتن، تەشكپیس (خیانەتی زەوجی)، شەڕ و ئاژاوە، لێكدابڕان و ناخۆشیەكا، ناوزڕاندنی خەڵك...هتد، ڕێگای نووسین و بڵاوكردنەوەی پێدەدرا. لەم مۆدێلە تازەی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووس هیچ بایەخی بەلایەنی ئێتیكی نەدەدا و بەلاشیەوە گرنگ نەبوو،

بە بڵاوکردنەوەی نووسینەکان، چ کارەساتێك ڕوودەدات.

بۆ لەدایکبوونی پرێسی زەرد زەمینە لەبار بوو، دیموکراتییەت لە ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکا زۆر پەرەی سەندبوو، بەیاسا کێشەکان چارەسەر دەکران، لەهەمووشی گرنگتر، بازاڕی ساغکردنەوەی ئەمجۆرە ڕاگەیاندنە هەبوو، خوێنەر دەیویست لایەکی دیکەی کۆمەڵ و ژیان بە گشتی و بەتایبەتیش ژیانی کەسانی ناودار ببینێ. خوێنەر دەیوست بزانێ، چ لە شارەکەی ڕوودات، بەتایبەتیش ئەو دەیزانی ژیان بەردەوامە و ئەمڕۆ وەك دوێنێیە و بەیانیش وەك ئەمڕۆیە.

کۆمەڵێك فاکتەری گرنگ هەبوون، بۆئەوەی پرێسی زەرد لەدایك ببێ، وەك: پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا، ئاسانی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بۆ شوێنی پێویست، بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری، بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و توانای کڕینی ڕۆژنامە و گۆڤار، نزمی نرخی ڕۆژنامە، گەشانەوە و پێشوەچوونی بزوتنەوەی لیبرالیزم...هتد، هەر لەو قۆناغ، تاکی کۆمەڵ ئازادی زیاتر وەرگرت، ڕۆژنامەنووسان ئازادانەتر لە ڕابردوو دەیانتوانی بیروڕای خۆیان دەربڕن. دروستبوونی ئاژانسی دەنگوباس و فرۆشتنی هەواڵ و بابەتی ڕۆژنامەوانی...هتد، دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاریان زۆر ئاسانتر کرد. بازاڕی ڕۆژنامەگەری گەرم بوو، مونافەسەی توند لەنێوان دەزگاکان دروست بوو، بۆیە پێشکەوتنی پیشەسازی بەگشتی و داهێنانی نوێ لە چاپخانە، ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر زیادبوون و بەرزبوونەوەی تیراژی ڕۆژنامەکان....هتد. ئەمانەی سەرەوە هەمووی بوونە هاندەری باش بۆئەوەی پرێسی زەرد لەدایك ببێ.

کۆمەڵێك راوبۆچوون لەسەر ناوی پرێسی زەرد هەیە و لایەنێك لەو بڕوایەدایە، لە ڕەنگی کاغەزی زەردی ڕۆژنامە پەیدابووە. لایەنی دیکە لەو بڕوایەدان، پەیدابوونی پرێسی زەد لە هەبوونی گرژی لە نێوان دوو سەرنووسەر و خاوەنی ڕۆژنامە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لەسەر چیرۆکی منداڵە زەردەکە دەستپێدەکا.

ڕۆژنامەی یەکەم بەناوی The New York World لەلایەن (Joseph Pulitzer) دەردەچوو و بۆیەکەمجاریش چیرۆکی منداڵە زەردەکەی نیۆ یۆرك، لە ڕۆژنامەی ئەو بڵاوکرایەوە و دووەمیش بەناوی The New York Journal کە لەلایەن

(William Randolph Hearst) دەردەچوو.

نەخشی منداڵە زەردەکە بۆیەکەمجار لە ساڵی 1896 لەلایەن هونەرمەندی گەورەی ئەمریکی (Richard Felton Outcault 14 کانونی دوو 1863 – 25 ئەیلول 1928) کێشرا.«[54]» لەڕاستیدا ئەم منداڵە کوڕی هونەرمەند خۆی بوو.

لە ساڵی 1896 وێنەی ئەم منداڵە بە ڕەنگی زەرد چاپ کرا وهەر لەوکاتیش لە لایەن دوو خاوەن ڕۆژنامە Joseph Pulitzer، William Randolph Hearst چیرۆکی منداڵە زەردەکە بڵاودەکرایەوە.

لێرە گرژی لەنێوان هەردووك خاون ڕۆژنامە پەیدابوو، بەوەی کامە ڕۆژنامە مافی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی

منداڵە زەردەکەی نیۆ یۆرکی هەیە.»[55] William Randolph Hearst لەوکات گوتی: تاکە پێوەر و گرنگترین چۆنایەتی ڕۆژنامە، تەنیا تیراژیەتی.»[56]

گرفتی نێوان هەردووك ڕۆژنامە لەسەر منداڵە زەردەکە گەورە و زەق بوو، نەك تەنیا لای ڕۆژنامەنووسان، بەڵکو خوێنەرانیش هەستیان پێی دەکرد.

Wordman Ervin سەرنووسەری New York Press لەسەر گرژی و گرفتی نێوان هەردووك ڕۆژنامە لە ساڵی 1896 گوتارێکی نووسی. بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان لەو گوتارەی ئەو، وشەی Yellow Press - پرێسی زەرد، بەکار هات. پاش بڵاوکردنەوەی ئەم گوتارە، ئەم ناوە کەوتە ناو فەرهەنگی ڕاگەیاندنەوە.»[57]

لەگەڵ ناوی William Randolph Hears بیر لە پرێسی زەرد و پەیوەندی جەماوەری (پوبلیك ریلیەشن) دەکرێتەوە. هەر ئەویش بوو، کاری زۆریکرد، بۆئەوەی وەك پێویست ڕێز لە ڕۆژنامەنووس بگیرێ. Hearst لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ دەستەی نووسەران دەربارەی ڕۆژنامەکەی گوتی: ڕۆژنامەی من، پێویستە تێیدا بنووسرێ و بڵاوبکرێتەوە بەو شێوەی کە: کەسانی کەمخوێندەورای پەناهەندە ئارەزوو لە کڕینی بکەن و تێی بگەن، خەڵکی گێل بیخوێنتەوە، سەرسەری کۆڵانەکان بیکڕن و سەرنجی هەرزەکار رابکێشێ.»[58]

William Randolph Hearst نرخی ڕۆژنامەی تا یەك سەنت هێناخوار و تیراژی ڕۆژنامەی زۆر بەرزکردەوە. هەر ئەویش کارگەی دروستکردنی هەواڵی دامەزراند و دەیویست بازرگانی بە فەزیحە (سکەنداڵ) و کێشە و گرفتی کەسانی بەناوبانگ بکات و سەرمایە بە هۆیانەوە کۆبکاتەوە.

جگە لەوانەی باسکران، خەسڵەتێکی دیکەی زۆر گرنگ، کە ڕۆژنامەی زەردی پێدەناسرێتەوە، هەبوونی سەردێری ڕەش و ئەستوور و گەورەیە، کە زۆربەی جار لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەت لەیەك دوورن و یەکناگرنەوە، بەڵکو بەدانانی ئەم سەردێرە ڕەش و قەڵەوانە، دەیانەوێ خوێنەر چەواشە بکەن و سەرنجیان بۆ کڕینی ژمارەی رۆژ ڕابکێشن.

## ج - خەسلەتەکانی پرێسی زەرد

- زیاتر باس لە بابەتکانی قەدەغە و نامۆ دەکا.
- ڕەخنەی توند دژی دەستەڵات و حکومەت و کەسانی ناودار دەنووسێ و بڵاودەکاتەوە.
- باس لە ژیانی تایبەتی خەڵك دەکا و زۆبەی جاریش نێگەتیڤانە ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێت.
- دەکرێ لە یەك لاپەڕە مەتریالی پێکەنیناوی و تراگێدیا بەرچاو بکەوێت. جگە لەوە ڕوودەدات، لە هەمان نووسین یان بابەت، تراگێدیا و پێکەنینی تێدا بێت.
- لە پرێسی زەرد، زۆرجار بەشێوەی گاڵتەجاری باس لە مردن دەکا.
- بەشێوەی گاڵتەجاری و توند و ڕەخنەگرانە باس لە ژیانی تایبەت دەکا.

- زۆر بایەخ بە ژیانی تایبەتی خەڵك لە دەرەوەی کار دەدا.

- پرێسی زەرد، بەهیچ شێوەیەك بیر لە ئێتیکی ڕاگەیاندن ناکاتەوە، بە پێچەوانە پرێسی جددی زۆر بایەخ بە لایەنی ئێتیکی ددات.

- پرێسی زەرد شتی زۆر بچووك زۆر گەورە دەکا بایەخ بە بەزمنانەوە یان نووسینی ئاڕاستەکراو (سێنساسیۆن) دەدات.

- پرێسی جددی، هەوڵدەدات، زۆرترین زانیاری لەسەر بابەتی کۆمەڵایەتی، ڕۆژانە، کەلە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك نزیکە بڵاوبکاتەوە، بەڵام پرێسی زەرد هەوڵدەدات، زانیاری خۆش بۆ کات بەسەربردن بڵاوبکاتەوە.»59»

## د.پرێسی زەرد لە کوردستان

بابەتی پرێسی زەرد، لە کوردستان لە چەند ڕۆژنامەیەك لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 پەیدابوو. پەیدابوونی پرێسی زەرد لە کوردستان، بە بەرنامە یان بۆ بەرزکردنەوەی تیراژی ڕۆژنامە نەبوو، بەڵکو وەك گوتار و بابەت دەتواندرێ بگوترێ زیاتر لەکاتی شەڕی ناوخۆ (1994 - 1997) سەریهەڵدا. لەو سەردەم، بۆجاری یەکەم، بە ئاشکرا هێرش دەکرایە سەر بەرپرسانی حزبە سیاسییەکان و زۆربەی جاریش ئەم هێرشانە، بۆ شکاندی کابرا بەکار دەهات. لەبەر بەکارهێنانی زمانی زبر، خوێندنەوەیان بە گەرمی لەلایەن جەماوەر پێشوازی لێ نەدەکرا، بەتایبەتیش، کە ڕاگەیاندن تەواوی حزبی بوو و یەك ئامانجی هەبوو، ئەویش پروپاگەندەکردن بۆ حزب بوو. لەم نووسینانە، جگە لە بەکارهێنانی زمانی زبر، زمانی جددی بەکار دەهات، بۆیە خوێندنەوەیان خۆش یان ئاسان نەبوو. لەوکات جارێ ڕاگەیاندنی کوردی نەبووبووە خاوەن زمانی تایبەت بەخۆی، زیاتر سوود لە زمانی ئەدەب بۆ نووسین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی وەردەگیرا.

پرێسی زەرد لە کوردستان، بە شێوەی فەرمی، دەتواندرێ بگوترێ لەگەڵ پەیدابوونی ڕاگەیاندنی ئەهلی و بەتایبەتیش لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە پایزی 2000 وە دەستی پێکرد، بەڵام زیاتر لەدوای لێدانی ئێراق لە ساڵی 2003 جێپێ خۆی گرت. ئەو جۆرە ڕاگەیاندنە تازەیە، بەناوی ئەهلی، هەموو ئەو بابەتانەیان دەوروژاند، کەلە پرێسی حزبی یان ئۆرگانی حزبی باسی لێوە نەدەکرا. بەکارهێنانی ئەم شێوە نووسینە زەردە، ڕەخنە ئامێزە، لە کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی تیراژ یان دەستکەوتنی قازانجی ماددی یان هەرنەبێ وەدەستکەوتنەوەی خەرجی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە نەبوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکی لە هەبوونی پرێسی زەرد یان بڵاوکردنەوەی گوتار و بابەتی زەرد لە شێوەی: پاڕانەوە و نووزانەوە، بۆ شکان و سووککردن، هەڵلا و بەزمنانەوە بوو. نووسینەکان دەنووسران و سوود لە پرەنسیپەکانی نووسینی پرێسی زەرد وەردەگیرا.

پەیدابوونی پرێسی زەرد، لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی پسپۆر و باش لە کوردستان بناغەی دانەمەزرا، بەڵکو زیاتر لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی کەمئەزموون، نا شارەزا لە ڕاگەیاندن، گەنج و خوێنگەرم پەیدابوو. ئەوان لەمشێوە نووسینانەیان دەنووسی، چونکە زۆربەی جار ڕۆژنامەنووس لە ژێرەوە ڕادەسپێردرا ئەو بابەت بوروژێنێ و بنووسێ، لە لایەکی دیکەش، سەرکردایەتی کورد، هەبوونی ڕاگەیاندنێکی ڕەخنەگرانەیان بە پێویست دەزانی. ئەو نووسینانەی لە ڕاگەیاندنی حزبی یان ئۆرگانەکان شوێنیان نەدەبۆوە، لەم سێبەرانە بێترس بڵاودەکرانەوە.

لەبەر ئەزموونی کەم لەم جۆرە ڕاگەیاندنەدا دەتواندرێ بگوترێ: پرێسی زەرد لە کوردستان بە ئیفلیجی لەدایك بوو و تا ئێستاش لە هەمان نەخۆشی رزگاری نەبووە.

ئەگەر پرێسی زەرد لە ئەمریکا و بەریتانیا، بۆ ساغکردنەوەی ژمارە و بەرزکردنەوەی تیراژ و کۆکردنەوەی سەرمایە لەدایك بووبێت، لە کوردستان بە پێچەوانەی ئەوانەوە بووە و زیاتر مەبەستی سیاسی لە پشتەوە بووە. هەبوونی مەبەستی سیاسی وایکردووە، خەڵك بڕوا بە ناوەڕۆکی نووسینەکان نەکا، ئەمەش ناکاتە ئەوەی، پرێسی زەرد لە کوردستان ناخوێندرێتەوە.

بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵگایەك، ببێتە خاوەن پرێسی زەردی خۆی، پێش هەموو شتێك پێویستە لەو کۆمەڵگا، ئازادی هەبێت، دیموکراتی گەشەی سەندبێ و ڕاگەیاندن بازرگانی بێت و لە ڕێگایەوە خەڵك بتوانێ سەرمایە کۆبکاتەوە. خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ هەیە، بەوەی ئەگەر پرێسی زەرد بتوانێ جێپێخۆی بگرێ، ڕۆلی بێلایەنی خۆی بگێڕێ، دەبێ خۆی خۆی بژێنێ و پێویستی بە یارمەتی ماددی هیچ حزب و ڕێکخراوێکی دەرەوەی دەزگا نەبێت.

پرێسی زەرد لە کوردستان، کەموکورتییەکانی پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ هەردووك حزبی گەورە بە مەبەستی چاکردن، نادۆزێتەوە، بەدواداچوون لەسەر بابەتی پێویست و ڕۆژانە ناکات، بەڵکو زیاتر لە نەزانین یان بە ئەنقەست لە جەماوەر دەیانشێوێنێ.. بۆیەش سەیر نییە، لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردی، ژانری بەدواداچوون تەواو پشتگوێخراوە و زۆبەی بابەتەکان یەکجارەکین، ئەمەش ناپسپۆری لە ڕاگەیاندن و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بەدیار دەخات.»[60]

## 8 - ماف و ئەرکی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگەدا

ماف و ئەرکی ڕۆژنامەنووس دەکەوێتە خانەی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی و لەوبەشیش، بەشێوەیەکی گشتی هەندێك باس کراوە.

کەسی ڕۆژنامەنووس، بۆئەوەی بەباشی کارەکانی خۆی ئەنجام بدا، پێویستە لەسەری ماف و ئەرکی خۆی لەو دەزگای کاری تێدەکا باش بزانی، داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگایەی تێی دەژی لەگەڵ یاساکان باش بزانی، بۆئەوەی لەکاتی کارکردنی نەك هەر دوای بڵاوبوونەوەی تووشی ڕاکێشان بۆ بەردەم دادگا

نەبێ، بەڵکو کارکردنیشی بۆ ئاسان بکات، بەتایبەتیش لەوکاتانەی بەدوای سەرچاوە لە ئەرشیڤەکان دەگەڕێ.

ئەگەر ڕۆژنامەنووس ماف و ئەرکی خۆی بزانی، ماف و ئەرکی کەسی بەرامبەری بزانی، کاری زۆر ئاسان دەبی و لەوکات بە ڕوونی هێڵی سوور دەبینی و ژیانی خۆی ناخاتە مەترسییەوە.

ئەو کەسانەی تازە هاتوونەتە ناو بواری ڕۆژنامەنووسی، زۆرجار تووشی هەڵەی گەورە دەبن، بەوەی نە ماف و ئەرکی خۆیان نە ماف و ئەرکی بەرامبەر دەزانن، بۆیە ئاسانە و زوو دەکەونە کەند، جگە لەوەش زۆرجار دەستەڵاتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکار دێنن. سەریان لە ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن دەرناچێ، نازانن سەرنووسەرەکانیان چیان لەوان دەوێ.

پیشەی ڕۆژنامەنووسی، پیشەیەکی زۆر پیرۆزە و هەڵگرانی ئەو پیشەیە، کاریان هەڕشەکردن یان هێرشکردن لەسەر کەسانی ناحەز نییە. ئەوان کاریان تەنیا کۆکردنەوەی زانیاری و بڵاوکردنەوەی فاکتەکانە نەك بڵێن: (ئەمەی نووسیم تۆزێك بوو، زانیاریم زۆر زیاتر لەسەر تۆ هەیە).«[61] ئەو کوشتن و بڕین و لێدانەی ئەم دوایەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەوانەیە بکرابا کەم بکرێتەوە، ئەگەر هەندێك لە ڕۆژنامەنووسان ئەوەندە مەغرور نەبان و بە پسپۆری کاریان کردبا.»62

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان نازانن، ئەو ئازادییەی لە کوردستان هەیە و ئەو سیستێمە دیموکراتییەی لە کوردستان پەیڕەو دەکرێ، جارێ ناتوانێ ئەوان لە کەسانی خراپ بپارێزی، جارێ لەم کۆمەڵگایەی ئێمە یاسا سەروەر نییە، دیموکراتییەت تێر نییە، ڕۆژنامەنووس ڕێزی نییە و بەتایبەتیش لەناو کەسانی دەستەڵاتدار و بەرپرسی حکومی و حزبی...هتد.

ڕۆژنامەنووس دەبێ بزانی، کەسێك تاوانبارە، تەنیا لەوکاتەی لەدادگا تاوانەکەی سەلمێندراوە، دادوەر حوکمی لەسەر داوە، پێش ئەوە نابی وەك تاوانبار ناوی بکەوێتە ناو نووسین و سەر ماڵپەرە ئێلیکترۆنییەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

زانینی ماف و ئەرك بۆ ڕۆژنامەنووس کلیلی ئاسانکردنی کارە، کردنەوەی کۆمەڵێك دەرگایە، تێگەیشتنە لە چوارچیوەی کارکردنی، بریندارنەکردنی خەڵکە، نووسینی بابەتێکی تێرە، فێڵ نەکردنە لە خوێنەر، تێگەیشتنە لە ئێتیکی پیشە.. ئەمانەی سەرەوە هەمووی پەیوەندییان بە تێگەیشتن لە ماف و ئەرك هەیە.

ڕۆژنامەنووس لەو شوێنەی کار دەکا، پێویستە ماف و ئەرکی خۆی بزانی، ئەگەر لەکاتێکدا، ماف و ئەرکەکان ڕون نەبوون، پێویستە داوابکا و بۆئەوەی بۆی ڕوون بکرێتەوە. لەوکاتەی بەدوای زانیاریش دەگەڕێ، ئەگەر ماف و ئەرکی خۆی باش نەزانی، ڕێنماییەکانی زانیاری وەرگرتنی بۆ باس نەکرابێ، لەوانەیە تووشی گرفت بێ. لەهەمووشیان گرنگتر، چۆن ڕۆژنامەنووس مافی پرسیارکردنی لە کەسی بەرامبەر هەیە، بەهەمان شێوەش کەسی بەرامبەر ئەگەر وتەبێژی دەزگا نەبی، مافی وەڵام نەدانەوەی هەیە.. ئەمە زۆر پەیوەندی بە لایەنی ئێتیکیشەو هەیە.

پێویستە سەرنووسەران و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ماف و ئەرکی کارمەندانیان لەسەر دیوار هەڵواسن، بە چاپکراویش لەکاتی دامەزراندن یان گۆڕینی ڕێنماییەکان پێیان بدرێ، ئەگەر بیانەوێ ڕۆژنامەنووسانیان لە کارکردن هەڵە نەکەن و کارەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن.

## 9 - دۆزینەوەی هەقیقەت و باسکردنی

دۆزینەوەی هەقیقەت و ڕاستییەکان لەوانەیە ئاسان نەبێ، بەتایبەتیش لەو کۆمەڵگایانەی سیاسەتمەدار، بەڕێوەبەر و کەسانی دیکەی لە ڕۆژنامەنووس نزیکن، خولی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە و ڕاهێنانیان پێ دەکرێ. لەم خولانە فێردەکرێن، چۆن و هەمیشە لەو وشانە زیاتر نەڵێن، کە خۆیان دەیانەوێ، ئەگەر هەمان پرسیاریان سەد جاریش لێ دووبارە بکرێتەوە. لەهەمان کات، ڕۆژنامەنووسانیش ڕادێنن و خول بۆ ئەوانیش دەکرێتەوە، چۆن بەدوای بەڵگە و فاکتەکان بگەڕێن و کەلێن و دەرز لە کارەکان بدۆزنەوە و کەموکورتیەکان باس بکەن.

لە ڕاگەیاندن ژانری تایبەت هەیە بەناوی (بەدواداچوون)، کە ئەرکی بەدواداچوونە لەسەر ئەو پرسانەی دەزگای ڕاگەیاندن خۆیان دەیانەوێ. لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووس بەتایبەت بۆ دۆزینەوەی هەقیقەتەکان پەروەردە دەکرێن و هەر ئەوانیش زۆربەی کات، ئەگەر بەدوای پرسێك گەڕابن، دۆزیویانەتەوە. هەندێك لەم دۆزینەوانە سەرەداوەکان لەڕێگای نامەی مۆبیال بە نهێنی بەدەستیان دەگا.

کارکردن لەسەر ئەمجۆرە ژانرە، جگە لە ئەزموونی زۆر، پێویستی بە کاتیش هەیە، بۆیە ئەم ژانرە بەپارە گران لەسەر دەزگای ڕاگەیاندن دەکەوێ و هەرزان نییە.

تەنیا پسپۆرانی ژانری بەدواداچوون، ڕاستییەکان نادۆزنەوە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسی دیکەش ڕاستی دەدۆزێتەوە، بەڵام لێرە پرسیارێك بەرز دەبێتەوە، ئایا ئاشکراکردنی ئەم ڕاستییە، پێویستە، لەوکاتەی دەبێتە تێکدانی ژیانی خێزانی، لەکار دەرکردن، گرتن و دادگای بەدواوەیە.. لێرە لایەنی ئێتیکی دێتە پێشەوە و زۆربەی جاریش لە دەزگا گەورەکان، بەڕێوەبەر و سەرنووسەران بڕیار لە بڵاوکردنەوەی یان بڵاونەکردنەوەی بابەتەکە دەدەن.

چەند لە وڵات ئازادی ڕادەربڕین زیاتر بێ، چەند لە وڵات دیموکراتی زیاتر پەرەی سەندبێ، ئەوەندە زیاتر وەدەستکەوتنی زانیاری ئاسانترە، بڵاوکردنەوەی ئاسانترە. لەو وڵاتانەی ڕاگەیاندن دەستەڵاتی چوارە، بێشك ئازادیش زیاتر هەیە و ئاشکراکردنی نهێنییەکان، هیچ مەترسی لەسەر ژیانی ڕۆژنامەنووس دروست ناکا، چونکە یاسا سەروەرە و لەو وڵاتانەی تازە سەربەخۆییان وەرگرتووە، لە قۆناغی گۆڕانی سیستێمن و هەنگاوەکانی بۆ دیموکراتی کیسەڵانە دەڕۆن، لەوانەیە باشتربێ، ڕۆژنامەنووس ئەو هەقیقەتەی دەستی کەوتووە، بیخەوێنێ و بڵاوی نەکاتەوە، ئەگەر بزانی، دەبێتە هۆی لەناوبردنی ڕۆژنامەنووس. ئاشکراکردنی هیچ نهێنییێك ناهێنێ، ڕۆژنامەنووس لەسەری: ریسوا بکرێ، هەڕەشەی لێبکرێ، لێیبدرێ و لەهەمووشی

خراپتر بگیرێ و بکوژرێ. دۆزینەوەی هەقیقەت ئاسان نییە، چونکە زۆربەی جار هەقیقەتەکان شاراوەن و دیار نین و کەسیش باسیان ناکات، بۆیە ئەو هەقیقەتەی ڕۆژنامەنووس بەدوای دەگەڕێ، لەوانەیە هەموو جارەکان لە دۆزینەوەی سەرکەتو نەبێ. دۆزینەوەی بەڵگە، ڕۆژنامەنووسانی ئێستا رازیناکات، بەڵکو دەیەوێ تێبگات بۆچی ئەم کارە ڕوویداوە.

## 10 - ئێتیك لە سەردەمی ئەزمەکاندا

مەبەستمان لە ئەزمە تەواوی بوارەکانی ژیانە وەك: لایەنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی... هتد. لەکاتی ئەزمەکان لەوانەیە ئاسانتر ڕێساکانی ئێتیکی ڕۆژنامەوانی پشتگوێ بخرێ یان کاری پێنەکرێ، ئەمەش ناکاتە ئەوەی لەوکات گرنگ نییە و کەمتر بۆ ڕاگەیاندن پێویستە بیری لێبکرێتەوە.

لە سەردەمی ئەزمەکان ڕۆژنامەنووسان ناچارن، هەندێك نووسین بڵاوبکەنەوە، کە پێشتر و لەکاتی ئاسایی بیریشیان لێی نەکردۆتەوە، بۆیە حوکمەکانیش بۆ کەسانی پسپۆر گران و ئاسان نین، کە ئایا لەم بەرهەمەی ڕاستی کردووە یان ڕاستی نەکردووە. باش بوو بڵاوی کردەوە، یان پێویست بوو نەینووسیبا..

گرانە باس لە ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن بکەین، لەوکاتەی منداڵی ڕۆژنامەنووس، لەبەر بێپارەیی ناتوانی تێر نان بخوا، ناتوانین بیر لە ڕێساکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی کورد بکەینەوە، لەوکاتەی دەبینین، ڕۆژنامەنووس لەبەر بێپارەیی ناچارە لە سەرێکی شار بۆ سەرێکی دیکە بە پێ بڕوا. ناکرێ بیر لە ئێتیکی پیشە بکرێتەوە، لەوکاتەی کەسی ڕۆژنامەنووس خۆی ئەندامی حزبە و لەناو حزبیش کەسی ناشیاو و ماستاوچی کورسی و پلەو پایەیان پێدەبەخشرێ و کەسانی دڵسۆزیش بەردەوام چاوەڕێی مووچە دەکەن و ئەو مووچەیەی وەریشی دەگرن، بەشی نیو مانگ ناکا. ناکرێ بیر لە ڕێساکانی ئێتیکی پیشە بکەینەوە، لەوکاتەی ڕۆژنامەنووس باوکی شەهیدی سەنگەرە و خۆشی منداڵی گەورەی ماڵە و هەموو بەخێوکردن لە ئەستۆی ئەوە.. زۆر بواری دیکەش هەیە، کە بۆ ئێمە زۆر گرانە لەکاتی کارکردن باس لە ئێتیکی ڕاگەیاندن بکەینەوە. ئەوانەی سەرەوە هەمووی لە کوردستان هەبوو و مێژووەکەشی زۆر دوور نییە و ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووە. ڕۆژنامەنووس کتێبی خۆی دەفرۆشت، بۆئەوەی نانی رۆژ پەیدا بکا، ڕۆژنامەنووس لەسەر بیر و باوەڕی ئاوارەبووە، شاربەدەربوو یان کوژرا.

لەم کاتانە، کە دەبینین ڕۆژنامەنووس ئەوو هەموو گرفتەی هەیە و بۆ کارکردنیش بچێتە لای بەرپرسێك و پاش تەواو کردنی ئینتەرڤیو یان وەرگرتنی لێدوان، زەرفێك بە ڕۆژنامەنووس بدرێ، وەك یارمەتییێکی بچووك، باوەڕناکەم بە لادان لە ئێتیکی پیشە لەم قۆناغە سەختەی ژیان باسی لێوەبکرێ. لەکاتی ئەزمەکان، لە کوردستان و زۆربەی وڵاتانی جیهان، ئەم کارانە ڕوویانداوە. هەندێك جار ڕۆژنامەنووس ناچارە، بە ڕادان بنووسی، کە بڕوای بە ناوەڕۆکی بەرهەمەکەی نییە، بەڵام دیسان کارەکە دەکا، چونکە ناچارە و پێویستی بەو یارمەتییە یان پاداشتەیە.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، حوکمدان لەسەر بەرهەمی ڕۆژنامەنووسان لەکاتی ئەزمەکان زۆر گرانە و کارێکی ئەستەمە، لەگەڵ ئەمەش بۆ تێگەیشتن لەمە، کورترین و باشترین هەنگاو، گەڕانەوەمانە بۆ ئەوکات و ساتانەی، کە بەرهەمەکانی لێ بڵاوکراوەتەوە، هەرنەبێ کەمێك لە ڕاستییەکانمان نزیك دەکاتەوە، کە بۆچی ئەم بەرهەمە بەو شێوەیە لەوکات نووسرایە. لەوانەیە بۆ تاکێکی کورد ئاسانتر بێ، حوکم لەسەر ئەزمەکان و ئێتیك لە ئەزمەکان و پیشەی ڕۆژنامەنووس بدا، چونکە کورد خۆی بۆ زیاد لە 20 ساڵ بەدەستیانەوە دەیناڵاند. ئەگەر کەسێ، لە سەردەمی ئەزمەکان نەژیابێ، باوەڕناکەم بتوانێ بەشێوەیەکی مەوزوعی و بێلایەنی کارەکە هەڵسەنگێنێ. لێرە دین میلیز – راگری فاکولتێتی ڕۆژنامەوانی - زانکۆی میسوری لە ویلایەتی کۆڵۆمبیا لە ئەمریکا، بۆ پێشەکی کتیبی ئێدمۆن ل. لامبێت بۆ زمانی روسی زۆر جوانی نووسیوە، کە دەڵێ:

یەك لە هاوپیشەکانم لە روسیا لێمی پرسی:

- چۆن دەتوانین داوا لە ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی روسیا بکەین، بە شێوەیەکی بەرز کار بە ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن بکەن، لەوکاتەی زۆر لەوان، ناتوانن خواردنی رۆژانەیان دابین بکەن و پارەش بۆ بەرادانی گوتار دەڕژێندرێ...

- چۆن دەتواندرێ، داوا لە سەرنووسەرە هەژارەکانی ڕۆژنامە لۆکالییەکان بکرێ، بایەخ بە خاوەن کۆمپاینا و پارەدارەکان نەدەن، کە لە ڕێگای بڵاکردنەوەی ریکلامەکانیان یارمەتی ڕۆژنامە دەدەن و نایەڵن ڕۆژنامەکە بووەستێ..

- چۆن دەکرێ لە ڕۆژنامەنووسانی روس چاوەڕێی عەدالەت و خەبات دژی گەندەڵی دەستپێبکەن، لەوکاتەی سورِ دەزانن، لەوجۆر خزمەتی کۆمەڵ، گوللەیان بەسەر دەکەوێ و دەکوژرێن.»[63]

## 11 - بەرتیل لە کاری ڕاگەیاندن

بەرتیل جۆری زۆرە و ڕۆژنامەنووس بەردەوام زۆر لێیەوە نزیکە و هەمیشە لەبەردەرگایەتی. لەلایەك خۆی خەبات بۆ نەهێشتنی دەکا و لەلایەکی دیکەش، خۆی دێە پێشی و لەوانەیە بەئاسانی تێوە بگلێ. بەرتیل دەکرێ پارە بێ، وەرگرتنی دیاری بێ، سەفەری تایبەت و داوەتکردن بێ، یانیش دامەزراندن و وەرگرتنی زەوی بێ. گرانە پێناسەی بەرتیل بۆ ڕۆژنامەنووس بکرێ، چونکە چوارچیوەی بۆ دیاری نەکراوە و زۆربەی جاریش شێوەی وەرگرتنی نهێنی و بەدزییە. بەرتیل دەکاتە وەرگرتن یان رازیبون لەسەر ئەو شتەی بە کەسێك دەردێ و بە کەسێکی دیکە نادرێ و لەبەرامبەر خزمەتگوزارییێك، کە ڕۆژنامەنووس پێشکەشی دەکا. شێوە هەرە کۆنەکەی وەرگتنی بەرتیل، پارە یان دیارییە، لەبەرامبەر ئەو خزمەتەی ڕۆژنامەنووس بە کەس ڕێکخراو یان دەزگا دەیکات. ئەگەر کەسەکە ئەو خزمەت نەکات، ئەو دیاری یان پلەی پێنادرێ. بەرتیل لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە و پێوانەی جیاوازیشی بۆ دەکرێ.

بەرتیل لە كەسێكیشەوە بۆ كەسێكی دیكە جیاوازە و وەرگرتن و مامەڵەشی بەهەمان شێوە جیاوازە. هەر بۆنموونە، دابەشكردنی زەوی بۆ ڕۆژنامەنوسان لەلایەن سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانەوە، لەوانەیە بۆ ڕۆژنامەنووسێكی ئەوروپی بە بەرتیل سەیربكرێ، كەچی لە كوردستان شانازی پێوەدەكەن و وەك خزمەت بە ڕۆژنامەنووسان سەیری دەكەن. لەوانەیە دیارییەك لەلایەن كەسێكی بەرپرس بۆ ڕۆژنامەنووسێكی دەزگای حزب یان ڕێكخراوی خوار خۆی وەك بەرتیل سەیر بكرێ، كەچی ڕۆژنامەنووس بە ئەركی حزبی دابنێ. لەوانەیە ئەو نەسریەی كەسانی بەرپرس لە كوردستان هەیانە و بەگوێرەی پێویست و بە ئارەزووی خۆیان بەو كەسانەی بیانەوێ دەدەن، هەندێكجار وەك بەرتیل بێتە بەرچاو یانیش هاندانە بۆ دانی بەرتیل بە كەسی بەرامبەر یان فێركردنی ئەوە بە دانی بەرتیل..

بەرتیل لە شتی بچووكەوە وەك دانی چەند هەزار دینارێك، لە شێوەی پارە یان كارتی مۆبایل تا گرێبەستی كڕینی نەوت یان چەك بۆ لەشكر، كە سەدان ملیۆن دۆلارە كۆتایی پێدێ. خەبات زۆر دژی دان و وەرگرتنی بەرتیل لە زۆربەی وڵات و پەرلەمانەكان دەكرێ، زۆربەی جاریش بە یاسا چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە و چوارچێوەی بۆ دیاری دەكرێ. حكومەتەكانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، سوود لە تەكنۆلۆجیا وەردەگرن و ئاگادری هاتن و چوونی پارەی هەموو تاكێكی كۆمەڵ دەكەن، بۆئەوەی كاری ناشەرعی و نایاسایی نەكرێ. ئێستا وڵاتی ئێراق ناوی لە ڕیزبەندی سەر سەرەوەیە، بۆ سپیكردنەوەی پارە. مەبەست لە سپیكردنەوەی پارە، ئەو پڕۆسەیەیە، كە حكومەت سەرچاوەكانی داهات نازانێ و كەسەكەش زەریبەی لە داهات و قازانجی بە حكومەت نادا.

بۆ كەسێكی نووسەر لەوانەیە چاپكردنی كتێب بكەوێتە خانەی بەرتیل وەرگرتن، بڵاوكردنەوەی بابەتێك بكەوێتە خانەی بەرتیل وەرگرتن...هتد. وەك لەسەرەوە نووسیمان، هەموو ئەو دیاری و پاداشت و یارمەتییە بە كەسی ڕۆژنامەنووس لە بەرامبەر خزمەتگوزارییێك پێ دەدرێ، دەكرێ بكەوێتە خانەی بەرتیل. بەرتیل پەیوەندی بە ویژدانەوە هەیە، كە ئایا وەرگرتن یان تێوەگلان باشە یان خراپ، پێویستە یان پێویست نییە.. بەرتیل لە سەردەمی ئاسایی حوكمدان لەسەری ئاسانترە، لەوەی لە كاتی ئەزمەكان. ئەگەر ڕۆژنامەنووس ئەو مووچەی وەریدەگری بەشی نەكا، ئەگەر داهات بە یەكسانی بەسەر دانیشتووان دابەش نەكرێ و عەدالەتی كۆمەڵایەتی نەبی، لەوانەیە زۆر گران بی، باس لە بەرتیل و ویژدان و ئێتیك لە ڕاگەیاندن بكرێ.

ڕۆژنامەنووسێكی كەنالی 4 ی سوێد Trond Sefastsson بۆ دادگا ڕاكێشرا، بەوەی گومانی وەرگرتنی بەرتیلی لێدەكرا و دواتر بە وەرگرتنی بەرتیل حوكم درا. بە گوێرەی قسەی داواكاری گشتی، ئەم دادگاییكردنی ڕۆژنامەنووسەی كەنالی تەلەفزیۆنی چوار، تەنیا بۆئەوەبوو، كە ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ، متمانەی كۆمەڵ لەدەست نەدا و خەڵك بەردەوام بڕوای پێبكەن. وەرگرتنی ئەم پارەیە، بۆ دروستكردنی بەرنامەیەكی تەلەفزیۆن بوو. Trond Sefastsson دەڵێ: ئەو پارەیە وەرگیرایە، بۆ ئەوەی

بەرنامەیەك لەسەر بەدواداچوونی یاسایی بکرێ.»64«

ئەو کارەی تروند سێفاتسۆن لە سوید پێ درا دادگا و حاکم حوکمی لەسەری دا، لەوانەیە لە کوردستان کەس بیریش لێنەکاتەوە و وەك بەرتیلیش سەیر نەکرێ. بۆیە پێوەرەکانی بەرتیل لە وڵاتێك بۆ وڵاتێك زۆر جیایە، بەتایبەتیش بەرتیلە شاراوەکان. ئەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسە سوێدییە کردوویەتی، یەك فلوس نەچۆتە بەرکی ئەو، بەڵام بۆ دروستکردنی بەرنامەی تەلەفزۆن پێویستی بەو بڕە پارەیە هەبووە، کە لەهەمان کات، ناوەڕۆکی بەرنامەکەی بۆ بینەر زۆر پێویست بووە، لەگەڵ ئەوەش وەك بەرتیل سەیر کراوە.

ڕۆژنامەنووس هەر خۆی بەتەنیا بەرتیل وەرناگرێ، بەڵکو ڕوودەدات، ڕۆژنامەنووس خۆی بەرتیل دەدات، بۆئەوەی زانیاری بۆ نووسین یان بەرهەمی ڕۆژنامەوانی دەست بکەوێ. لێرەش پرسیارێك دێە پێشەوە، ئایا ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە بەرتیل بە پۆلیس، کەسانی پەیوەندیدار بدا، بۆئەوەی زانیاری دەستبکەوی؟ وەڵامەکە ڕێژەییە، ئایا ئەو زانیاریەی وەریدەگرێ، چەند بۆ جەماوەر گرنگە یان تا چەند، دەبێتە هۆی بۆنموونە دەرکردنی یاسایێك لە پەرلەمان، کە تەنیا چینێکی تایبەت سوودی لێوەردەگرن.

لە هەندێك لە پەرلەمانەکانی وڵاتانی تازە بەکارهێنەرانی دیموکراتی، بە پارە و بەرتیل هەندێك لە یاساکان دەنگیان لەسەر دەدرێ. بۆهەر یاسایەك نرخێك داندراوە و ئەندامان بەدزی و بێ ئاگادرای حزبەکەیان ئەو دەستەڵاتەی خۆیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتیان بەکار دێنن.

تەنیا ڕۆژنامەنووس بەرتیل وەرناگرێ و بەرتیلیش بۆ وەرگرتنی زایناری بە خەڵك نادا، بەڵکو زۆرجار سەرنووسەر خۆی دیاری بە ڕۆژنامەنووسێك لە دەزگاکەی بەدزی ئەوانەی دیکە دەبەخشێ. لەوانەیە سەرنووسەر خۆی لە سەرۆك یان سکرتێری حزب بۆ کارەباشەکانی بەرتیلی پێبدرێ. بەرتیل دان، یان بەرتیل وەرگرتن، لەژێر هەر ناوێك یان کارێك بێ، وەرگرتن و دانی بۆ ڕۆژنامەنووس باش نییە و متمانەی جەماوەر بۆ میدیا و دەزگاکەی کەمدەکاتەوە.

## په‌راوێزه‌كان:

1 - بۆ زیاتر زانیاری سه‌یری: د. مه‌غدید سه‌پان. ژانره‌كانی ڕۆژنامه‌وانی و مێژووی چاپخانه‌ (1450 - 1500) ل. 173 بكه‌.

2 - هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێش.

3 - هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێش.

4 - Hans Sallander، Medeltidens Boktryckerihistoria. Uppsala، 1959. - s.11

5 - Беспалова А. Г.، Корнилов Е. А.، Короченский А. П. Лучинский Ю. В.، Станъко А. И. История Мировои Журналистики. М.، 2003 - с.11

6 - Stig Hadenius، Lennart Weibull، Massmedier. Falun،2003. s.40.

7 - Беспалова А. Г.، Корнилов Е. А.، Короченский А. П. Лучинский Ю. В.، Станько А. И. История мировой журналистики. М.، 2003. –с.14

8 - بۆ زیاتر سه‌یری: د. مه‌غدید سه‌پان. ژانره‌كانی ڕۆژنامه‌وانی و مێژووی چاپخانه‌ (1450 - 1500) ل. 117 - 125 بكه‌.

9 - هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێش. ل. 46

10 - هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێش. ل. 47

11 - هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێش.

12 - هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێش. ل. 117 - 125

13 - هێرش ره‌سول، ئازادی ڕاده‌ربڕین له‌ ڕۆژنامه‌نووسیی كوردیدا (1993 - 2007)، ل. 123، ئه‌ویش له‌ د. عبدالحمید الشواربی وه‌رگرتووه‌.

14 - ڕۆژنامه‌ی میترۆ سێشه‌م 21 – 8 – 2012 ل. 14

15 - Nils Funcke. Tryckfriheten Ordets män och statsmakterna. Fallun. S.20

16 - Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб.، 2003. с.23

17 - Nils Funcke. Tryckfriheten Ordets män och statsmakterna. Fallun. S.22

18 - هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێش.

19 - هەمان سەرچاوەی پێش.

20 - هەمان سەرچاوەی پێش.

21 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 31

22 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 55

23 - هەمان سەرچاوەی پێش.

24 - بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە بكە:

http://evolutsia.com/url.php?site=http://uadoc.com/interes/censura.htm

25 - Ворошилов В. В. Журналистика. Базовый курс. Учебник. 5 - е издание. СПб: Изд - во. с. 343

26 - هەمان سەرچاوەی پێش.ل. 336

27 - Nils Funcke. Tryckfriheten Ordets män och statsmakterna. Fallun. s.29

28 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 27

29 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 27 - 28

30 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 49 - 50

31 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 57

32 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 23

33 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 27

34 - هێرش رەسول، ئازادی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا (1993 - 2007)، ل. 102، ئەویش لە: ادوین امری، فیلیپ ئێچ. اولت، وارین ك. اجی، لە كتێبێك بەناوی: ازمە الزمیر الصحفی ص. 57 - 58) وەرگرتووە.

35-AndersROlsson.Yttrandefrihet&tryckfrihet.Handbokförjournalister.Femte upplagan. 2006. S. 33

36 - فرێدس سیبێرت، سیۆدۆر پیترسن، ویلبەر سكرام. چوار تیۆرەكەی ڕاگەیاندن. و: هاوكار حسێن. بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان. ل. 31 - 32

37 - د. كەمال سەعدی. چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە كوردستانی عێراقدا. دەزگای ئاراس. هەولێر 2006. ل.48. ئەویش لە كتێبی: د. محمود متولی و لوتفی عبدالقادر: الاعلام و حریە المجتمع. ل. 91 - 93ی وەرگرتووە.

38 - هەمان نووسەری پێش. ئەویش لە كتێبی: د. بسیونی ابراهیم حمادەی وەرگرتووە. ل. 48

39 - فرێدس سیبێرت، سیۆدۆر پیترسن، ویلبەر سكرام. چوار تیۆرەكەی ڕاگەیاندن. و: هاوكار حسێن.

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان. ل. 100

40 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 101

41 - د. كەمال سەعدی. چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە كوردستانی عێراقدا. دەزگای ئاراس. ل. 46 - 47

42 - فرێدس سیبێرت، سیۆدۆر پیترسن، ویلبەر سكرام. چوار تیۆرەكەی ڕاگەیاندن. و: هاوكار حسێن. بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان. ل. 108

43 - هەمان سەرچاوەی پێش. چوار تیۆرەكە. ل. 125

44 - Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб.، 2003. с.24

45 - د. كەمال سەعدی. چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە كوردستانی عێراقدا. دەزگای ئاراس. ل. 51. ئەویش لە كتێبی: جون ار. بینتر: مقدمە فی الاتصال الجماهیری وەرگرتووە.

46 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 49 ئەویش لە كتێبی: د. عبدالتیف حمزەی وەرگرتووە.

47 - فرێدس سیبێرت، سیۆدۆر پیترسن، ویلبەر سكرام. چوار تیۆرەكەی ڕاگەیاندن. و: هاوكار حسێن. بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان. ل. 172

48 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 219

49 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 221

50 - Сиберт Ф.С.، Шрамм У.، Питерсон Т. Четыре теории прессы. – М.، 1998. –с. 9–10.

http://evartist.narod.ru/text3/93.htm#з_01

51 - د. مەغدید سەپان. ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ. بەرگی دووەم. ل. 328

52-MarcelDanesi،Dictionaryofmediaandcommunications.2009،byM.E.Sharp، Inc.

53-BobFranklin،MartinHamer،MarkHanna،MarieKinseyandJohnE.Richardson. Key Concepts in Journalism Studies 2005، by SAGE Publications Ltd

54 - http://en.wikipedia.org/wiki/Richard_F._Outcault -

55 - http://en.wikipedia.org/wiki/Yellow_journalism - یان

http://en.wikipedia.org/wiki/New_York_Press_historical

56-http://en.wikipedia.org/wiki/Yellow_journalism#Origins:_Pulitzer_vs._Hearst

57 - http://www.po4emu.ru/content_categor/raznoe/171.htm

58-http://en.wikipedia.org/wiki/Yellow_journalism#Origins:_Pulitzer_vs._Hearst

59 - د. مەغدید سەپان. ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانی. بەرگی دووەم. ل. 338 - 339

60 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 341 - 362

61 - هەمان سەرچاوەی پێش. بەرگی یەکەم. ل. 80

62 - هەمان سەرچاوەی پێش

63 - Приверженность Журналистскому Долгу. Об Этическом подходе в журналистской профессии. Эдмонд Б. Ламбет. Москва 1998، - с.5

64 - Helena Giertta. Journalisten.se. 2009.12.03

بەشی سێیەم

# ڕۆژنامەگەری لە کوردستان

بەشی سێیەم

# ڕۆژنامەگەری لە کوردستان

1 - ڕۆژنامەنووس و پیشەی ڕۆژنامەنووس

2 - کورتەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی

3 - پەیدابوونی ڕەخنە لە ڕۆژنامەگەری کوردی

ا - ڕەخنە لە گۆڤاری ڕوناکی، هەتاو، گۆڤاری ڕۆژی نوێ

ب - ڕەخنە لە ساڵی 2012 لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی

## 1 - ڕۆژنامەنووس و پیشەی ڕۆژنامەنووس

ڕۆژنامەنووس: ژورنالیست وشەیەکی فەرەنسییە و **journaliste** مەبەست لە کەسێکە، کە بە پیشەی خەریکی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی مەتریالە بۆ مێدیاو ئەو مێدیایانەش دەکرێ: ڕۆژنامە، رادیۆ و تەلەفزیۆن یان ماڵپەڕی ئینتەرنێت بێ»1»

ڕۆژنامەنووس بەو کەسە دەگوترێ لە: ڕۆژنامە یان گۆڤار، کەنالی تەلەفزیۆن، ئێزگەی رادیۆ یان ماڵپەڕێکی ئێلیکترۆنی یان هەر دەزگایەکی دیکەی ڕاگەیاندن وەك ئاژانسەکانی دەنگوباس کاربکا و ئەو مووچەی وەریدەگرێ لە ڕێگای پیشەی ڕۆژنامەنووسی بێ و زۆر باشیشە ئەگەر تێری ژیانی بکات.

ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕی ئێلیکترۆنی وەك: نووسەر، پەیامنێر، وێنەگر، هەڵەچن، نەخشەساز کاردەکا و لە کەنالی تەلەفزیۆنیش وەك: نووسەری هەواڵ، بەڕێوەبەری بەرنامە (بێژەر)، پەیامنێر، وێنەگر و لەبواری مونتاژ کاردەکا. لە ئێزگەی رادیۆ وەك: نووسەری هەواڵ، بەڕێوەبەری بەرنامە (بێژەر)، پەیامنێر، ئەندازیاری دەنگ کاردەکا.

زۆر جۆر ڕۆژنامەنووس هەن وەك: ڕۆژنامەنووسی سیاسی، وەرزش، پەیامنێری دەرەوە، هەواڵنووس.. زۆر ڕۆژنامەنووسیش لەناو خەڵك دیارنین و ناچنە دەرەوە، چونکە کاری ئەوان لە پشت مێزە و پێداچوونەوەی تێکستەکانە و داڕشتنەوەیەتی.

کاری ڕۆژنامەنووس کۆکردنەوە و نیشاندان و کارکردن لەسەر مەتریالی خام و داڕشتنەوەی نووسین و بڵاوکردنەوەیەتی لە پرێس یان لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت. ئەو ڕووداو یان بابەتانەی ڕۆژنامەنووس دەینووسێ، لە ڕاستیدا ڕوویانداوە و پرسیاری پێویست و ئەکتوێلن، کە شیکردنەوەیان بۆ جەماوەر پێویستە بۆ ئەوەی خەڵك باشتر لەو بابەت بگا. ڕۆژنامەنووس بەهۆی پیشەی خۆی و ئەزموونی زۆری

لەو كارە، دەزانێ چ بابەتێك پێویستە لەسەری بنووسرێ و هەڵوەستەی لەسەر بكرێ.»2»

ڕۆژنامەنووس دەكرێ لە دەزگایەكی ڕاگەیاندن كاربكا و مووچەی دیاركراو بەرامبەر بە نووسین یان بەرهەمی وەربگرێ، یانیش وەك فریلانس كاربكا.

فریلانس: بەو ڕۆژنامەنووسە دەگوترێ، كە بەڕادان لەلایەن دەستەی نووسەرانی دەزگا یان ڕۆژنامە یان ناوەندێكی فەرهەنگی كارێك دەكا، نووسینێك دەنووسێ، یان بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەرنامە ئامادەدەكا و بەگوێرەی بابەت یان درێژی بەرنامە یان زنجیرە پاداشت وەردەگرێ، بێئەوەی بەردەوام لەو دەزگا كاری هەمیشەی یان مووچەی بڕاوەی هەبێت.»3»

هەموو ئەوانەی بەشێوەیەكی پیشەیی بەكاری نووسین، پەیامنێری، كاركردن لەسەر وشە لەیەك لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن كاردەكەن، یان لە دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار، لە پەخشی بەرنامەی رادیۆ و تەلەفزیۆن رۆلی گرنگیان هەیە ڕۆژنامەنووسن و پیشەیان ڕۆژنامەنووسییە. كەسی ڕۆژنامەنووس، هیچ مەرج نییە، ئەندامی سەندیكای ڕۆژنامەنووسان یان ڕێكخراوێكی هاوشێوەی بێت، ئینجا پیشەی ڕۆژنامەنووسی بخرێتە پاڵ و ڕۆژنامەنووسی پێبگوترێ.

ڕۆژنامە بریتییە لە: ئەو بڵاوكراوانەی، كە بەشێوەی زنجیرەیی و بەدوای یەكدا، بەناونیشان و ڕێكەوتی دەرچوون و ژمارەی زنجیرەی دەرچوون و ناوی خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر و تیراژ، لە بوارە جۆرا و جۆرەكان دەردەچن بە بڵاوكراوە ئێلیكترۆنییەكانیشەوە.

ڕۆژنامەنووس كات و ساتی كاركردنی دیار نییە، بۆیە هەموو ئەوكاتانەی نەنووستووە و بەئاگایە لەسەر كارە. زۆر پیشە هەن دەكرێ بەزۆر فێر بكرێن، بەڵام كەس ناتوانی بەزۆر كەسێك بكاتە ڕۆژنامەنووس. بۆئەوەی كادرێكی باشی ڕاگەیاندنت لێدەربچێ، پێش هەموو شتێك پێویستە: ئاشقی ئەو پیشەیە بیت، هەڵسوكەوتت جوان بێ، ڕەوشتت بەرزبێ، ڕێز لەكات بگری و قسەكردن لەگەڵ خەڵك لات خۆش بێ و ئارەزووت لە یارمەتیدانی خەڵك بێت و بۆ تەواوكردنی كاریش پەلەت نەبێ و چاوەڕێكردن بێزارت نەكات و مرۆڤێكی مەنگ بیت و بەئاسانی شێلو نەبی...هتد.

كەسی ڕۆژنامەنووس، دەكرێ دەرچووی یەك لە بەشەكانی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەكنیكی یان زانكۆ بێت، یانیش دەرچووی هیچ یەك لەم دووانەی سەرەوە نەبێت و لە ڕێگەی خوێندنەوەی زۆر یان بینینی خولی تایبەت بووبێتە ڕۆژنامەنووس و لە یەك لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن كار بكات. ڕۆژنامەنووس دەكرێ بە: دامەزراندن، گرێبەست یان بە پارچە كار بكات و بەرامبەر كارەكەشی پارە وەربگری.

پیشەی ڕۆژنامەنووسی بە شێوەیەكی گشتی لە جیهان، لە شەتەكانی سەدەی ڕابردوو زیاتر ڕێزی لێندرا و لە كۆتایی سەدەی نۆزدەش كەسانێكی وەك

(William Randolph Hearst) كاری زۆریان كرد بۆئەوەی ڕۆژنامەنووس ڕێزی پێویستی لێبگیرێ.

لە كوردستان و لە ناوەڕاستی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو، ڕۆژنامەنووس ڕێزی پێویستی لێنەدەگیرا،

بەڵام پاش ئازادکردنی ئێراق باشبوونی بواری ئابووری هەرێم و گەشانەوەی وڵات، هەستدەکرێ زیاتر ڕێز لە ڕۆژنامەنووس دەگیرێ، بەڵام هێشتا زۆری ماوە، بۆئەوەی وەك وڵاتانی ئەوروپا شەر لەسەر کورسییەکانی بەشی ڕاگەیاندن بکرێ.

زانینی زمان بۆ کەسی ڕۆژنامەنووس زۆر پێویستە و بەتایبەتیش زمانی بیانی و لەناو ئەوانیش زمانەکانی: ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی، بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردیش جگە لە زانینی بەلای کەم یەك لەو زمانانەی سەرەوە زانینی عەرەبی، فارسی، تورکی...هتد پێویستە.

ڕۆژنامەنووس پێویستە لەسەری بوارێکی تایبەت وەك: سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابوری، فەرهەنگی، وەرزش...هتد، هەڵبژێرێ و زیاتر لەو بوار کار بکات و لێی ببێتە پسپۆری باش.

## 2 - کورتەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بە دید و تێڕوانینی نوێ

ڕۆژنامەگەری کوردی مێژوویێکی کۆن و درێژی نییە و یەکەم ڕۆژنامەی بەناوی کوردستان لە 22ی نیسانی 1898 لە قاهیرە دەرچوو. بە بەراورد لەگەڵ یەکەم ڕۆژنامە کەلە جیهان لە ساڵی 1609 لە ئەڵمانیا دەرچوو ئێمەی کورد، جگە لەوەی 289 ساڵ جیاوازی لەنێوانماندا هەیە، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، لەماوەی پێنج ساڵ و لە پێنج شار و وڵاتی جیا بەهەمووشی 31 ژمارەی لێدەرچوو.

ژمارەکانی 1 - 5 لە قاهیرە، ژمارەکانی 6 - 19 لە جنێف، ژمارەکانی 20 - 22 دووبارە لە قاهیرە، ژمارە 24 لە لەندەن، ژمارەکانی 25 - 29 لە فۆلکستۆن، ژمارەکانی 30 - 31 جارێکی دیکە لە جنێف دەرچوو. ژمارە 31ی ئەوەی تا ئێستا زانرابێ دوا ژمارەیە لە 14ی نیسانی 1902 دەرچووە.«4» ئەگەر بە وردی بیر لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بکەینەوە و ئاوڕێك بە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بخشێنین، بەشێك لە تراگێدیای مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی و تەواوی مێژووی کورد و کوردستانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ڕۆژنامەی کوردستان، هەرچەندە زۆر لە دووری کوردستان دەردەچوو، دانە دانەی بۆ کوردستان دەهات، بۆیە گرانە بڵێین، کاریگەری پێویستی لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی کوردستانەوە هەبووە.

چوار لاپەڕەی فولسکاپ (A4)، ناتوانن کاریگەری پێویستیان لەسەر مێژوو و ڕەوشی ڕۆژنامەگەری گەلێك هەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو گەلە خۆی ژێردەستە بێت و نەیتوانبێ، بە ئارەزووی خۆی ڕۆژنامە بە زمانی دایك دەربکا و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی ڕۆژنامەگەری خۆی بکا. ئەگەر مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بەراورد بکەین، کە ڕۆژنامەکانی ئەوان لەسەرەتاوە زۆر بەڕێك و پێکی و لەکات و ساتی خۆی بە تیراژی زۆر دەردەچوو و بە ئاسانی و بە ئازادی لە وڵاتی خۆیان و دراوسێ بڵاودەبوونەوە.

لەسەر زۆر بواری یەکەم ڕۆژنامەی کوردستان تا ئێستا لێکۆڵینەوەی پێویست نەکراوە، یەك لەوانە:

ئایا بەدرخانییەکان پیتە کوردیەکانیانی چاپیان لەکوێ بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکەیان دەستکەوتووە؟ ئایا بەردەوام لەگەڵ خۆیان شارە و شاریان پێی کردوەوە؟ پیتی چاپ لە قورقوشم دروست دەکرێ و بەئاسانیش دەسورێ و کێشیشیان زۆرە، بۆیە ئەمە بابەتێکی باشە بۆ وەستان لەسەری و لایەکی دیکەش، تا ئێستا زۆر ڕوون نییە، ئایا تەنیا 31 ژمارەی دەرچووە یان زیاتر؟ هۆی وەستان و دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە چی بووە...هتد، ئەمانە و کۆمەڵێك پرسیاری دیکە لەسەر مێژووی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی پێویستە، بە وردی کاریان لەسەر بکرێ.

ڕۆژنامەی کوردستان لەناو ئێمەی کورد بە ڕۆژنامە بەناوبانگە، بەڵام ئەگەر بە پێوەری ئەمڕۆی یونێسکۆ بیخوێنینەوە، ئەوە تەنیا بڵاوکراوەیە و هیچ ڕۆژنامە نییە، چونکە ڕۆژنامە پێویستە: کات و ساتی دەرچوونی لەسەر بێت و خوێنەر بزانی، کەی چاوەڕێی ژمارەی داهاتووی بکا و بە ئاسانی دەستی بکەوێ. بەگوێرەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، خوێنەر نەیزانیوە ژمارەی داهاتووی کەی و لە چ وڵاتێك دەردەچێت، بۆیە (کوردستان) زیاتر دەکەوێتە خانەی بڵاوکراوە نەك ڕۆژنامە.. بە ناوەڕۆکیش هەموو خەسلەتەکانی ڕۆژنامەی تێدا وەك هەبوونی گوتار و هەواڵ، لەسەر بابەتی جیا جیا و زانیاری دیکە. کوردستان بە ناوەڕۆك ڕۆژنامەیە و بە کات و ساتی دەرچوونیشی دەچێتە خانەی بڵاوکراوە...

دوای ڕۆژنامەی کوردستان، دیسان لە دەرەوەی کوردستان گۆڤار و بڵاوکراوە دەرچووین، ئەوان ڕێك و پێك دەرنەچووین و زوو شوێنیان گۆڕدراوە یان لەلایەن رژێمەکانەوە ڕاگیراون.

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستان، لە بیستەکانی سەدەی بیست و لە شاری سولەیمانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و ئازاد و بەردەوام دەستی پێکرد. قوناغی حکومەتی شێخ مەحمود، قۆناغێکی زۆر گەشی ڕۆژنامەگەری کوردییە و دوای ئەویش، دەتوانین سەردەمی حکومەتی کۆماری مەهاباد، دیسان بە قۆناغێکی تێری ڕۆژنامەگەری کوردی لەقەڵەم بدەین. لەنێوان ئەم دوو سەردەمەش، بێشك ڕۆژنامە و گۆڤاری زۆر باش لە شارەکانی دیکە وەك گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە لە بەغدا دەردەچوون و لە هەولێریش گۆڤاری ڕوناکی، (هەتاو) و گۆڤاری دیکە دەرچووین، کە هەموویان بەیەکەوە مێژوویێکی پڕ لە شانازی بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی تۆمار دەکەن.

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بە ئەهلی دەستی پێکرد و لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولیش زیاتر خەسلەتی حزبی وەرگرت، بەتایبەتیش پاش ئەوەی گۆڤاری (هەتاو) لە شاری هەولێر دوا ژمارەی 187 لە 15 تشرینی یەکی 1960 ڕاگیرا. گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) لە شاری سولەیمانی دەردەچوو. ژمارە یەکی لە نیسانی 1960 وە ژمارە 18، کە دوا ژمارەیەتی ئەیلولی 1961 هەر لە شاری سولەیمانی دەرچووە. لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول هەردووك گۆڤار وەستان و زیاتر دەرنەچوون. ئەگەر بە وردی گۆڤاری (هەتاو) و ژمارەکانی دوایی لەگەڵ گۆڤاری (ڕۆژی کورد) و ژمارەکانی دوایی بخوێنینەوە دەبینین، زۆر بە ئاشکرا پشتگیرییان لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرد. لەوانەیە ئەو پشتگیرییە بێت، گرفتی بۆ

دروستکردبن و لە دەرچوون وەستا بن.

بەدەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول، ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی گۆردرا، لەشارەکان ئەگەر هەفتەنامە، مانگانە یان پاشکۆ دەریشچووبن، زیاتر لەلایەن ڕژێمەوە سەرپەرشتی دەکران و ئازادانە ناوەڕۆکیان پڕنەدەکرایەوە. لەهەمان کات، شۆڕش بڵاوکراوەی خۆی هەبووە و تێدا بایەخی بە وشیارکردنەوەی کۆمەڵ داوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کاریگەری زۆریان لەسەر کورد هەبووە.

ڕاگەیاندنی کوردی، زیاتر لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ لەپاش هەرەسی 1975 بایەخی زیاتری پێدرا، ئەمجارە ژمارەی حزب و ڕێکخراوەکانی لە گۆڕەپانی خەبات بوون، زیادی کرد، بەمجۆرە بڵاوکراوە و دەزگای ڕاگەیاندنیش ژمارەیان زیاد بوو.

لە ڕێگای بڵاوکراوەکانی شۆڕش، جگە لەوەی ئاگاداری مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی نهێنی و شاخ دەبین، مێژووی خەبات و پێشمەرگایەتیشمان بەجوانی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

لەتەك ڕۆژنامەگەری نهێنی و شاخ، لکێکی دیکەی زۆر کاریگەرمان بەناوی ڕۆژنامەگەری جالیای کورد لە دەرەوەی وڵات هەبوو. لە دەرەوەی کوردستان، جگە لەوەی تەواوی بڵاوکراوەکانی شاخ، جارێکی دیکە بە ئازادی چاپدەکرانەوە، بەسەر هەموو وڵاتانی دیکەی جیهانیش بڵاودەکرانەوە.

سوید یەك لەو وڵاتانەبوو، کە کوردەکان توانیبوویان سوود لەو ئازادییەی هەبوو وەربگرن و بڵاوکراوەکانی شاخ جارێکی دیکەش بژێیننەوە و بە پۆستە بۆ ئەندام و دۆست و لایەنگرانیان بنێرن. لێرە و لە ڕێگای ئەو بڵاوکراوانە، کوردەکان ئاگاداری شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەبوون.

ڕاگەیاندن، ئەلقەیەکی زۆر توندی پەیوەندە لە نێوان کوردەکانی دەرەوە و شۆڕشی کورد و پێشمەرگە دروست کردبوو. جالیای کورد لە ئەوروپا خاوەنی دەیان گۆڤار و بڵاوکراوەی دیکەی کوردی بوو.

پاش ئازادی کوردستان و ڕاپەڕین، ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەندەران کەمتر بۆوە. جگە لە هەبوونی چەندین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە کوردستان و شارە ئازادەکان، جارێکی دیکە ڕۆژنامەگەرییێك بەناوی ئەهلی پاش نزیکەی 40 ساڵ لەدایك بۆوە و کەنالی ئاسمانی تەلەفزیۆن پەیدا بوون و ئێزگەی رادیۆ زیادیان کرد. ئێستا جگە لەوەی حزبە سیاسییەکان خاوەنی دەزگای ڕاگەیاندنی خۆیانن، هەر کەسێك لە کوردستان بیەوێ، ئەویش دەتوانی ببێتە خاوەن ڕۆژنامە یان دەزگایەکی ڕاگەیاندنی خۆی.

## 3 - پەیدابوونی ڕەخنە لە ڕۆژنامەگەری کوردی

ا - ڕەخنە لە گۆڤاری ڕوناکی، هەتاو، گۆڤاری ڕۆژی نوێ

زمان و شێوەی نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی لە قۆناغەکانی زوو و سەرەتادا، زۆر ڕشت بوو. ئەوان سوودیان لە هەموو سەنتیمەترێکی کاغەزەکە وەردەگرت، ئامانجیش لە زۆربەی کات، تەنیا وشیارکردنەوەی زۆرتر و زیاتری خەڵك بوو، چونکە باش دەیانزانی، چەند کورد لە دواکەوتوویی

بمێنیتەوە، ئەوەندە زیاتر لە ئازادی دووردەکەوێتەوە. هەربۆیەش پەیامی گرنگی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، جگە لەوە بایەخدان بە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی بوو، بایەخدان بە لایەنی فەرهەنگی کوردی بوو، بایەخدان بە وشیارکردنەوەی کورد و بایەخدان بە یەکڕێزی گەلی کورد بوو. ئەوانەی لە کاری چاپ و ڕۆژنامەنووسی کوردیش کاریان دەکرد، پێکهاتبوون لە کەسانی بەگزادە، ڕۆشنبیر، تێگەیشتوو، نووسەر و شاعیر...هتد.

لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە، شوێن و ڕێزی تایبەتیان لەناو کۆمەڵ هەبوو، ڕێگایان بەخۆیان نەدەدا، زمانی زبر دژ بەیەکتر بەکار بێنن، زانیاری ناڕاست و درۆ بڵاوبکەنەوە، لابدەن لە ئێتیکی ڕاگەیاندن. ئەو بەرهەمەی ئەوان دەیاندایە دەست، هەموو توانای خۆیان بۆی دەخستە گەڕ و پێوەدیارە، لایەنی ئێتیکی لایان زۆر بەرز و گرنگ بووە.

ڕەخنە لە بەرهەم و بڵاوکراوە، کتێب و گوتار و هەڵبەست، دەرکردنی ڕۆژنامە یان گۆڤار...هتد، زوو نەکەوتە ناو ڕاگەیاندنی کوردی، بۆیە ئەگەر جار بەجار لە شوێنێك بەرچاویش بکەوێ، بابەتەکەی دەوڵەمەند کردووە لەجیاتی ئەوەی، هێرش بێت، بۆ سەر نووسەر یان خاوەنی دەزگا. لەگەڵ بەرزبوونەوەی تیراژ و هەبوونی بڵاوکراوەی زۆرتر، نووسەری نوێش هاتنە مەیدان و هەندێك لەوان لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، دەستیان بە ڕەخنەگرتن کرد، هەرچەندە ڕەخنەکان وەك ئەمڕۆ توند نەبوون، لەگەڵ ئەمەش، ڕاگەیاندنی بۆ قۆناغی دیکە برد...

لەخوارەوە هەندێك نموونەی ڕەخنەی سەدەی ڕابردوو لە هەندێك گۆڤاری کوردی دەهێنمەوە، بۆئەوەی خوێنەر بەرچاوی روونبێت، جیاوازی لەنێوان ڕەخنەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی کوردی بکات.

نموونەی نووسینەکان، هێندراونەتە سەر شێوازی ئێستای زمانی کوردی، بێئەوەی دەستکاری ناوەڕۆکی بکرێ.

## گۆڤاری روناکی

بۆ م. ع. کوردی

لە ژمارەی (1614)ی (العالم العربی) دا لەژێر باسی (مجله روناکی الکردیه) دا چەند قسەیەکم لە بابەت گۆڤاری روناکی و نووسراوانی کوردی و کەمتەرخەمی کوردان بەرامبەر بە زمانەکەیان بڵاوکرد.. قسەکان زۆریان ڕاست و بەجێبوون، لەوەشا سپاسی (م. ع. کوردی)، ئەکەین کە هانمان ئەداتە سەرنووسین و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی نووسراوانی کوردی، بەڵام هەندێك لە قسەکان، چونکە پێچەوانەی ڕاستی بوون، بە پێویستم زانی بەر پەچی بدەمەوە و ڕاستییەکەیان پیشانی خوێنەرانی ڕوناکی بدەم."5" هەمان نووسەر لە محەمەد عەلی کوردی لە ژمارەکانی 7 - 9 - 11 ش بەرهەمی هەبووە.

ئەم نووسینە لە دوو کۆپلە پێکهاتووە. لە کۆپلەی یەکەم، سوپاسی نووسەر دەکا، بەوەی ئەم ڕەخنەی،

کە نووسەر لە ڕۆژنامەیەکی عەرەبی بڵاوی کردۆتەوە، بۆتە هۆی لەدایکبوونی ئەم گوتارە و لە کۆپلەی دووەمیش وەڵامی نووسەر دەداتەوە، بەوەی ئەو هەڵەیە و ڕاستییەکەشی بۆ دەنووسێ. ڕەخنەی نووسەر زۆر نەرمەو ڕوخێنەر نییە، لە ژمارەکانی داهاتووی ڕوناکی بەرهەمی زیاتری ڕەخنەگر بەرچاو دەکەوێ...

## گۆڤاری هەتاو

فایەق محەمەد لە ژمارە 10ی گۆڤاری (هیوای کوردستان)، گوتارێکی بۆ گۆڤاری هەتاو نووسیوە و وەڵامی دوو گوتارەکەی نووسەر (باخەوان)ی داوەتەوە. لەژمارەی 178 نووسینەکەی داندراوە.

باخەوان لە ڕەخنەکەی نووسیویەتی: (خوشکە باخەوان)، بەمەش هەندێك لە خوێنەران تورە دەبن و زوو وەڵامی دەدەنەوە، چونکە باخەوان دیارە ناوی کوڕە و ئەو بە ئەنقەست بە کچ ناوی دەبات.

لە ژمارە 180ی گۆڤاری (هەتاو)، ع. م. پیرمەسوریش لە لاپەڕە 28 - 30 گوتارێکی بۆ وەڵامی نووسینەکەی باخەوان بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستا گیوی موکریانی خۆشی لە لاپەڕە 30 گۆڤارەکەی خۆی (هەتاو)، وەڵامێکی بۆ باخەوان و ڕۆژنامەی (هیوای کوردستان) بەمشێوەیەی خوارەوە نووسیوە:

/ڕۆژنامەی هیوای کوردستانی خۆشەویست/ (سەردێر) لە یەکەمین ژمارەتانەوە بەبێ پسانەوە لە هەموو شوێنێکی ئێراقەوە چەندین وتار و ...ی سەیرمان لەبابەت لادانی ئێوە بۆهاتووە بەڵان لەبەر دوو هۆیان بڵاوم نەکردنەوە:

1 - ڕۆژنامەیەکی قوتابییانی کورد لە خاکی باباندا دەری بخەن و ناوی کوردستانی پێوەبی لەلام کفر بوو کە چاپخانەی کوردستان وەیان گۆڤاری هەتاو چتی ناشیرنی ئەم و ئەویان لەبارەدا بڵاوبکاتەوە.

2 - نووسینی ئەم و ئەو، کەمایەی ڕیسوایی و بەدناوی بۆ ئێوە تێدابی، با ئێوە کوردیش نەبن، با ڕۆژنامەکەشتان بە زمانی کوردی نەبی و ناوی کوردستانیشی پێوە نەبی لە تەمەنێکی (60)ساڵی وەکو من ناوەشێتەوە کە بەبێ لێکۆڵینەوە و کرۆك دەرخستنی بڵاویان بکەمەوە."6" بەخوێندنەوەی تەواوی نووسینەکەی مامۆستا گیوی موکریانی وێدەچێ، لە گوتارەکەی (باخەوان) زۆر تورەبوبێت، لەگەڵ ئەوەش، ڕێگا بەخۆی نادا زمانی زبر، وشەی ناشیرن، بگرە ڕەخنەی توندیش بگری و زۆر بەجوانی وەڵامی دەداتەوە و پاساویش بۆ وەڵامەکانی، شاری سولەیمانی و پایتەختی بابان و وشەی کوردستانە، کە بۆتە هۆی ئەوەی، مامۆستا گیو نووسین و گوتاری نابەجێ دژی ڕۆژنامەی (هیوای کوردستان) بڵاونەکردۆتەوە.

مامۆستا گیوی موکریانی، لەم وەڵامەی تەکنیکێکی یەکجار سەرکەوتو و جوانی بەکارهێناوە، کە هێشتا لە ڕۆژنامەی وڵاتانی ئازاد و پێشکەتووی سەردەمی خۆی باوەڕناکرێ نموونەی زۆربی. مامۆستا گیو، هەموو قسەکانی خۆی بێ وشەی زبر و بریندارکردن کرد، وەك ئەوەی هێشتا نەیەوێ بیکاو وەڵامیان

بداتەوە.. ئەم شێوە تەکنیکە لە ژانری چاوپێکەوتن بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ تەلەفزیۆن بەکار دێ، جگە لەوەی لەپێشخۆیەتی، لەجیهانی ڕەخنە و ڕۆژنامەگەری کوردش نوێیە و داهێنانە.

ڕەخنەکەی باخەوان لە ژمارە 10ی گۆڤاری هیوای کوردستان، بەمشێوەیەی خوارەوە بووە: "نازانم هەتاو چۆن ئەو وتارانەی بڵاوکردۆتەوە، کە هێشتا نووسینی وام لە هیچ ڕۆژنامە و کۆڤارێکا نەبووە دیارە ئەیەوێت کە نووسینەکانی لەگەڵ بیر و باوەڕی ئەواندا یەك بێت. جا بزانین کە هەتاو بۆکێ ئەنووسێت وە بۆچی ڕقی هەندێ کەس هەڵئەسێنێ بە نووسینەکانی."7" نووسەرێك بەناوی بێگەرد لە سولەیمانی وەڵامی ڕەخنەکەی باخەوان و (هیوای کوردستان) داوەتەوە و بەرگری لە مامۆستا گیو موکریانی و چاپخانەی کوردستان دەکا، کە دەنووسێ: بێگومان چاپخانەی کوردستان نەك هەر لە سەردەمی کۆماریدا بەڵکو 50 ساڵە خەریکی خزمەتی وێژەی و مێژووی کوردە و تێئەکۆشێ لە پێناوی بوژاندنەوەی میراتی نەتەوایەتی و زیندوکردنەوەی مافی خوراوی گەلی کورد. بەڵگەش بۆ ئەمە هەموو ئەو نووسینانەیەتی کە خوێندەوارە خەباتکەرەکان لە دەورەی کۆندا سوکنایی دڵی خۆیانیان پێئەدا تەنانەت هەندێ لە پاڵەوانەکانی ئێستا کە لەسەردەمی کۆندا نەیانئەوێرا سەر بەرز بکەنەوە و ئێستا بوون بە قوربانی ڕێگەی ئازادی و تیر ئەگرنە تێکۆشەران سەریان سوڕ ئەما و چاویان ئەبڵەق ئەبوو لەو نووسینانەی کە هەتاو ئەینووسین و پێیان ئەوت ئەوە چۆن ئەوێرێ ئەم جۆرە نووسینانە بڵاوبکاتەوە. بەڵام داخەکەم لە ئێستا و لەم سەردەمە تازەیەدا هەتاو خۆی گۆڕیوە و بووە بەجێگەی تیرتێگرتنی هەندێ کەس."8"

هەتاو ژمارە 184.. 31 - ئابی 1960. ل. 56 - 57

وەڵام بۆ خاوەندی ڕۆژنامەی – بەغدا /گیوی موکریانی/

لە ژمارە 116ی ڕۆژنامەی بەغدایە و لە لاپەڕە 5 دا شاڵاوێکی ناڕەوا کراوەتە سەر نەتەوەی کورد هۆزەکانی پژدەر و خۆشناو و بلباس کوردی کردۆتە (بەنی مخزومی) عەرەب و فەرمانڕەواکانی بادینانیشی کردۆتە عباسی و سۆران (تائی) و بابانەکانیشی کردۆتە خالدی. هەرچەندە درۆ و بوختانی وا شایانی وەڵامدانەوە نەبوو بەڵان سەبارەت بەدڵی برا کوردەکانی هەولێری کەمێکی لەخوارەوە وەڵام دەدەمەوە."9" گوتارەکەی مامۆستا گیو درێژە و لە لاپەڕە 3 - 7 لە ژمارە 185کۆتایی پێهێناوە. هەموو نووسینەکە بخوێنەوە، وشەی زبر یان شکاندن بەرچاو ناکەوی.

گۆڤاری ڕۆژی نوێ

لە کتێبی ڕۆژنامەوانی کوردی. گۆڤاری ڕۆژی نوێ 1960 - 1961 وەرگیراوە.

چەند ڕەخنەیەك لەناملیکەی (میر کچان): نەریمان

لەم دواییەدا ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردیدا بەجاری پشتی لێکراوە، بۆیە ئەبینین گەلێ پارچە هەڵبەست و نووسین و کتێبی کوردی (لاواز) بڵاوبوونەتەوە، بێئەوەی دەستەیەك نووسەری تایبەتی وامان هەبی لە پارێزدابن بۆ لە بێژینگدان و پاك کردنەوەی ڕێپیشاندانی نووسەرانمان.

چەند ڕەخنەگرێکمان جار بەجاری دێنە کایەوە ڕەخنەبازیێك ئەکەن هەندێکیان دڵسۆزانە ڕەخنە لە نووسینەکانمان ئەگرن و ڕێگای ڕاستمان پیشان ئەدەن لە هەمان کاتدا تاقمێك ڕەخنەگرمان هەن ئامانجیان تەنها هێرش بردنە سەر خەلقە و سارکردنەوەی نووسەرانە بۆیە ڕەخنەکەیان گرێ کونەی دڵیان ئەکاتەوە و لافاوی وشەی لیخن بەرامبەر نووسەری بەسزمان بەکار ئەهێنی. بەم تاقمە بوترێ (روخێنەر زۆر چاترە.)"10"

گۆڤاری ڕۆژی نوێ

لە کتێبی ڕۆژنامەوانی کوردی. گۆڤاری ڕۆژی نوێ 1960 - 1961 وەرگیراوە.

ژمارە 5 – ئابی 1960.. بەغدا – مچە. ل. 16

//میر کچان// ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ڕەخنەکەی کاك نەریمان// (پاشماوەی ژمارەی پێشو)

لەبارەی بەکارهێنانی چەند وشەیەکی عەرەبی لە نامیلکەکەدا لەگەڵتم مامۆستا نەریمان کە ئەوەندەی لە بارادا (لە توانادا) هەبێت ناشی وشەی عەرەبی بەکار بهێنین وە ئەمن ئەوانەی بەکارم هێناون تەنها بۆ ئەوەیە تا ڕستەکان ئەوەندەی بکرێت سوك و ڕەوان بن بەتایبەتی چونکە نامیلکە بە (موکریانی) نووسراوە. لاموایە هەموو خوێندەواران وە مامۆستا نەریمانیش ئاگادارن کە وشەی (بوونیە) کە (بوونیەتیە)، کە مامۆستا خستبوویە نێو وشە عەرەبیەکان، عەرەبی نیە و کوردیە. وە ئەمەش لە (بوون) وە هاتووە یانی (ووچو)، وە (بونیەکی) یانی (وجودیەت)."11"

گۆڤاری ڕۆژی نوێ

لە کتێبی ڕۆژنامەوانی کوردی. گۆڤاری ڕۆژی نوێ 1960 - 1961 وەرگیراوە. زاراوەکانی لێژنەی (ریازیات) لە ژێر وردبینی لێکۆڵینەوەدا. نووسینی جەمال نەبەز. سلێمانی 15 ئابی 1960.

لە ژمارە پێنجی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) دا، بەشێ لەو زاراوانە بڵاوکرابوونەوە کە لێژنەی دانان و دروستکردنی زاراوەی (ریازیات) دای رشتبوون و پەسندی کردبوون، ڕاستیەکەی، هەرچەندە لیژنەکە دوو کوردیزانی باشی وەك (هەردی) و (هەوری) گرتبووە خۆی، لەگەڵ ئەوەشا بەرهەمەکەیان بەرهەمێکی زۆر پوخت نەبوو. ئەمەش وەنەبی بە تەنیا گوناهی ئەوانەی کە بوونەتە ئەندامانی ئەو لیژنەیە. بەڵکو ئۆباڵی هەرە گەورەی ئەکەوێتە ئەستۆی کاربەدەستانی زانیاری. ئەو کاربەدەستانەی، ئەمە دوو ساڵی خشتە، ئەم کوردە بەسزمانە، هەر بەتەما و چاوەڕوانە، کەچی لە ئیمرۆ تا سبەی بەڵێنی ووشکەمز زیاتر،

هیچی تریان نەگەیاندووە. ئەگەر ئەڵێن وانیە! فەرموون.. ئەوە بەڕێوەبەرێتی زانیاری کوردی با بزانین لەماوەی ئەم دوو ساڵە دوور و درێژەدا چی کردووە بۆمان؟ تەنیا ئەوە بوو لەم دواییەدا بە ماوەی دوو سێ ڕۆژی، چەند لیژنەیەکیان رێ خست و گۆڕینی زاراوە زانستیەکان و نووسینەوەی هەندێکیان پێ سپاردن. جا لیژنەیەك کە ئاوا بە پەلە و کوتوپڕی دامەزرابی و داواشی لێکرابی، لەماوەی یەك دوو مانگا، بنچینەی زاراوەکانی زانستێکی لك لکاوی وەك (ریازیات) دابنێ، دیارە بەرهەمەکەی هەر ئەبێ وابێ، بگرە لەوەش خراپیتر نەبی باشتر نابی."[12]

نموونەی دیکە زۆرن، بەڵام من تەنیا ئەو چەند نموونەیەی سەرەوەم هێنایەوە، تێیدا پیشان دەدات، زۆربەی کات گوتارە ڕەخنەکان، وەڵامی نووسینی بڵاوکراوەن، جا خاوەنەکان چ کورد بووبن، چ بێگانە و گۆڤارەکانیش چ بە زمانی کوردی بووبن، چ بە زمانەکانی دیکەی بیانی، ڕۆشنبیرانی ئەوکات بە پێویستیان زانیوە وەڵامی بدەنەوە.

لە ژمارە 2 – مایسی 1960 گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) نووسینێك لەلایەن نەریمانەوە لەژێر ناوی:

چەند ڕەخنەیەك لەناملیکەی (میر کچان) بڵاوکراوەتەوە. ئەگەر بە وردی ئەم گوتارەی سەرەوە بخوێنینەوە، پیشانی دەدات، لەوکات ڕەخنەی روخێنەر بۆ بەرهەم هەبووین، بەڵام هەرنەبێ لە بڵاوکراوە ناحزبییەکان، خاوەنەکانیان سوکایەتییان پێنەکراوە.

لەم بەرهەمە، زیاتر باس لە ڕەخنە کرا، چونکە لە وەڵامی ڕەخنە، زۆر ئاسانە زبانی زبر بەکار بهێندرێ، یان ڕێساکانی ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی پشتگوێ بخرێ. بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوسەردەم، دەردەکەوێ، ڕەخنە هەبووە، بەڵام برینداربوون نەبووە و بە ڕێزەوە و بە بەڵگە نووسینەکان وەڵام دراونەتەوە و هیچ جارێکیش هێرش نەکراوەتە سەر خاوەنەکان، هەرچەندە ڕەوشی سیاسی کوردستان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕاگەیاندن ومێژووی ڕەخنەی توندی کوردی هەبووە.

ڕۆشنبیران بەسەر لایەنی جیا دابەشبووین و هەر لایەنە و بەگوێرەی پێویستی خۆی بەرگری لە بیر و بۆچوونی خۆی کردووە. ئەگەر لەم بوارە نموونەیەك بهێنینەوە، ئەوا ڕۆژنامەی (ئازادی) کە حزبی شیوعی ئێراقی بە نهێنی دەریدەکرد، لە ساڵی 1944 ڕەخنەی توندی دژی کەسایەتییەکانی کوردی و بەتایبەتیش مەعروف جیاوك و تۆفیق وەهبی بڵاوکردۆتەوە.

لە قۆناغێکی دیکەی شۆڕشی کوردستان لەکاتی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژنامەی (خەبات) هەردووك باڵ ڕەخنەی زۆر توندیان دژ بەیەك دەنووسی. جارێکی دیکە ڕەخنەی توند لەنێوان بیری نوێی سەر بە حزبی شیوعی و برایەتی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تەموزی 1973 تا مارتی 1974دەستپێکرد و گوتاری زۆر توند بەرچاو دەکەون. ڕۆژنامەی برایەتی، بەرگری لە کوردایەتی و شۆڕش دەکرد و حزبی شیوعیش، کە بیری نوێی دەردەرکرد، لەگەڵ رژێمی بەغدا

لە یەك بەرە دابوون و بەرگریان لە حکومەتی بەغدا دەکرد.

لە مێژووی ڕەخنەی کوردی وەنەبێ، تەنیا ڕۆژنامە سیاسییەکان، ڕەخنەی توندیان دژ بە ناحەزانیان نووسیبێ بەڵکو ڕویداوە، دوو شاعیریش دژ بەیەکتر شیعریان نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە وەك ئەو شەرە شیعرەی لەنێوان شێرکۆ بێکەس و حەمە سەدیق مەحمود هەبوو. ڕوویداوە لە نووسینی ڕۆژنامە بۆ نووسینی کتێب چووە و بەکتێب وەڵامی یەکتریان داوەتەوە. کتێبی د. حوسێن محەمەد عەزیز لە وەڵامی حەمە سەعید، کتێبی مەلابەختیار لە وەڵامی برایم جەلال.. ئەگەر کەمێك بچینە دواوە، لە شەڕی ناوەخۆ لە سەرەتای هەشتاکان لەنێوان بەرەی جود و بەرەی جوقەد، دیسان زمانی زبر بەکار هاتووە و ڕەخنەی توندیان دژ بەیەکتر نووسیوە. لە ناوەڕاستی نەوەدەکان و لە شەڕی ناوەخۆ، مێژوو دووبارە دەبێتەوە و جارێکی دیکە زمانی زبر لە ڕاگەیاندنی کوردی بەکار دێ. ئەوان تەنیا وەڵامی یەکتر بە وشەی رەق و توند نادەنەوە، بەڵگو زۆربەی جارەکان، بەرهەمەکان لە ڕەخنە چۆتە دەر و شەرە جوێنیان لەگەڵ یەکتر کردووە و بۆئەمەش سوودیان لە لکەکانی ڕاگەیاندن: ڕۆژنامە و گۆڤار، رادیۆ و تەلەفزیۆن وەرگرتووە. ئەمەی سەرەوە بۆتە مێژوو، بەڵام مێژوویێك، هاوڵاتی کورد شەرمی پێیەتی.

ژینگەی سیاسی، ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەرئەوەی، چۆن ڕەخنە بنووسرێ و چ زمانێك لە نووسینەکە بەکار بێ. لە ڕاستیدا، نووسینی ڕەخنە، پێویستە لەلایەن ئەو کەسانە بنووسرێ، کەلەبابەتەکە پسپۆرن و زیاتریش بۆ چاکردن و تێرکردنی کەموکورتی بێ، نەك ببێتە وەڵامێکی ڕەق و بریندارکەرانە. ڕەخنە بۆ تێرکردن و قوڵبوونەوە لە بابەت پەیدا بووە، بەڵام دیارە لە کوردستان لەکاتی گرژی بۆ بەرژەوەندی حزبی سوودی لێوەرگیراوە.

ئەگەر بە خێرا چاو بە مێژووی ڕەخنەی کوردی لە پەنجا ساڵی ڕابردوو بخشێنین، دەبیین لە زۆربەی کات، ڕەخنەنووسان، بەڕادان نووسینەکانیان نووسیوە یانیش ڕەخنەگران، کەسانی حزبی بووین و لە حزب فێری نووسینی ڕەخنەی توند بووینە، لەهەموو حاڵەتەکانیش، نووسینی ڕەخنە و بەکارهێنانی زمانی زبر و شکاندنی کەسی بەرامبە، دوورە لە ڕێساکانی ئێتیکی نووسین.

بۆ ئەوەی باشتر لە جیاوازی ڕەخنەگرتن تێبگەین، لەخوارەوە چەند نموونەیەك لە ڕەخنەی ئێستای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی باس دەکەین.

## ب - ڕەخنە لە ساڵی 2012 لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی

زۆربەی کات کەسێك بەرهەمێك بڵاودەکاتەوە، قسەیەك لە میدیاکان دەکا و دواتر وەڵامی دەدرێتەوە، هەندێکجار وەڵامەکان توندن و بۆنی خوێن و شەڕیان پێوەیە. لە هەندێك شوێن، پێویست ناکا وەلامی توند بنووسرێ، وشەی زبر بەکار بێ، چونکە پلە و پایەی شوێنەکە ڕێگای پێنادا.. ئەگەر وەڵامەکە بە فاکت دەوڵەمەند بکرێ، زۆر باشتر دەبی. بەکارهێنانی وشەی زبر، ناکاتە ئەوەی پەیامەکە زووتر و باشتر

دەگا.. وەڵامی توند بەهیچ شێوەیەك نابێ لە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی پەرلەمان و تەواوی وەزارەتەکان بەکار بهێندرێ. وتەبێژەکانی ئەم سێ شوێنە و تەواوی وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێم، لەسەریان پێویستە زۆر هێمنانە وەڵامی ڕەخنەکان بدەنەوە و بەهیچ شێوەیەك شێلو و نەبن. بۆ ئەوەی کاری خۆشیان پسپۆڕانە ئەنجام بدەن، پێویستە فێر بکرێن، چونکە لەڕاستیدا، هەموو کەسێك ناتوانی ئەم ئەرکە گرانە پسپۆڕانە ئەنجام بدات، ئەگەر کەسەکە بەشداری لە خولی تایبەت بە قسەکردن لەگەڵ میدیا نەکردبێ.

نموونەی یەکەم

لەخوارەوە نموونەیەکی وتەبێژی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێم د. ئومێد سەباح عوسمان بۆ لێدوانەکەی یاسین مەجید وتە بێژی نوری مالیکی وەك خۆی دەنووسینەوە، کەلە ماڵپەڕی خەندان لە ڕۆژی 19 - 3 - 2012 لە کاتژمێر 09.28 وەرمگرتووە و تا ئەوکاتیش 2059 جار خوێندرابۆوە.

(دەشێت بە توندی و وردتر وەڵامی دەستدرێژی و قسە هەڵبەستراوەکانی یاسین مەجید وتەبێژ بەناوی مالیکییەوە بدەینەوە، بەڵام ناوبراو شایەنی ئەوە نییە وەڵام بدرێتەوە، تەنیا حەز دەکەین ئاماژە بەمەی خوارەوە بدەین: هاوپەیمانێتی نێوان کورد و شیعە لەوە پتەوترە کە قسە بێ سەروبەرەکانی کەسانی لە شێوەی یاسین مەجید زیانی پێبگەیەنێت. بەڵێ ئاکار و نەریتی کوردی بەردەوام ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت ئەوە ڕەت بکەینەوە سەر بە کەسانی دیکە بین و پابەندی بەڵێن و سوێندەکان بین و لایەنی هەق بگرین و بەگژ دیکتاتۆریەتدا بچین. لەو بڕوایەشدا نین بەڕێز یاسین مەجید واتای نەریت و ئاکارانە تێبگات. ئامۆژگاری یاسین مەجید و ئەو کەسانە دەکەین کە هانی دەدەن دەستدرێژی بکات، فێری ئەدەبی قسەکردن بن و بزانن کە عێراق موڵکی ئەوان نییە.

دکتۆر ئومێد سەباح عوسمان وتەبێژی فەرمی بەناوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – 19 - 3 - 2012)

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئێتیکی کوردانە ڕێمان نادات تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار تەسلیمی بەغدا بکەینەوە.

دواتریش یاسین مەجید پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا ڕایگەیاند: سەری سوڕدەمێنێت لەوەی ئێتیکی کوردانە ڕێیدات بەوەی کورد میوانداری کەسێك بکات، کە تۆمەتبارێت بە کوشتنی کەسانی بێتاوان.. هەروەها وتی: چۆن ئێتیکی کوردانە لە 31 ئابی 1996 دا ڕێیدا بەوەی دەزگای هەواڵگری هێزەکانی سەدام بچنە هەولێرەوە...)

ئەم نووسینەی سەرەوە و وەڵامی وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم، جگە لەوەی زۆر خراپە، نامەنتقیەتیشی زۆر تێدا لەخوارەوە ڕستە توندەکانی د. ئومێد سەباح دەنووسینەوە و کەموکورتییەکان بەخاڵ دەستنیشان

دەكەین:

1 - دەشێت بە توندی و وردتر وەڵامی دەستدرێژی...(ئەم كۆپلەیە هەڕەشەیە).

2 - ناوبراو شایەنی ئەوە نییە وەڵام بدرێتەوە (یاسین مەجید ئەندام پەرلەمانی ئێراقە و لەهەمان كاتیش وتەبێژی سەرۆك وەزیرانی ئێراقە، ئەگەر شایەنی وەڵام نەبێ، بۆ وەڵامدراوەتەوە؟)..

3 - قسە بێ سەروبەرەكانی كەسانی لە شێوەی یاسین مەجید زیانی پێبگەیەنێت...(قسەكانی یاسین مەجید بێ سەروبەر نین و بە زمانێكی ئاسان و ڕەوان پەیامی گەیاندووە، دیاریشە لە كاری خۆی پسپۆرە).

4 - لەو بڕوایەشدا نین بەڕێز یاسین مەجید واتای نەریت و ئاكارانە تێبگات...(چۆن دەزانی؟ ئەو بڕوایە لەچییەوە هاتووە).

5 - فێری ئەدەبی قسەكردن بن و بزانن كە عێراق موڵكی ئەوان نییە...(وتەبێژ كاری مامۆستایەتی نییە، كە خەڵك فێری قسەكردن بكا.. دادوەریش نییە، ڕوونی بكاتەوە، ئێراق وڵاتی كێیە و كێ نییە)

د. ئومێد سەباح، جگە لەوەی زۆر ناپسپۆرانە وەڵامی یاسین مەجیدی داوەتەوە، هەڵچوونیشی پێیوەدیارە و لایەنی ئێتیكی ڕاگەیاندنیش بیری لێنەكراوەتەوە.

ئەگەر كەسێكی پسپۆر وەڵامی یاسین مەجیدی نووسیبا بەو شێوەی خوارەوە دەبوو:

(لێدوانەكەی بەڕێز یاسین مەجیدم خوێندەوە و تەواو نیگەرانی كردم. خۆشی وەك من دەزانی ناهەقی بەرامبەر بە جەنابی سەرۆكی هەرێم بەڕێز مەسعود بارزانی كردووە، قسەكانی توندن و سەدان هەزار كوردی لەگەڵ من بریندار كردووە...

جەنابی سەرۆك، لەوكاتەی باسی لە ئەخلاقی كوردانە كردووە، دیارە باش لێی تێدەگا، بۆیە باسی دەكا. ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لە زووەوە فێركراوین، لەكاتی لێقەومان بەهانای كەسەكانەوە بچین. باشە هەر خزموكەسی كاك یاسن مەجید نەبوون تەیمور و دەیان كەسی دیكەیان لە شاڵاوی ئەنفال ڕزگار كرد.. هەر شاخەكانی كوردستان و پێشمەرگەكانی كورد و ئەخلاقی كوردەواریش نەبوو، بەهانای جەنابی نوری مالیكی هاتن و باوەشیان بۆیكردەوە و لەگەڵ ئەویش هەزارانی دیكەی باشوور خزمەتیان كرا.

جەنابی سەرۆك لەوكاتەی باس لە ئەخلاقییات بە گشتی و ئەخلاقییاتی كوردانە بەتایبەتی دەكا، ئەوانەی سەرەوە باش دەزانی، بۆیە ئەو قسەی كردووە).

لەم وەڵامە جگە لەوەی كەس بریندار نەبووە، باسكردنیشە لە مێژووی پەیوەندی نێوان عەرەب و كورد...

نموونەی دووەم

لە مارتی 2012 كەشوهەوایەكی سیاسی زۆر نالەبار لە كوردستان پەیدا بوو. خەڵكێكی زۆر چاوەڕێبوون، سەرۆكی هەرێم ئیعلانی دەوڵەتی كوردی بكا، بۆ ئەوەش چەندین جار لە گوتەكانی، ئێمەی جەماوەری

ئاگادارەکردەوە، بەوەی بەم نزیکانە موژدەی هەواڵێکی خۆشمان پێدەدا. گەنجانی پارتی دیموکراتیش هەواڵەکەیان شیکردبۆوە، بە SMS و لە ڕێگای مۆبایل و فەیسبووك، نامە دەهات و دەچوو، کە جەنابی سەرۆك بڕوای بە کۆمەڵێك وڵات و سەرکردە هێناوە، کە ئیعلانی دەوڵەتی کوردی بکات و ئەوانیش پشتگیری بکەن و دەوڵەتەکانی دیکەش، بەردەوام کاریان لەسەر دەکرێ. لەناوەندی ئەم بارودۆخە سیاسییە ناخۆشە، لە میدیاکانی کوردی دوو ڕا دروستبوون. یەك بەوەی سەرۆك مەسعود بارزانی لەگەڵ ئیعلانکردنی دەوڵەتی کوردییە و یەکێتی و ئەندامان و بەتایبەتیش سەرۆك کۆمار، مام جەلال تاڵەبانی دژی دروستکردنی دەوڵەتی کوردین. لە ناوەندی ئەم شەڕە ساردە، دیارە مام جەلال بۆ هێورکردنەوەی کەشو هەواکە، قسەی کردووە و تێیدا گوتوویەتی، کە هێشتا زووە و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لەم کاتەی ئێستا، خەونی شاعیرانەیە.

نەورۆز هات و ڕۆیشت، ئەو قسەی سەرۆکی هەرێم دەبووایە لە پارکی شانەدەری هەولێر لەبەردەم میوانی خۆیی و بیانییەکان بیکردبا، نەکرا و بەمەش نووسینی زۆر دژبەیەکتر لە نێوان ئەندامانی پارتی و یەکێتی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەیدابوون.

یەك لەو گوتارانە ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی هەرێم فەیسەل دەباغ لە ڕۆژنامەی هەولێر لە 21 - 4 - 2012 بەناوی: /با خەون بێت، بەڵام نائومێدمان مەکەن/ نووسیبوو و بڵاوی کردبۆوە. مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەمان ڕۆژ وەڵامێکیان بەناوی: /تکایە قسە مەکە، با لە خەونەوە نەبێتە مۆتەکە!!/.. دابۆوە.

فەیسەل دەباغ لە نووسینەکەی ئامۆژگاری سەرۆك کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی دەکا، کە دەنووسێ: (ئەو کەسانە لێدوانی وا نەدەن میللەت بێئومێد بکات)...

وەڵامی مەکتەبی ڕاگەیاندن توندەو بەمشێوەیەیە: (ئێمە فەیسەل دەباغ ئاگادار دەکەینەوە، کە دەم لەبابەتی لەم جۆرە نەکوتێت، چونکە ئەهلیەتی قسەکردنی نییە لەبارەی هەڵوێستی مام جەلال و خەڵکی تریشەوە، چ جای قسەکردن لەبارەی دەوڵەتی کوردی، بڕواشمان وایە گەر کەسانی وەکو فەیسەل دەباغ دەمڕاستی قسەکردن بن لە دەوڵەتی کوردی ئەوا پرسی بەدەوڵەتبوون لە خەونەوە دەبێتە مۆتەکە). وەڵامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی بەم ڕستەیە کۆتایی دێ: ئەم جۆرە نووسین و لێدوانە نابەرپرسیارانەی فەیسەل دەباغ کە یەکەم جار نییە، بەڵام هیوادارین دواجاری بێت، پێش هەموو شتێك کاریگەری خراپ بۆ سەر ئەم دۆخە دروست دەکا."13"

ئەگەر بە وردی لەم نووسینانە بکۆڵینەوە، دەبینین نووسینی هەردووك لا توندە و لایەنی ئێتیکی ڕاگەیاندن فەرامۆش کرایە. فەیسەل دەباغ ئەگەر کەسێکی ڕۆژنامەنووس یان نووسەر بووایە بۆی هەبوو، هەر نووسینێك دژی هەر کەسێك لەم وڵاتەی ئێمە، بنووسێ و ڕەخنە لە هەر رەفتار یان هەڵوێستێگ بگرێ،

بەڵام ئەو کارەی ئەو لە نووسینەگەی سەرۆکی هەرێم بەناوی ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن هەیەتی، جگە لەوەی ڕێگای پێنادا ئەمجۆرە گوتارانە بنووسێ، بە ئاشکرا و لە ڕێگای نووسینەوە ئامۆژگاری سەرۆك کۆماری ئێراق بکا، بەڵکو لایەنی ئەخلاقیش ڕێی پێنادا، گرژی لەنێوان یەکێتی و پارتی دروست بکات و سەدان هەزار کەس بریندار بکا. لە هەمان کات، کاری ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن، ئەگادارکردنەوەی سەرۆکە لە ڕەوشی ڕاگەیاندن و یارمەتیدانی ئەوە، باشتر لە ڕاگەیاندن بگا و لەکاتی پێویستیش لێدوان لەسەر بابەتی هەنووکەیی بدا. ئەگەر ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن، وریا و زیرەك بێ، دەتوانی تێکستی خوتبە و لێدوانی سەرۆکیش ئامادە بکا، نەك نووسینی گوتاری توند دژ بە هەڵوێستی کەسێکی وەك تاڵەبانی، کە خاوەنی بیرۆکەی مافی چارەی خۆنووسینە بۆ کورد و سەرۆك کۆماری ئێراقە...

ئەم نووسینەی فەیسەل دەباغ دەرگای بۆ کۆمەڵێك نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دەزگای ڕاگەیاندنی جیا جیا کردەوە، وەڵام بدەنەوە. دیارە هەندێك لەو وەڵامانە توند بووین.

بورهان حاجی سلێمان لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی هەواڵ لاپەڕە 16لە 26ی ئایاری 2012 گۆشەیەکی بەناوی /شەکری تاڵ/: جەنابی سەرۆك ئاگای لە ڕاوێژکارەکەیەتی؟ بڵاوکردۆتەوە و تێدا بەمشێوەیە دەست بە نووسین دەکرێ:

لەو ڕۆژەوەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەڵامێکی نەرمونیانی، وتارێکی فەیسەڵ دەباغی داوەتەوە کە لەسەر تاڵەبانی نووسیبووی، ئیتر ئەو بەڕێزە ئەوەندەی تر قەڵەمەکەی تیژ کردووە، تا بەگژ دار و دیواردا بچێتەوە، کە دوایینیان هەڕەشەکەی بوو بە ناونیشانی: (ئەگینا عەرش و عرووشی هەر هەمووتان تێکدەدەم!!)

نووسەر حەوت خاڵی هاوبەشی لەنێوان وتەبێژی مالیکیی و سەرۆکی هەرێم نووسیوە:

1 - هەردووکیان وتەبێژن!

2 - هەردووکیان نازناویان دەباغە!

3 - هیچیان خەڵکی کەرکوك نین!

4 - هەردووکیان گێچەڵ بە کەرکوکیەکان دەکەن!

5 - هەردووکیان لێدوان و وتاری ئاگرین دەدەن و دەنووسن!

6 - هەردووکیان حەزیان بە گەرمکردنی وەزعەکەیە!

7 - هەردووکیان حەسانەیەکی عەجایەبیان لای سەرۆکەکانیان هەیە!

نووسەر لە گۆشەکەی دەنووسێ: من نازانم تا چەند بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاگای لەو ڕاوێژکارەی هەیە کە لە حاڵی حازردا ئیشی نییە بێجگە لە شەڕفرۆشتن، تۆ بڵێی سەرۆك ئەو ڕاوێژکارەی کە خۆی بەشاخ ئەشوبهێنێ بۆ شەڕی یەکێتی و

كەركوكیەكان دانابێت، یان بۆ ئاگاداربوون لە حاڵی میللەت و ڕاییكردنی كاروباری ئیعلامی سەرۆكایەتی؟

نووسینی بورهان حاجی سلێمان بۆ وەڵامی فەیسەل دەباغ یەك لە گوتارە توندەكانە، لەگەڵ ئەوەش خوێنەر هەست بە برینداربوون ناكات. ئەم نووسینە تەنیا وەڵامە، بە ئەرگومێنت و فاكتیش دەوڵەمەندی كردووە.

ئەم هەموو نووسین و ڕەخنانەی دژ بە گوتارەكەی فەیسەل دەباغ نووسران، دیارە ئەویان زیاتر بریندار كردو و قەڵەمەكەیان تیژتر كرد. فەیسلە دەباغ نەیدەزانی، شەڕكردن دژ بە ڕۆژنامەنووس، پێش دەستپێكردن پێویستە ئاڵای سپی بۆ هەڵبكەی. شەڕ دژ بە ڕۆژنامەنووس لەو وڵاتانەی یاسا سەروەرە، بە دۆڕاو لەقەڵەم دەدرێ، لە وڵاتێكی وەك كوردستان زووتریش دەدۆڕێ. هەندێك لە بەرپرس و ڕاوێژكارانی سەرۆك و كەسانی بەرپرسی گەورە، لەبەر ئەوەی لە خەڵك دابڕاون، زۆرجار بۆچوونەكانیان هەڵە دەردەچێ، نووسینەكانیان ئیستۆك و كاردانەوەی پێچەوانەی لێ دەكەوێتەوە، بەهیچ شێوەیەكیش ئەوەی ئەوان چاوەڕێن، دەستیان ناكەوێ. ئەوان كار بۆ وەرگرتنی پشتگیری زیاتر لە بیروبۆچوونیان دەكەن، كەچی خەڵك لێیان زیاتر دەتۆرێ و هێشتا لێیان دوورتر دەكەوێتەوە.

جۆرە سیستێمێك لە كوردستان دروست بووە، ڕاوێژكار بەهۆی ئەم هەموو ئیمتیازاتانەی وەگیری دەكەوێ دەگۆڕێ و بۆ پتەوكردنی پێگەی خۆشی، هێواش هێواش ئەو قسانە دەكا، كە لە بەرژەوەندی سەرۆكە، دواتریش خۆی دەكەوێتە بازنەیەكی بیروكڕات و سەقەت و بێكۆتایی، هیچ سوودی بۆ بەرپرس یان سەرۆكی خۆی نامینێ. ئەمە هەموو لایەك باش دەیزانی، بۆیە بەرپرس یان سەرۆكیش پاش ماوەیەك لە دامەزراندن هیچ ڕاوێژی پێناكا. كار و پیشەكەی لەجیاتی ببێتە یارمەتی بۆ سەرۆك، دەكەوێتە قالبی خشتی قوڕ و تەنیا بە وەرگرتنی مووچەی نوێ و بێ كاری و ژیانێكی دوور لە ئەبدەیتكردنەوەی زانیارییەكانی خۆی.. لەسەر كار و لەكاتی خۆی ئامادەیە، بێ ئەوەی كار بكا یان كار بۆ ئەو هەبێت...

بەگوێرەی ئەو نووسینانەی لە مانگی مارتی 2012 دژ بە ڕاوێژكاری سەرۆكی هەرێم فەیسەل دەباغ نووسراین، وێدەچی ئەو لە هەموو ئەو ساڵانەی وەك ڕاوێژكاری ڕاگەیاندن لای سەرۆك كار دەكا، نەك هەر نەیتوانیوە زمانی هاوبەش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان ببینێتەوە، دۆست و برادەری زیاتر بۆ سەرۆك لەناو ڕۆژنامەنووسان پەیدا بكا، كار و ژیانی سەرۆكی هەرێم لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان ئاسان بكا، كە بەهەمووشی ببێتە خزمەتكردنی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، بەڵكو بەو كار و نووسینانەی خۆی، سەرۆكیشی تووشی سەرئێشە و گێچەڵ كردووە و لە دەیان وتاری توند و ڕەخنە ئامێز ناوی سەرۆك دێ، كە پێویستی نەدەكرد ناوی ئەوی هەر تێدابێ.. وەك: بۆچی سەرۆك سنوورێك بۆ ڕاوێژكارەكەی دانانێ..

ئەم كاردانەوەی سەرەوە، فەیسەل دەباغ توڕەتر دەكا و لە ڕێكەوتی 22 - 5 - 2012 لە ڕۆژنامەی هەولێر و تەواوی لاپەڕەی دوو گوتارێك بەناوی:

**بەسە و بیبڕنەوە**

**ئەگینا عەرش و عرووشی**

**هەر هەمووتان تێك دەدەم**

لەگەڵ ئەم چەند دێرەی سەرەوە، وێنەیەکی زۆر تورەی نووسەریش داندراوە.

لەڕاستیدا، فەیسلە دەباغ ئەم گوتارەی نووسیوە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئالا تاڵەبانی لە بەرنامەیەکی NRT ی گوتوویەتی، کە فەیسەل دەباغ بەعسی بووە. ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم، یەك لاپەڕەی ڕۆژنامەی نووسیوە و باسی کۆمەڵێك شتی کردووە، وەك چۆن باوکی 13 ساڵ پێشمەرگە بووە، بەندکراوە و دوورخراوەتەوە، کەچی بەیەك وشە نەیگوتووە، کە ئەو بەعسی نەبووە. کەسێکی پسپۆر لە ڕاگەیاندن بە جۆری دیکە ئەو گوتارەی دەنووسی. پێش هەموو شتێك، لە دێری یەکەم، پێویست بوو پاساو بۆ بەعسی بوونی خۆی بهێنێتەوە، کە ناچار کراوە ببێتە بەعسی، چونکە کوڕی تێکۆشەرێکی وەك باوکییەتی.. هەرچەندە بە بڕوای من هیچ پاساو بۆ بەعسی بوون بۆ هیچ کەسێك نییە و بەعسی بوونیش دەکاتە ئەوەی، تۆ ئەندامی حزبێکی سیاسی و ئەو حزبەش، کار بۆ نەمانی کورد دەکا، شەڕی پێشمەرگە دەکا، سیمای کوردستان دەگۆڕی و گوند و شارۆچکە وێران دەکا و بەشێك لە دانیشتووانی دەگوازێتەوە و ئەوەی دیکەش دەکوژێ، ئەنفال دەکا و بە چەکی کیمیاوی دانیشتوانی بێ چەك بۆردومان دەکا و لەناو دەبا.. تۆ کە ئەندامی ئەو حزبە بیت، دیارە بە هەموو ئەوانەی سەرەوە رازی بوویت.

هەزاران گەنجی کورد، لە زانکۆ و پەیمانگا دەرکران، چونکە نەبوونە بەعسی، گیران و بەندکران، نەبوونە بەعسی، کوژران و دوورخرانەوە و ڕاونران، هێشتا نەبوونە بەعسی.. من باس لەوانە هەرناکەم، بوونە پێشمەرگە یان لە ریزەکانی ڕێکخستنی نهێنی لەناو شار و شارۆچکەکانی کوردستان کاریان دەکرد. یەکێك بەعسی بووبێ، بێشك خیانەتی لە میللەتەکەی خۆی کردووە، بۆ ئەوەی خۆی بسمیل بکا، هەرنەبێ لەجیاتی پاساو هێنانەوە، باشترین دەرمان ئیعتراف کردنە. فەیسەل دەباغ لە جیاتی ئەم وەڵامە توندە، کە هەموو ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندنی جگە لەوەی پێشێل کردووە، جوێن و هەڕەشەکانی دەیان هەزار کەسی بریندار کردووە، بەیەك ڕستە و بینووسیبا: (بەڵێ ئالاخان من ئەندامی حزبی بەعس بووم، ئەمە نەك هەر هەڵەیەکی گەورەیە، پەڵەیەکی ڕەشە بەنیوچەوانمەوە، تا مردنیش ناسڕێتەوە و هەر دەمینێ، بەڵکو خیانەتێکی گەورەشە، بەڵام چی بکەم، ناتوانم کاتژمێر بۆ دواوە بگێڕمەوە.. من هەرچەندە بەعسی بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بە ژیانم دەستم لە گرتن، بردن، کوشتن...هتد یەك کورد نەبووە. جەنابی سەرۆك بە گەورەیی خۆی لێمخۆشبووە، هیوادارم هەموو خزم و برادەر و ئێوەی خۆشەویستیش لێمخۆش بن...)

خوێنەر بە نووسینێکی لەم شێوەیە، لەجیاتی ڕقی لە فەیسەل دەباغ ببێتەوە، خۆشیان دەویست و تێدەگەیشتن، لەگەڵ خۆی نزیکەی 700 هەزار کەسی دیکەی بەعسیش هەبوون. خوێنەر سەرۆك

بازانیشی لا خۆشەویست تر دەبوو، کە شانسێکی نوێ، هیوایەکی نوێ بەخەڵك بە گشتی و بە یەك لە ڕاوێژکارەکانی دەبەخشێ و هەمووشی دەکاتە لێبووردەیی. کەس ناتوانی ڕابردووی خۆی ڕەشبکاتەوە، نەهێڵێ، بەتایبەتیش ئەگەر ڕابردوو ڕەش بێ، چونکە لە کوردستان ژیانی خێڵەێکی بەسەرمانەوە زاڵە و هەموو یەکتر دەناسین...

فەیسەل دەباغ بەمشێوەی خوارەوە دەست بە نووسینەکەی خۆی دەکا:

کۆپلەی یەکەم

بڕیارم دابوو، وەڵامی قسەکانی (ئاڵا تاڵەبانی) نەدەمەوە و هەر بە جارێك فەرامۆشی بکەم، چونکە هەندێ جار فەرامۆشکردنی ئەو جۆرە کەسانە باشترین وەڵامە، بەڵام بە هۆی پێداگرتنی هەندێ برادەری ئازیز لەسەر وەڵامدانەوەی و تەجاوەزی ئەو پەرلەمانتارە لەسەر هەندێ مەسائیلی تایبەت بە شەخسی خۆمەوە، لەو بڕیارە پاشگەز بوومەوە و حەزیش دەکەم هەموو کەس و لایەنێك ئەم وەڵامەی من وەکوو وەڵامێکی شەخسی وەرگرن، چونکە بە هیچ شێوەیەك تەعبیر لە هەڵوێستی هیچ لایەنێك ناکات.

ئالا تاڵەبانی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی NRT نەك تەنیا یەك فاوڵ، بەڵکو دەیان فاوڵی کرد...

کۆپلەی دووەم

یەك لەو فاوڵانەی کە کردی کاتێ منی بە پیاوێکی کۆنەبەعسی تۆمەتبار کرد کە ئەمەیش نەك هەر لەسەر ئەو حسێبە، بەڵکو لەسەر کەناڵەکەیش کە ڕێ دا ئەو دەستەواژەیە بڵاو بکرێتەوە کە ئەمەشیان مەسەلەیەکە دەکرێ لە ڕێی یاساوە چارە بکرێ..

کۆپلەی سێیەم

ئەمە یەکەم جار نییە تۆمەتی وام دەدرێتە پاڵ..

کۆپلەی چوارەم

باوکم خاوەنی 13 ساڵ پێشمەرگایەتییە و چەندین جاریش تووشی بەندکردن و دوورخرانەوە بووەتەوە کە دواترینیان قەزای (سوق الشیوخ)ی سەر بە پارێزگای (زیقار) بوو..

کۆپلەی پێنجەم

لە ڕاستیدا ئەو ئافرەتە ئەوەندە سادە و ساکارە کە مرۆ گوێی لەو قسانەی دەبێت پێکەنین دەیگرێ، باشە ئەگەر من پیاوی ڕژێم بووبم، ئەی خاتو (ئاڵا) دەبێ چی بووبێت؟ من دەزانم خوشکەزای کێیە و باوکی کێ بووە و خاڵوانی تری کێن و چۆن تا کۆتایی هەشتاکان خۆی و خانەوادەکەی لە کەرکوك بوون و چۆنیش لە کاتی ئەنفالەکاندا هاتوونەتە کۆیە و ئیتر ئەو شووی کردووە و چووەتە دەرەوەی وڵات و پاش چەند ساڵێك بە تەنیا گەڕاوەتەوە سلێمانی...

کۆپلەی شەشەم

ئەگەر من بەعسی بووم خۆ لە ناو خێزانەکەی تۆیش نەك هەر بەعسی، بەڵکوو کەسانی وای تێدابوو کە سەر بە دەستگە ئەمنییەکانی ئەوسا بوون و خەڵکی کۆیەش باش دەزانن کە لە کاتی ڕووداوێکی گەورەدا کە کەس نەیدەوێرا خۆی بکاتە ساحێب، پەنایان دەبردە بەر خێزانەکەی ئێوە چارەسەری بکەن و ئەگەر مەجبوریشت کردم، ئەوا دەتوانم ناوی یەکەیەکەی ئەو ئەندامانەی خێزانەکەت بڵاو بکەمەوە!!!...

کۆپلەی حەوتەم

من (ئاڵا تاڵەبانی) بەو منداڵە ساوایە دەشوبهێنم کە دێ و فوو لە دەبدەبەکەی خۆی دەکا، بە بێ ئەوەی حسێب بۆ قەبارەکەی بکا، ئیتر لەناکاودا دەبدەبەکەی دەتەقێ و منداڵەکەیش دەست بەگریان دەکا. هێشتا ئەو ئافرەتە هەستی بەوە نەکردووە کە ئەوەی ئەو دەیکا تەنیا سەر لەبەردی ئەلحەددانە و ئەگەر هەموو توانا و بوختانەکانیشی کۆ بکاتەوە، ناتوانێ لە بەردەم شاخێکی بەرزی وەکو مندا بوەستێ و ڕووبەڕووم ببێتەوە...

کۆپلەی هەشتەم

(ئاڵا خان) وا نەزانێ کە ئەم وەڵامەی من توندە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەر زۆر نەرمە و موراعاتی زۆریشم کردووە و هەر لێرەیشەوە بە خۆی و ئەوانەی هانی دەدەن دەڵێم با ئەو مەسەلەیە ببڕێتەوە، ئەگینا ئەگەر دووبارە کرایەوە، ئەوا عەرش و عرووشی هەر هەمووتان تێك دەدەم و نهێنی وا باس دەکەم کە عەقڵ پێی بوەستێ، هەر لە خاوەن فایلەکان و مەسەلەی (عەدنان ئەلئەسەدی) کە لەو بڕوایەدام (ئاڵا خان) زۆر پێی نارەحەت دەبێ، تا دەگاە درکاندنی ناوی ئەو نووسەرانەی کە لە هەشتاکان سەر بە ئەمنی شیمالی بوون و هەر بە ئیعازی ئەو دەستگەیە چوونە دەرەوە کە ئەمڕۆ بەرپرسی گەورەن و ڕۆڵێکی زۆر خراپ دەبینن لە هاندانی ئەم و ئەو بۆ هێرشکردنە سەرم.

ئەوەی سەرەوە ڕەخنەیەکی یەکجار توندە، من وەك نموونەیەکی زیندووی ڕۆژنامەگەری کوردی هێنامەوە و چەند کۆپلەیەکم وەك خۆی نووسیوە، بۆئەوەی تێبگەین، ڕەخنە لە سەردەمی پیرەمێرد و سەید حوسێن حوزنی موکریانی چۆن دەنووسرا و لە قۆناغی ئێستاش چۆن دەنووسرێ.

ڕۆژنامەنووسێکی گەنج دەتوانی بەمشێوەیەی سەرەوە بنووسێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك لەژێر هەر پاساوێك بێت، ناکرێ کەسێکی بەتەمەن و خاوەن ئەزموون و بەکاریش ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم، ڕێگای پێبدرێ لەمجۆرە نووسینانە بنووسێ و لەمەش خراپتر بڵاوی بکاتەوە. لە خوارەوە هەندێك لە کۆپلەکانی پێشتر هێندرابوونەوە لە لایەنی ئەخلاقییەوە باسی دەکەین:

کۆپلەی یەکەم

پیشەی ڕۆژنامەنووس یەك لەو پیشانەیە، تا مرۆڤ بەئاگا بێت، ئەو ڕۆژنامەنووسە، چونکە کاتی کارکردنی دیار نییە. پیشەی ڕاوێژکاریش بەهەمان شێوەیە و بەتایبەتیش ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن و لەمەش ڕاوێژکاری

سەرۆکی هەرێم. راوێژکاری ڕەسمی سەرۆکی هەرێم، بە هیچ شێوەیەك ناتوانی و بۆشی نییە گوتارێك بنووسێ و بڵێ: ئەمە ڕای خۆمە.. ڕاوێژکار ڕای خۆی نییە و ناشبێ هەیبێ، بەتایبەتیش لەسەر پرسیاری هەستیار و هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسان، چونکە لای سەرۆك کاردەکا.. فەیسەل دەباغ پێویست بوو، ئەوەی سەرەوە باش بزانێ و لە ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی، بۆیان ڕوونبکردبایەوە یان خۆی بەدوای سەرچاوە گەرابایە، کە ماف و ئەرکی ڕاوێژکاری سەرۆك چییە، بۆئەوەی شتەکانی لێ تێکەڵ نەبا. (... حەزیش دەکەم هەموو کەس و لایەنێك ئەم وەڵامەی من وەکوو وەڵامێکی شەخسی وەرگرن، چونکە بە هیچ شێوەیەك تەعبیر لە هەڵوێستی هیچ لایەنێك ناکات...). ئەم قسانەی لە فەرهەنگ و کاری پیشەی ڕاوێژکاری کەس بە یەك فلوس لێی ناکڕی..

کۆپلەی دووەم

لە بەرنامەی ڕاستەوخۆ، ئەوەی دەگوترێ، ناتواندرێ ڕەش بکرێتەوە، خۆ نووسین بە کۆمپیوتەر نییە، دێلیت بکرێ. فەیسەل دەباغ دەیتوانی داوای یاسایی لەسەر ڕۆژنامەنووس و ئاڵا تاڵەبانی تۆمار بکات، بەڵام ئەگەر ئەو پێشتر بەڕاستی بەعسی بووبێ، بێشك لە دادگا دەیدۆڕاند.

کۆپلەی سێیەم

کەس ناتوانی ڕابردووی ڕەش بکاتەوە، چۆن بووە، هەروا دەمینێ، باشترین دەرمان خستنە ڕووی ڕاستییەکانە...

کۆپلەی چوارەم

لێرە دەبوایە بنووسرابا، باوکی لە چ ساڵێك پێشمەرگە بووە و چ ساڵێکیش بۆ خوارووی ئێراق گواستراوەتەوە.. ناشکرێ بنووسرێ: (چەندین جاریش تووشی بەندکردن و دوورخرانەوە) دەبێ جارەکان چەندن بە ژمارە بنووسرێن.. ئەگەر کەسێك نەزانی چەندجار باوکی لەسەر کوردایەتی گیراوە، دیارە ئەو کەسە کوردایەتی لا گرنگ نەبووە، بۆیە بایەخی پێ نەداوە.. لەڕاستیدا، گرتن لەسەر کوردایەتی، گەورەترین شەرەفە، کەسێك وەریدەگرێ و هەموو ژیانیشی شانازی پێوە دەکا...

کۆپلەی پێنجەم

لەم کۆپلەیە، فەیسەل دەباغ، هێرش دەکاتە سەر هەموو خزموکەسی ئاڵا تاڵەبانی، هەڕەشە دەکا، ئاڵا تاڵەبانیش بە کەسێکی فاشیل و سووك لەقەڵەم دەدا، کە دەنووسێ: لە کاتی ئەنفالەکاندا هاتوونەتە کۆیە و ئیتر ئەو شووی کردووە و چووەتە دەرەوەی وڵات و پاش چەند ساڵێك بە تەنیا گەڕاوەتەوە سلێمانی.. مێردی کردووە و بەتەنیا گەراوەتەوە سولەیمانی.. وەك ئەوی مێردی لەبەر ڕەفتاری خراپ و نائەخلاقی تەڵاقی داو بۆیەش لەگەڵی نەهاتەوە کوردستان.. ئەو سوکایەتی بە خەڵکی سولەیمانیش دەکا.. مرۆڤ لە هەولێر بۆ سولەیمانی یان کەرکوك دەچێ، بەڵام لە ئەوروپا بۆ بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە نەك بۆ شار.. ئەمە زمانەوانییە و کەسێکی ڕۆژنامەنووس پێویستە باش بیزانێ...

لێرە بەهیچ شێوەیەك نەدەبووایە باس لە خزم و کەسی ئاڵا تاڵەبانی بکرێ، چونکە ئەو قسەکانی کردوون، نەك خوشکەزا و باوك و هەموو خزموکەس باس بکرێن.. لە مێژووی ڕاوێژکارانی جیهان، باوەڕ ناکرێ هیچ کامیان لەمشێوەیە وەڵام بنووسێ. ئەگەر ئەو نووسینەی ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ زمانە بیانییەکانی جیهان وەربگێڕین، هیچ گومانم نییە، لەوەی لە بەشەکانی ڕاگەیاندن دەخوێندرێ و وەك نموونەی هەرە خراپی ڕاوێژکار باسی لێوە دەکرێ و قوتابی لێ فێردەکرێ، کە نابێ وەڵام بەمشێوەیە بنووسرێ. لێرە و لەسەر ئەم کۆپلەیە، هەموو خوشکەزاکانی ئاڵا تاڵەبانی، باوکی و تەواوی خزمانی دەتوانن داوای یاسایی لەسەر فەیسەل دەباغ بنووسن و ئەگەر سەرۆکی هەرێم بەرگری لێنەکا، بێشك حوکم دەدرێ، جا حوکمەکەی یان بە بەندکردن یان جەزا کۆتایی دێ...

کۆپلەی شەشەم

(ئەگەر من بەعسی بووم خۆ لە ناو خێزانەکەی تۆیش نەك هەر بەعسی، بەڵکو کەسانی وای تێدابوو کە سەر بە دەستگە ئەمنییەکانی ئەوسا بوون.. ئەگەر مەجبوریشت کردم، ئەوا دەتوانم ناوی یەکەیەکەی ئەو ئەندامانەی خێزانەکەت بڵاو بکەمەوە!!!)...

ئەوەی سەرەوە هەڕەشەیە و لەسەر ئەم بڕگەیەش دەکرێ داوای یاسایی لەسەر فەیسەل دەباغ تۆمار بکرێ.. ئەم نووسینانە، بەهیچ شێوەیەك لە نووسینی ڕۆژنامەنووسێکی بە ئەزموون ناکەن، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووسە وەك ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم کار بکا.. تەواوی نووسینەکە مەغروری پێوە دیارە، بێمنەتی پێوە دیارە، چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەی پێوە دیارە و بۆنی خوێنی لێدێ...

کۆپلەی حەوتەم

هێشتا ئەو ئافرەتە هەستی بەوە نەکردووە کە ئەوەی ئەو دەیکا تەنیا سەر لەبەردی ئەلحەددانە و ئەگەر هەموو توانا و بوختانەکانیشی کۆ بکاتەوە، ناتوانێ لە بەردەم شاخێکی بەرزی وەکوو مندا بوەستێ و ڕووبەڕووم ببێتەوە... ئەم کۆپلەیە، زۆر مەدحی پێوە دیارە و نووسەر خۆی زۆر گەورە پیشانداوە... کەسی ڕۆژنامەنووس، لەکەس گەورەتر نییە. ڕۆژنامەنووس پۆلیس نییە، مامۆستا نییە، حاکم نییە... نابێ بەهیچ شێوەیەکیش خۆی لە خەڵکی دیکە لا گەورەتر بێ...

کۆپلەی هەشتەم

(ئاڵا خان) وا نەزانێ کە ئەم وەڵامەی من توندە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەر زۆر نەرمە و موراعاتی زۆریشم کردووە.. ئەو مەسەلەیە ببڕێتەوە، ئەگینا ئەگەر دووبارە کرایەوە، ئەوا عەرش و عرووشی هەر هەمووتان تێك دەدەم و نهێنی وا باس دەکەم کە عەقڵ پێی بوەستێ...

ئەم کۆپلەیە ئەوەندە توندە، بەهیچ شێوەیەك لە نووسینی کەسێکی ڕۆژنامەنووس ناکا. د. یوسف گۆڵبس، لە تەواوی حوکمرانی و بەڕێوەبردنی وەزارەتی پروپاگەندەی نازی و هیتلەر، کە دەیان سەرچاوەم لەسەر ڕاگەیاندنی ئەوکات ئەو خوێندۆتەوە، ڕستەیەکی لەم شێوەم بەرچاو نەکەوتووە. ئەم کۆپلەیە ناشیرنترین و

خراپترین كۆپلەیە، ڕۆژنامەنووسێكی بەتەمەن و ڕاوێژكارێكی سەرۆك لە سەرتاسەری جیهان نووسیبێتی و من لەژیانم خوێندبمەوە... لە وڵاتانی یاسا سەروەر و كەمێكیش دیموكراتی، لەسەر نووسینی ئەم كۆپلەیە، نەك تەنیا ڕاوێژكار بەخۆی لەكار دەردەكرێ، بەڵكو كورسی بەڕێوەبەریشی جا هەر كورسیێك بێ، لەدەست دەچێ و بەژیانی جارێكی دیكە لەسەری دانانیشێتەوە. حكومەت بەم كۆپلەیە دەروخێ، سەرۆك واز لە كورسییەكەی دێنێ، بەلای كەم بۆ ماوەی هەشت ساڵ ئەو حزب لە هەڵبژاردن نایباتەوە.. ئەمانە هەمووی پاش ئەوەی، كەسێك دێ و داوای بووردن لە بڵاوكردنەوەی ئەم نووسینانە دەكا، پاش ئەوانەش، ئینجا دادگا بە ئەركی خۆی هەڵدەستێ و بەدوور نازاندرێ، نووسەر بەندیش بكرێ...

نموونەییكی یەكجار خراپی ڕاگەیاندنی كوردییە، لەمەش خراپتر، لە ڕۆژنامەیەك بڵاودەكرێتەوە، كە بودجەی لە پارەی خەڵكی هەولێرەوە بۆ دابین دەكرێ. ئەم گوتارە گەرمە نووسرا، بڵاوكرایەوە، دادگای تێنەكەوت، كەسیش كورسی نەلەرزی... لێرە پیشانی دەدات، ڕاگەیاندنی كوردی هەنگاوی كیسەڵانە بۆپێشەوە دەنێ و بەرەڵایی و بێ بەرنامەیی، گەیشتۆتە نووسینگەی سەرۆكی هەرێم.. قەتیش چاوەڕێ ناكرێ بەهیچ شێوەیەك بەمزووانە كار بۆ باش بوونی بكرێ...

من ئەو نموونە زەقەم هێنایەوە و لەهەمان كات بیر لە ڕەخنەكانی سەردەمی زووی ڕۆژنامەگەری كوردی دەكەمەوە، كە چۆن لەوكات وەڵامی گوتاری یەكتریان داوەتەوە... ئەوجۆرە ڕەخنە توند و بریندارەكرانە بڵاوكردنەوەیان باش نییە و بەتایبەتیش ئەگەر لە لاپەڕەی دووەمی ڕۆژنامە دابندرێ و بودجەی ڕۆژنامەكەش، لە پارەی دانیشتووانی شاری هەولێر بێ.

**پەراوێزەکان:**

1 - د. مەغدید سەپان. ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ. بەرگی یەکەم.ل3.

2 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 33

3 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 34

4 - د. کەمال فواد. کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی. چاپی سێیەم - تاران. ل3.

5 - گۆڤاری روناکی. ژمارە 5. ل. 7 - 8

6 - گۆڤاری هەتاو. ژمارە 180. ل. 30

7 - گۆڤاری هەتاو. ژمارە 181. ل. 17

8 - هەمان سەرچاوەی پێش.

9 - گۆڤاری هەتاو. ژمارە 184. ل. 56 - 57

10 - گۆڤاری ڕۆژی نوێ. ژمارە 2. ل. 72

11 - گۆڤاری ڕۆژی نوێ. ژمارە 5. ل. 16

12 - هەمان سەرچاوەی پێش. ژمارە 6. ل. 102

13 - ڕۆژنامەی هەولێر لە 21 - 4 - 2012 (لە ماڵپەڕی NRTی وەرگیراوە).

بەشی چوارەم

# ڕەوشی ڕاگەیاندنی کوردی لە ساڵی 2012

بەشی چوارەم

# ڕەوشی ڕاگەیاندنی کوردی لەساڵی 2012

1 - یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی

2 - ڕۆژنامەنووسانی پێشتری ڕۆژنامەگەری کوردی

3 - مێژووی ڕاگەیاندنی ئەهلی لە کوردستان

4 - هۆکانی خراپی ڕاگەیاندنی کوردی

5 - یاسای ڕاگەیاندن لە کوردستان

6 - ئەنجومەنی ڕاگەیاندن

7 - عەدالەتی کۆمەڵایەتی

8 - هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن

9 - هەبوونی دیوار لە نێوان ڕۆژنامەنووس و بەرپرسان

10 - وردەکارییەکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن لە ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی سوید (نموونەی زیندو):

## 1 - یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی

ڕاگەیاندن نە لە کوردستان نە لە هیچ وڵاتێکی جیهان بە بێ یاسا ناتواندرێ ڕێك بخرێ. چەند یاسای ڕاگەیاندنیش تێرتر و هەمە لایەنەتر نووسرابێ، ئەوەندە ڕاگەیاندنی ئەو وڵات باشتر و چاکتر دەبێ و کەمتر لە یاسا لادەدات و زیاتریش لە دەستێوەردانی لاوەکی دوور دەبێ و باشتریش بیر لە ڕێساکانی ئێتیکی پیشە دەکرێتەوە و پەیرەو دەکرێ.

رامین جیهانبەڵگو دەنووسێ: زۆربەی ئەو فەیلەسوفانەی لەسەر مەسەلەی یاسا لێکۆڵینەوەیان کردووە، هەمیشە ئەو پرسیارەیان لا گرنگ بووە، کە یاساکان چۆن دەتوانن ئەخلاقی یان نائەخلاقی بن. کەواتە یاسا نەك هەر پێویستە تێر و باش بێ، پێویستە بیر لە لایەنی ئەخلاقیشی بکرێتەوە، بەتایبەتیش لەوکاتەی باس لە یاسای ڕاگەیاندن دەکەین.

هەموو ئەوانەی خەباتکاری مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بوون، پێیانوایە، کە تاك وەك بوونەوەرێکی ئەخلاقی بەرپرسیارە و دەبێ دژی یاسا نا ئەخلاقییەکان بووەستێتەوە. ئەم باسە لە بەرهەمی زۆر نووسەر و بیرمەنددا هەیە، لە تۆڵستۆی و گاندی و لۆتەرکینگەوە تا دەگاە سەر هەنووکە، بەوەی کە کاتێك یاسای ناعادیلانە و نائەخلاقیمان بینی یان ملکەچی نەبین و نافەرمانی بکەین، یان ئەوەی دژی

بووەستینەوە."1"

تۆڵستۆی دەڵێ یاسا ڕێکخستنە و یاسای چاك ڕێکخستنی چاکە."2"

رامین جیهانبەگلو لە هەمان گوتار بەناوی کۆرسی نۆیەم دەنووسێ:

(ئەگەر یاسایەك بە ڕەهایی باش بێت، بۆیە باشە چونکە لەهەموو شوێنێك باشە، واتە حاڵەتێکی یونیڤێرساڵی هەیە. ئەگەر یاسایەك بەشێوەی ڕێژەیی باش بێت، لەبەر ئەوەی کە لەناو دەستە و تاقمێکی تایبەت، خەڵکانێکی تایبەت، جوگرافیا و قۆناغێکی مێژوویی تایبەتدا باشە، مافی مرۆڤ ناوەڕۆکێکی هەمەگیر و جیهانی هەیە، بۆ هەموو مرۆڤەکان نووسرایە، ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە یاسا باڵاترە لە بابەتێکی تایبەتی. مەسەلەی یاسادانان پەیوەندییەکی قوڵی بە کۆمەڵگای سیاسی و ڕێکخستنی ئەم کۆمەڵگایەوە هەیە. یاساکان ئەوکات عاقڵانەن، کە لە خزمەت بەرژەوەندی گشتیدان.)"3"

یاسا بۆئەوەی یاسا بێت، دەبێ شەرعیەتێکی ئەخلاقی هەبێت، چونکە وەك مارتین لۆتەرکینگ دەڵێت: (ئامانجی یاسا دەستەبەرکردنی دادپەروەرییە، ئەگەر یاسا نەتوانێت ئەم یاسایە بچەسپێنێت، خۆی دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی دادپەروەری، ئەمە ڕێك ئەو نموونانەیە کە بینیومانە، دەوڵەتانێك هاتوون یاسایان داناوە و ئەم یاسایە خۆیان بوون بە لەمپەری پێشکەوتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی..."4"

یاسای باش، لە پەرلەمان لەلایەن کەسی باش و پسپۆر دەنووسرێ و ئەو کەسەش زۆر مەرجە لەناو جەرگەی کۆمەڵ گەورە بووبێت و دابونەریتی میللەت زۆر بە وردییەوە شارەزابێت، هەروەها یاسای باش، ئەو یاسایەیە، کە زۆربەی خەڵك لێی سوودمەند دەبێت، یاسای ڕاگەیاندنیش لە کوردستان بریتییە لەو یاسایە، کە زۆربەی بوارەکانی ڕاگەیاندن بگرێتە ئەستۆی خۆی و بەجوانیش لەلایەن سەرکردایەتی کاری پێبکرێ. لێرە پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئێمە لە کوردستان ئەو یاسا باشەی ڕاگەیاندنمان هەیە، بێشك نەخێر، کەواتە ئەندام پەرلەمانی باشمان بەش ناکات و کۆمەڵ هێشتا بۆ پێشوازی لە یاسای باش و تێر و ئەخلاقییانە ئامادە نییە، بۆیەش پاش 21 ساڵ لە ئازادی و هەبوونی پەرلەمان، هێشتا یاسای ڕاگەیاندن کۆمەڵێك کەموکورتی هەیە و نەیتووانیوە لەئاست پێشکەوتنەکان و ڕاگەیاندنی کوردی بێت. ئەو یاسایەی ئەمڕۆ هەیە، نەك هەر نەیتووانیوە ڕاگەیاندنی کوردی ڕێك بخات، بەڵکو سەری لە زۆر ڕۆژنامەنووس و دادوەران شێواندووە، ئەوەی هەیە تایبەتە بە بواری نووسراو (ڕۆژنامە وگۆڤار) و رادیۆ و تەلەفزیۆن و ماڵپەڕی ئێلیکترۆنی جارێ ناگرێتەوە و یاسا بۆ ئەوان نییە. یەکەم یاسای چاپەمەنی کوردستان ژمارە 10یە و لە ساڵی 1993 دەرچووە.

## 2 - ڕۆژنامەنووسانی پێشتری رۆژنامەگەری کوردی

زۆربەی هەرە زۆری، ئەوانەی تا سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسی یان چاپ و پەخش بوون، کەسانێك بوون، لەناو خەڵك، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتییان هەبوو. ئەو کەسانە، جگە لەوەی زۆر خوێندەوار بوون، ئاستی وشیارییان بەرز بوو، کۆمەڵێك زمانی بیانیشیان دەزانی. ئەوان کاری ڕۆژنامەنووسیان بۆ خۆدەرخستن یان ناو و ناوبانگ نەدەکرد، بەڵکو زیاتر وەك ئەرکێکی نیشتمانی و زیاتریش بۆ وشیاربوونەوەی خەڵك و هەنگاونان بۆ ئازادی کوردستان ئەو کارەیان دەکرد. بە پیشەی ڕۆژنامەنووسی تا ئەوکات، خەڵك دەوڵەمەند نەدەبوو، ئەگەر گۆڤار یان رۆژنامەی خۆی هەبوایە، ئینجا بە ئابۆنە و فرۆشتنی ئیعلاناتی شارەوانی و پارێزگا، لە زۆربەی کات خەرجی خۆی دەرنەدەهێنایەوە. ئەگەر چاوێك بە لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی بخشێنی، زوو زوو ئاگادارییێك لەلایەن خاوەن رۆژنامە و گۆڤارەکان بەرچاو دەکەوێ، کە داوای ناردنی قەرزی ئابۆنەیان دەکەن.. ڕووشیدەدا کەسێکی دەوڵەمەندی رۆشنبیر و کوردپەروەر ناوە ناوە یارمەتی گۆڤاری شارەکەی خۆی بێبەرامبەر دەدا...

کاری دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار بۆ کورد زۆر گران و هەمووی بەدەست بوو، سەرنووسەرانی کوردی، زۆربەی کات تەواوی کارەکانیان بەخۆیان دەکرد وەك: کۆکردنەوەی پیت، لەقالبدانی، هەڵەبژێری، چاپکردنی، نوشتاندنەوەی مەلزەمەکان، کۆکردنەوەی مەلەزەمە و لاپەڕەکان، بەرگ تێگرتن و دوورین و بڕینی، ناردنی بۆ شار و شارۆچکەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات، ئینجا بڵاوکردنەوەی پیتەکان و شوشتنی و چاودێریکردنی ئامێری چاپ و لەکاتی تێکچوونی چاکردنەوەشی هەر بەخۆیان دەیانکرد. جگە لەوانەی سەرەوە، وەرگرتنی بابەت، پێداچوونەوەی، چاکردنی زمانەوانی، نەخشەسازی، بڕیاردان بەوەی چ بابەتێك لە چ لاپەڕەیەك دابندرێ، چ بابەتێك زیاتر کاری لەسەر بکرێ... ئەمەش هەر بەخۆیان دەیانکرد.

ئەمانە کۆمەڵێك کارن و تایبەتن بە چاپخانە و کەسانی وەك بەدرخانییەکان، حوسێن حوزنی موکریانی، گیوی موکریانی برای، پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالح، ڕەفیق حیلمی...هتد هەموو کارەکانیان بەخۆیان دەکرد. ڕۆژنامەنووسانی کورد، وەك سەردەمی گۆتنبێرگ، هەموو کارەکانیان بەدەستی خۆیان لە چاپخانە سادە و بچوك و کۆنەکانیان دەکرد. ئەگەر کەسێك ئەم هەموو کارە بەخۆی بکا، ڕێگا بەخۆی نادا، لاپەڕەی رۆژنامە یان گۆڤار بە نووسینی خراپ و بریندارکردنی خەڵك پڕبکاتەوە.

ڕۆژنامەنووسانی کوردی سەرەتایی، جگە لەوەی شێوەی کارکردنیان زۆر گران بوو، نەشیان دەزانی، چۆن زانستیانە نووسینەکانیان بنووسن، لەگەڵ ئەوەش، ئەگەر لە ڕوانگەی زانستی و تیۆری نووسین سەیری لاپەڕەکانیان بکەین، دەبینین، نووسینەکان تەواو باشن و لەئاستی زۆر بەرزدان. ئەو ڕێپۆرتاژەی لە رۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لە ژمارە هەشت، ساڵی 1922 من خوێندوومەتەوە، بە دوور و درێژی

باس لە سەردانەکەی سمکۆ شکاك بۆ خزمەتی مەلیك مەحمود و شاری سولەیمانی دەکا و لە شێوەی نووسینیش یەك لە ڕێپۆرتاژە هەرە سەرکەوتووەکانی سەردەمی خۆیەتی و لەوانەیە یەکەم ڕێپۆرتاژی بڵاوکراوە بەزمانی کوردیش بێ.

ئەم شێوە نووسینە پیشانی دەدا، نووسەر شارەزایی لە هونەری ڕۆژنامەنووسی هەبووە و دیارە پێشتریش لەمجۆرە ڕێپۆرتاژانەی بە زمانی بیانی خوێندۆتەوە.

ڕۆژنامەنووسانی ئەوکات، لە بەرهەمەکانیان پێیانەوە دیارە، کە پەلەیان لە نووسین نەکردووە، مافی خۆیان پێیداوە، لایەنی ئەخلاقیشیان بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەو کردووە. زۆر لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی سەرەتاکان، لە نزیکەوە پەیوەندی برادەرانە و دۆستانەیان لەگەڵ یەکتر هەبووە، ئەم پەیوەندییە و پەروەردەی ئەوان، ڕێگای نەداوە، لە نووسین یەکتر بریندار بکەن و خوێنەریش هیچ گومانی لە ڕاستی و دروستی نووسینەکان نەبووە.

## 3 - مێژووی ڕۆژنامەگەری ئەهلی لە کوردستان

ڕاگەیاندنی کوردی لەسەرەتاوە، بە ئەهلی دەستی پێکرد و ئەم ئەهلییەش بە مانایەی، خۆدەوڵەمەندکردن و بازرگانی نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵ، کارکردن بۆ وشیارکردنەوەی خەڵکی کورد، بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، هاندان بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی کورد و ناڕاستەوخۆش، خەباتکردن بۆ ئازادی کوردستان...هتد.

ئەوان تێگەیشتبوون، تا کورد بە نەخوێندەواری و دواکەتوویی بمێنێتەوە، ئازادی نابینن. ئەهلی بوونی ئەوکات، زیاتر خۆبەختکردن بوو، نەك بیرکردنەوە لە دەوڵەمەند بوون. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەرەتایی، جگە لەوەی پاداشتیان بە نووسەر نەدەدا، خاوەن یان سەرنووسەر، خەرجی دەرکردن و بڵاوکردنەوەشی زۆربەی جار دەستنەدەکەوتەوە. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەرەتایی، لە ناوەوەی کوردستان دەرنەچووین، ئەویش لەبەر نەبوونی ئازادی نووسین بە زمانی کوردی و نەبوونی چاپخانە بووە. زۆر جار گۆڤارەکان تەنیا دوو یان سێ ژمارەیان لێ دەردەچوو و دواتر لەبەر ڕەقابە یان هۆی دیکە رادەوەستا.

یەکەم ڕۆژنامەی حکومی کوردی لەسەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود دەرچوون، ئەوانیش تەمەنیان درێژ نەبوو و بە نەمانی حکومەتی مەلیك، زوو داخران. لەهەمان سەردەم، پیرەمێر لە سولەیمانی ڕۆژنامەی (ژین)ی دەردەکرد، ئەگەرچی ئەویش چەندجارێك ناوی گۆڕدرا.

هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەنێوان هەردووك شەری گەورەی جیهانی بەزمانی کوردی دەرچوون، ئەهلی بووین، جگە لەوانەی شێخ مەحمود و ڕۆژنامەی کوردستانی حکومەتی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.. گۆڤاری زاری کرمانجی، ڕوناکی، گەلاوێژ، هەتاو، هەولێر، ڕۆژی نوێ...هتد خاوەنەکانیان بە ئارەزووی خۆیان ئەو نووسینەی دەیانویست تێیاندا بڵاویان دەکردەوە. لەبەر ئەوەی ڕەوشی ئازادی لە

کوردستان باش نەبوو، ناچار دەبوون، کەمتر و کەمتر باس لە سیاسەت بکەن و زیاتر و زیاتریش باس لە شیعر و ئەدەب و لایەنی کۆمەڵایەتی بکەن.

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول، ڕاگەیاندن کرا بەحزبی و نزیکەی 40 ساڵی ویست، تا جارێکی دیکە لە کوردستان و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەك ڕۆژنامەگەری ئەهلی لە کوردستان پەیدا بێتەوە. لەو کاتیش ڕۆژنامەی ئەهلی، بێ یارمەتی حکومەت یان کەسانی حزبی، زۆریان مردن و لە دەرچوون وەستان. ئێستاش ناوە ناوە، گۆڤاری باش دەوەستن، چونکە تا ئێستا لە کوردستان ڕۆژنامەو گۆڤار بە شێوەیەکی گشتی لەبەر خراپی بازاڕی ڕێکلام و نزمی تیراژ، ناتوانن خۆیان خۆیان بژێنن. ئەگەر ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك توانیبێتی خۆی بژێنی، تەنیا لەبەر ئەوە بووە، چونکە خۆی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی وروژێنەر و زەرد خەریك کردووە، دیارە خوێنەریش جارێ بۆ ئەمجۆرە نووسینانە هەن، بۆیەش تیراژیان بەرزە و بە فرۆشتنی ژمارە و هەبوونی ئەو بڕە ڕێکلامە، بەقسەی خۆیان، جگە لەوەی خەرجی خۆیان دەستدەکەوێتەوە، کەمێك سەرمایەش کۆدەکەنەوە.

## 4 - هۆکانی خراپی ڕاگەیاندنی کوردی

هۆ زۆرن، ڕەوشی ڕاگەیاندنی کوردییان گەیاندۆتە ئەو ئاستەی ئێستا لە کوردستان هەیە. ئەگەر بە وردی لێبکۆڵینەوە تێدەگەین، یەك لەو هۆ گرنگانەی ڕەوشی ڕاگەیاندنیان خراپ کردووە، کەمی ئەزموونی ڕۆژنامەگەری کوردییە. ئێمە مێژوویەکی دوور و درێژی ڕۆژنامەگەریمان نییە و ئەو چەند گۆڤار یان بڵاوکراوانەی هەمان بووین، بەڕێك و پێکی و لەکاتی خۆیان دەرنەچووین. زۆربەی هەرە زۆریان، تا ڕاپەڕین لە چەند ژمارەیەك زیاتری لێ چاپنەکرا و دواتر یەکسەر لەلایەن ڕژێمەکانەوە دادەخران، بۆیە لێڕانەهاتین، بەیانیان لەگەڵ خۆرهەڵات ئابۆنەی ڕۆژنامەمان هەبێت و پێش بچینە سەرکار، ژمارەی ڕۆژمان خوێندبێتەوە. (ئێمە لە شارەکان، لەکارکردنیش باش ڕانەهاتووین، بەیانیان کاتژمێر پێنج وەك وڵاتانی ڕۆژئاوا لەخەو هەڵبستین، نان و چا بخۆین و پێش کاتژمێر حەوت لەسەر کار بین).

خوێنەر ئابۆنەی ڕۆژنامەی نییە و ئەگەر لە دەزگایەکی حکومی یان حزبی کار نەکا، ئەو ڕۆژ ڕۆژنامە نابینێ، چونکە خووی بە خوێندنەوە نەگرتووە، ئەگەر ژمارەی ڕۆژ نەشخوێنێتەوە، دیسان لەوانەیە هیچی لەدەست نەچێ، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەکان: ناوەڕۆکیان باش نییە، نەخشەسازی خراپە، زمانەوانی تەواو نییە، سەردێر باش نین و ژانرەکانیش بەشێوەیەکی زانستی نانووسرێن. ئەو کەموکورتییانەی سەرەوە هانت نادەن، تامەزرۆی کڕین و خوێندنەوەی ڕۆژنامە بی. لەلایەکی دیکەش، بۆئەوەی ڕۆژنامە بخوێنیتەوە، زۆربەی کات پێویستە بچیتە ناو شارو هاتنە ناو شاریش کاتی زۆری دەوێ، چونکە شەقامەکان تەسکن، ئۆتۆمبێلیش لە هەردووك لای شەقام بەلای کەم یەك ریز وەستاون.. ئەگەر ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکانیش خراپ نەبن، هۆکاری هاتوچوون نییە، پاسی ڕێکپێك و میترۆ نییە، بەچەند

وێستگەیەك بەئاسانی بتهێنتە ناو شار...

ئەوانەی سەرەوە بەشێك بوون، لەو گرفتانەی، تیراژی ڕۆژنامەیان بە نزمی هێشتۆتەوە، هۆی دیکەش زۆرن... بۆنموونە: زۆربەی سەرنووسەرانی کوردستان ڕۆژنامە بۆ ڕازیکردنی سەرووی خۆیان دەردەکەن، لەجیاتی بیر لە جەماوەر بکەنەوە و سەرووی خۆشیان ئەو هەواڵانەیان دەوی، کە خۆیان تێیدا بەشدارن... هۆیەکی دیکەی گرنگیش هەیە، ناکرێ لێرە ئاماژەی پێنەکەین، کە ئێمەی کورد پاش ڕاپەڕین، لەناکاو بووە خاوەنی کۆمەڵێك ڕۆژنامەی ڕۆژانە و دەیان گۆڤاری هەفتانە و مانگانە، کە کادری باشی ڕۆژنامەنووس بەشی نەدەکرد، بۆ ئەوەی ئەم هەموو دەزگایانە بەڕێك و پێکی بەڕێوە ببا.

شوێن بۆ پەروەردەکردنی کادری ڕۆژنامەنووس پێویست بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کادری ئەکادمی و هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا تا ساڵی 2005 بەهەمووی لەناو کوردانی باشوور و ئەوانەی بۆ کوردستان گەڕابوونەوە تەنیا سێ کەس بوون. د. موەفەق دەرگەلەیی و د. مەغدید سەپان، د. نیاز لاجانی پسپۆری زیاتر لە کوردستانی ئازاد نەبوو. یەکەمیان بەشی ڕاگەیاندنی لە زانکۆی سولەیمانی کردەوە و دووەمیشیان بەشی ڕاگەیاندنی لە زانکۆی سەلاحەدین کردەوە و سێیەمیان کرا بە بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس. سێ کەس و ئەم هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار، ئێزگەی ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆن بەهیچ شێوەیەك بەش ناکا. ئەمەش هۆیەکی دیکە بوو، ڕاگەیاندنی کوردی بەخراپی هێشتەوە.

بۆئەوەی دەزگای ڕاگەیاندن وەك پێویست بتوانی بە کارەکانی خۆی هەڵبستێ، پێویستە ئۆتۆنۆمی تەواوی هەبێت، لێرە ئەم لایەنەش نەبوو. ڕاگەیاندن لە کوردستان حزبییە و حزب لەو بڕوایەدایە، لەبەر ئەوەی مووچەی فەرمانبەر و خەرجی دەزگا دابین دەکا، پێویستە لەسەر کارمەندانی لەسەر نۆتەکانی حزب سەما بکەن. ئەوانەی سەرکردایەتی حزبیشیان دەکرد، بەشێوەیەکی گشتی باش لە ڕاگەیاندن و پیشەی ڕۆژنامەنووسی نەدەگەیشتن، بۆیە بودجەی پێویستیان دابین نەدەکرد و لە ئەنجامدا، ئەوانیش نەیاندەتوانی یارمەتی باشترکردنی ڕاگەیاندنی کوردی بدەن. لێرە باس لە کادری بن دیوار هەرناکەین، چونکە بە واسیتە دەیان کەس وەك ناو مووچەیان وەردەگرت و یەك فلوس خێریان بۆ دەزگا نەبوو. ئەو بن دیوارانە، کەسانی دیکەشیان دەڕوخاند و کاریان وەك پێویست نەدەکرد، چونکە یەکیان ڕۆژانە دەچووە سەرکار و ئەوەی دیکەش هەفتەی یەك جار یان کەمتر، مووچەش وەك یەك بوو. ئەم دەزگایانە، بودجەیان ئەوەندە زۆر نەبوو، ئەو کەسانەی بیانەوێ دایان بمەزرێنن و مووچەی تەواویان پێبدەن، بۆیە لەزۆربەی کات هانیان وەبەر ڕۆژنامەنووسانی فریلانس دەبرد. ئەم فریلانسانە، پێش نیوەڕۆ: مامۆستا، فەرمانبەر، کرێکار...هتد بوون و ئێوارانیش کاری ڕۆژنامەنووسیان بە پارچە یان بە گرێبەست دەکرد. ئەوانیش نەیاندەتوانی کارەکانی خۆیان بەباشی ئەنجام بدەن، چونکە لەلایەك پیشەی ڕۆژنامەنووسی بۆ ئەوان نوێ و تازە بوو، لەلایەکی دیکەش بەرامبەر ئەو کارەی ئەنجامیان دەدا، پاداشتی تەواویان پێ نەدەدرا. هەمووی فێرکرابوون، کارەکان لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە و هەقی خۆی پێنەدەن.

هەبوونی ڕێکلام زۆرجار، بۆ دەزگای ڕاگەیاندن زۆر باشە، چونکە داهاتی لاوەکی دەبەخشی، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندی کوردی بە شێوەی کلاسیك نەبۆتە خاوەن پارە، نازانێ چۆن پارەکەی زیاتر بکا، ئەو بەهیچ شێوەیەك سوود لە ڕێکلام بۆ پەیداکردنی بازاڕی وەرناگرێ. باس لەوە هەرناکرێ، نایەوێ خەڵك بزانی، چەند پارەی هەیە، نەوەك بچن داوای قەرزی لێبکەن، یان لەخراپترین شێوە بەچاو بچێ...

ئەوانەی سەرەوە، بەشێك بوون لەو گرفتانەی، ڕاگەیاندنی کوردیان بە لاوازی هێشتەوە و نەیتوانی وەك پێویست بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێ. لەڕاستیدا، هەموو پێشوەچووەکانی کۆمەڵ وەك زنجیرەیەك بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ناکرێ ڕاگەیاندن باش بێ و سیستێمی پەروەردە یان تەندروستی و هاتوچۆ خراپ بێ. باشبوونی ڕاگەیاندن، ڕاستەوخۆ بە دیموکراتییەوە بەندە، چەند ئازادی ڕۆژنامەگەری زیاتر هەبێ، کارکردن بۆ باشتر کردنی ئەوەندە ئاسانتر دەبی، چونکە لەوکات دەبێتە خاوەن یاسایەك، کە لە بەرژوەندی زۆربەی هاوڵاتی دابێ.

## 5 - یاسای ڕاگەیاندن لە کوردستان

لە کوردستان یەك یاسای ڕاگەیاندن هەیە و ئەویش ژمارە 35ی لە ساڵی 2007 پێدراوە. بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کاری زۆریان کرد و چەندین وۆرکشۆپ و کۆبوونەوەیان لە شوێنی جیا جیای کوردستان ئەنجامدا و زۆربەی جارەکانیش هەندێك لە ڕۆژنامەنووسان تێدا بەشدار بوون. لێرە دەتواندرێ بگوترێ، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە دەرکردن یان نووسینی یاسای ژمارە 35 دوو هەڵەی گەورەی کرد:

1 - کاری سەندیکا نییە یاسای رۆژنامەگەری بنووسێ.

2 - لە یاسای 35ی 2007 لە دوو بەش و دوو مادده باس لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە دەکرێ:

1 - لە ماددەی سێیەم برگەی سێیەم هاتووە: پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی، بەیاننامەی دامەزراندن پێشکەش و لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان تۆماری بکا...

2 - لە بەشی پێنجەم ماددەی هەشتەم هاتووە: لەکاتی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووس کە بەکارێك تۆمەتبار دەکرێ، پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە، سەندیکای لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

لە خاڵی یەکەم، ئەگەر پێویست بێ و هەبێ، باشترە دەزگا یان بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت، سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری بەو کارە هەڵبستێ.

لەخاڵی دووەمیش، سەندیکا هیچ پێویست ناکات، ڕۆلی وەزارەتێك ببینێ و ئەوەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بکرێ، یەکسەر ئەوانی لێ ئاگادار بکرێتەوە. لەڕاستیدا، کاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بەرگریکردنە

لە ڕۆژنامەنووس، بەتایبەتیش ئەگەر ڕۆژنامەنووس لەسەر کار دەربکرێ، نەك نووسینی یاسا و خۆکردن بە مەرجەعێکی موقەدەس و یاسایی و حکومەت نەتوانێ بێ سەندیکا هیچ لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بکا.. کەسی ڕۆژنامەنووس لەبەردەم دادگا نابێ هیچ جیاوازی لەگەڵ پیشە و کەسەکانی دیکەی کۆمەڵ هەبێ. پێویستە بەهەمان چاو سەیر بکرێ و بەهەمان شێوەش مامەڵەی یاسایی لەگەڵ بکرێ.

ئەم یاسایەی سەرەوە، بە هیممەتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراق لە دانیشتنی ژمارە 33 ی ڕۆژی 11 - 12 - 2007 گفتوگۆی لەسەر کرا، بەڵام سەرۆکی هەرێم ئیمزای لەسەر نەکرد بۆیە لە دانیشتنی ژمارە 4 لە 22 - 9 - 2008 بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا، کە لە ڕاگەیاندن بە یاسای ژمارە 35ی 2007 بەناوبانگە.

تێبینی و کەموکورتی زۆر لەم یاسایە هەیە و بۆیە دەکرێ بگوترێ، بە سەقەتی یان بە شەلەلی لەدایك بوو. ئەم یاسایە لەوانەیە لە بەرژەوەندی حزب بێ، بەڵام بەمشێوەی هەیە و بێ هەموارکردن، قەت ناتوانی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ڕێك بخا. ئەم یاسایە لەجیاتی ڕێکخستن، سەری لە هەندێك ڕۆژنامەنووس شێواندووە، چونکە زۆر بڕگەی تێدا نییە و دادگاکان ناچارن هانا وەبەر یاساکانی سەردەمی حکومەتی بەعس بەرن، بۆئەوەی چارەسەری هەندێك لە گرفتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکەن. ئەگەر باس لە زمانی نووسینی یاسای ژمارە 35ی 2007 بکەین، تەنیا دوا ڕستەی یاساکە لە 61 وشە پێکدێ..

لێرە زۆر گرنگە ئاماژە بە پڕۆژە یاسایەکی دیکەی هەمان کات و قۆناغ بکەین، کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕێگربوو، بۆئەوەی یاساکە بۆ پەرلەمان بگەڕێندرێتەوە و بە هیممەتی سەندیکا ونەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەوکات، لە ئەنجومەنی وەزیران وەستێندرا."5" پڕۆژە یاسای ناوبراو لەلایەن سێ مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین (د. مەغدید سەپان، د. ڕەزوان بادینی، د. ڕەحیم سورخی)، کە هەرسێکیان لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئاداب مامۆستا بوون و بە سوودوەرگرتن لە کۆمەڵێك یاسای وڵاتانی ئەوروپی و جیهانی و ڕەوشی سیاسی کوردستان، ئەم پڕۆژە یاسایە نووسرا و خرایە بەردەم پەرلەمانی کوردستان. نامەوێ زۆر باسی بکەم، چونکە لەگەڵ ئەم کتێبە وەك پاشکۆ دایدەنێم. ئەگەر پڕۆژە یاسای مامۆستایانی زانکۆ لە پەرلەمانی کوردستان لەجیاتی یاسای سەندیکا دەنگی لەسەر درابا بێشك، دەمێك بوو ڕاگەیاندنمان باشتر بوو بوو.

گرنگە ئاماژە بەوە بکرێ، کە پڕۆژە یاسای مامۆستایان، زۆر پێشخۆی بوو، بۆیە نە ئەندام پەرلەمانانی کوردستان لەئاست ئەو جۆرە یاسایەدا بوون، نە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان توانی هەزمی یاسایەکی بەمشێوە فراوانە و هەمە لایەنە و تێرە بکات، بەوەی کەسانێکی دیکەی پسپۆر لە ڕاگەیاندن، بێ ڕەزامەندی ئەوان، خەریکی نووسینی پڕۆژەیەکی دەوڵەمەندن، نە ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمیش لە گرنگی تێگەیشتن.. ئێستا هەموومان زەریبەی کارنەکردن لەسەری دەدەین..

## 6 - ئەنجومەنی ڕاگەیاندن

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بۆ جوانکردنی ڕاگەیاندن پێویستە و بۆئەوەی کەس لە ڕاگەیاندن غەدری لێنەکرێ لە وڵاتان دامەزراوە. زیاد لە شەست دەوڵەتی جیهانی، خاوەنی ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی خۆیانن و مێژووی دامەزراندنیشی بۆ سەرەتای سەدەی بیست دەگەڕێتەوە. بۆ یەکەمجار لە وڵاتی نەرویج ئەنجومەنی ڕاگەیاندن لە ساڵی 1912دامەزرا و لە وڵاتی سویدیش لە ساڵی 1916 هەیە.

لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن هەیە، بە جۆری جیا جیا کار لەسەر ڕاگەیاندن دەکەن و ئەندامانی ئەنجومەن هەڵدەبژێرن، بەڵام ئامانجی هەموویان وەك یەك باشتر و جوانترکردنی ڕاگەیاندنە. ڕاگەیاندنێك، متمانەی جەماوەری هەبێ، ئەوەی لێی بڵاودەکرێتەوە، خەڵك بڕوای پێبکا.

لە هەندێك دەوڵەت وەك فەرەنسا، سەرۆك کۆمار سێ ئەندام و حکومەت سێ ئەندام و پەرلەمانیش سێ ئەندام بۆ ئەنجومەنی ڕاگەیاندن دادەنێن، ئەمەش بۆئەوەی ئەنجومەن بێلایەنی تەواوی خۆی بپارێزی.

لە دەوڵەتانی ئازاد و دیموکرات، خەڵك یان حکومەت دەست ناخاتە ناوکاروباری ئەنجومەن و زۆر بێلایەنانە کاری خۆیان لەماوەی دیارکراو یان هەڵبژێردراو دەکەن.

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن کاردەکا، بۆئەوەی لایەنی ئەخلاقی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشتگوێ نەخرێ، ئەو کەسانەی لە ڕاگەیاندنیش ناویان بە خراپە یان هەڵە دێ، لە ڕێگای ئەنجومەنی ڕاگەیاندنەوە، داوای مافی خۆیان و ڕاستکردنەوە دەکەن.

لە هەر وڵاتە و یەك ئەنجومەنی ڕاگەیاندن هەیە، کە هاوڵاتییان لەکاتی پێویست بەهانایەوە دەچن، بەڵام هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، خاوەنی ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی خۆیانن. هەبوونی ئەنجومەن، ناکاتە ئەوەی، ڕەقابە لەسەر نووسین پێش بڵاوکردنەوەی دابندرێ، بەڵکو باشترکردنی ڕووی پرێس و جوانترکردنی بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنە.

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، ناتوانی فەرمان بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکا، بەوەی لەکاتی هەڵەکردندا، خۆیان ڕاستبکەنەوە، بەڵکو زیاتر ئاگادارکردنەوەیە و وەڵامدانەوەی ئەوانە بەنامە.

ئەگەر وردتر باس لە ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بکەین، بەمشێوەی خوارەوەیە:

کەسێك ناوی، وێنەی بە هەڵە لە ڕۆژنامەیەك یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن بڵاودەبێتەوە. کەسەکە کۆپی وێنە یان نووسینەکە، ژمارەی ڕۆژ، ناوی دەزگا لەگەڵ نامەیەك بەیەکەوە بۆ ئەنجومەنی ڕاگەیاندن دەنێرێ و ئەوان لەماوەیەکی دیارکراو کۆبوونەوەی لەسەر دەکەن، ئەگەر تێگەیشتن، کەسەکە بەڕاستی غەدری لێکراوە، نامەیەك بۆ دەزگای ڕاگەیاندن دەنێرن و تێیدا ئاماژە بە نووسینی کەسەکە و بڵاوکراوەکە دەکەن، کە ڕۆژنامە یان دەزگاکەیان، بەناهەق باسی لە کەسی ناوبراو کردووە، بۆیە تکا دەکەن، نووسینەکە ڕاست بکەنەوە. پاش گەیشتنی نامەی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، دەزگای ناوبراو بەڕەسمی داوای بوردن لە کەسەکە دەکا.

لە سوید ساڵانە نزیکەی 400 سکاڵای هاوڵاتیان بۆ ئەنجومەنی ڕاگەیاندن دەچێ، بە درێژایی هەبوونی ئەنجومەنی ڕاگەیاندنیش، نەبووە ئەنجومەن نامەیەك بنێرێ و دەزگای ڕاگەیاندنیش نامەکە پشتگوێ بخا، بەڵکو هەموو جارەکان خۆیان ڕاستکردۆتەوە و داوای بوردنیان لە کەسەکە کردووە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەتوانن نامەی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، پشتگوێ بخەن، بەڵام قەت ئەم کارە ناکەن، چونکە متمانەی هاوڵاتیان بە دەزگاکەیان بەلایانەوە زۆر گرنگە.

ئەگەر کەسی غەدرلێکراو یان ناو هاتوو لە ڕۆژنامە یان گۆڤار، بیەوێ بەرامبەر ئەو غەدرەی لێیکراوە، دەزگاکە سزا بدرێ، لەوکات لە پۆلیس سکاڵا دەنووسێ و کەیسەکە دەچێتە دادگا و لەوێندەر بڕیاردەدرێ، سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیاز بەچەند جەزای پارە بدرێن، یان دەزگاکەیان بۆ ماوەیەك رابگیرێ، دابخرێ...هتد، ئەمەش بەیاسا چارەسەر دەکرێ.

لە زۆربەی وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتو، ڕۆژنامەنووس لەسەر نووسینی بۆ بەردەم دادگا ناچێ، بەڵکو خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر بەرپرسن لەسەر ناوەڕۆکی رۆژنامە یان گۆڤار و ئەوانیش بۆ دادگا دەچن و بە دۆراندنیش هەر ئەوان سزاکەی دەدەن. بە دۆڕاندنی کەیس، سەرنووسەر یان خاوەن ئیمتیاز ڕۆژنامەنووس لەسەر کار ڕێسوا ناکەن، دەریناکەن، بەڵکو وەك رۆتین و سروشتی دەڕوانە تەواوی پرۆسەکە. بەدۆڕاندن، لە مووچەی ڕۆژنامەنووس پارەکە نابڕن و هەڕەشەی لێناکەن، بە ئاشکرا خەتاکەی دەگرنە ئەستۆی خۆیان.

لە کوردستان چەند جارێك، مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، هەوڵی دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاگەیاندنیان دا، بەڵام ڕۆژنامەنووسانی بێلایەن و بەتایبەتیش دەزگاکانی ئەهلی، زۆر بەتوندی دژی وەستان و لەجیاتی ئەوەی بیری لێبکەنەوە، بزانن ئەنجومەنی ڕاگەیاندن چۆن کار دەکا، بێ تێگەیشتن، دژی وەستان و بە دەسیسەی یەکێتی و پارتی و حکومەت بۆ دەستتێوەردان باسیان لەسەری کرد، بێئەوەی خۆیان هیچ پرۆژەیەکی لەمشێوەیان هەبووبێ، یان بیریان لە نووسینی کردبێتەوە. نەبوونی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، زیانی زۆر لە ڕاگەیاندنی کوردی دەدا، چونکە بەهۆی ئەنجومەنەوە، ڕاگەیاندنی کوردی جوان دەکرێ، باش دەکرێ، لایەنی زمانەوانی و کوالیتێی نووسین و بەرنامەکان بەرزدەکرێتەوە، هەموو ئەوانەی بەناهەقیش ناویان لە رۆژنامە و گۆڤارەکان دێ، داوای لێبوردنیان لێدەکرێ...

## 7 - عەدالەتی کۆمەڵایەتی

عەدالەتی کۆمەڵایەتی پەیوەندی ڕاستوخۆی بە ئێتیك و چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵات هەیە. چەند زیاتر عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەبێ، ئەوەندە زیاتر، هاوڵاتییان متمانە بە حکومەت و لکەکانی ڕاگەیاندن دەکەن، گلەیی و گازاندە کەمتر دەبێ. عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بە یەك شەو و رۆژ نایەتە کایەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی

زۆر دوور و درێژە و پەیوەندی ڕاستەخۆی بە هەبوونی دیموکراتییەت و چەسپاندنی یاسا هەیە. لەوکاتەی یاسا سەروەر بوو، عەدالەتی کۆمەلایەتی لە لوتکەیە و گلەیی و گازاندەی خەڵك کەمتر دەبێتەوە و ڕەخنەکانیش زیاتر لەکاتی هەڵبژاردن بەرچاو دەکەون.

لەو کۆمەڵگایانەی لە سیستێمی دیکتاتۆرییەت بۆ دیموکراتییەت هەنگاو دەنێن، لەو کاتانەی سیستێمی بەڕێوەبردنی وڵات لە گۆڕاندایە، گرانە باس لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بکرێ. لەو ولاتانەی عەدالەتی کۆمەڵایەتیش بوونی نەبێ، یان زۆر لاواز بێ، هێشتا گرانترە باس لە ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاند بکرێ.

کەسی ڕۆژنامەنووس، بە شێوەی کارکردنی، کە بەردەوام لەناو کۆمەڵدایە باش دەزانی، لەکوێ ناعەدالەتی هەیە، لەکوێ غەدر لە چ کەس و چین و توێژێك کراوە. ڕۆژانە ئەو بەچاوی خۆی، ناهەقی بەرامبەر بە خۆی، بە هاوپیشەکانی، بەرامبەر بە هاوڵاتییان دەبینێ، ناتوانی دەستەوەستان بووەستێ و هیچ نەکا، بۆیە یان خۆشی دەبێتە یەك لەوان و کار بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و چوونە پێشەوە بە ڕێگای ناشەرعی دەکا، یانیش یاخی دەبێ و دژی هەموو هەنگاو و کارێکی حکومەت و دەسەڵات دەوەستێتەوە.

عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لاوازە یان هەرنییە، ئەمەش هۆی خۆی زۆرە و لەخوارەوە هەندێك نموونەی زیندوو دەهێنینەوە:

1 - خەڵکێکی زۆر هەن زیاد لە پەنجا ساڵ پێشمەرگایەتیان کردووە، یەك چرکە دژ بە حزب و میللەت نەبوون. لە هەموو ئەوکاتە، لەجیاتی ئەوەی وەك زۆربەی دانیشتوانی کوردستان لەناو ماڵ و منداڵی بێ، پێشمەرگە بووە و دوور لە منداڵەکانی بێ نان و ئاو ژیاوە. ئەو خەباتی بۆ ئازادی کوردستان کرد و هیچ بیریشی لە پلە و پایەی حزبی و حکومی نەکردۆتەوە. لە ئەنجامی خەباتی ئەو و هەڤاڵانی، کوردستان ئازاد بووە. ئێستا ئەو لەدەستەڵاتە و دەیەوێ یارمەتی هەموو ئەوانەی لە تەنگانە بەهانای شۆڕش و منداڵەکانییەوە هاتوون بدا و پاداشتیان بداتەوە بە: دانی کورسی، پارە، زەوی، پڕۆژە...هتد. ئەو پێشمەرگە دێرین و کەسە شۆڕشگێڕە ماف بەخۆی دەدا، پارە ببەخشێ، کورسی ببەخشێ، چونکە خۆی بە خاوەنی کورد دادەنێ.. ئەو هەموو هاوکێشەکانی لێ تێکەڵ بەیەکتر دەبێ. ئەو هەموو ژیانی خەباتی بێبەرامبەر کردووە، ئێستا بیر دەکاتەوە، دزی لای ئەو دزی نییە و وەك دزیش سەیری ناکا، بەڵکو بە مافی خۆی دادەنێ، بەتایبەتیش دەبینێ ئەو بەتەنها نییە و یەك لەشکر لە هاوشێوەی ئەو هەن، دەشزانێ حزب و سەرکردە چاو لە کەموکورتییەکانی ئەو دەپۆشن. وژیدان ئەزیەتی نادا، ئاسوودە دەخەوێ و لەکۆمەڵ هێواش هێواش دوور دەکەوێتەوە و ئەو کەسانەی دەشی بینن، لەبەر کورسی و دەستەڵاتی ناتوانن، پرسیاری گرانی لێبکەن..

2 - لەگەڵ ئەو کەسە پێشمەرگە و شۆڕشگێڕە، کەسێکی دەستەڕاستی ئەو هەیە، لە سەنگەر و بەرامبەر بە دوژمن شەهید دەکرێ. شەهید منداڵ و خوشك و برای لەدوای خۆی جێهێشتووە، بۆیە بۆ هەندێك لە منداڵە شەهید: زەوی، کورسی، پارە، دەستەڵات...هتد دەڕژێ...

3 - کەسێکی دیکە دەبینێ، لە ڕاست و چەپی خۆی، گەندەڵی هەیە، کورسی بەناهەق دابەش دەکرێ، پارە دەبەخشرێ، لەهەمان کات دەبینێ، ئەو لەو کەسانەی خەڵات دەکرێن، بڕوانامەی بەرزترە، بەتواناترە... هتد، بۆیە ئەویش، لەبەر ژیانی ڕابردووی خۆی، کە کەسێکی شۆڕشگێڕ بووە، ڕێگا بەخۆی دەدا، لە ڕێگای پەیوەندییەکانییەوە گوزەرانی خۆشتر بکا، کورسی وەربگرێ، خانووی بۆ بکڕدرێ...هتد.

ئەم هەموو ناعەدالەتییەتە، ئەلقەی لەیەکتر جیا جیا و سەربەخۆن و بەیەکەوەش کۆمەڵگایەکی گەندەڵ دروست دەکەن. ئەگەر مرۆڤی کورد لە ڕاستەوە بۆچەپ بێ خۆهیلاکردن یان بەدواگەران، دەیان نموونەی ناعەدالەتی لە کۆمەڵگای خۆی ببینی و ئەم هەموو ناعەدالەتییەش بەیەکەوە کۆمەڵگایەکی نەخۆش دروست دەکەن، هەر یەکە و چاو لە کەسێکی دیکە دەکاتەوە، هەریەکەو لە بەرژەوەندی خۆی، شتەکان هەڵدەسەنگێنێ و لە ڕوانگەی بەرژوەندی خۆی، حوکم لەسەر ڕاست و ناڕاست دەدات.

ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگایەکی لەمشێوەیە کار بکات، گرانە نووسینەکانی ڕەخنەی توند نەبن، ئەگەرچی بێئەوەی خۆی تێبگا، ئەویش کەوتۆتە ناو بازنەیەك و هیچی لە خراپی لەوەی دراوسێی کەمتر بەرناکەوێ...

ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستان زۆربەی بووارەکانی ژیانی گرتۆتەوە وەك: بەڕێوەبەردنی حکومەت، کاندیدکردنی ئەندامانی پەرلەمان، دانی پۆستی وەزارەت و سەفارەت و قونسولخانە و بەڕێوەبەرە گشتییەکان...هتد ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری لەسەر بنەمای: خزمخزمانێ، خۆڕەپێشکردن و ماستاچییێتی و پیاوی ئەم و ئەو دابەش بکرێ، ناکرێ جارێ چاوەڕێی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بکەین، لەوکاتیش زۆر گرانە، باس لە ئێتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووس بکەین، کە ئەلقەیەکی نەپچراوە لە زنجیرێکی دوور و درێژی سەدان میلی..

## 8 - هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن

هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان، ڕەوشی ڕاگەیاندنی توندتر کردووە، کەمتر و کەمتر بیر لە ڕێساکانی ئێتیکی پیشە دەکرێتەوە. هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن، لەڕاستیدا نیشانەی هەبوونی دیموکراتییەتە، هەبوونی دیموکراتییەتیش پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕینەوە هەیە. ئەگەر لە کۆمەڵگایەك، مرۆڤ ئازادی رادەربڕینی هەبێ، دیارە لەوکاتانەی ناهەقییێك دەبینێ، لەسەری دەنووسێ، هەندێك جار لە نووسینەکان تەنیا فاکتەکان بەرز ناکەنەوە، بەڵکو نووسەر ڕای خۆشی لەسەر دەدا و ڕاکانیشی زۆربەی جار زۆر توندە و هیچ ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن پەیڕە نەکراوە، بەتایبەتیش لە نووسینەکە دیارە لەکاتی توڕەبوون نووسراوە، لەکاتی توڕەبوونیش نووسەر ناتوانێ بێلایەنانە بیرۆکەی خۆی لەسەر کاغەز دابنێ و بنووسێ.

لەوانەیە هەڵە نەبێ، ئەگەر بڵێین لە کوردستان، نە ئۆپۆزیسیۆن دەزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو تۆزە ئازادییە لە ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی بکا، نە حزبە دەستەڵاتدارەکان دەزانن، بە شێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندنی خۆیان و وەڵامەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکەن، چونکە هەبوونی ئۆپۆزیسۆن

لە حكومەتی كوردی تازەیە و مێژووی دووری نییە. ئۆپۆزیسیۆن لە ڕەخنەی توند دەگاە برینداربوون، ئەوان لەوبڕوایەدان، بۆئەوەی پەیامیان باشتر بگات، پێویستە بەم شێوەیە توند بێ، كە خۆیان دەیانەوێ. ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتێكی كۆنی ئازاد، ئەگەر لە ئۆپۆزیسیۆنیش بێ، نیشتمانییە، چونكە ئەگەر لەم هەڵبژاردنە نەیبردەوە، لەوانەیە لە جاری داهاتوو، كورسی زیاتر وەربگرێ، بەڵام لە وڵاتێكی وەك كوردستان، ئەگەر حزبێك لە دەستەڵات نەبێ و لە ئۆپۆزیسۆن بێ، حزبی دەستەڵات هەزار و یەك پاساو بۆ ڕەخنەكانی ئەوان دێنێتەوە، ئەگەر ڕەخنەكان توند بن، لەوانەیە تۆمەتی خۆفرۆشیشی پێوە بلكێنن، لە بەرامبەریش ئۆپۆزیسیۆن، دژی هەموو كار و هەنگاوەكانی حكومەت دەوەستێ. ئەوان كار بۆ پوچەڵكردنەوەی كارە باش و خراپەكانی حكومەت دەكەن و لەبەرچاوی كۆمەڵ سوكی دەكەن.

لەمشێوە پەیوەندییە، هاوڵاتی زەرییەكەی دەدا، چونكە لەئەنجامدا لێی دەشێوێ و نازانێ بە چ لایەنێك بڕوا بكا. ئەگەر سیستێمی بەڕێوەبردنی وڵات بەمشێوەی كوردستان بێ، گرانە باس لە ڕاگەیاندنێكی تەندروست بكەین، كە تەواوی ڕێساكانی ئێتیكی ڕاگەیاندن پەیڕەو بكا.

لەگەڵ پەیدابوونی ئۆپۆزیسیۆن، ڕاگەیاندنی كوردی توندتر بووە، زیاتر خەڵك بریندار دەكرێ، ژمارەی سكاڵاكانی هاوڵاتیان دژ بە دەزگاكانی ڕاگەیاندن زیاتریان كردووە. لەڕاستیدا زۆر سروشتییە، بەڵام لەسەر حكومەت و ئۆپۆزیسیۆن پێویستە زیاتر كار لە ڕۆل و شێوەی كاركردنی خۆیان بۆ جەماوەر ڕوونبكەنەوە، بۆئەوەی هاوڵاتی ڕەخنەكان بە كارێكی سروشتی دابنێ و تێنەگا، بەیانی جارێكی دیكە شەڕی ناوەخۆ دەستپێدەكاتەوە.

## 9 - هەبوونی دیوار لە نێوان ڕۆژنامەنووس و بەرپرسان

ڕۆژنامەنووس و بەرپرس لە كوردستان لەیەكتر ناگەن و جارێ ناشتوانن زمانی هاوبەش لەگەڵ یەكتر بدۆزنەوە. ڕۆژنامەنووس لەوبڕوایەدایە، كەسی بەرپرس، كەسێكی دزە، گەندەڵە بە ڕێگای ناشەرعی ئەو كارەی پێدراوە، لەگەڵ ئەوەش بە ئەركی سەرشانی خۆی هەڵناستێ و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەستەلاتی بەكار دێنێ، یارمەتی خزم و كەسی دەدات، پارەی خەڵك بەهەدەر دەدات، تا ڕۆژەك زووتر لاییدەن، بۆ كورد و كوردستان باشترە. لەبەرامبەر ئەم بۆچوونە، كەسی بەرپرس لە دەم و قەڵەمی ڕۆژنامەنووس دەترسێ، بە تێكدەر و خۆفرۆش و ناپاك و بێویژدان سەیری دەكا. پێش ئەوەی لەنزیكەوە یەكتر بناسن، ئەم تێڕوانیانەیان لەسەر یەكتر هەیە. بۆیە لەجیاتی ڕێز لەیەكتر بگرن، ڕقیان لەیەكتر دەبێتەوە.

ئەم ڕقلێبوونەوە و تێك نەگەیشتنە، لەئەنجامی كاری خراپی هەردووك لا دروست بووە. هەردووك لایان، بەشی ئەوەندە كاری خراپیان كردووە، لەیەكتر بترسێن، بەشی ئەوەندە دەستەڵاتیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەكارهێناوە، بتوانن یەكتر سووك بكەن.

له ناوەڕۆکدا، هەردووك لا و هەردووك بۆچوون لەسەر یەکتر هەڵەیە، چونکە هەردووك لایان تەنیا و تەنیا کاری خۆیان دەکەن، ئەگەر کەموکورتییێك هەبێ لە: تێکنەگەیشتن، ترسی یەکتر و هەندێکجاریش لە ئێرەیی و حەسادەتەوەیە.

بۆئەوەی ئەم دیوارەی نێوانیان تەنکتر بێ، پێویستە شێوەی کارکردنیان بگۆڕن، درۆ لەگەڵ یەکتر نەکەن، هەڕەشە لەیەکتر نەکەن، لەجیاتی ڕقیش، ڕێز لە یەکتر بگرن و یەکتر قبوڵ بکەن، بۆیە بۆ هەردووك لایان پێویستە فێری کارکردن لەگەڵ یەکتر بێن.

ئەم دیوارە ئەستوورە لەڕاستیدا دەمێکە هەیە و زیاتریش پاش ڕاپەڕین پەیدابوو، بەئاسانیش ناتوانردێ چارە سەر بکرێ. برێ لەوانە، بە هەبوونی یاسایەکی تێر و باش و ئێتیکیانە چارەسەر دەکرێ و بەشەکەی دیکەش، بە بەخشینی کورسی و دەستەڵات بە کەسانی شایستە چارەسەر دەکرێ. خاڵێکی دیکەی گرنگیش، بەرپرس پێویستە لەکاتی دیارکراو پێشوازی لە ڕۆژنامەنووس بکا، ڕۆژنامەنووسیش پێویستە زمانی زبر و هەڕشە لە نووسینەکەی نەهێڵێ و زۆر باش بیر لە لایەنی ئێتیکی بکاتەوە.

لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو، کەسانی سیاسەتمەدار، بازرگان لەگەڵ هەموو ئەوانەی زوو زوو ڕۆژنامەنووسان دەبینن، بۆئەوەی تووشی هەڵە نەبن، خولی ڕاهێنان و قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەبینن و ڕاوێژکاری زۆر باشیش بۆخۆیان پەیدا دەکەن. ئەم ڕاوێژکارانە، بەرپرسانی خۆیان فێردەکەن، چۆن وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووسان بدەنەوە، چۆنیش ڕێز لە ڕۆژنامەنووسان بگرن. بینینی ئەم خولانە، یارمەتییێکی زۆر باشە بۆئەوەی ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسان لەجیاتی لەیەکتر ترسان و دوژمنایەتیکردنی یەکتر، ببنە هاوڕێ و لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و گەیاندنی پەیام یارمەتی یەکتر بدەن.

## 10 - وردەکارییەکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن لە ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی سوید (نموونەی زیندوو)

لە ماڵپەری ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، بەمشێوەی خوارەوە لەسەر ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن لە میدیای خۆیان قسە دەکەن:

ئەو ئازادییەی دەمێکە لە سوید هەمانە، بەرپرسیارێتی زۆر کەوتۆتە سەر: ڕۆژنامەکان، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و دەستەی نووسەران خۆیان.. ئازادی پێویستە زۆر بەناسکی و ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بۆیە زۆر گرنگە پرێس بەخۆشی خاوەنی ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندنی خۆی بێ. لە ساڵی 1916 پێشنیازی پێویستی هەبوونی دادگایەتی شەرعی یان ئێتیکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان کرا، هۆی ئەم پێشنیازەش، لەکاتی یەکەم جەنگی جیهانی، هەندێك ڕۆژنامە بووبوونە ئۆرگانی حکومەت و حزبەکان و بە ئارەزووی خۆیان پرۆپاگەندەیان بۆی دەکرد، کە بووە هۆی ناشیرنکردنی ڕووی پرێس.

بڕیاردان بۆ ئەوان دەکاتە چی؟

لەوکاتەی ڕۆژنامەیەك تاوانبار دەکرێ بەوەی ڕێساکانی ئێتیکی پێشێل کردووە، تا تیراژی 10000دانە لەسەری پێویستە 12 هەزار کرۆن و بۆ تیراژی بەرزتر، 30 هەزار کرۆن بۆ خەرجی لێکۆڵینەوەو کارکردن

لەسەر کەیسەکان بە ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بدا.

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن لەو بڕوایەدایە، کە ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن، پشتیوانییە بۆ ڕۆژنامەکان، کە هەست بە بەرپرسیارێتی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بکا.

ئامانج لەهەبوونی ئەم ڕێسایانە، پاراستنی تاکی کۆمەڵە لە نووسینی خراپ و بوختان هەڵبەستن لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

ئەنجومەن هەموو ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامە یان گۆڤار ساڵێ بەلای کەم چوار ژمارەی لێدەردەچێ وەردەگرێ. دەکرێ کەیس لەسەر نووسین لە ماڵپەڕی ئێلیکترۆنیش وەربگرێ، بەومەرجەی خاوەنی ماڵپەری ئێلیکترۆنی لەسەر هاوکاریکردن لەگەڵ ئەنجومەنی ڕاگەیاندن پێشتر پێکهاتبێ.

کێ دەتوانی سکاڵا تۆمار بکات؟:

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، دەتوانێ سکاڵای هەموو ئەو کەسانەی لە پرێس ناویانهاتووە و لەجۆری ناوهاتن رازینین وەربگرێ، هەروەها کۆمپانیا و دەزگاکانی حکومی و ڕێکخراوەکانیش دەتوانن سکاڵا لەسەر ناوەڕۆکی ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەری ئێلیکترۆنی بۆ ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بنێرن.

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، نامەی ئەو کەسانە وەردەگرێ، کە هەست دەکەن، لە پرێس بە ناهەقی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. بۆئەوەی نامەکەی بە هەند وەرگیبرێ و کاری لەسەر بکرێ، سکاڵانووس پێویستە ناوی، وێنەی یان شتی دیکەی تایبەت بەو بڵاوکرابێتەوە لای خۆی وەك بەڵگە هەبێ.

ساڵانە ئەنجومەنی ڕاگەیاندن نزیکەی 400 سکاڵای بەدەست دەگا. (لە سوید نزیکەی 120 ڕۆژنامەی ڕۆژانە، هەزاران گۆڤار و هەفتەنامە هەیە) لەوانەیە ژمارەی پێشێلکارییەکانی ڕۆژنامە دەرهەق بە کەس و کۆمپانیا و دەزگا حکومییەکان زۆر زیاتر بن، بەڵام هەر ئەوەندە سکاڵا دەنووسن و داوای مافی خۆیان دەکەن.

پێویستە زیاد لە سێ مانگ بەسەر بڵاوکراوەکە ڕەت نەبووبێ، ئەگەر بڕیاردرا کار لەسەر سکاڵای ناوبراو بکرێ. جگە لە نووسینی نامەیەك، دانەیەکی کۆپی نووسینی بڵاوکراوەکە بۆ ئەنجومەنی ڕاگەیاندن دەنێرن و لەهەمان کات، ڕۆژنامەکە لە سکاڵا ئاگادار دەکرێتەوە و ئەوانیش کۆپی سکاڵاکەیان بەدەست دەگا و بە شێوەیەکی گشتی لەماوەی 2 هەفتە وەڵامی دەدەنەوە.

لە خوارەوە کۆمەڵێك کەیس، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سویدی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی ناویان بەناهەق لە نووسینەکاندا هاتووە و هەستیان کردووە، بریندار بووین و سکاڵایان لە ئەنجومەنی ڕاگەیاندن لەسەر ڕۆژنامەکان تۆمار کردووە وەك نموونەی زیندوو دەیانهێنمەوە. من سوودم لە نموونە براوەکان وەرگرت، چونکە دەبینم هەمان گرفت لە کوردستانیش هەیە و نازانن چۆن خۆیانی لێ ڕزگار بکەن.

لە نووسینی ڕۆژنامە یان گۆڤارەکان ناو هاتوون، بەڵام ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، ناوی کەسەکانی نەنووسیوە، چونکە نایەوێ کەسەکان جارێکی دیکەش بریندار بنەوە.

نموونەی یەکەم

ڕۆژنامەی Nerikes Allehanda ڕێکەوتی 2012 - 10 - 09

کەسێك ناوی لەگەڵ نووسینێك لە ڕۆژنامەی Nerikes Allehanda هاتووە و تۆمەتی بەکارهێنانی زەبروزەنگی دژ بە فەرمانبەرێکی حکومی دراوەتە پاڵ و بۆ بەندیخانە بردوویانە. یەك لە سەردێرەکانی ڕۆژنامە، هەستی یەکلاکردنەوەی تاوان دەبەخشی. سەردێری ڕۆژنامەی Nerikes Allehanda ڕۆژی 15ی شوباتی 2012 بەم شێوەی خوارەوەیە: /حەرەس لە سپۆنسەری (کسئ) دا/ - سەردێر - کسئ: کلوبی سپۆرتی ئۆرەبرو...

لە تێکستەکە هاتووە، ئەندامی ئەنجومەنی، (کلوب سپۆرتی ئۆرەبرو) (ناوی کەسەکە نووسرایە)، تۆمەتبار کراوە، بەوەی لە کاتی ئاهەنگ گێڕانی کۆنفرێنس لە پاسەوانێکی کۆمپانیای (پاسەوانی شار)ی دابێ. هەمان کۆمپانیای پاسەوانییە، کە بۆماوەی چەندین ساڵە لەدوای یەکتر پاسەوانێتی ئەم کۆنفرێنسە دەکا. ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای پاسەوانی، بەسەرخۆشی گیراوە، بەخۆشی دەڵێ: پاسەوانەکان قەشمەرییان بەو کردووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی پۆلیس ئەو مستێکی لە یەك لە پاسەوانەکان داوە، بەڵام ئەو ئەمە ڕەتدەکاتەوە. ڕۆژنامە تاوانبار کرا، چونکە پەیوەندی بە وەرزشەوە هەبوو، وەرزیش هی هەموو جۆرە خەڵکێکە. بۆیە ناوهێنانی بەڕێوەبەری گشتی و تێوەگلانی ئەو بەشەڕ و سەرخۆشی، کاردانەوەی خراپی لەسەر وەرزش دەبێ. سەردێر بەشێوەیەك نووسرابوو، کە خوێنەر هەستی دەکرد، بەڕاستی کەسەکە تاوانبارە.

لە 4ی ئەیلول، ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەی بە تاوانبار زانی و داوای خۆڕاستکردنەوەی لێی کرد، چونکە بەڕێوەبەری گشتی کلوب، کەسێکی بەناوبانگە و لەناو خەڵك ناسراوە، بۆیە ناوهێنانی زیانی پێگەیاندووە و لایەنی ئێتیکی لە نووسینەکە فەرامۆش کراوە.

دانانی سەردێر، بەوەی پۆلیس دەڵێ، لای خوێنەر هەستێك دروست دەکا، کە ئەم کەسە بەڕاستی تاوانبارە و بەتایبەتیش ئەگەر کەسەکە ناوی لە سەردێر هاتبی. لەڕاستیدا، کاری پۆلیس نییە، حوکم بدا و تاوانەکە یەکلا بکاتەوە، بەڵکو ئەمە کاری دادوەری گشتییە. بڕیاری ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بەمشێوەیە: ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، لە حوکمی خۆی بڕیاریدا، کە ڕۆژنامە سزا بدرێ، چونکە ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندنی دەربارەی هەبوونی ڕاگەیاندنێکی باش و بەرزی شکاندووە.

نموونەی دووەم

لە 31 ی مایسی 2012 ئەنجومەنی ڕاگەیاندن نامەیەکی لەلایەن کەسێکەوە پێگەیشتووە، بەوەی لە ڕۆژنامە بە خراپە باسی کراوە. لە 10ی تشرینی دووی 2011 ڕۆژنامەی (Strängnäs Tidning) لە لاپەڕەی یەکەمی ئەم سەردێرە نووسرایە: /جارێکی دیکەش راوێژکارێکی دیکە بەکرێ گیرا و بێئەوەی

كاری هەبێ/.

لە نووسینەكە هاتووە، كە رۆژنامە دەتوانی ئاشكرا بكات، بەوەی شارەوانی جارێكی دیكەش راوێژكارێكی گرتووە، بئێەوەی سوودی لێوەربگری. ئەم راوێژكارە هێندراوە، بۆئەوەی یارمەتی سیاسییە باڵاكانی شارەوانی لە پرسیاری كۆمەڵایەتی بدا. ئەم ڕاوێژكارە 310000 كرۆنی بۆ یەك ساڵ وەرگرتووە، ئەگەر بەگوێرەی گرێبەست و ڕێنماییەكان بێ، راوێژكار نەدەبووایە لە 287000 كرۆن زیاتر وەربگرێ. سەرۆكی شارەوانی پاساو بەو بڕە پارە زیادە دەهێنێتەوە، بەوەی كارەكانی شارەوانی باشتر ڕۆیشتن و پێشوەچوونیان بەخۆیانەوە بینیووە.

لەناو نووسینەكە هاتبوو، چۆن رۆژنامە نهێنی كارەكانی شارەوانی ئاشكرا دەكا و چۆن سەرۆكی شارەوانی یاسای پێشێلكردووە، بەوەی چۆن كەسێك بەناوی... سەربەكۆمپانیای... پارەی زیادی پێدراوە و سنووری پارەدان شكێندراوە.

ئەم سكاڵایە لەلایەن سەرۆكی شارەوانییە پێشكەش كراوە، چونكە ناوی ئەوی تێدا هاتووە و حزبەكەی ئەویشی تێدا بریندا بووە. بەگوێرەی نووسینەكە، شارەوانی بەبێ پشتیوانی یاسا كاری بە كۆمپانیای راوێژكار داوە.. لەم نووسینە 14 جار ناوی سەرۆكی شارەوانی هاتووە، لەلایەن رۆژنامەشەوە پەیوەندی پێوەكراوە، پرسیاری لێكراوە، بەڵام ڕاوبۆچوونەكانی ئەو نەخراوەتە ناو تێكستەكە.

لەم كەیسە، سەرۆكی شارەوانی و رۆژنامە سكاڵایان لەسەر یەكتر تۆمار كردووە. ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، حوكمی دا بەوەی رۆژنامە دژی پرەنسیپەكانی ڕاگەیاندنی باش، ئەم گوتارەی بڵاوكردۆتەوە و ڕێگاشی بە سەرۆكی شارەوانی نەداوە، بەرگری لەخۆی بكات.

نموونەی سێیەم

ئەو نووسینەی دەربارەی ئەمیرەی وڵاتی سوید بڵاوكرایەوە، پێشلێكاری زۆری دژی پرەنسیپی ڕاگەیاندنی چاك هەیە.

لە گۆڤاری Hänt Extra لە ڕێكەوتی 12 - 6 - 2012 سەردێرێك نووسراوە، خوێنەور هەست دەكا، ئەمیرە خەریكبووە منداڵەكەی لەبەر بچی. نە ئەمیرە نە كەسی دیكە، پێویست ناكات ئەم نووسینە هەستیارانەی دژ بنووسرێ، بەتایبەتیش، كە زانیارییەكان ڕاست نەبن. ئەنجومەنی ڕاگەیاندن لە ڕاپۆرتەكەی خۆی دەنووسێ.

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن لە 3 مارتی 2012 نووسیویەتی: ئەوەی گۆڤاری Hänt Extra لە ژمارە 49ی 2011 لە لاپەڕە یەكەم و وەك سەردێری سەرەكی بڵاویكردۆتەوە، /تەندروستی خراپ، سەرئێشە و ڕشانەوە.. ئەمیرە نزیك بوو منداڵی لەبەر بچی – ئێستا برادەرانی ئەمیرە ئاگاداردەكەنەوە!/ سەردێری گۆڤارەكە بوو. ئەم سەردێرە بە وێنەیەكی ئەمیرە و دانیێلی مێردی دەوڵەمەند كرابوو. كەمێك بچوكتر وێنەی

هەردووك ئەمیرەی نەرویج و دانمارکیش لە لاپەڕەی یەکەم داندرابوو.

لە سەردێری ناوەوەی گۆڤار نووسرابوو: /برادەرانی ئەمیرە، ئامۆژگاری ڤیکتۆریا دەکەن، باس لە ئەزموونی زگهەبوونی خۆیانی بۆ بکەن. ئەمیرەی دانمارك نزیکبوو منداڵی لەبەر بچی/.

لە ناوەوەی نووسینەکە هاتبوو، بەوەی ئەمیرە ڤیکتۆریا و مێردی زۆر چاوەڕێ منداڵی یەکەمی خۆیان دەکرد. بێگومان زۆر لە برادەرانیان لە ئەوروپا وەك ئەوان دڵشاد بوون.. ئەگەر ڤیکتۆریا پرسیاری لێکردبان و داوای ئامۆژگاری لێکردبان، بێشك یارمەتییان دەدا.

ئەم سکاڵایەی لەلایەن نوێنەری ئەمیرە Axel Calissendorff. وە درا بە ئەنجومەنی ڕاگەیاندن.

بەگوێرەی قسەی ئەمیرە: سەردێری لاپەڕەی یەکەم، ئەو هەستەی لای خوێنەر دروست دەکرد، کە ئەمیرە لە منداڵ لەبەرچوون زۆر نزیك بووە، ئەمەش دووربووە لەڕاستی، بۆیە ئەو هەستی بە نارەحەتی و ئیهانەکردن کردووە.

بەگوێرەی ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن، ئەو زانیارییانەی بڵاودەکرێنەوە، پێویستە ڕاست و دروست بن. لە ڕێسکانی ئێتیکی پیشە هاتووە، تێکستی سەردێر، پێویستە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆك بێ.

گۆڤار بەرگری لەخۆی دەکا، بەوەی ئەگەر ئەوان بیانوویستبا بە خوێنەرانی ڕابگەینن، کە ئەمیرە باری تەندروستی خراپە دەیانووسی: ڤیکتۆریا نزیکە لە منداڵ لەبەرچوون. دەربارەی دانانی وێنەی هەردووك ئەمیرەکانی نەرویج و دانمارك، ئەو ڕاستییەی گۆڤار دەسەلمێنێ. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمیرە سەردێری لاپەڕەی یەکەمی پێ ڕاست نییە، سکاڵای لەسەر گۆڤار تۆمار کردووە.

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن حوکمی لەسەر گۆڤار داوە و بەمشێوەیە نامەکەی نووسیوە:

لەبەر ئەوەی ئەمیرە ڤیکتۆریا، پاشای داهاتووی سویدە و پێویستە تێبگا، بەردەوام لەسەری دەنووسرێ، بەتایبەتیش لەوکاتەی چاوەڕێی کورسی پاشای داهاتووی وڵاتە. ئەمەش وادەکا، ژیانی تایبەتی کەمتر لە هاوڵاتییێکی ئاسایی هەبێ. سنووری ژیانی تایبەتی ڤیکتۆریا چەند دوور دەڕوا، زۆر گرنگ نییە، بۆئەوەی حوکم لەسەر ئەم بابەتە بدەین. نە ڤیکتۆریای ئەمیرە نە هاوڵاتییێکی ئاسایی، پێویست ناکا ئەمجۆرە زانیارییە ناڕاستە لەسەر پرسیارێکی وا هەستیار قبوڵ بکا. سەردێری: تەندروستی خراپ، سەرئێشە، ڕشانەوە.. ئەمیرە نزیکە لە منداڵ لەبەرچوون، برادەرانی ڤیکتۆریا ئاگادار دەکەنەوە! زۆر بەڕوونی پیشانی دەدا، کە ئەمیرە ڤیکتۆریا نزیکە لە منداڵ لەبەر چوون.

لە نووسینی ناوەوە هاتووە، ئەگەر ڤیکتۆریا بپرسێ، بێشك ئەمیرەکانی نەرویج و دانمارك وەڵامی دەدەنەوە. بۆیە ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، گۆڤار ئاگاداردەکاتەوە، بەوەی سەردێری لاپەری یەکەم دوورە لە پەیڕەوکردنی ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن و ڕێنماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندنی شکاندووە.

نموونەی چوارەم

سەردێر و لید ئەو هەستەیان لای خوێنەر پەیدا دەكرد، كە كەسەكە حوكم دراوە، كەچی لەكاتی نووسین، كەسەكە تەنیا بەتاوان تۆمەتبار دەكرا.

لە ڕۆژنامەی City Skåne ی لە ڕێكەوتی 12 نیسانی 2012 نامەیەكی لە كەسێكەوە بەدەست دەگا. لە 3 - 4ی تشرینی دووی City Skåne 2011 چەند گوتارێكی لەسەر دادگاییكردنی بەڕێوەبەری دەزگایەكی فەرهەنگی زۆر گەورەی ناوچەكە بڵاوكردەوە، بەوەی ژنێكی ئەزیەت داوە و ویستوویەتی بەزۆر لەگەڵی بخەوێ. وێنەی بەڕێوەبەر لەگەڵ تێكستەكە داندرابوو.

لە سەردێری 18 تشرینی دوو لە ڕۆژنامە نووسرابوو: /توندوتیژی شاری مالمۆ دژ بە ژنان/ دواتر لە تێكستەكە هاتبوو: ئەمڕۆ جارێكی دیكەش، كەسێكی مالمۆ حكومدەدرێ، بەوەی توندوتیژی دژ بە ژنی برادەری بەكارهێناوە. ڕۆژنامەی ستی لێكۆڵینەوەی كردووە لەسەر ئەوەی: ئەو پیاوانە كێن؟ لەكوێ دەژین و چەندیش پارە پەیدادەكەن؟ دواتر نووسراوە: ئەو پیاوەی لە ژنیدا لێرە دەژی.. لەگەڵ هەمان بابەت نەخشەیەكی شاری مالمۆ كێشرابوو، خاڵ لەسەر گەرەكەكانی داندرا، كە دانیشتوانی توندوتیژیان دژ بە ژن بەكارهێناوە.

حوكمی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن:

ڕۆژنامە چەندین گوتاری دژی ئەو كەسەی نووسیوە و ناویشی هێناوە، بەوەی، كە ئەو كەسێكی ناودار بووە لەم شارە.. سەردێری گوتاری ناوبراو زیان بە ڕاگەیاندنی باش دەگەینی.

نموونەی پێنجەم

گوایە كەسێك تەندروستی دەروونی تەواو نییە.

ڕۆژنامەكانی Eskilstuna - Kuriren و Strengnäs Tidning: لە نامەی خوێنەرێك هاتووە، كە كەسێك تەندروستی دەروونی باش نییە و هەموو سنوورەكانی بەزاندووە، كە دەتوانی هەزمی بكات.

ڕۆژنامەی Eskilstuna - Kuriren لە 15 تەموز نامەیەكی بڵاوكردۆتەوە بەناوی: /ڕەخنە ناكاتە ئیهانە كردن/ بەناوی پیتی (ئۆ) ئەم نامەیە نووسراوە، كە دەروونناسێكی خانەنشینكراوە. هەمان نووسەر لە ژمارەی ئێلیكترۆنیش هەمان نووسینی بڵاوكردبۆوە. بەشێك بەمشێوەیە نووسراوە:

(ماوەیەكی لەمێژە سیاسەتمەدارێكی دەركراو، ڕێگا بەخۆی دەدا قسەی نابەجێ بكا، كە پێیوەدیارە باری دەروونی باش نییە...) ماوەی 30 ساڵ بوو، ئەم نووسەرە بەوشێوەیە دەینووسی و خەڵكی بریندار دەكرد، بۆیە ناسینەوەی نووسەر گران نەبوو. نووسەر بەژیانی كەسەكەی دژی نووسیبوو نەبینیبوو، بۆیە نەیدەزانی باری دەروونی ئەو چۆنە. ئەو نامەكەی لە فەیسبووك و ماڵپەرە ئێلیكترۆنییەكانیش بڵاوكردبۆوە. هەرچەندە ناو لەم نامەیە نەهاتووە، بەڵام ناسینەوەی كەسەكە گران نەبوو، بۆیە ئەنجومەنی

ڕاگەیاندن، حوكمی بەسەر هەردووك ڕۆژنامەدا، كە ئەمجۆرە نامانەی بڵاوكرۆدتەوە، چونكە ناسینەوەی كەسەكان ئاسان بووە.

نموونەی شەشەم

جەریمە دژی منداڵ:

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن، زۆر بە گرنگەوە ئەو بابەتانەی تایبەت بە جەریمە دژ بە منداڵ دەكرێن لێكۆڵینەوەیان لەسەر دەكا. لەم كەیسە، منداڵێك بەهەڵە ئاماژەی پێكراوە، كە تەحەددای جنسی لێكراوە.

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن زۆر بەتوندی ڕەخنەی لە ڕۆژنامەی Kristianstadsbladet گرت، بەوەی ڕووی جوانی و باشی ڕۆژنامەگەری شێواندووە.

ڕۆژنامەی Kristianstadsbladet، لە ڕێكەوتی 9 حوزەیرانی 2011 سەردێری بەمشێوەی خوارەوە نووسیبوو:

/باوكێ بۆ ماوەی چەندین ساڵ تەحەددای جنسی لە كچە بچووكەكەی دەكرد/. ئەوەی سەرەوە سەردێری گەورە بوو، لەخوارەوەش بە فۆنتی بچووكتر نووسرابوو: پیاوەكە بۆ تەحەددای جنسی دراوەتە دادگا، پیاوەكە بۆ توندوتیژی دژی كچەكەی و هەبوونی فیلمی ڕووتی منداڵان دراوەتە دادگا. (لە دەرەوە فیلم وێنەی رووتی سێكسی منداڵان سزای زۆر توندی لەسەرە...نووسەر) لەناوەوەی ڕۆژنامە و تێكستەكە هاتووە: (پیاوەكە تاوانبار كراوە، بەوەی سێكسی لەگەڵ كچی خۆی كردبێ) لە لید نووسرابوو، كە پیاوەكە لە فڵانە شارەوانی دەژیت و پێشتریش چەندین جار بە هەمان تۆمەت دادگایی كراوە و لەوانەش، كە بەزۆر سێكسی لەگەڵ كچە منداڵەكەی كردووە و وێنەی ڕووتی لەكاتی سێكس لەگەڵ كردن گرتووە. نووسینەكە بە ئیعتارفاتی پیاوەكە دەستپێدەكا، كە چۆن بەزۆر سێكسی لەگەڵ كچەكەی كردووە. ئەم جارەیان لەلایەن منداڵێكی كچی دراوسێ سكاڵای لەسەر تۆماركراوە. پۆلیس ماڵی كابرای پشكنییە و هەزاران وێنە و فیلمی ڕووتی منداڵانی دۆزیوەتەوە. نۆ لەو وێنانە، وێنەی كچی كابرا خۆی بووە. پیاوەكە لە كانونی دووی 2011 گیراوە و پاش شەش مانگ، كە گوتارەكە بڵاوكرایەوە، هێشتا لەبەندیخانە بوو. پیاوەكە ئیعترافاتی لەسەر سێكس لەگەڵ كچەكەی لە سێ جاری جیا كردووە، كە لەو كات كچی تەمەنی دە ساڵان بووە.

خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامە بەرگری لە بڵاوكراوەكەی خۆیان كردووە و گوتوویەتی، كە ئەو نووسیویەتی لە فڵانە شارەوانی دەژی بێئەوەی ناو، تەمەن و شەقامی ئاشكرا بكا، بۆیە بۆ كەسانی دەرەوەی شارەوانی، زۆر گرانبووە، كابرا بناسنەوە، لەهەمان كات زۆر گرانبووە، كچی كابرا بناسنەوە.

زانیاری، كە گوایە سێكسی لەگەڵ كچی خۆی كردووە هەڵە بووە و سەرچاوەكەشی پۆلیس بووە. لەوكاتەی ڕۆژنامەكەن زانیاری تایبەت بە تەحەدای سێكس كردن دژ بە كچەكەی هەڵە بووە، یەكسەر لە

ڤەریانتی ئێلیکترۆنی بەمشێوەی گۆڕیوە: (پێشتر ڕۆژنامەی Kristianstadsbladet نووسیبووی دەربارەی گیرانی کەسێك، کە تەحەددای لە کچی خۆیکردووە، هەڵەیە و دوورە لە ڕاستی. پیاوەکە ئیعترافی کردووە، بەوەی سێکسی لەگەڵ کچێکی دیکەی نزیك ماڵی خۆیان کردووە، کچێکی دراوسێش سکاڵای لەسەر هەمان پیاو نووسیوە.)

حوکمی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بەو شێوەی خوارەوە بووە: هەرچەندە ناوی کابرا ئاشکرا نەکراوە، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی بچووك، لەگەڕەکێکی بچووکی تایبەت بە خانووی ڤیلا، کە زۆربەیان یەکتر دەناسن و دەناسنەوە، ڕاستکردنەوەیەك بەش ناکا، کە کچەکە چەند ئەزیت و غەمی خواردووە. بۆیە کارکردن لەسەر منداڵ پێویستە زۆر بە هۆشیاری بێ، بەتایبەتیش لەوکاتەی، ناوی منداڵێك بە هەڵە دەکەوێتە ناو بابەتێکی ئەوەندە جددی. دەبێ ڕۆژنامە زۆر بەتوندی ڕەخنە لەخۆی بگری، چونکە ڕووی ڕۆژنامەگەری ناشیرن کردووە.

نموونەی حەوت

هەڕەشەی مار بەهەڵە: سەردێڕێکی بێ مەسئولیەت، دەربارەی ئەوەی ژنێك هەڕەشەی بە ماری ژەهراوی لێکراوە. سەدرێڕەکە دوورە لە ڕاستی و بنەما. ئەنجومەنی ڕاگەیاندن لە ڕاپۆرتی خۆی نووسیویەتی.

لە ڕۆژی 14 شوباتی 2011 ڕۆژنامەی Expressen گوتارێکی لەژێر سەردێری: /دایکێك بە ماری ژەهراوی هەڕەشەی لێکراوە/ ژێر سەردێر بەمشێوەی خوارەوەیە: /لەژوورەوە لەگەڵ منداڵەکەی گیراوە – تا پۆلیس و دەرگاکەرەوە گەیشتوون/. لە لید هاتووە، کە ژنەکە ویستوویەتی لەگەڵ منداڵەکەی ڕابکا، بەڵام لەبەر نۆ مارە ژەهراوییەکەی کابرا، نەیوێرایە ڕابکا. یەك گەززە، منداڵەکەی دەکوشت. دواتر پۆلیس دەچێتە ماڵەکە و منداڵ و دایکەکەی ڕزگار کرد. هەمووی لەوە دەستیپێکرد، کە Jonas Wahlström لە باخچەی ئاژەڵان کاریکردووە و پێیسپێردراوە کە ئاگای لەو هەشت مارە بێ و لەوانەشە یەك ڕایکردبێ.

لە نووسینی گوتارەکە هاتووە، چەندین کەس، هێزی پۆلیسی بینی، دەورەی ماڵێك بدەن، کە لەژوورەوە ژنێك و منداڵە تەمەن چەند مانگەکەی لەلایەن پیاوێکەوە (تەمەنی نووسراوە)، زۆر ئەگرەسیڤ بووە. بەگوێرە قسەکانی پۆلیس، ئەو کابرایە هەڕەشەی لە ژن و منداڵەکەی بە ماری ژەهراوی کردووە. لەکۆتاییدا ژنەکە، توانی پۆلیس ئاگادار بکاتەوە و ئەوانیش ڕزگاریان بکەن. پۆلیس گوتوویەتی، هەوڵی ڕزگارکردنی ژن و منداڵەکە لەبەر مارە ژەهراوییەکان خەتەر بووە، بۆیە چاوەڕێیان کردووە، تا پیاوەکە خۆی تەسلیم بە پۆلیس کردووە و کەسیش بریندار نەبوون.

لە دوای لید ئەم تێکستە نووسرابوو: ( ئەو پۆلیسانەی چوونە ژوور، باوەڕیان نەدەکرد، چی دەبینن. هەمووی وەك گوفەکی زبڵ بوو، پڕبوو لە شوشەی بەتاڵ، زبڵ، قونکە جگەرە و هەروەها مارەکان و دوو حەیوانی دیکەش. لەناوەندی ئەم هەموو شتانە منداڵێکی بچووك هەبوو، کە شایەدحاڵ دەڵێ، کە

خۆی بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکە بوو). هەمان نووسین لە ژمارەی ئێلیکترۆنیش بڵاوکرایەوە و وێنەیەکی کارمەندی باخچەی ئاژەڵانیش Jonas Wahlström بە کێشان لەگەڵ گوتارەکە داندرابوو.

حوکمی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بەمشێوەی خوارەوە بوو:

ئەو جەریمەی ڕۆژنامەی Expressen لە 14ی شوبات نووسی، زۆر جددییە و زۆریش تایبەتە، کە پیاوێك هەڕەشە لە ژن و منداڵێکی زۆر بچووك بە نۆ ماری ژەهراوی دەکا، کە لەلایەن جەماوەرەوە زۆر بایەخی پێدەدرێ، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو زانیارییە ڕاست بێ، یان ڕۆژنامە بڕوابکات، کە ڕاستە. جێگای سەرسوڕمانە، کە ڕۆژنامە ناوی گەڕەك و شوێنی ڕووداوی هێناوە و باسیشی کردووە، کە چۆن هەموو شتەکان ڕوویانداوە. ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بەو شێوەی سەرەوەی لە ڕاپۆرتەکەی نووسیوە.

حوکمەکە: لەبەر ئەوەی لە ژمارەی داهاتوو، ڕۆژنامە خۆی ڕاست نەکردۆتەوە، تایبەت بە هەڕشە لە ژن و منداڵەکە، ئەگەر چی داواکاری گشتی، لە چاوپێکەوتنی گوتوویەتی: هیچ گومان لەوە نییە، کە ژن و منداڵەکە ژیانیان لە مەترسی دابووە، بەڵام سەردێر و لید ئەو هەستە دروست دەکەن، کە ژنە نەیوێرایە کار لە لێکۆڵینەوەکان بکا. بۆیە ڕۆژنامە ناتوانێ هەڵێ یان خۆیبدزێتەوە لەوەی، ئەم نووسینە ڕووی ڕۆژنامەگەری پیس کردووە.

نموونەی دیکە یەکجار زۆرن و ئەنجومەنی ڕاگەیاندن ساڵانە نزیکەی 400 کەیسی دێە بەردەست، من ئەو نموونانەم هێنایەوە، کە ڕۆژنامە یان دەزگای ڕاگەیاندن حوکم دراوە."6"

ئەم نووسینانە ڕاستە لەسوید ڕوویانداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە پرێسی باش و پوخت و ڕاست و دروستەوە هەیە، کار لە هەموو کەسێك دەکا.

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ ئەوەیە، ئەگەر لەو وڵاتانە، ڕۆژنامە یان گۆڤار یان ماڵپەڕی ئێلیکترۆنی لە ئەنجومەنی ڕاگەیاندن ڕەخنەیان لێبگیرێ، قبوڵی دەکەن و خەڵکیش بڕوا بە ڕوونکردنەوەکە دەکا. لە کوردستان ڕوویداوە، وێنەی ڕۆژنامەنووس کەوتۆتە سەر فەیسبووك و بەناو مۆبایل بڵاوکراوەتەوە، کەچی هیچ دەزگایەك نەبووە، ئەو کەسە سکاڵای خۆی دژ بنووسێ و لەمەش خراپتر هیچ شوێنێك نەبووە، ڕوونکردنەوەکە بڵاوبکاتەوە. بۆیە ئەگەر ڕوونکردنەوە لە دادگاش دەربچێ، لە کوردستان بڕوای پێناکەن و کەسەکە بە چاوی سووك لەناو کۆمەڵ سەیر دەکرێ.

پەراوێزەکان:

1 - رامین جیهانبەلگو. (ئەخلاق و یاسا). و: حەمە قادر.

لە ڕێکەوتی 8 - 8 - 2012 لە ماڵپەری کوردستانی نوێ وەرگیراوە. وەرگێر لە ماڵپەری http:// agoraforum.ca وەرگرتووە.

2 - هەمان سەرچاوەی پێش

3 - هەمان سەرچاوەی پێش

4 - هەمان سەرچاوەی پێش

5 - من خۆم وەك ئەندامی تاوتوێکردنی پرۆژە یاسای مامۆستایانی زانکۆ لە ژووری حاجی یوسف لە ئەنجومەنی وەزیران دانیشتبووم، چاوەڕێی ئەندامانی دیکەی لیژنەکەمان دەکرد، فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تەلەفۆنی بۆ حاجی یوسف کرد و ئەمری پێیکرد، هەر ئەورۆژ پرۆژە یاساکەی ئەوان (سەندیکا) بۆ پەرلەمانی کوردستان بنێرێتەوە.. لە دوورەوە بێویستی خۆم گوێم لە قسەی نێوانیان بوو.

6 - تەواوی نموونەکان لە ماڵپەری ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بەناوی: www.po.se بە زمانی سویدی وەرگرتووە. بە زمانی ئینگلیزیش هەموو کەیسەکان بە فایلی PDF هەن.

بەشی پێنجەم

# هەڵسەنگاندنی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی لە ڕوانگەی ئێتیکەوە

بەشی پێنجەم

# هەڵسەنگاندنی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی لە ڕوانگەی ئێتیکەوە

1 - دۆسییەی قایمقامی سلێمانی و ڕەنگدانەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا

ا - دۆسییەی قایمقام لە ماڵپەری ئیلێکترۆنی: خەندان و رووداو

ب - دۆسییەی قایمقام لە پرێسی کوردی: کوردستانی نوێ، ئاوێنە، یەکگرتوو، میدیا، هاوڵاتی، رووداو، لڤین و شەقام

ج - مامەڵەی پرێس لەسەر دۆسییەی قایمقام

د - مامەڵەی زانا محەمەد ساڵح لەگەڵ پرێس

## 2 - ئێتیك لە پرێسی کوردی

ا - نموونەی گۆڤارەکان

گۆڤاری شەقام، گۆڤاری هۆنیا، گۆڤاری سڤیل، گۆڤاری چرکە

ب- نموونەی ڕۆژنامەکان

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی خەبات، هەفتەنامەی ئاوێنە، هەفتەنامەی چاودێر، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، هەفتەنامەی رووداو، ڕۆژنامەی هەولێر، هەفتەنامەی باس، هەفتەنامەی هەواڵ

## 1 - دۆسییەی قایمقامی سلێمانی و ڕەنگدانەوەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا

دۆسییەی قایمقامی سلێمانی زانا محەمەد ساڵح، یەك لەکەیسە هەرە زەقەکانی کوردستانە و پێشتر هیچ کەیسێك بەوشێوەیە بە گەرمی لە مێژووی میدیای کوردی باسی لێوە نەکراوە. دۆسییەی قایمقام هەر لەسەرەتاوە بە هەڵە دەستی پێکرد و بە تراگێدیاش کۆتایی هات.. بۆئەوەی هەڵەکان ڕاستبکرێنەوە، دیسان هەڵەی دیکە دەکرایەوە و تا هەڵەکان ئەوەندە گەورەبوون، لە ئەنجامدا بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، قایمقام لە بەندیخانەی ئاسایش لە 14 نیسانی 2012 خۆیکوشت. یەك لەوهۆیانە بووە هاندان بۆ بیرکردنەوە لە خۆ کوشتن و دواتریش ئەنجامدانی، ڕاگەیاندن بوو.

قایمقامی سلێمانی

زانا محەمەد ساڵح، قایمقامی سلێمانی، دەکرێ بگوترێ یەکەم کەس بوو لە کوردستان، زۆر بەخەستی کەوتە بەر هێرشی ڕۆژنامەنووسان و قەتیش نەیتوانی و هیچ شانسیشی پێنەدرا، بەرگری لەخۆی بکات.

لە زۆربەی ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و گۆڤار بێئەوەی قایمقام ببینن، یان پەیوەندی پێوەبکەن، باسیان لەو دەکرد. ئەم باسکردنە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی گرتەوە، بەڵام زیاتر ئەوانەی بە ئەهلی ناسراون، کەیسەکەیان زەقکردەوە، زیاتر و زیاتر نووسینی نێگەتیڤیان لەسەر نووسی، وێنەیان بڵاودەکردەوە..

لەخوارەوە باس لە ڕووداوەکە بەشێوەی خرۆنۆلۆژی دەکەین و لەم نووسینە، زیاتر باس لە ئێتیکی ڕاگەیاندن دەکرێ، ئایا ئەم کێشە گرنگە، کە بووە هۆی کوشتنی قارەمانی چیرۆکەکە خۆی، بەتەواوی و پسپۆرانە مامەڵەی لەگەڵ کرا یانیش بێبەرنامە بوو و ئامانجی یەکەم تەنیا پڕکردنەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بووە.

پێش ئەوەی دەست بە نووسینی خرۆنۆلۆجی ڕووداوەکان بکەین، پێویستە بگوترێ، ئەم کەیسە بێ ویست و پرس و ئارەزووی ڕۆژنامەنووسان ڕوویداوە.. بەڵام کە هەمووی ئاشکرابوو، ڕۆژنامەنووسان ئاهەنگیان گەرم کرد، ئەنجامەکەشی دیارە بەکوێ گەیشت.

## ا - دۆسییەی قایمقام لە ماڵپەڕی ئیلێکترۆنی

خەندان 8 - 4 - 2012:

/قایمقامی سلێمانی برا بۆ ئاسایش/ (نوێکراوەتەوە) (هەواڵی کۆن لەگەڵ ئەم هەواڵە جیاوازی زۆر نییە)

سەرچاوەیەك لە دادگای سلێمانی بە سایتی "خەندانی" ڕاگەیاند، بەهۆی ئەوەی لەناو گۆڕەپانی دادگای سلێمانی دەنگی تەقە بیستراوە، گرژیی لەنێوان کەسوکاری قایمقام و پاسەوانەکان ڕوویداوە.

وتیشی نزیکەی 400 کەس لە کەسوکاری زانا حەمە سالح، قایمقامی سلێمانی هاتوونەتە بەردەم دادگە.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ زانا حەمە سالح قایمقامی سلێمانی بەهۆی تۆمەتبارکردنی بە "بەرتیل وەرگرتن" چووە بەردەم دادگا. زانا حەمە سالح لەلێدوانیکی پێشوویدا بۆ "خەندان" تەئکیدی کردەوە لەوەی هەرکاتێك لەلایەن دادگاوە بانگبکرێت ئامادەیە بچێتە بەردەم دادگا.

تێبینی: ئەم بابەتە 3043 جار خوێندراوەتەوە و 8 کۆمێنت نووسراوە و بەشێك لەوبروایەدانین، زانا بەرتیلی وەرگرتبێت و ئەوانەی دیکە لەوبروایەدان، پێویستە بچێتە بەردەم دادگا...

خەندان لە ڕێکەوتی 8 - 4 - 2012 لەکاتژمێر 10.51 هەواڵێکی لەسەر زانا حەمە سالح بەمشێوەیە بڵاوکردۆتەوە:

کەسوکاری زانا حەمە سالح قایمقامی سلێمانی چوونەتە بەردەم مەڵبەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەسەر شەقامی سالم و شەقامەکەیان گرتووە، ئەویش دوای ئەوەی زانا حەمە سالح کە تۆمەتبارە بە

”به‌رتیل وه‌رگرتن“ له‌ دادگای سلێمانییه‌وه‌ برا بۆ ئاسایش.

ئه‌مه‌ی سه‌ره‌وه‌ لیدی نووسینه‌كه‌ بوو و دواتریش نووسینه‌كه‌ به‌مشێوه‌یه‌ ده‌ستپێده‌كا:

سه‌رله‌به‌یانی ئه‌مڕۆ قایمقامی سلێمانی چووه‌ به‌رده‌م دادگا و به‌پێی وته‌ی سه‌رچاوه‌یه‌ك له‌ دادگا نزیكه‌ی 300 - 400 كه‌سیش له‌ كه‌سوكاره‌كانی چوونه‌ته‌ به‌رده‌م دادگاكه‌. دواتر ده‌نگی ته‌قه‌ بیستراوه‌ و گرژی له‌نێوان كه‌سوكاره‌كانی قایمقام و پاسه‌وانه‌كاندا روویداوه‌، پاشان قایمقامی سلێمانی به‌ره‌و ئاسایشی سلێمانی گواستراوه‌ته‌وه‌. پێشتر ڕۆژنامه‌ی ئاوێنه‌، كه‌یسی به‌رتیل وه‌رگرتنی قایمقامی سلێمانی بڵاوكرده‌وه‌ و ئه‌وه‌شی ئاشكرا كردبوو، كه‌ هه‌ندێك به‌رپرسی یه‌كێتی و گۆران پشتگیری لێده‌كه‌ن. له‌گه‌ڵ ئه‌م هه‌واڵه‌، خه‌ندان 15 وێنه‌ی ڕه‌نگی داندراوه‌ و 182 كۆمێنت بۆ ئه‌م نووسینه‌ هه‌یه‌. له‌ماوه‌ی 10 رۆژ 14294 كه‌س خوێندوویه‌تییه‌وه‌. هه‌ر هه‌موو كۆمێنته‌كان دژ به‌ قایمقام نووسراین، هه‌موویان پێیان باشه‌ زانا بۆ دادگا راكێشراوه‌.. زۆریش تێناگه‌ن، بۆچی خزموكوس بۆبه‌رده‌م دادگا چوون.. چۆن ده‌توانن به‌رگری له‌كه‌سێكی به‌رتیلخۆر بكه‌ن. دیاره‌ چوونی خزموكه‌سی زانا، پیشانده‌دات، تووره‌یی خه‌ڵكی زیاد كردووه‌. زۆریش تێناگه‌ن، چۆن كه‌سوكاری زانا حه‌مه‌ سالح ده‌توانن به‌رگری له‌م دزه‌ بكه‌ن...

خه‌ندان 9 - 4 - 2012:

/كه‌سێكی تر دیاریكرا بۆ شوێنی زانا حه‌مه‌ سالح/

پارێزگاری سلێمانی به‌ڕێوه‌به‌ری ناحیه‌ی عه‌ربه‌ت وه‌ك جێگره‌وه‌یه‌ك بۆ شوێنی قائمقامی سلێمانی داده‌نێت و سه‌باره‌ت به‌ كه‌یسه‌كه‌ی زانا حه‌مه‌ ساڵحیش ئه‌و كه‌یسه‌ په‌یوه‌ندی به‌وانه‌وه‌ نییه‌.

به‌پێی ماده‌ی 307 له‌ یاسای سزادانی عێراقی و به‌هۆی به‌رتیل وه‌رگرتن و فرۆشتنی زه‌وییه‌وه‌، به‌شێوه‌یه‌كی نایاسایی، زانا حه‌مه‌ سالح قائمقامی مه‌ركه‌زی سلێمانی له‌لایه‌ن ئاسایشی سلێمانییه‌وه‌ به‌فه‌رمانی دادوه‌ر، ده‌ستبه‌سه‌ر كراوه‌.

كاوه‌ عه‌بدوڵڵا سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی پارێزگای سلێمانی به‌سایتی خه‌ندانی راگه‌یاند: حاكم وشیار به‌ڕێوه‌به‌ری ناحیه‌ی عه‌ربه‌ت وه‌ك قائمقامی قه‌زای ناوه‌ندی سلێمانی ده‌ستبه‌كار بووه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی كاتی، تا دۆسێ یاساییه‌كه‌ی زانا حه‌مه‌ سالح یه‌كلاده‌بێته‌وه‌. به‌پێی یاسا، ئه‌گه‌ر پارێزگار ئاماده‌ نه‌بێت، قائمقام جێگه‌ی ده‌گرێته‌وه‌، ئه‌گه‌ر قائمقامی مه‌ركه‌زیش كێشه‌ی یاسایی هه‌بوو، ئه‌وا نزیكترن به‌ڕێوه‌به‌ری ناحیه‌ له‌ پارێزگاوه‌ جێگه‌ی ده‌گرێته‌وه‌.

سه‌باره‌ت به‌ كه‌یسی قائمقامیش، كاوه‌ عه‌بدوڵڵا ئاشكرایكرد، ئه‌و كه‌یسه‌ ساڵی 2006 روویداوه‌ و ئه‌وان هیچ قسه‌یه‌كیان له‌سه‌ر ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ نییه‌.

ئه‌م زانیارییه‌ی سه‌ره‌وه‌ 3703 جار خوێندراوه‌ته‌وه‌ و 6 كۆمێنت هه‌یه‌.

خەندان 10 - 4 - 2012:

ئەم هەواڵەی بڵاوكردۆتەوە:

/ئەمڕۆ قایمقامی سلێمانی دەچێتەوە بەردەم دادگا/

ئاژانسی هەواڵی ناوەخۆ NNA، لەزاری حاكم فەرهاد حاتەم سەرۆكی داواكاری گشتی سلێمانی بڵاویكردەوە، كە ئەمڕۆ زانا حەمە سالح، بۆجاری دووەم دەچێتەوە بەردەم دادگا، بەمەبەستی وەرگرتنی (ئیفادە) لێی. وتیشی چەند كەسێكی دیكە لەسەر ئەم كەیسە دەستگیركراون، بێئەوەی ناوی كەس ئاشكرا بكات. حاكم فەرهاد حاتم، داواكاری گشتی سلێمانی بەڕۆژنامەی ئاوێنەی راگەیاندووە: (ئەم دۆسێیە بە هیچ جۆرێك سیاسی نییە).

ڕۆژی شەممەش 7ی نیسان، لەكاتی رۆیشتنی بۆبەردەم دادگا، قایمقامی سلێمانی ژمارەیەكی زۆر لە كەسوكارەكەی لەگەڵدابوو، بەهۆی دروستبوونی پشێوی لەنێوان كەسوكاری قایمقام و پاسەوانانی دادگای سلێمانی، پرۆسەی دادگاییكردنەكە بەڕێوەنەچوو و قایمقامیش بۆ ئاسایش گوێزرایەوە.

ئەم هەواڵە 1523 جار خوێندراوەتەوە و چوار كۆمێنت هەیە و هەرچوار ئەم گرتنەیان لاباشە...

خەندان لە ڕێكەوتی 14 - 4 - 2012 ئەم هەواڵەی بڵاوكردۆتەوە:

/پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ 14ی نیسانی 2012، زانا حەمەسالح قایمقامی سلێمانی، لە شوێنی زیندانیكردنیدا (خۆی خنكاند)/

دەقی روونكردنەوەكە:

روونكردنەویەك لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانییەوە

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی سلێمانی هەموو لایەك ئاگادار دەكاتەوە، كە قایمقامی قەزای مەڵبەندی سلێمانی زانا حەمە سالح كە لەسەر بڕیاری بەڕێز دادوەری لێكۆڵینەوە بەپێی ماددەی 307 لە یاسای سزادانی عیراقی راگیرابوو، بەداخەوە لەدوا نیوەرۆی 14 - 4 - 2012 لەناو زیندان خۆی خنكاندووە. بۆ ئەو مەبەستەش، تیمەكانی (بەڵگەی تاوان و پزیشكی دادوەری و پزیشكی پسپۆر) پشكنینی پزیشكییان بۆ كردووە و لەداهاتووشدا لە وردەكاریی زیاتر ئاگادارتان دەكەینەوە.

ئەم بابەتە 15816 جار خوێندراوەتەوە و 65 كۆمێنت نووسراوە، زۆربەیان داخ بەمردنی دەخۆن.

خەندان لە ڕێكەوتی 14 - 4 - 2012 بەیانێكی ئۆپۆزیسیۆنی بەمشێوەیەی خوارەوە بڵاوكردەوە:

/گۆران، یەكگرتوو، كۆمەڵی ئیسلامی/

بەڕێز/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

بابەت/ پێكهێنانی لێژنەی تایبەت

دوابەدوای بڵاوبونەوەی هەواڵی كتوپڕی كۆچكردنی (زانا حەمە سالح) قایمقامی سلێمانی و دەنگۆی

خۆخنکاندنی، داواکارین بە زوترین کات لێژنەیەکی تایبەت لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان پێکبهێندرێت بۆ بەدواداچوونی رووداوەکە و لێکۆڵینەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان، لە ڕاستی هەواڵەکە و هۆکارەکانی.

فراکسیۆنی گۆران فراکسیۆنی یەکگرتوی ئیسلامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی 14 - 4 - 2012

ئەم زانیارییەی سەرەوە 2310 جار خوێندراوەتەوە. 10 کۆمێنت هەبوو، هەموویان داخ دەخۆن، بەم کارەساتە.

خەندان لە ڕێکەوتی 14 - 4 - 2012 روونکردنەوەیەکی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی

لەبارەی گیان لەدەستدانی قایمقامی سلێمانی:

هاوڵاتیانی خۆشەویست

دوای ئەوەی ئێوارەی ڕۆژی 14 - 4 هەواڵی بڵاوبوونەوەی گیان لەدەستدانی قایمقامی سلێمانی – مان بیست، مەڵبەندی (1)ی ڕێکخستنی سلێمانی بەبیستنی ئەم هەواڵە پەژارەی خۆی دەردەبڕێت. هاوکات، داوا دەکەین، کەیسی مردنی قایمقامی سلێمانی لەلایەن لێژنەیەکی یاسایی فراوانترەوە کاری بۆ بکرێت. بەمەبەستی ئەوەی، لێکۆڵینەوەکان وردتر بێت و تا بەرچاوی هاوڵاتییانی شاری سلێمانی رونتر بێت لەم بارەیەوە. وێرای جەختکردنەوەمان لەسەروەری یاسا و دەستێوەرنەدانی، بەرپرسە یاساییەکان دەکەین ئەم داوایەی مەڵبەندی (1)ی ڕێکخستنی سلێمانی بەهەند وەربگرن لەپێناو دەرکەوتنی ڕاستییەکاندا.

لەگەڵ ڕیزدا

مەڵبەندی (1)ی ڕێکخستنی سلێمانی

ئەم بابەتە 8781 جار خوێندراوەتەوە و 6 کۆمێنت هەیە و هەموویان ئەم روونکردنەویە بەباش دەزانن.

خەندان لە ڕێکەوتی 15 - 4 - 2012 ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە:

/لەبەڕێکردنی تەرمی قایمقامی کۆچکردووی سلێمانی، نزار ئامێدی نوێنەری تایبەتی مام جەلال لە ماڵی رەحمان حەمە سالح برای قایمقام دوای کۆبوونەوەیان بۆ ڕاگەیاندنەکان دوان/

نزار ئامێدی نوێنەری تایبەتی مام جەلال رایگەیاند، ئەمڕۆ بەنوێنەرایەتی مام جەلال هاتوونەتە خزمەت کەسوکاری قایمقامی کۆچکردوو.. وتیشی (مام جەلال فەرمانی بە ئێمە کردووە کە بەدواداچوون بۆ ئەم رووداوە بکەین و ئەنجامەکەی بۆ خەڵك روون بکەینەوە).. دوای ئەم کۆبوونەوەیە، بریاریاندا تەرمی زانا حەمە سالح، قایمقامی کۆچکردووی سلێمانی بەرە و گۆڕستانی قرگە بەڕێ بخرێت و بەخاك بسپێردرێت.

ئەم زانیارییەی سەرەوە 5399 جار خوێندراوەتەوە.. 10 کۆمێنت هەبوون و ناوەرۆرکیان گوماناوی بوو...

خەندان لە 15 - 4 - 2012 روونکردنەوەیەکی حاکم قادری داناوە:

سەبارەت بە رووداوی گیان لەدەستدانی زانا حەمە سالح قایمقامی قەزای سلێمانی، وێرای دەربڕینی سەرەخۆشی ئەو رووداوە جێگەی داخە، بەڵام دەستگیرکردنی کۆچکردوو بە بڕیاری دادوەر و یاسا بووە، چونکە گرتن و زیندانیکردن تەنها لە دەستەڵاتی یاسادایە و بڕیاری دادوەری و کەیسەکانیش لەژێر چاودێری داواکاری گشتیدان وەك کەیسی هەر گیراوێکی تر. یاسا و دادوەریش سەربەخۆن و لە بڕیاردانی گرتن و دادگاییکردنیان.

هیوادارین لیژنەی لێکۆڵینەوە لەرووداوی گیان لەدەستدانی خوالێخۆشبوو دابنرێ و ئیجرائاتی یاسایی بکات.

ئەم بابەتە 10359 جار خوێندراوەتەوە.

خەندان لە ڕێکەوتی 15 - 4 - 2012 ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە:

جێگری سەرۆکی هەرێم لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ چۆنێتی مردنی قایمقامی سلێمانی پێکهێنا

ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی 14 - 4 - 2012 دەرچووە:

فەرمانی هەرێمی

پشت بەستن بە بڕگەی (2) لە مادەی (یەکەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / عێراق ژمارە(1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو لە ساڵی 2006 بڕیارماندا:

یەکەم: پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەش بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان لە رووداوی گیان لە دەستدانی (زانا حەمە صالح) قایمقامی ناوەندی سلێمانی کە بە پێی بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی سلێمانی بە پێی ماددەی 307 لە یاسای سزادانی عێراقی (111) ساڵی 1969 معدل راگیر کرابوو، کەلەڕۆژی 14 - 4 - 2012 لە گرتوخانەی ئاسایشی سلێمانی گیانی لەدەستدا. لێژنەیەك پێکبێت لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە:

1 - دادوەرێك پلەی لە صنفی دووەم کەمتر نەبێ لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری دیاری دەکرێت و دەبێتە سەرۆکی لێژنە.

2 - نوێنەری داواکاری گشتی پلەکەی لە پلەی دووەم کەمتر نەبێت، وەزارەتی داد دیاری دەکا.

3 - ئەفسەرێکی پۆلیسی ماف پەروەر وەزارەتی ناوخۆ دیاری دەکا.

4 - پزیشکی دادوەری وەزارەتی تەندروستی دیاری دەکا.

5 - نوێنەری دەستەی مافی مرۆڤ پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

ئەم بابەتەی سەرەوە 3980 جار خوێندراوەتەوە و 5 کۆمێنت هەبووە.

خەندان لە ڕێكەوتی 15 - 4 - 2012 هەواڵێكی دیكە لەسەر قایمقام بڵاوكردۆتەوە:

پارێزگاری سلێمانی ڕاگەیاندراوێك لەبارەی گیان لەدەستدانی قایمقام بڵادەكاتەوە

بەپێی ڕاگەیاندراوێكی پارێزگای سلێمانی كە وێنەیەكی بەتایبەت بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: لەدیوانی پارێزگای سلێمانی سەرپەرشتی كۆبوونەوەیەكی كردووە بۆ بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە لەگیان لەدەستدانی زانا حەمە سالح، قایمقامی قەزای ناوەندی سلێمانی. ئاماژە بەوەشكراوە: بڕیاردرا بەپێكهێنانی لێژنەیەكی لێكۆڵینەوە لە هۆكاری گیانلەدەستدانی قایمقامی سلێمانی بۆ ئەم مەبەستە ڕەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیراوە كە لێژنەی لێكۆڵینەوە پێكدێ لە (دادوەرێك و داواكاری گشتی و عەمیدی یاسایی لە وەزارەتی ناوخۆ و دكتۆریك لە پزیشكی دادوەری و نوێنەری مافی مرۆڤ).

ئەم بابەتە 3571 جار خوێندراوەتەوە و بەهەمووی دوو كۆمێنت نووسرایە. یەكەمیان نووسرایە: (یاخوا وابێت) و دووەمیش (هەر ئاشكرا دەبی ئینشائەڵلا ڕاستی دەبینین). دیارە بەلای خەڵك گرنگ نییە و جارێ تاساون و نازانن چ بنووسن.

خەندان لە ڕێكەوتی 16 - 4 - 2012 هەواڵێكی لەژێر ئەم ناونیشانەی خوارەوە بڵاوكردەوە:

/زانیاری نوێ لەبارەی شوێنی گیان لەدەستدانی قایمقامی سلێمانی/

سەرۆكی لیژنە تایبەتییەكەی پەرلەمانی كوردستان بۆ بەدواداچوونی كەیسی گیان لەدەستدانی زانا حەمە سالح، لە لێدوانێكدا بۆ "خەندان" هەندێك زانیاری لەبارەی وردەكارییەكایی شتومەك كەلوپەلی ناو ژوورەكە دەخاتە ڕوو، ئاماژە بەوەش دەكا، كە پارێزگاری سلێمانی پێی ڕاگەیاندوون نامەیەكی دەستنووسی زانا حەمە سالح كە پێشتر نووسیویەتی پێشكەشی داواكاری گشتی كراوە بەبێ ئەوەی زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە بڵاوبكاتەوە.

شێردل تەحسین، سەرۆكی لیژنە تایبەتەكەی پەرلەمانی كوردستان بۆ بەدواداچوونی كەیسی گیان لەدەستدانی زانا حەمە سالح بە سایتی خەندانی ڕاگەیاند: (دوێنێ یەكشەممە لیژنەكەمان هاتە شاری سلێمانی و سەردانی ئەو شوێنەی كرد، كە قایمقامی سلێمانی تێیدا گیانی لەدەستدابوو، پاشان لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی كۆبووەوە.. هەروەها گوتی: ئەو ژوورەی قایمقامی سلێمانی تێیدا بەندكرابوو ژووری ئافرەتان بووە و حەوت قەرەوێڵە و سەلاجەیەكی تێدابووە، لە دیوی دەرەوە تەوالێتێكی لێیە و لەناوەوەش ژوورێكی حەمامی لێیە.. ژووری زانا حەمە سالح گیانی لەدەستداوە، وایەرێك دەبیندرێت، كە بە پەنجەرەی ژوورەكەوە بەستراوەتەوە. پارێزگاری سلێمانی ئاماژەی بەنامەیەك كرد، كە زانا حەمە سالح نووسیویەتی، بەڵام بەڵام لیژنەكە ئەم نامەیەیان نەبینیوە، چونكە لەلایەن دادوەرەكان بردراوە و لەلایەن ئەوانیشەوە هەڵگیراوە).

ئەم هەواڵە 13712 کەس خوێندوویەتیەوە و 11 کۆمێنت بە ڕای جیا هەیە.

خەندان لە ڕێکەوتی 18 - 4 - 2012 ئەم ڕاپۆرتەی بڵاوکردەوە

/پزیشکی دادوەری ڕاپۆرتی کۆتایی لەسەر قایمقامی کۆچکردووی سلێمانی گەیاندە لێژنەی لێکۆڵینەوە/

بە پێی مادەی 57ی ساڵی 1987، نابێت هیچ توێکارییێك لەسەر تەرمەکە ئاشکرا بکرێت، چونکە یاسا ڕێگە نادات.

ڕۆژی 8ی نیسان زانا حەمە سالح قایمقامی پێشووی سلێمانی بەپێی مادەی 307ی یاسای سزادانی ئێراقی تۆمەتباربوو بە (بەرتیل وەرگرتن)، چووە بەردەم دادگای سلێمانی و دواتر بۆ زیندانییەکەی ئاسایشی سلێمانی. ڕۆژی 14 مانگ ئاسایشی سلێمانی لەبانامەیەکدا ڕایگەیاند، کە زانا حەمە سالح لەناو زیندانەکەیدا خۆی خنکاندووە.

ئەم بابەتە 1508 جار خوێندراوەتەوە. یەك کۆمێنت نووسراوە و ئەویش لە ئاشکرانەکردنی هۆکانی مردن رازینییە.

(تەواوی دەکومێنتەکانی ماڵپەڕی خەندان لە 18 - 4 - 2012 داونلۆد کراون)

قایمقامی سولەیمانی – ڕووداونێت

ماڵپەڕی ئێلیکترۆنی ڕووداو، وەك تەواوی ماڵپەرە هەواڵییەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی کوردی بایەخی زۆری بە کەیسی قایمقامی سلێمانی دا. ئەگەر نووسینەکانی ماڵپەڕی ئێلیکترۆنی ڕووداو بە وردی بخوێنینەوە، دەبینین باش کارەکە کراوە، زۆرتریش لە شێوەی هەواڵ زانیارییەکانیان بڵاوکردۆتەوە و ڕای خۆیانیان تێدا نەنووسیوە. یەك بابەت لە تەواوی نووسینەکانی دیکە درێژترە و ئەویش لە ڕێکەوتی 14 - 4 - 2012 لە کاتژمێر 11.52 بەناوی: /ئەگەر بەڵگەکان لەسەر قایمقام ساخ بوونەوە سزا دەدرێ ئەگەر نا لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە/ داندراوە.

لەخوارەوە هەندێك نموونەی نووسینەکان لەگەڵ دانانی سەردێرەکانی تایبەت بە کەیسی قایمقام دادەنێم:

/دادگا بڕیار دەدا دۆسیەی قایمقام لای ئاسایش بێ یان دادگای مەدەنی/

ئەم هەواڵە لە 8 - 4 - 2012 کاتژمێر 13.06 داندراوە.

دوای ئەوەی ئەمڕۆ زانا حەمە ساڵح، قایمقامی سلێمانی چووە بەردەم دادگا لەلایەن ئاسایشەوە دەستبەسەر کرا، دواتر لایەنگران و کەسوکاری قایمقام خۆپیشاندانیان کرد.

بەهرۆز محەمەد ساڵح، پارێزگاری سلێمانی لە ڕووداوەکەی بەردەم دادگای سلێمانی و مەڵبەندی یەکێتی بە ڕۆژنامەنووسانی راگەیاند: (لە چوارشەممەی ڕابردووەوە لەلایەن ئاسایشەوە زانا حەمە ساڵح

قایمقامی سلێمانی داواكراوه‌ بچێته‌ به‌رده‌می دادگا، دواتر نووسراومان بۆ كرد، كه‌ پێویسته‌ بچێته‌ به‌رده‌می دادگای سلێمانی).

دوای ئه‌وه‌ی هه‌فته‌ی ڕابردوو له‌لایه‌ن دادگاوه‌، زانا حه‌مه‌ ساڵح، قایمقامی قه‌زای ناوه‌ندی سلێمانی بانگهێشتكرا، به‌وته‌ی كه‌سوكاری (زانا حه‌مه‌ ساڵح، ئه‌مڕۆ خۆی چووه‌ته‌ به‌رده‌م دادگا، به‌ڵام له‌لایه‌ن هێزه‌كانی ئاسایشه‌وه‌ ده‌ستگیركراوه‌ بردراوه‌).

دوای ده‌ستگیركردنی زانا حه‌مه‌ ساڵح زیاتر له‌ 100 كه‌س له‌ كه‌سوكاری قایمقامی سلێمانی چوونه‌ته‌ دادگا و داوای دادگایی كردنی قایمقامیان كرد. دوای دروستبوونی گرژی له‌نێوان لایه‌نگرانی قایمقام له‌گه‌ڵ هێزه‌كانی ناوه‌خۆ و پاسه‌وانه‌كانی به‌رده‌م دادگا بۆ بڵاوكردنه‌وه‌ی خه‌ڵكه‌كه‌ ته‌قه‌یان له‌ كه‌سوكاری زانا حه‌مه‌ ساڵح كرد، دواتریش كه‌سوكاره‌كه‌ی قایمقام خۆپیشاندانێكیان به‌ره‌و مه‌ڵبه‌ندی یه‌كێتی نیشتیمانی كوردستان كرد و ماوه‌یه‌ك ڕێگه‌یان گرت.

به‌هرۆز محه‌مه‌د گوتی: (دۆسیه‌ی قایمقام په‌یوه‌ندی به‌ سنووری قوله‌ ره‌یسیه‌وه‌ بووه‌ له‌ ساڵی 2006، لیژنه‌یه‌كی ئیداریشمان بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ پێكهێناوه‌، به‌ڵام لیژنه‌كه‌ كاره‌كانی خۆی راگرتووه‌ تاوه‌كو دادگا كاری خۆی ته‌واو ده‌كا).

پارێزگاری سلێمانی، كۆبوونه‌وه‌ی خه‌ڵك له‌به‌رده‌م دادگا به‌كارێكی نه‌شیاو و ناشارستانی له‌قه‌ڵه‌م داو گوتی: (دادگا بڕیار ده‌دا كه‌ دۆسیه‌كه‌ بچێته‌ لای ئاسایش یان دادگای مه‌ده‌نی).

دوای ئه‌وه‌ی هه‌فته‌ی ڕابردوو له‌لایه‌ن دادگای لێكۆڵینه‌وه‌ی سلێمانی و داواكاری گشتییه‌وه‌، قایمقامی مه‌ركه‌زی سلێمانی زانا حه‌مه‌ ساڵح، به‌تۆمه‌تی (به‌رتیل وه‌رگرتن) له‌كاتی دابه‌شكردنی زه‌وییه‌كانی ده‌وروبه‌ری شاری سلێمانی داواكرا، ئه‌مڕۆ زانا حه‌مه‌ ساڵح و 4 كه‌سی دیكه‌ به‌و تۆمه‌ته‌وه‌ به‌پێی ماده‌ی (307)ده‌ستگیركران.

له‌ ڕۆژی 15 - 4 - 2012 له‌ كاتژمێر 07.43 ئه‌م هه‌واڵه‌ بڵاوكراوه‌ته‌وه‌:

/ته‌رمی زانا حه‌مه‌ساڵح برا بۆ گۆڕستانی قڕگه‌/

ڕووداو – سلێمانی

دوای ئه‌وه‌ی نوێنه‌ری تاڵه‌بانی له‌گه‌ڵ كه‌سوكاری زانا حه‌مه‌ ساڵح كۆبوونه‌وه‌، كه‌سوكاری بڕیاریاندا ئه‌مڕۆ زانا حه‌مه‌ ساڵح به‌خاك بسپێرن. نزار ئامێدی كه‌ به‌نوێنه‌ری تاڵه‌بانی چووه‌ته‌ لای كه‌سوكاری قایمقامی سلێمانی به‌ ڕۆژنامه‌نووسانی راگه‌یاند "ئه‌مڕۆ هاتووینه‌ته‌ خزمه‌ت كاك محێدین و كه‌سوكاریان به‌ نوێنه‌رایه‌تی مام جه‌لال، زانا حه‌مه‌ ساڵح شه‌هیدی ئێمه‌یه‌ و نیگه‌رانین به‌ ڕووداوه‌كه‌، هه‌روه‌ها خانه‌واده‌ی كاك زانا چه‌ند داواكارییه‌كیان هه‌یه‌ و ئێمه‌ش جێبه‌جێی ده‌كه‌ین"...

هه‌واڵه‌كه‌ زیاتر ده‌نووسرێ: زانا حه‌مه‌ ساڵح، دوای ده‌ستگیركردنی چوار كه‌س بۆتۆمه‌تی گه‌نده‌ڵی

لە زەوی و زار، کە داواکاری گشتی لە سلێمانی پرسەکەی جوڵاند بوو، فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو بەگوێرەی ماددەی 307 لە یاسایی سزادانی عێراقی.

ڕۆژی 8 - 4 - 2012، قایمقامی سلێمانی وەك پێشتر گوتبووی: (هەرکاتێك دادگا داوام بکات دەچم)، چووە دادگا، بەڵام بەهۆی گردبوونەوەی ژمارەیەك خەڵك و کەسوکاری، دادوەری لێکۆڵینەوە هۆڵی بەجێهێشت و ئاسایشی سلێمانیش زانای بۆ بارەگای سەرەکی ئاسایش گواستەوە.

زانا حەمە ساڵح، لەساڵی 2007ەوە قایمقامی قەزای ناوەندی سلێمانییە و لە دوای هەڵبژاردنی 25 - 7 - 2009 یەکەمین بەرپرسی گەورەی شارەکەیە لە پۆستەکەی لانەبراوە. دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و سەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان لەو شارە، وابڵاوکرایەوە زانا بەهۆی گومانکردن لەوەی کە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە، دەنگۆی لابردنی بڵاوبووەوە، کەچی وادەرنەچوو.

تێبینی: من لەو نووسینەی سەرەوە و ئەوانەی دواتریش، تەواوی نووسینەکانم وەرنەگرتووە، بەڵکو تەنیا چەند کۆپلەیەکم بۆ بەهێزکردنی ئەم نووسینە هێناوە..

پێویست ناکات، تەواوی نووسینەکانی رووداو بنووسینەوە، لەخوارەوە تەنیا چەند سەردێرێکی دیکەی رووداو وەك خۆی دادەنێین، هەر کەسێك بیەوێ زیاتر لەسەر ئەم کەیسە کاربکا لەو بڕوایەدام، رووداو تەواوی نووسینەکانی لە ئەرشیڤی خۆی پاراستبێ.

/ئەگەر بەلگەکان لەسەر قایمقام ساخ بوونەوە سزا دەدرێ ئەگەر نا لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە/

ئەم سەردێرە لە 14 - 4 - 2012 لە کاتژمێر 11.52 داندراوە.

بریکاری وەزیری ناوەخۆ جەلال شێخ کەریم، لەبارەی پرسی دەستگیرکردنی قایمقامی سلێمانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: ئێستا پرسی زانا حەمە ساڵح لە دادگەیە، ئەگەر تۆمەتەکان سەلمێنران لەسەری، ئەوا سزا دەدرێ، ئەگەر بێتاوانیش دەرچوو هەر لە پۆستی خۆیدا دەمێنێتەوە.

دوێنێ لەکاتی گردبوونەوەی کەسوکاری زانا حەمە ساڵح لەبەردەم دادگای سلێمانی، لەبەردەم دادگا فەرهاد حاتەم سەرۆکی داواکاری گشتی، لەنێو بینای دادگا لەگەڵ ئەو دادوەرەی بڕیاربوو گوتەکانی قایمقامی سلێمانی وەربگرێ، دەرگایان لەسەر خۆیان داخستووە، بۆ پاراستنی گیانیان لەهەر هێرشێك کە لەلایەن کەسوکاری قایمقامەوە بکرێتە سەریان.

/دوێنێ ژنی زانا حەمە ساڵح سەردانی زیندانی کردووە/

لە 15 - 4 - 2012 کاتژمێر 08.38 ئەم هەواڵە داندراوە.

/قایمقامی سلێمانی لە زیندان خۆی خنکاند/

14 - 4 - 2012 لە کاتژمێر 16.48 ئەم هەواڵە بڵاوکراوەتەوە.

/کەسوکاری زانا حەمە ساڵح داوای لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکەن/

ئەم هەواڵە لە 14 - 4 - 2012 لەکاتژمێر 19.36 بڵاوکراوەتەوە

/زانا حەمەساڵح بەخاك دەسپێردرێت/

لە 15 - 4 - 2012 لە کاتژمێر 07.11 ئەم هەواڵە داندراوە.

/کەسوکاری زانا حەمە ساڵح سکاڵا تۆمار دەکەن/

ئەم هەواڵە لە 17 - 4 - 2012 لە کاتژمێر 09.27 داندراوە

/ئاسایشی گشتی: زانا حەمە ساڵح خۆی خنکاندووە/

ئەم هەواڵە لە 14 - 4 - 2012 لەکاتژمێر 18.23 بڵاوکراوەتەوە

/بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی – سلێمانی ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی گیان لەدەستدانی قایمقامی سلێمانی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە (زانا حەمە ساڵح لە زیندان خۆی خنکاندووە)/.

وە لە ڕوونکردنەوەکەی ئاسایشدا هاتووە کە (قایمقامی قەزای مەڵبەندی سلێمانی زانا حەمە ساڵح کە لەسەر بڕیاری بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوە بەپێی ماددەی 307 لە یاسای عێراقی ڕاگیرابوو، بەداخەوە دوای نیوەڕۆی 14 - 4 - 2012 لەناو زیندان خۆی خنکاندووە).

## ب - دۆسیەی قایمقام لە پرێسی کوردی

جگە لەو نووسینانەی ماڵپەڕە ئێلیکترۆنییەکان، زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش گوتار و نووسینیان لەسەر کەیسی قایمقام نووسی. بۆئەوەی باشتر تێبگەین، لەخوارەوە نووسینی هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی وەك نموونە دەهێنینەوە.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 5573 چوارشەمە 9 - 5 - 2012:

ئەم سەردێرەی خوارەوە نووسراوە:

/کۆنووسی کۆتایی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی گیان لەدەستدانی قایمقامی سلێمانی زانا محەمەد ساڵح/

لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەژمارە 986/15 - 4 - 2012 لیژنەکە پێکهات بۆ لێکۆڵینەوە و بۆ گەیشتن بەڕاستییەکانی چۆنیەتی گیان لەدەستدانی قایمقامی سلێمانی (زانا محەمەد ساڵح) لەشوێنی ڕاگرتنی لەبینای ئاسایشی گشتی لە سلێمانی.

بۆ ئەو مەبەستە کاتژمێر 8.30 شەوی 15 - 4- 2012 لیژنەکەمان دەستبەکاربوو...

بەگوێرەی ڕاپۆرتی لیژنە لە خاڵی یەکەم، قایمقام خۆی خۆی خنکاندووە. لەخاڵی دووەم باس لە چۆنێتی خۆهەڵواسین لە ژوورەکە کراوە. لە خاڵی سێیەمیش ئاماژە بە قسەی شایەد دەکا، کە قایمقام گوتوویەتی خۆی دەکوژێ.. دیسان لە ڕاپۆرتەکە هاتووە، کە بەهیچ شێوەیەك زەبروزەنگ دژ بە قایقمام لەکاتی بردنی

بۆ ئاسایش یان گرتنی بەکار نەهاتووە. خاڵی شەش و حەوتەم بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

6 - وەك لە دەستنووسی بەجێماو، لە شوێنی ڕووداودا دەردەکەوێت کە دوای بەراوردکاری لەگەڵ دەستنووسی تری ناوبراو بەپێی ڕاپۆرتی بەڵگەی تاوانی هەولێر بەشی پشکنین ژمارە (ق)ی/103/2012 لە بەرواری 18 - 4 - 2012 دەردەکەوێت کەهەردووکیان هاوشێوەن واتە دەگەڕێتەوە بۆ یەك کەس، لەو دەست نووسەدا ئاماژە بەوە دەکا کە ناوبراو داوا دەکا کەس ئەم کەیسە بۆ مەرامی سیاسی و شەخسی بەکارنەهێنێت و دەڵێت راگرتنی ئەو پەیوەندی بە ململانێی سیاسی و شەخسییەوە نییە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا ناوی هاتووە و دەڵێت هەندێك لە ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەکان بۆ مەرام و مەبەستی خۆیان زانیاری بڵاودەکەنەوە.

7 - شڵەژاوی و ئاڵۆزی باری دەروونی ناوبراو کە لەوتەی شاهیدەکان بەژمارە (15،19 و 20) ریزبەند لە مەلەفی لێکۆڵینەوەکەماندا دەردەکەوێت کە (زانا محەمەدساڵح) زۆر بێزار و بێتاقەت بووە بەهۆی ئەو زانیارییانەی کە لەهەندێك لە کەنالەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکراوەتەوە لەسەر کەیسە سەرەکییەکە و گرنگی پێدانی بەشێوەیەکی گەورەتر لەقەبارەی خۆی کاریگەری خراپ و نێگەتیڤی لەسەر دەروونی ناوبراو هەبووە بەتایبەتیش ناوبراو بەهۆی بوونی ئامێرەکانی ڕاگەیاندن وەکو (تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە) ڕاستەوخۆ بینیویەتی و خوێندوویەتییەوە.

بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت، لەبەر ئەوەی قایمقام بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەرپرسی لیژنەی ئەمنی ناو شاری سلێمانی بووە، لە بەندیخانە چەندین ئاسانکاری بۆ کراوە وەك: سەردانی هەمیشە و بەردەوام، دابینکردنی کەلوپەلی قەدەغە وەك: مۆبایل و لەگەڵ شەش پاتری زیادە، هەبوونی تەلەفزیۆن، تەلاجە و بۆ ئەوانیش دابینکردنی تەقسیمی کارەبا. ئەوانە لەسەر رەزامەندی ئاسایش بۆی چووە، بەڵام تەقسمێکی دیکە لە هەمان ژوور هەبووە، ڕوون نەکراوەتەوە چۆن گەیشتۆتە ژوری قایمقام، چونکە مۆڵەتی بردنی بۆ ژوور وەرنەگیراوە. هەردووك تەقسیم بۆ خۆکوشتن بەکار هاتوون.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 5773 ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 9 - 5 - 2012:

نووسینێك لەژێر سەردێری: /ڕووداوێکی ئاسایی بوو: (قایمقامی سلێمانی خۆی خنکاندووە)/ بڵاوکردۆتەوە و سەرچاوی نووسینیشی ڕاپۆرتەکەی لێژنەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەژمارە 986/15 - 4 - 2012 بووە.

ڕۆژنامەی ئاوێنە لە ژمارەی 324 لە ڕۆژی سێشەمی ڕێکەوتی 1 - 5 - 2012:

لاپەڕە یەکەمی بایەخی زۆری بە کەیسی قایمقام داوە:

/"ئاسایش بەرپرسە لە کوشتنی قایمقام"

"زانا حەمەساڵح خۆی کوشتووە"/

/هاوسەرەکەی: بەچاوی خۆم ببینم خۆی بخنکێنێت باوەڕ ناکەم/

ئەوانەی سەرەوە سەردێری لاپەڕەی یەکەم بوون، کە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی لیژنەی حکومەت نووسرایە.

ساکار جەمال هاوسەری قایمقامی سلێمانی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاوێنە دەڵێت: (ئەگەر بەچاوی خۆشم زانا ببینم خۆی هەڵواسیبێت، زانا خۆی نەخنکاندووە، ئەم شتە دوورە لە ڕاستییەوە...)

نیوەی زیاتری لاپەڕەی سێ بەهەمان بابەت پڕکراوەتەوە. ساکار جەمال لەقسەکردن بەردەوامە و ڕۆژنامە دەنووسێ: ئەو دوای بینینی هاوسەرەکەی لەزینداندا پێش گیان لەدەستدانی دەگێرێتەوە و دەڵێت: من بەیانییەکەی تا دە دەقیقەش بۆ کاتژمێر نۆ لای زانا بووم، زانا وتی، میدیاکانم بۆ کۆبکەرەوە، منیش وتم هەموویان لەناو سەوزاییەکەی بەردەمی مەحکەمەن چاوەڕوانی تۆن بێیتە دەرەوە، لەبەر ئەوە پێویست ناکا کۆیان بکەمەوە. تەنانەت تەلەفۆنیشی پێبوو لەناو سجنەکە قسەی لەگەڵ کردم و پێیوتم عەسر وەرەوە بۆ لام، باشە بۆچی خۆی دەخنکێنێت؟ لەدرێژەی قسەکانیدا هاوسەرەکەی قایمقام دەڵێت (ئەگەر خۆی بخنکێنێت پشتێن و بۆینباخەکەی پێبوو بەوە خۆی دەخنکاند، نەك وایەری کێبلی بۆ ببڕێتە ژوورەوە و خۆی بخنکێنێت، ئەو کێبلە چۆن چووە ژوورەوە بۆ زانا؟)...

هەموو نووسینەکە بە وەرگرتنی ڕای کەسێکی یاساناس بێئەوەی ناوی هاتبێ گوتراوە.. ئەویش ئاماژەی بەوە کردووە، کە نەدەبوایە لە ژووری تایبەت بەندکرابا و ئەو کەلوپەلانەی بۆ ببردرابا..

ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە 885 دووشەممە 9 - 4 - 2012

هیچی لەسەر گرتنی قایمقام نەنووسیوە.

لە ژمارە 886 دووشەممە ڕێکەوتی 16 - 4 - 2012 سەردێرێك بەمشێوەیە نووسراوە:

/زانا حەمە ساڵح لە دوای خۆی نامەیەکی بۆ ڕاگەیاندنەکان جێهێشتووە/ لە ژوورەکەی قایمقامی سلێمانی (6) قەرەوێڵە و سەلاجە و پانکەیەك هەبووە/

لەم نووسینە وەك زۆربەی نووسینەکانی دیکەی ڕۆژنامە کوردییەکان، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسان پسپۆڕییان لە ژانری بەدواداچووندا نییە، زۆربەی نووسینەکانیان لە ئەنجامی ئینتەرڤیو یان لێدوان وەرگرتن لە کەسێك، زانیارییەکان کۆدەکەنەوە و بۆ نووسینەکەیان سوودی لێوەردەگرن. لەم ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنووس زانیارییەکانی خۆی لەڕێگەی ئینتەرڤیو لە شێرزاد عەبدولحافیز ئەندامی لیژنەی ئاسایش و ناوخۆ وەرگرتووە.

ڕۆژنامە دەنووسێ: شێرزاد عەبدولحافیز ئەندامی لیژنەی ئاسایش و ناوخۆ ئەوەشی ئاشکرا کرد کە زانا حەمە ساڵح قایمقامی سلێمانی لە پاش خۆی نامەیەکی نووسیوە تێیدا لەو نامەیە ئاماژەی بە بێ تاوانی خۆی کردووە و ڕەتی کردۆتەوە لەسەر گەندەڵی و بەرتیل گیرا بێت. بەڵکو کەیسەکە سیاسییە.

ناوبراو گوتی.

ئەوەی لەم نووسنیە یان قسەی ئەندامی پەرلەمانی كوردستان هاتووە، ڕێك پێچەوانەی قسەكانی لیژنەی سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێم و ناوەڕۆكی نامەكەی قایمقامە.. مرۆڤ تێناگا، چۆن دەكرێ شێرزاد عەبدولحافیز ئەندامی لیژنەی ئاسایش و ناوخۆ و ئەندامی پەرلەمان، ئەگەر زانیاری لەسەر شتێك نەبێ و قسەشی لەسەر بكا!

لەكاتێكدا، لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ/ ژمارە 5573 چوارشەمە 9 - 5 - 2012

كۆنووسی كۆتایی لیژنەی لێكۆڵینەوە لەچۆنیەتی گیان لەدەستدانی قایمقامی سلێمانی زانا محەمەد ساڵح وەك خۆی لەلاپەڕە پێنج بڵاوكردەوە و یەك هەفتە دوای بڵاوكردنەوەی ڕاپۆرت، ڕۆژنامەی یەكگرتوو ڕای ئەندام پەرلەمانی بەمشێوەیە وەرگرتووە و تەواوی ڕووداوەكانی شێواندووە. ئەمە ڕێك دەكاتە تێنەگیشتن لە ڕاگەیاندن، یانیش تێنەگەیشتن لە رۆلی ئەندام پەرلەمان یانیش تێنەگەیشتن لە ڕێساكانی ئێتیكی ڕۆژنامەنووسی یانیش درۆی سپی...

ڕۆژنامەی میدیا لە ژمارە 527 ی ڕێكەوتی 17ی نیسانی 2012

سوودی لە لێدوانی شێرزاد حافز ئەندامی پەرلەمان وەرگرتووە:

/ئەندامێكی لیژنەكەی پەرلەمان:

گومان هەیە لە كوژرانی قایمقام بۆیە ئەو

هەموو لێژنەیە پێكهێندراوە/

شێرزاد حافز لە لێدوانێكی تایبەتیدا بۆ میدیا، گومانی خۆی لەبارەی گیان لەدەستدانی زانا حەمە ساڵح قایمقامی سلێمانی، بەو پرسیارە ئاشكرا كرد و گوتی: (ئەوەی دەگوترێت قایمقام خۆی پێخنكاندووە، وایەری پشتی سەلاجەیە، ئەوەش ئینسان هەڵناگرێ، بەرگەی پیاوێكی 80 كیلۆیی دەگرێت؟) گوتیشی ئەو سەتڵەی كە دەگوترێت قایمقام لە سەری راوەستاوە، ناوەكەی شتی تێدابووە، شتەكان ماوە و نەڕژاون، سەتڵەكەش هەر لە جێگەی خۆیدایە و نەجوڵاوەتەوە و دەستكاری نەكراوە...

ئاوێنە ژمارە 321 سێشەممە ڕێكەوتی 10 - 4 - 2012

نیوەی لاپەڕەی 4 بەم سەردێرە دەستی پێكردووە:

/چوونە سەر دادگا لەلایەن كەسوكاری قایمقامی سلێمانییەوە، تاوانە/

لە ژێرەوەی نووسرایە: /كە هێز باڵادەست بوو، سەروەری یاسا چی دەگەیەنێت؟/

لیدی هەمان نووسین بەمشێوەیەیە:

چالاكوانی كۆمەڵی مەدەنی و پارێزەران ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەو كارەی كەسوكاری قایمقامی سلێمانی

لەدادگای سلێمانی ئەنجامیاندا "تاوان"ە، داواکاری گشتیش ڕایدەگەیەنێت کە ئەو کارە "بەپیلان" کراوە و ئیجرائات لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرێ، کەسوکاریشی ئامادەنین لێدوان بدەن.

دوای ئەوەی ڕۆژنامەی ئاوێنە لەژمارەی رابردودا کەیسی تۆمەتبارکردنی قایمقامی مەرکەزی سلێمانی، زانا حەمە ساڵح ی بڵاوکردەوە کە لەلایەن داواکاری گشتییەوە "تۆمەتبارکراوە بەبەرتیل وەرگرتن" ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو بۆ وەرگرتنی وتەی چووە بەردەم دادوەر، بەڵام بەهۆی کۆبونەوەی ژمارەیەکی زۆر لەکەسوکاری کە بەسەدان کەس مەزەندە دەکرا، دادوەر نەیتوانی وتەی وەربگرێ و گواسترایەوە بۆ ئاسایشی سلێمانی و هەر بەهۆی کۆبونەوەی کەسوکاریەوە لەناو دادگادا، هێزەکانی (ئامادە) بەتەقە بڵاوەیان پێکردن، دواتریش کەسوکارەکەی بۆ ماوەیەك چونە بەردەم مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتی و شەقامی بەردەم مەڵبەندیان داخست...

قایمقامی سلێمانی دەرچووی بەشی یاسایە و تۆمەتبارە بە وەرگرتنی "بەرتیل" لەدابەشکردنی زەوییەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی و لەناوچەی قولەرەیسی کە بەمادەی (307) دەستگیرکراوە کە هەر تۆمەتبارێك بەپێی ئەو مادەیە دەستگیر بکرێت، ئازادکردن بەکەفالەت نایگرێتەوە.. ڕۆژنامەکە دەنووسێ: بەوتەی ئەو پارێزەرەی ئەو کارەی کەلەلایەن کەسوکاری قایمقامەوە لەناو دادگادا ئەنجامدراو دادوەریان ناچارکرد دادگا جێبهێڵێ (تاوانێکی دیکەی سەربەخۆیە) و دەکرێ ئەو کەسانەی ئەو کارەیان کردووە (داوای یاساییان لەسەر تۆمار بکرێ و سزا بدرێن، چونکە ئەگەر وا نەبێت مانای وایە هەرێم لەوپەری ناعەدالەتیدایە).. تا ئێستا قایمقام تۆمەتبارە نەك تاوانبار.. دوا کۆپلەی ئاوێنە بەمشێوەیەیە: ئاوێنە هەوڵیدا ڕای کەسوکاری قایمقامی سلێمانی وەربگرێ، بەڵام ئامادەنەبوون هیچ لێدوانێك بدەن...

ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە 322 سێشەممە ڕێکەوتی 17 - 4 - 2012

کەمێك زیاتر لە نیوەی لاپەڕە 2 بە گوتارێك بەناوی: /بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دۆسیەکەی قایمقام (پێویستە چاوەڕێی حوکمی دادگابین)/

لەم نووسینە چەند کۆپلەیەك وەردەگرین:

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەنێو ئەو شتانەی لەشوێنی زیندانیکردنی قایمقامدا دۆزراوەتەوە، دەقی نامەکەیە کە پێدەچێت زۆر پێش ڕووداوەکە لەلایەن خۆیەوە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن نووسرابێت، بەپێی زانیارییەکانی ئاوێنە، لەو نامەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە کێشەکەی کێشەیەکی یاساییە نەك کێشەیەکی سیاسی و پاش دۆزینەوەی، نامەکە بۆ پەیوەستکردنی بەدۆسیەکەوە ئیمزای دادوەر تاهیر عەلی حسێن و سەرۆکی داواکاری گشتی سلێمانی (فەرهاد حاتەم)ی لەسەرە....

دۆسیەی زەوییەکانی قولەرەیس و گیان لەدەستدانی قایمقام، دادگای سلێمانی خستۆتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر گەورە کە ئەگەر بتوانێت ئەنجامێکی باش و بەویژدانانە پێشکەش بکات، دەتوانرێت

بوترێت كە هێشتا دادگاكان لایەنێكی خێر و پۆزەتیڤیان تێدا ماوە...

ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (825) چوارشەممە 11 - 4 - 2012

لەلاپەڕە یەك بە سەردێرێكی گەورە نووسرایە:

/لەدۆسیەكەی قایمقام، گومانی تێوەگلانی بەرپرسی تر دەكرێت بایی سەدان ملیۆن دۆلار زەوی فرۆشراوە/..

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست هاوڵاتی كەوتون، دۆسیەكەی قایمقام پەیوەندی بەفرۆشتنی هەزاران دۆنم زەوییەوە هەیە بەشێوەی "نایاسایی" لە سلێمانی كە بەهاكەی بەسەدان ملیۆن دۆلارە دەخەملێندرێ...

سەرچاوەیەكی باڵای حكومی، لەبارەی دەستكار نەخشەكانەوە، دەڵێت: "زەوی بەردەڵان"، لەوەڕگا (مەرعە)، (كشتوكاڵی) ئیفرازكراون و دواتر كڕین و فرۆشتنیان پێوە كراوە.. ئەو گوند و ناوچانەی دەستكاری نەخشەكانیان كراوە و كڕین و فرۆشتن بە زەویەكانیانەوە كراوە، بریتین لە: (ناوچەی تانجەڕۆ، گوندەكانی دۆڵە ڕووت، ناوگردان، كانی گۆمە، قڕگە، بەردەكەڕ، كەلەكن، ناوچەی قولەرەیسی، ڕێگای زرگوێز) لە سلێمانی.. بەپێی زانیاری سەرچاوەكەی حكومەت، مامەڵەكردن بەزەوییەكان لەساڵی 2006ەوە تاوەكو ئاشكرابوونی دۆسیەكە بەردەوامی هەبووە...

هەمان بابەت تەواوی لاپەڕەی دووەمی ڕۆژنامەی داگیركردووە.

ئەو زانیاریانەی دەست هاوڵاتی كەوتوون، ئاشكرای دەكەن لەپاڵ قایمقامی قەزای مەركەزی سلێمانی و تۆمەتبارەكانی ئێستا، چاوەڕواندەكرێت بەبەردەوامی دۆسیەكە دەیان كەسی تر لەئاستە جیاوازەكاندا تێوەبگلێن...

لە ئێستادا بێجگە لە زانا محەمەد ساڵح، قایمقامی قەزای ناوەندی سلێمانی، موقەدەمێك و چەند كەسێكی تر دەستگیر كراون. بەپێی زانیارییەكان، كەسێك بەناوی (ح) كە خەڵكی گوندی قولەرەیسییە، سەرپەرشتی زۆربەی كارەكانی زانا محەمەد دەكا و لەئێستادا خاوەنی چەندین تەلارە و بەشێوەیەكی زۆر دیار دەوڵەمەند بووە...

بەختیار حەمە سەعید یاساناس، ئەوە روندەكاتەوە هەر كەسێك بەرتیلی وەربگرێت بەپێی مادەی 307 قورسترین سزا بۆی 10 ساڵ زیندانیكردن و غەرامە دەكرێت. ئەو یاساناسە، ئاماژە بەوەدەدات ئەگەر زەوی حكومی بەنایاسایی كڕین و فرۆشتنی پێوە كرابێت، ئەوا حكومەت زەوییەكەی خۆی وەردەگرێتەوە و ئەو كەسانەشی زەوییەكەیان فرۆشتووە، دەبێت پارەی ئەو كەسانە بدەنەوە كە پێیان فرۆشتوون...

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست هاوڵاتی كەوتوون، دۆسیەكەی قایمقام دووبەرەكی خستووەتە ناو بەرپرسانی باڵای یەكێتی نیشتیمانی كوردستانەوە و بەسەر لایەنگرا و دژایەتی دۆسیەكەدا دابەشبوون.

ئەم نووسینانە، بێئەوەی زۆر لەناوەكان ئاشكرا بكرێن، نووسینەكە لاواز دەكا و خوێنەر متمانەی كەمتر پێیانەوە دەبێ. ئەوەی لێدوانێك بەجۆرێك دەدات، لەوانەیە كەسێكی دیكە لەسەر هەمان بابەت بەجۆری دیكە قسەكان بكا. لێرە ڕۆژنامەنووسان

پێویسته‌ خۆیان توانای زانیاری كۆكردنه‌وه‌یان هه‌بێ، توانای كاركردن له‌سه‌ر زانیارییه‌ كۆكراوه‌كه‌یان هه‌بێ، نه‌ك به‌ئاسانی كه‌سێك هه‌ڵبژێرن و لێدوانی لێوه‌ربگرن، كه‌سه‌كه‌ش به‌ئاره‌زووی خۆی ئه‌وه‌ی ده‌یه‌وێ بڵێ.. ڕێنمایه‌كانی ئێتیك، به‌ ڕوونی ده‌ڵێ، كه‌ ڕۆژنامه‌نووس له‌سه‌ریه‌تی هه‌موو توانای خۆی بخاته‌ گه‌ر، بۆئه‌وه‌ی ته‌واوی زانیارییه‌ پێویسته‌كان بگه‌ینی...

ڕۆژنامه‌ی هاوڵاتی، ژماره‌ (827) چوارشه‌ممه‌ 18 - 4 - 2012

له‌م ژماره‌یه‌ له‌ لاپه‌ری یه‌كه‌م ئه‌م سه‌ردێره‌ نووسرایه‌:

/هاوڵاتی زانیاری ورد له‌سه‌ر ڕووداوه‌كه‌ ئاشكرا ده‌كا

قایمقامی سلێمانی پێشتر هه‌ڕه‌شه‌ی "خۆكوشتن"ی كردووه‌/

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی تا ئێستا حه‌وت لیژنه‌ بۆ لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ڕووداوی گیان له‌ده‌ستدانی قایمقامی قه‌زای سلێمانی پێكهێنراوه‌ به‌ڵام تادێ گومانه‌كان چڕتر ده‌بنه‌وه‌. زانیارییه‌كانیش ئاشكرای ده‌كه‌ن ناوبراو پێشتر هه‌ڕه‌شه‌ی "خۆكوشتن"ی كردووه‌. زانیارییه‌كان له‌ڕێگه‌ی ته‌له‌فۆنه‌وه‌ كراوه‌، زانا محه‌مه‌د ساڵح هه‌ڕه‌شه‌ی "خۆكوشتن"ی كردووه‌ ئه‌گه‌ر له‌زیندان ئازاد نه‌كرێت.. زانیارییه‌كان ئه‌وه‌ش ده‌خه‌نه‌ ڕوو كه‌ قایمقام پێش ڕووداوه‌كه‌ به‌ته‌له‌فۆن له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌ری كه‌نالێكی میدیایی قسه‌ی كردووه‌ و پێیوتووه‌ "هه‌ڕه‌شه‌م بگه‌ینه‌، ئه‌گه‌ر ئازاد نه‌كرێم خۆم ده‌كوژم".

ڕۆژنامه‌ی هاوڵاتی له‌ لاپه‌ڕه‌ **ووو**ش گوتاری لاپه‌ڕه‌ی یه‌كه‌می ته‌واو كرد.. له‌هه‌مان ژماره‌ نیوه‌ی زیاتری لاپه‌ڕه‌ 13 تایبه‌تكراوه‌ به‌ كه‌یسی قایمقامی سلێمانی..

له‌هه‌مان ژماره‌ و لاپه‌ڕه‌ 20 گۆشه‌یه‌ك به‌ناوی: لیژنه‌كان با حیكایه‌ت ئه‌م مه‌رگه‌ توێكاری بكات...

ڕۆژنامه‌ی ڕووداو، ژماره‌ (206) دووشه‌ممه‌ 9 - 4 - 2012

/ئه‌گه‌ر به‌ڵگه‌كان له‌سه‌ر قایمقام ساخ بوونه‌وه‌ سزاده‌درێ ئه‌گه‌ر نا له‌شوێنی خۆی ده‌مینێته‌وه‌/

/سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی ناوه‌ندی یه‌كێتی نیشتمانی كوردستان: ئه‌وه‌ی دوێنێ له‌به‌رده‌م دادگا و مه‌ڵبه‌ند ڕوویدا فه‌وزا بوو/.. ژێر سه‌ردێر...

ره‌شدید ئیبراهیم، یه‌كێك له‌و خزمانه‌ی قایمقام كه‌ به‌شداری گردبوونه‌وه‌ی كرد، له‌به‌رده‌م دادگای سلێمانی به‌ (ڕووداو)ی گوت: ده‌مانه‌وێ هێرۆخان ته‌ده‌خول بكات، ئێمه‌ نامانه‌وێ زانا ببرێته‌ شوێنی نادیار و به‌ ئاره‌زووی خۆیان سزای قانوونی بده‌ن، ئێمه‌ ده‌مانه‌وێ به‌ به‌رچاوی هه‌مووانه‌وه‌ زانا دادگایی بكرێ...

نووسینێك به‌ هه‌مان سه‌ردێر له‌ شێوه‌ی ئێلیكترۆنی له‌ ماڵپه‌ری ڕووداو داندراوه‌...

ڕۆژنامەی ڕووداو، ژمارە (207) دووشەممە 16 - 4 - 2012

لەم ژمارەیە زیاتر لە نیوەی لاپەڕە سێی بە ڕاپۆرتێك لەسەر كەیسی زانا پڕكردۆتەوە و بەمشێوەیە دەستپێدەكا:

ساكار جەمال، ژنی زانا حەمەساڵح كە بەهۆی شین و گریانی زۆر هەر لەو ئۆتۆمبێلە هێڵدرابووەوە، كە تەرمی مێردەكەیان پێ برد بۆ گۆڕستان، بەگریان و دەنگی بەرز نارەزایی دژی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان دەردەبڕی و دەیگوت: (یەكێتی ماڵی وێرانكردم، زوڵمێكی گەورەیان لێكردی زانا، ئەوەی بەرامبەر تۆ كرا مەسەلەیەكی سیاسی بوو نەك ئەو گەندەڵییەی باسی دەكەن. شەرتبێ هەرچی گەندەڵی كراوە ئاشكرای بكەم لەبەردەم هەموو كەناڵەكان...)

بەرپرسی یەكێك لە بەشەكانی شارەوانی سلێمانی دەڵێ: كاتێك لێپرساوی بەشی زیادەرۆیی دەستگیركراوە، ئەوان تووشی شۆك بوون، چونكە ئەو خۆی لێپرساوی بەشی زیادەڕۆیی بوو، ئەو خۆی لێپرسینەوەی لە دیاردەی داگیركردنی زەوی حكومەت دەكرد...

سەرچاوەیەكی ئیداری لە پارێزگای سلێمانی، كە نەیویست ناوی بهێندرێ بە (رووداوی)ی ڕاگەیاند "لەدوای دەستگیركردنی قایمقامی ناوەندی سلێمانی و دەستپێكردنی لێكۆڵینەوەكان، ناوی 28 كەسی دیكە لەلایەن دادگاوە دراوەتە ئاسایش تاوەكو دەستگیر بكرێن"...

گۆڤاری لڤین، ژمارە (195) 20 - 4 - 2012

لەسەر بەرگی دەرەوەی گۆڤاری لڤین نووسرایە:

/تۆڕی گەندەڵی تەنیا قایمقامەكان دەگرێت/

/لڤین وردەكاری خنكانی قایمقامی سلێمانی لە زیندانی ئاسایش بڵاودەكاتەوە/

گۆڤاری لڤین بەمشێوەیە لەسەر قایمقامەكان دەنووسێ:

فوئاد ساڵحی قایمقامی هەڵەبجە یەكەمین قایمقام بوو كە دووای ئاشكرابوونی گەندەڵی و ئیختیلاسەكانی لەپارەی وشكەساڵیدا بڕیاری دەستگیركردنی بۆ دەرچوو، دواین قایمقامیش زانا حەمەساڵحی قایمقامی قەزای مەركەزی سلێمانی بوو، كە دووای تۆمەتباركردنی بەگەندەڵی لەزەوی و زاردا لەزیندانی ئاسایشی سلێمانی لە ڕووداوێكی تەمومژاویدا گیانی لەدەستدا...لێرەدا پرسیار ئەوەیە كە بۆچی تۆڕی گەندەڵی قایمقامەكانی پێوەدەبێت و بژمێری گەندەڵی سەرووی قایمقامەكان ناخوێنێتەوە...

شوان محەمەد سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنە دەڵێت: (ئەگەر لێكۆڵینەوە بكەیت ئەوە بەتەنیا قایمقامەكان نین كە لەگەندەڵییەوە گلاین، بەڵكو زۆرێك لەبەرپرسە ئیداری و حكومی و حیزبەكانیشی تێوەگلاوە، بەڵام لەبەرئەوەی دەزگایەكی چاودێری دارایی زۆر بەهێز نییە و داواكاری گشتی چالاك نییە و دەستەی نەزاهەش دروستنەكراوە، ئەمانە ڕێگرن لەوەی سزای خۆیان وەربگرن).. شوان وتیشی:

(بەبڕوای من ئەوەی ئێستا دەستی پێکردووە زۆرباشە و سەرەی گەندەڵە گەورەکانیش دەیێت)...

لە لاپەڕە 8 - 9 ئەم نووسینانەی سەرەوە لەژێر سەردێری:

/تۆڕی گەندەڵی تەنیا قایمقامەکان دەگرێت؟/

/قایمقامەکان بوونەتە قوربانی خەڵکیتر/

ئەم سەردێرەی سەرەوە خۆی حوکمدانە و بێلایەنانە نەنووسرایە، کەواتە لایەنی ئێتیکی پەیڕەو نەکراوە و لەسەر نووسینی ئەم سەردێرە، قایمقامەکان دەتوانن سکاڵا لەسە لڤین تۆمار بکەن، چونکە پیشانی دەدات، قایمقامەکان گەندەڵ و دزن.. لە خوێندنەوەی ئەم هەستە لای خوێنەر دروست دەبێ...

لەهەمان ژمارەی گۆڤاری لڤین لە لاپەڕە 32 - 33 گوتارێکی درێژ بەناونیشانی:

/لڤین وردەکاری خنکانی قایمقامی سلێمانی لەزیندانی ئاسایش بڵاودەکاتەوە/

ئەو پرسیارەی لەسەرەتای دەستگیرکردنی زانا محەمەد ساڵحەوە تا ئێستاش بەردەوامە ئەوەیە بۆچی زانا محەمەد ساڵح برایە ئاسایش، وەك هەر تۆمەتبارێکی دیکە نەبرایە پۆلیس و دەستبەسەربکرێت؟

دەستپێکردنی ئەم نووسینە زۆر خراپە، چونکە لەکاتی دەرچوونی ئەم ژمارەیە، چەندین لێدوان لەلایەن ئاسایش و پۆلیس و دادور و پارێزگار بڵاوکرابۆوە، بەوەی فشاری خزموکەسی زانا بۆسەر دادگا، پۆلیسیان ناچارکرد، بە تەقە پەرتە بە خەڵك بکات. ئاوێنە ژمارە 321 سێشەممە ڕێکەوتی 10 - 4 - 2012 دەنووسێ: (بەهۆی کۆبونەوەی ژمارەیەکی زۆر لەکەسوکاری کە بەسەدان کەس مەزەندە دەکرا، دادوەر نەیتوانی وتەی وەربگرێ و گواسترایەوە بۆ ئاسایشی سلێمانی و هەر بەهۆی کۆبونەوەی کەسوکاریەوە لەناو دادگادا، هێزەکانی (ئامادە) بەتەقە بڵاوەیان پێکردن، دواتریش کەسوکارەکەی بۆ ماوەیەك چوونە بەردەم مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتی و شەقامی بەردەم مەڵبەندیان داخست...). ڕۆژنامەنووس ئەگەر بیەوێ لەسەر کەیسێك بنووسێ، پێویستە زۆرترین زانیاری لەسەر کۆبکاتەوە، بۆئەوەی نووسینی ئەو تێربێ، نەك لەکۆڵخۆ بکرێتەوە. بەمشێوەیە دەکاتە لادان لە ڕێساکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی...

دواتر ڕۆژنامەنووس هەر لەو نووسینەی دەنووسێ: ئیسماعیل مەحمود سەرۆکی لیژنەی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت: هۆکاری بردنی کاك زانا بۆ ئاسایش بۆئەوەبوو کە یەکەم ڕۆژی دادگایکردنەکەی ژمارەیەکی زۆر لەخزمانی کاك زانا کۆبوونەوە کە ئەمەش وای لەدادوەری دادگا کرد تووڕەبێت و هۆڵی دادگا بەجێبهێڵێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نەکرێت.. ئەم نووسینە بەئاسانی کۆپلەی یەکەم پووچ دەکاتەوە..

لڤین دەنووسێ:

هەر شەوی رووداوەکە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێم، لەبەیاننامەیەکدا داوای لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی فراوانی کرد لە ڕووداوی خنکانی قایمقامی سلێمانی.

تەنیا یەك کاژێر بەسەر ئەو ڕوونکردنەوە و داواکارییەی کۆسرەت تێنەپەڕیبوو، مەڵبەندی یەکی یەکێتی

لە سلێمانی کە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد رکابەری سەرەکی کۆسرەت رەسوڵ عەلییە سەرپەرشتی دەکا، لە روونکردنەوەیەکدا دوایکردبوو لێکۆڵینەوەی فراوانتر لەرووداوی گیانلەدەستدانی قایمقام بکرێت.. بەڕای چاودێران لەم دوو روونکردنەوەیەدا بەڕوونی ناکۆکی نێوان باڵەکەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و کۆسرەت رەسول عەلی دەردەکەوێت، کاتێك کۆسرەت رەسول عەلی داوای لێکۆڵینەوەی فراوان دەکا، بەڵام مەڵبەندی سلێمانی داوای لێکۆڵینەوەی فراوانتر دەکا...

لڤین لەسەر نووسینەکەی بەردەوامە:

داگیرکردن و فرۆشتنی زەوییەکانی قولەوەیسی بەتەنیا خودی قایمقامی سلێمانی لێی بەرپرس نەبووە، بەڵکو سەرەتای ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەتی سلێمانی بوو.. بە واژووی خودی عومەر فەتاح واژوو لەسەر ئەو نووسراوانە کراوە کە دوواجار بەتاوان و بەرتیل بەسەر زانا محەمەد ساڵحی قایمقامی سلێمانی شکایەوە...

تەنیا بۆ نووسینی دوا کۆپلەی ئەم گوتارە، عومەر فەتاح بۆی هەیە سکاڵا لەسەر لڤین تۆمار بکات.. خوێنەر هەست دەکا، بە فەرمانی عومەر فەتاح زانا ئەو کارانەی کردووە...

گۆڤاری شەقام، ژمارە 228، 15ی نیسانی 2012

لەسەر بەرگ نووسرایە: /گرتەیەکی ڤیدیۆیی چۆنیەتی

خنکانی قایمقام ئاشکرا دەکا!/

لە لاپەری 14 نووسرایە:

پێنج لیژنەی باڵا لێکۆڵینەوە لە دۆسییەکەی دەکەن

/گرتەیەکی ڤیدیۆیی چۆنیەتی خنکانی قایمقام ئاشکرا دەکا!/

گۆڤاری شەقام جگە لە نووسینی سەربەرگی دەرەوە لەناوەوەش لاپەڕەکانی 14 - 15ی بۆ ئەم کەیسەی قایمقام تەرخان کردووە و بەمشێوەی خوارەوە دەنووسێ:

قایمقامی قەزای مەرکەزی سلێمانی دوای 7 رۆژ مانەوە لەزیندانی ئاسایشی گشتی سلێمانی لە ئێوارەی شەممە ڕێکەوتی 14 - 4 - 2 - 2012 لەرووداوێکی تەمومژاوی و ئاڵۆزدا بەوتەی ئاسایش بەشێوەی خۆخنکاندن گیانی لەدەستدا و کەسوکارەکەشی گومانیان لەخۆخنکاندنەکەی هەیە و داوای لێکۆڵینەوەی بێلایەنانە دەکەن لەو دۆسیەیە...

زانا محەمەد ساڵح لەدایکبووی ساڵی 1978 ەو وە دەرچووی بەشی یاسایە و خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە و ماوەی نزیکەی 5 ساڵە وەك قایمقامی مەرکەزی سلێمانی کار دەکا.

خۆخنکاندنی قایمقام، لەکاتێکدایە کەیسەکەی فراوانتر بووە و ژمارەی تۆمەتبارەکانیش روو لەزیادبوون دەکەن، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا باس لە چڕبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو یەکێتی بەرانبەر ئەو دۆسیەیە

دەکرێت.

لەم نووسینەی گۆڤاری شەقام، هەندێك زانیاری ورد لەسەر زانا محەمەد ساڵح هەن، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەی کوردی پێشتر باسیان لێوە نەکراوە، بەڵام ئەگەر لەڕوانگەی ئێتیکەوە سەیری بکەین، دەبینین لە سەردێری: گرتەیەکی ڤیدیۆیی چۆنیەتی خنکانی قایمقام ئاشکرا دەکا! واتێدەگەین، گرتەکە هەیە. بەڵام پاش خوێندنەوەی گوتارەکە، خوێنەر تێدەگا، ئەگەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی هەبووایە، دەبیندرا چۆن زانا محەمەد ساڵح خۆی خنکاندووە.. بەمەش دەردەکەوێ، خوێنەر فێڵی لێکراوە، لە ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن، نابێ سەردێر ڕەنگدانەوی ناوەڕۆك نەبێ و پێویستە ڕوونیش بێت، بۆئەوەی خوێنەر بە ئاسانی مەبەستی سەردێری بۆ ئاشکرا ببێ..

## ج - مامەڵەی پرێس لەسەر دۆسیەی قایمقام

پرێسی کوردی نەیتوانی بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ کەیسی قایمقام بکا. ئەو نەتووانینە هۆی زۆری هەبووە، بەڵام لەهەموویان گرنگتر، لێنەزانین بووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمجۆرە کەیسانە.

بەگوێرەی خوێندنەوەی نووسینەکان، دەرکەوتووە، نووسەران باش لە نووسینی ئەمجۆرە کەیسانە شارەزا نەبووین. بۆئەوەی زۆرترین زانیاری بە خوێنەر بدەین، ژانری بەدواداچوون یان ڕیپۆرتاژ چاکە سوودیان لێوەربگرین، بەڵام دەردەکەوێ زیاتر نووسینەکان گوتار یان هەواڵی درێژ بووین. ڕۆژنامەنووسانی کورد، لەسەر دۆسییەی زانا محەمەد ساڵح بەدوای زانیاری نەگەڕاون، بەڵکو ئەوەی دەستیان کەوتووە، لە ڕێگای تەلەفۆن یان بینیی خەڵکی جیا جیا وەك: پۆلیس، یاساناس، ڕۆژنامەنووس...هتد بووە، لەکاتێکدا گەورەترین شانسیان هەبوو، پسپۆڕانە کارەکانیان ئەنجام بدەن. ئەگەر ڕۆژنامەنووسانی کورد، لەجیاتی بنووسن: کەسێ، کە نەیویست ناوی بنووسین، سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو یان سەرچاوەیەك نەیویست ئاشکرای بکەین، دەیانتوانی خۆیان بە پشتبەستن بە بەڵگەکان، نووسینەکان بنووسن، لەوکات خوێندنەوەی ئاسانتر دەبوو، زانیارییەکانیش بە سارد و سوڕی نەدەنووسران، خوێنەر هەستی بە تام و بۆن و بیستن لەکاتی خوێندنەوە دەکرد.

لەگەڵ ئەم نووسینانە، زۆر پێویست بوو بەکورتی پرۆفایلی زانا حەمە ساڵح لە کۆتایی گوتارەکە بە فۆنتی بچووکتر نووسرابا، ئەمەیان لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤار بۆ ئەم نووسینەم سوودم لێیان وەرگرتووە، بەکار نەهاتووە. ئەوەش دەمانگەیێنیتە ئەو بڕوایەی، ڕۆژنامەنووسانی کورد، بەشێوەیەکی گشتی، ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانەکانی دیکە نە سەیر دەکەن، نە دەشخوێننەوە.. تەنیا زانینی زمانی کوردی بەش ناکا، بۆئەوەی ببیتە ڕۆژنامەنووسێکی پسپۆڕ، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی لەڕێگای ئەدەبەوە هاتوونەتە ناو ڕاگەیاندن.

بۆ ئەوەی زانیاری تەوات لەسەر دۆسییەی زانا محەمەد ساڵح دەستبکەوێ، پێویستە تەواوی ڕۆژنامە و

گۆڤارەكانی ئەوكات بخوێنیتەوە، چونكە لەهەر نووسینێ: كەمێك زانیاری دەدات و بەیەكەوەش هەموو زانیارییەكانت دەست دەكەوێ، لەكاتێكدا ڕۆژنامەنووسی پسپۆر لە یەك نووسین، هەموو ئەو زانیارییانەت پێدەبەخشێ، كە تۆ وەك خوێنەر پێویستت پێی هەیە. ئەمە لاوازی ڕاگەیاندنی كوردی لەئاست كێشەی گەورە پیشان دەدا. ناپسپۆری و تەمبەڵی ڕۆژنامەنووسانی كورد پیشان دەدا، كە زۆربەی زانیارییەكان لەڕێگای تەلەفۆنەوە وەرگیراون، لەبەر تێنەگەیشتنی پێویست لە پیشەی ڕۆژنامەنووسی، پرسیاری پێویستیشیان لە كەسەكان نەكردووە. ئەگەر نموونەیەك بهێنینەوە، ئەوا ئەندامێكی پەرلەمانی كوردستانە، بە ئارەزووی خۆی لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنووسان داوە و ئەو هەستەی لا دروستكردوون، كە قایمقامیان كوشتووە.. ئەو ئەندام پەرلەمانە، پێش ئەوەی ڕاپۆرتەكەیان بڵاوبكرێتەوە، بڕوای بەوە نییە، كە بە تەقسیمی كارەبا خۆی خنكاندبێ، لەوكات ڕۆژنامەنووسان دەبوایە لێی بپرسن، ئەگەر تۆ بڕوات بەم دۆسییە نییە، بۆچی چوویتە ناو لیژنەی حكومەت و بۆچیش ڕازیبوویت بەمشێوەیە ڕاپۆرتەكە بنووسرێ.. جگە لەوانەی سەرەوە دەبووایە ڕۆژنامەنووسان لێی بپرسن: چۆن دەزانی ئەم وایەرانە ناتوانن 80 كیلۆ هەڵبگرن...

تەواوی نووسینەكان بێلایەنانە نەنووسراین، لەگەڵ سیاسەت تێكەڵ كراوە، هەندێك لەوان بڕوایان بە ناوەڕۆكی نامەی زانا محەمەدیش نەكردووە...

ڕۆژنامەگەری كوردی لەم دۆسییە، نەیتوانی بە ئەركی سەرشانی خۆی هەڵبستێ، نەیتوانی زانیاری ورد و بێلایەن بە خوێنەرانی بدات، نەیتوانی ڕێساكانی ئێتیكی پیشەی ڕۆژنامەنووسی كار پێبكات.. ئەوەی توانی بكات، پاڵەپەستۆ خستنە سەر پارتە سیاسییەكان و سەركردەكانی كورد بوو، بۆئەوەی ئەم هەموو لیژنانە پێك بێنن.. كەس بڕوای بە كەسی دیكە نەدەكرد.. هەر كەسێك و لیژنەیەكی بۆخۆی دانابوو، بێئەوەی چاوەڕێی دەرەنجامی لیژنەی پێشتر بكا.

ئەگەر ڕاگەیاندن نەیتوانی بەشێوەیەكی تەندروست مامەڵە لەگەڵ دۆسییەی قایمقام بكا، دیارە حكومەت و سیاسەتمەدارانیش نەیانتوانی بە شێوەیەكی تەندروست مامەڵەی لەگەڵ بكەن. ڕاڕایی ئەوان لە ژمارەی لیژنەكان دیار بوو. وێشدەچوو، ئەوان فەرمانی دروستكردنی لیژنەكان بدەن، بەڵام چاوەڕێی ئەنجام ناكەن.. حوكمەكانیان زۆر تەواو نەبوو، هەبوو لەوان، زانا محەمەد ساڵحی بە شەهید ناوبرد. بەكارهێنانی ناوی شەهید بۆ كەسێك بەگوێرەی بەڵگەكان، دەستی لە فرۆشتن و دزی چل ملیۆن دۆلار هەبێ و خۆشی خۆی كوشتبێت، باش نییە و خەڵك هێشتا زیاتر توڕە دەكا.

د - مامەڵەی زانا محەمەد ساڵح لەگەڵ پرێس

قایمقامی سلێمانی زانا محەمەد ساڵح، هەر لەسەرەتاوە هەموو کار و هەنگاوەکانی هەڵە بوون. حاکم قادر لە بەرنامەیەکی چاوپێکەوتن لە تەلەفزیۆنی ئاسمانی NRT لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربارن ڕێکەوتی 26 - 10 - 2012 لە کاتژمێر 21.45 گوتی: قایمقام و برادەرانی بە نایاسایی بایی 40 ملیۆن دۆلار زەوییان لە سلێمانی و دەوربەری فرۆشتووە. ئەم فرۆشتنە، دەکاتە دزی، دەکاتە بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەت، دەکاتە خیانەتکردن لە خەڵکی کوردستان.. هەمووی هەڵە بوو، بەهیچ شێوەیەك نەدەبوایە قایمقام ئەم کارەی بکردایە.

قایمقام بەهیچ شێوەیەك نەدەبووایە ڕێگای بە خزموکەس دابا بێنە سەرشەقام و دواتریش بچنە بەردەم مەڵبەندی یەکێتی و شەقاماکان داگیر بکەن. ئەمە هەڵەیەکی گەورەی قایمقام بوو، کە خراپتری بەدواوە هات. ڕاگەیاندن ئارەزووی لەمجۆرە هەڵسوکەوتانەیە، بۆ ئەوان کوشتن و بڕین و خۆپیشاندان وزەی کارە و پڕکردنەوەی لاپەڕە و بەرنامەکانە، سەرەتای ئاهەنگ و جەژنەکانە.. چەند زیاتر خەڵك تووڕە بێت، ئەوەندە بۆ ڕاگەیاندن کێشەکە گەرمترە و زیاتر بایەخی پێدەدەن.

بەهیچ شێوەیەك نەدەبووایە خۆی ڕۆژنامەکان بخوێنێتەوە، سەیری تەلەفزیۆن بکا و لەهەمووشی وەك دزی گەورە ناوی دەهات.. ئەوە تێنەگەیشتنی زانا محەمەد ساڵح لە ڕاگەیاندن پیشان دەدا، مەغروریەتی ئەو لە دەسەڵات پیشان دەدا.

باشترین دەرمانی ئەو، ئیعتارفکردن بوو، بەوەی ڕاستە ئەو هەندێك کاری نایاسیی کردووە، ئێستاش ئامادەیە بچێتە بەردەم دادگا و سزای خۆی وەربگرێ.

ئەگەر کارەکانی قایمقام بەبێدەنگی کرابا، لەوانەیە لەبەندیخانەش یامەرتییان دەدا و شوێنی تایبەتیان بۆ دابین دەکرد. ڕاگەیاندنیش بەو شێوەیە لەسەری نەدەنووسی. ڕاگەیاندنی کوردی لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندنێکی پسپۆر نییە، بە بزربوونی کەسی تۆمەتبار، دۆسییەکەش بزر دەبی و جارێکی دیکە فایلی بەرچاوان ناکەوێتەوە.. نموونەی زۆر هەیە. لە شاری هەولێر لەبەرچاوی خەڵك لە پەیامنێری کوردستان TV(رزگار کۆچەر)یاندا، کەسی تۆمەتبار بۆ ماوەیەکی کەم خۆی پیشانی خەڵك نەدا، کەیسەکە لەبیر کراوە. ڕۆژنامەنووسانی کورد ئەگەر نەتوانن بەدواداچوون لەسەر کەیسی خۆ یان هاوپیشەی خۆیان بکەن، چۆن چاوەڕێ دەکرێ لەسەر زانا محەمەد ساڵح بیکەن. لە هەمان کات، لە وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتوو دیموکرات، کەس ناتوانی لەبەر ڕۆژنامەنووسان ڕابکا، بزربوونیش بەهانای نایەت. ئەوان ئامادەن پاش دەساڵ سەرلەنوێ دۆسییەکە زیندوو بکەنەوە، بەڵام لە کوردستان بەدواداچوون بۆ هیچ شتێك ناکەن، بۆیە ونبوون یان بێدەنگی، کاردەکاتە سەر ئەوەی زیاتر باسی لێوە نەکرێ.

## 2 - ئێتیك لە پرێسی کوردی

ا - نموونەی گۆڤارەکان

گۆڤاری شەقام، گۆڤاری هۆنیا، گۆڤاری سڤیل، گۆڤاری چرکە

نموونەی ڕۆژنامەکان:

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی خەبات، هەفتەنامەی ئاوێنە، هەفتەنامەی چاودێر، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، هەفتەنامەی ڕووداو، ڕۆژنامەی هەولێر، هەفتەنامەی باس، هەفتەنامەی هەواڵ.

پێشەکی

زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی کورد لەوبڕوایەدان، ئەگەر کەسی بەرامبەر هەر قسەیەك بکا، ئەوان بۆیان هەیە وەك خۆی و بێدەستکاری لە ڕۆژنامە یان لە گۆڤار لە بەرگی یەکەمی دەرەوە یان لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە دایبنێن، بێئەوەی هەست بکەن، بە دانانی ئەو قسەیە یان ئەو ڕستەیە ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندنیان شکاندووە و خەڵکێك هەن بریندا دەبن. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە سەرنووسەر، ئەو بەرهەمەی بەدەستی دەگا، هیچ مەرج نییە وەك خۆی دایبنێ، بەتایبەتیش ئەگەر لەو رستەیە کەسێ، کۆمەڵێ لە خەڵك هەست بکەن مافیان خوراوە.

ڕۆژنامەنووس لەسەری پێویستە، زۆر بەوردی لە ناوەڕۆکی نووسین و قسەکان بکۆڵێتەوە، ئەگەر تێگەیشت، دانانی باش نییە، فێڵ لە خوێنەر دەکا، ناوەڕۆك ڕەنگدانەوەی سەردێر نییە، نابێ بەهیچ شێوەیەك ئەم نووسینە یان ئەم کۆپلەیە لەسەر بەرگی دەرەوە یان لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە دابنێ.

لە ڕاستیدا، ڕۆژنامەنووس مافی دانانی هەموو ئەو وشە یان ڕستانەی هەیە، کەلە دەمی قارەمانی ئینتەرڤیو دەبیسێ، بەڵام ئەم مافە پێویست ناکا بەکار بهێندرێ، بەتایبەتیش ئەگەر بزانی، دەبێتە هۆی بریندار بوونی خەڵك و لادان لە ڕێساکانی ئێتیکی پیشە.

لەخوارەوە نموونەی هەندێك نووسین، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بڵاوکراونەتەوە دەهێنینەوە، بەتایبەتیش ئەو نووسینانەی لەکاتی دانانی بیر لە ڕێساکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی نەکراوەتەوە. لە جەوهەردا، بیرکردنەوە لە ئێتیکی ڕاگەیاندن، زیاتر بۆ جوانکردنی رووی پرێسە، جا ئەو پرێسە لەهەر شوێنێك بێ. هەر بۆ جوانکردن و غەدر نەکردن، لەلایەك یاسای ڕاگەیاندن هەیە و لەپاش یاسا یان لە تەك یاساش، ئەنجومەنی ڕاگەیاندن هەیە. ئامانج لە هەردووکیان، جوانکردنی ڕووی پرێسە، توندکردنی پەیوەندی نێوان جەماوەر و پرێسە، هەبوون و بەردەوامبوونی متمانەی جەماوەرە بە پرێس.

لەخوارەوە نموونەی هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەهێنینەوە، بێئەوەی بیر لە لایەنی سیاسی بڵاوکراوەکە بکەین. هێنانەوەی ئەم نموونانەش بۆ شکاندن یان لەبەرچاوخستنی ئەو ڕۆژنامە یان گۆڤار نییە، بەڵکو بۆ ئاماژە پێدانە، بۆ باشترکردن و بۆ تێگەیشتنە لەوەی، تا چەند لە پرێسی کوردی لایەنی ئێتیکی پەیڕەو دەکرێ.

گۆڤاری شەقام

سالّی هەژدەهەم، ژمارە 237، 30ی ئەیلولی 2012

لە سەر سەرەوە وێنەی قوباد تاڵەبانی داندراوە و نووسرایە: (کوڕە ئیمپراتۆرەکە!)

کۆپلەی دووەمی نووسینەکە بەمشێوەی خوارەوەیە بێدەستکاری دەینووسمەوە: بەڵام نایشارمەوە هیچکام لە کوڕە سەرۆکە کوردیەکان نیە بە کوڕەکانی (پێشەوا قازی) شەوە شایەنی پێ سەرسامبوون بن. مەسعود بارزانی جیاوازترە لەوان، چوونکە ئەو هاتە سەر شۆڕشێك لە هیچ! دوبارە بونیادی شۆڕشی نایەوە و خۆی گەیاند بەوەی کە ئێستا هەیە. وەلێ قوباد لەجێی خۆیدایە لە خۆی بپرسیت، ئەرێ بەڕاست چۆن پلە و پایەی وەرگرت؟ چی کرد بەوەی ببێ بەوەی کە ئێستا هەیە؟ ئەوە کام داهێنان، کام بیرمەندی؟ کام بەدیهێنانی خوسانی میلەت، کام هەڵبژاردن. ئەم پلە ئیداریەی پێدان؟."1" نووسەر بێ هۆ هێرش دەکاتە سەر قوباد تاڵەبانی و پێیوایە، کەسێکە شایەنی ئەو پۆست و کارەی ئێستای نییە و ڕابردووشی نەبووە. لەم نووسینە، بە گوێرەی ڕێساکانی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندن، قوباد غەدری لێدەکرێ و بریندار کراوە، بەمەش بۆی هەیە داوای مافی خۆی بکا. گۆڤاری شەقام، لە بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینەی لە ڕێساکانی ئێتیکی پیشە لایداوە.

ئەگەر هەمان نووسەر، گوتارێکی درێژی لەسەر کارەکانی قوباد تاڵەبانی لە ئەمریکا باسکردبا و تیشکی خستبایە سەر کەموکورتییەکان و زاڵ نەبوونی قوباد تاڵەبانی بەسەر کێشە و گرفتەکان، لەوکات نەدەکرا، بڵێی ڕێساکانی ئێتیکی پێشێل کراوە..

زۆرجار پێوەرێك هەیە، بەوەی تێبگەیت، ئایا ئەو گوتارە، گۆشەیە...هتد، لایەنی ئێتیکی پێشێلکراوە یان نا؟ ئەگەر تۆ رازیبیت، هەمان نووسین و بەهەمان زمان، دژت بنووسرێ و تۆش پێی بریندار نەبیت، لەوکات دەکرێ بگوترێ لەم نووسینە ڕێساکانی ئێتیکی پیشەی پێشێل نەکراوە، لەوکات یەك پرسیاری دیکە بەرز دەبێتەوە، ئایا تۆ مافی بیرکردنەوەت لەجیاتی کەسانی دیکە هەیە یان نا؟ باشترین نووسین، ئەو نووسینەیە، کە خوێنەر هەستناکات، هێرشی ناڕەوا کراوەتە سەر قارەمانی نووسینەکە.

ڕێساکانی ئێتیکی پیشە زۆر ورد و تەنکن، ئەگەر کەسێك بە پیشە ڕۆژنامەنووس نەبی، ئەگەر خولی لەسەر ڕێساکانی ئێتیکی پیشە نەبینیبێ، لەوانەیە گران بی، سنوورەکان ببینی و لەیەکتر جیایان بکاتەوە. یەك لە ڕێسا ئاسانەکان، پێویستە سەردێر ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆك ببێ و خوێندنەوەشی ئاسان بێ و مەبەستی بە ڕوونی دیار بێ.

لە هەمان ژمارە سەردێرێك بەم شێوەی خوارەوە نووسراوە:

/نە سوڵحی عەشایەری دەکەم و نە دووسود و پەنجا دیناری تەبعیش دەدەمە ماڵی شەهید سورکێو/

دواتر لەهەمان لاپەڕە نووسراوە:

عەقید ئاسۆی شێخ تەها بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای سلێمانی، ئەوەدەخاتە ڕوو، کە باوکی شەهید سورکێو، کە لەرووداوەکەی 17ی شوباتی سلێمانی شەهید بووە، دەزانێت کێ بکوژی کوڕەکەیەتی و چۆن شەهید کراوە و لەبەردەم چ هێزێکیش بووە."2" ئەگەر بە وردی ئەم دوو لێدوانە یان ئینتەرڤییوەی ناومان هێنا بخوێنینەوە، زۆر توند دیارن، بەدووریش نازاندرێ بۆ خزم و کەسی شەهید سورکێو وەك ئیهانە سەیر بکرێ...

زۆر گرنگە ڕۆژنامەنووس خەڵك نەکاتە پرد و بەسەریانەوە بڕوا، خۆی پێ بەناوبانگ بکا، سوودی تایبەتی بۆخۆی تێدابی.. گۆڤاری شەقام بە بەراورد لەگەڵ گۆڤارەکانی دیکەی کوردی، من کە لە نزیکەوە ئاگادارم، زۆر هەوڵدەدا، بێلایەنانە و پسپۆرانە مامەڵە لەگەڵ نووسین و بڵاوکراوەکان بکا، بەڵام وەك زۆربەی گۆڤارەکانی دیکە، هەندێکجار ئەم بەڵانسەیان بۆ ڕاناگیرێ و هەندێك نووسین یان سەردێری زەقمان بەرچاو دەکەوێ بێویست و ئارەزووی سەرنووسەر، بە بڵاوکردنەوەی کەسانێك بریندار دەبن. ئەم شێوە بریندار‌بوونەش لە گۆڤاری شەقام، بە بەرنامە و پلان یان بە ئەنقەست نییە.

گۆڤاری هۆنیا

ژمارە 66.15 - 10 - 2012

بەرگی ئەم ژمارەیە زۆر مشەوشە و سەردێرەکانی ریزی یەکەمی سەر سەرەوە وەك خۆی دەنووسمەوە:

شاڵاو عەلی عەسکەری بۆ هۆنیا:

/باوکم بە فەرمانی مەلا مستەفا کوژرا. هەڵوێستی پارتی بەرامبەری لە بەعس خراپتر بوو/

سەردێرێکی دیکە:

/مامۆستا سەلاحەدین:

/لەبەر ئەوەی پارتی بێڕێزی بەرامبەر کرد و ڕێزی لێنەگرت. بۆیە هەولێری جێهێشت/

سەردێریکی دیکە:

/سەید ئەکرەم لە زیندانەوە چەندین زانیاری لە هۆنیادا: پارەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل تەنیا بۆ بارزانییەکانە و لەنێو بارزانییەکانیش بۆ نێچیرڤان بارزانییە/

خوێنەر ئەو سەردێرە زەقانەی بەرچاو دەکەوێ، کە بۆنی خوێنی لێدێ، بۆنی ئاژاوەی لێدێ، بۆنی شەڕی ناوەخۆی لێدێ..

لاپەڕەی یەکەمی گۆڤاری هۆنیا بەمشێوەیەی خوارەوە دەست بە نووسینەکانی دەکا:

دوای بڵاوبوونەوەی وێنەی ڤێلا گرانبەهاکانی مەسعود بارزانی و کوڕ و برازاکەی، کەسوکاری بارزانی لەبارزانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێکردین و هاتنە سەر نووسینگەی گۆڤارەکە لە سلێمانی..

دواتر نووسەر لەسەر بابەتەکەی بەردەوام دەبێت:

سەرکردە کوردەکانی باشوور ئەو کاتەی کە هەست بە بوونی خۆیان دەکەن، دەکەونە کوشتنی یەکتر و تاکو ئێستاش ئەو یەکتر کوشتن و یەکتر ونکردنە لە نێوانیاندا هەر ماوە و تینوی خوێنی هەموو ئەو تاکانەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێیان دەڵێن: "ئێمە خودا بوونی ئێوەمان قبوڵ نییە و نامانەوێت لەژێر چنك و چەپۆکی ئێوەدا بین"3" لە ناوەوە نووسینێکی دیکە بەم ناونیشانە هەیە:

/بەرپرسی یەکەمی یەکگرتوو لە بادینان بۆ هۆنیا:

/هەر کاتێك پارتی لە بادینان نەیتوانی ئیدارەیەکی باش بکات، یەکسەری یەخەی یەکگرتوو دەگرێت و کێشەی بۆ دروست دەکا و تۆمەتباری دەکا و بارەگای دەسووتێنێت/...

تاکو ئێستا یەك بەرپرسی پارتی لەسەر ڕووداوەکانی بادینان سزا نەدراوە. بگرە پلەشیان بەرز کراوەتەوە و پۆستی بەرزتریان وەرگرتووە...

لەدوای ڕووداوەکانی بادینان، میزاجی مامۆستا سەلاحەدین خۆش نەبوو لە هەولێر، لەبەر ئەوەی پارتی بێڕێزی بەرامبەر کرد و ڕێزی لێنەگرت، بۆیە هەولێری جێهێشت"4" لەهەمان ژمارە گوتارێك لەژێر ئەم سەردێرەی خوارەوە هەیە:

مەلا مزەفەر: /پێویستە ئەوانەی نەخۆشی ئایدزیان هەیە لەسوچێك لەناویان بەرن...!!/

بەڵگەمان لەلایە کە زیاتر لە (15) کەس لە کوردستان تووشی نەخۆشی ئایدز بوون

لە هەولێر 60 گەنجی کورد لەبەر ئەوەی مافی پەنابەرێتیان وەرنەگرتووە، لە ئەورووپاوە هاتبوونەوە و لە هەولێر داوایان دەکرد پیاو لە پیاو مارە بکرێت."5"

ئەم سەردێرانەی سەرەوە دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت، ئێستا نا ئێستا پارتی شەڕی ناوەخۆ دروست دەکا.. خوێنەر تووشی دڵەڕاوکێ دەکا، ئەندام و دۆست و لایەنگرانی پارتیش بێشك بریندار دەکا، کە ئەم وێنە ناشیرن و خراپەی حزب بە خوێنەر دەدا. قسەکانی مەلا مزەفەر وا پیشان دەدەن، ئەوانەی چوونەتە ئەوروپا، حیز بووین و داوای نێرخوازی دەکەن.. لەکاتێکدا، ئەگەر کەسێك لە ئەوروپا هۆمۆ بێ، وەرگرتنی ئیقامە بۆئەو زۆر ئاسانترە لە کەسێکی دیکەی سیاسی، چونکە دەزانن ئەمە کەیسێکی ئینسانییە و ئەگەر کەسە هۆمۆکە بۆ وڵاتی خۆی بنێردرێتەوە، لەوانەیە بکوژرێ.. دواتر کەسی نەخۆش، پێویستە یارمەتی بدرێ نەك بکوژرێ.. قسەکان زۆر توندن و خەڵك لە ئایین دوور دەکاتەوە...

دانانی ئەم سەردێرە زەقانە، بۆئەوەی ژمارەی چاپکراو بفرۆشرێ، دەکاتە لادان لە ڕێساکانی ئێتیکی ڕۆژنامەوانی. لێرە گرنگ نییە، مەبەست لە دانانی ئەو سەردێرانە چییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە، بۆچی خوێنەر ئەم هەستانەی من نووسیم لای دروست ببێ...

گۆڤاری سڤیل

سالّی چوارەم، ژمارە (155) شەممە 3 - 11 - 2012

/کەسیرەی ژنی ئۆجەلان لەترسی پەکەکە ناوێرێت دەرکەوێت/

ئۆجەلان دەیگوت کەسیرە دەیەوێت مەرکەزیەتی پەکەکە بخاتە دەست خۆی، بۆیە خستیە زیندان

ئەمەی سەرەوە سەردێرە و لەناوەوەش ئەم پرسیار و وەڵامانە هەبوو:

سڤیل: ئەو ژنە بەهیچ شێوەیەك دەرناکەوێت، هۆکاری چییە؟

ئەبوبەکر: ئێوە پەکەکە دەناسن، پەکەکە هەموو کەسانی موخالفی خۆی کوشت، سەمیرەیان کوشت و شاهین دوڵمەزیان کوشت، ئەگەر فاتیمەش دەربکەوێت و لە ئیعلام قسە بکات، پەکەکە هەموو شتێك دەکا بۆئەوەی بیکوژێت، بۆیە ئەویش دەرناکەوێت.

سڤیل: یانی ترسی کسیرە (فاتیمە) زیاتر لەبەر پەکەکە نەوەك تورکیا؟

ئەبوبەکر: ترسی ئەو لە پەکەکەیە، من ئێستا ترسم زیاتر لە پەکەکەیە نەوەك لە تورکیا، من سی سالّ لەناو پەکەکە خەباتم کردووە، ناڵێم کەموکوڕیم نەبووە، بەڵام خەباتیشم کردووە، خەباتەکەشم بۆ ئازادی کوردستان بووە، بۆ پەکەکە من دەکوژێت، بۆ پەکەکە کانی کوشت؟"6" پاش بڵاوکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنە، بەدوور نازاندرێ، جارێکی دیکە ژیانی بکەوێتەوە مەترسی و لەلایەکی دیکەشەوە، ئەوانەی دۆست و لایەنگر و ئەندامی پەکەکەن، بریندار دەبن، بەوشێوەیە کەسێك باس لە پارتەکەیان دەکا، لەهەمان کات، هیچ مافی بەرگریکردن لەخۆیان پێنەدراوە...

لەهەمان ژمارە سەردێرێك بەمشێوەی خوارەوە نووسراوە:

/پیاوێك دوای دۆڕاندنی

سەروەت و سامانەکەی

قومار لەسەر ژنی دەکا/

ژنەکە: /دوو پیاو هاتن گوتیان ئەمشەو لەگەڵت دەخەوین قەرزی مێردەکەت ساف دەبێت/

لەناوەوەی نووسینەکەش هاتووە:

ئەوجارە سێ پیاو بوون! پیاوەکەی خۆشم لەگەڵ دوو پیاوەکە هاتبوو. پیاوەکەم لەپێش دەرگا یەکسەر گوتی لەگەڵ ئەو دوو پیاوە برۆ ژوورەوە چیان ویست بەگوێیان بکە؟ ئەگینا دەتکوژم. منیش منداڵەکەم کە هێشتا تەڕبوو، خستمە بن باڵم و بەهاوارکردن و گریانەوە ڕامکرد.

ماریان وەردە خۆشو، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە دهۆك، لەبارەی کێشەی ئەو ژنە، بۆ (سڤیل) گوتی پاش سکاڵا تۆمارکردنی ژنەکە، ئێمە بەبڕیاری دادوەر پیاوەکەمان دەستگیر کرد، چاوەرێ بووین تاوەکو ڕۆژی دادگاییکردنەکەی.

ئەو بەڕێوەبەرەی ڕاگەیاندن، دەڵێ دوای چەند ڕۆژێك مانەوەی پیاوەکە لە زیندان، ژنەکە بەپاساوی ئەوەی

منداڵەکەی بێ باوك گەورە دەبێت و خۆشی دەچێتە کۆڵانان، سکاڵاکەی خۆی کێشایەوە و بەناچاری پیاوەکە لە زیندان ئازادی بوو، بەڵام وەك (ماریا وەردە) دەڵێ پیاوەکە بەڵێننامەی داوە کە چیدی ئەو شتە دووبارە نەکاتەوە و تاوەکو ئێستاش وەك ئاگادارین بێکێشە دەژین..."7" بڵاوکردنەوەی ئەمجۆرە نووسینانە، لە شارێکی وەك دهۆك، کە زۆربەی هەرە زۆریان یەکتر دەناسن، لە روانگەی ئێتیکی باش نییە، چونکە بەدوور نازاندرێ خزموکەسی ژنە پیاوەکە بکوژن، منداڵەکانی لە کۆڵان گاڵتەیان پێبکرێ، ژنەکەش بەچاوی سووك سەیر بکرێ. ئەم گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییانەی هەیە، پێویستە بەجۆری دیکە لەسەریان بنووسرێ.. ئێمەی ڕۆژنامەنووس مافمان نییە، یاری بە ژیان و چارەنووسی خەڵك بکەین. ئەوانەی ڕۆژنامەنووس بۆ چاوپێکەوتن یان لێدوان هەڵیان دەبژێری، لەبەر ئەوەی لە ڕاگەیاندن باش شارەزانین، نابێت بە زیرەکی خۆمان، فێڵیان لێبکەین. ئەو زانیارییەیان لێوەربگرین، کە خۆیان نایانەوێ ئاشکرای بکەن، بەتایبەتیش ئەو زانیارییانەی دەبنە هۆی، کوشتنی، سووککردنی، دەرکردنی لەکار...هتد.

ئەوانەی سەرەوە هەندێك بابەت بوون، لە گۆڤاری سڤیل من بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەم وەك نموونەی زیندوو سوودم لێیانەوە وەرگرت. من ناڵێم نووسنیەکان باشن، یان خراپن، بەڵکو تەنیا باسم لە لایەنی ئێتیکی پیشە کردووە، کە بە بڕوای من، بریندارکردنیان پێوە دیارە...

گۆڤاری چرکە

ژمارە 81، 18 - 10 - 2012

لەسەر بەرگی دەرەوە و یەکەم ئەم سەردێرانە نووسراین:

/کۆمەڵی ئیسلامی

فێڵ لە حکومەت

دەکا/

سەردێرێکی دیکە بەمشێوەیە نووسرایە:

بەپێی بەڵگەنامەیەکی نهێنی:

/یەکێتی ڕۆژنامەی هاووڵاتی و

سەرنووسەرەکەی خستووەتە ژێر رکێفی

خۆی و فاروقی مەلا مستەفایش قەناعەت بە کەمال رەئوف دەکا/

لەخوار خوارەوە ئەم سەردێرەی خوارەوە نووسراوە:

/عەلی باپیر

لەنێوان ئەزموون و

شێواندنی مێژووی

ئیسلامییەكان.../"8" دەربارەی گوتارەكەی تایبەت بە ڕۆژنامەی هاوڵاتی و سەرنووسەری، پێویست بوو ڕای كەمال ڕەوف وەرگیرابا، ئایا ئەو بەڕاستی مانگانە 1500 دۆلاری ئەمریكی لەلایەن یەكێتییەوە بۆ بڕاوەتەوە و وەریشیدەگرێ یانیش ئەو بەڵگەیەی لەگەڵ ئەم گۆڤارە بڵاوكراوەتەوە تەزویرە.. هەروەها دەبووایە ڕای فاروقی مەلامستەفا وەرگیرابا و خوێنەر بیزانیبا، بۆچی مانگانە 20 هەزار دۆلار بە ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەدات و ئەو بڕە پارە زۆرە تا چەند مانگ یان ساڵ بەردەوام دەبێت.. وەرگرتنی ئەو پارەیە، دەكاتە لادان لە ئێتیكی پیشە و لەدەستدانی بێلایەنی سەرنووسەر و ڕۆژنامەی هاوڵاتی. نابێ، لەژێر ناوی بێلایەن، پارە لە یەكێتی وەربگری بە خوێنەرانیشی بڵێ، ڕۆژنامەكەی بێلایەنە. وەرگرتنی پارە بێبەرامبەر، یان لەبەرامبەر بێدەنگ بوون، دەكاتە دەستێوەردان لەكاروباری ڕۆژنامە و هەمووشی دەكاتە لادان لە ڕێساكانی ئێتیكی پیشەی ڕۆژنامەنووسی.

دەربارەی گوتارەكەی عەلی باپیریش، ڕەخنەی زۆر توند گیراوە، ئەمە لادانە لە بێلایەنی ڕۆژنامەنووسی و شێواندنی ڕیساكانی ئێتیكیشە...

نموونە، گۆڤار بەمشێوەیە دەنووسێ:

/ڕۆلی عەلی باپیر لە جەنگی ناوەخۆ/ ئەمە سەردێری ناوەوەی گوتارەكەیە.

عەلی باپیر و مەلا كرێكار تاكە سەركردەی بزووتنەوەی ئیسلام بوون كە بەشێوەیەكی زۆر زەق و دیار دژایەتی یەكێتییان دەكرد، بەتایبەت عەلی باپیر لەناوچەی ڕانیەو قەڵادزێ هەمیشە گرفتی دەخستە بەردەم پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و یەكێتی.

بەپێی زانیارییەكان عەلی باپیر ڕۆڵی هەبووە لە گەشەكردنی شەڕی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و یەكێتی، تەنانەت سەركردەكانی بزووتنەوەی لەوە دڵنیا كردووەتەوە كە ئەوان دەتوانن لەو ناوچەیە یەكێتی كۆنترۆل بكەن..."9" لە هەمان ژمارە وتاری دیكەش دەبیندرێ، كە لایەنی ئێتیكی بایەخی پێنەدراوە یان پێشێلكراوە.

بۆ دەوڵەمەندكردنی ئەم بابەتەم، بە پێویستم نەزانی، سوود لە تەواوی گۆڤارەكانی بە زمانی كوردی لە كوردستان دەردەچن وەربگرم، چونكە بە بڕوای من، گۆڤارە كوردییەكان لە ناوەڕۆك زۆر لەیەك نزیكن و زۆربەی هەرەزۆریشیان كەم تا زۆر، وەك ئەو نموونانەی سەرەوە ڕێساكانی ئێتیكی ڕۆژنامەنووسییان شكاندووە. ئەم شكاندنەش هەندێك جار بە ئەنقەست بووە و جارەكانی دیكەش لە تێنەگەیشتن بووە. لەگەڵ ئەمەش، ئەگەر ناوی دوو گۆڤار وەك نموونەی خراپی ڕۆژنامەگەری كوردی بهێنین، هەردووك گۆڤاری لڤین و بەڵگەیە، كە یەكەمن لەوەی، ڕووی باشی ڕاگەیاندنی كوردی بشێوێنن، متمانەی خوێنەر بەڕاگەیاندن كەم بكەنەوە، ڕێز كەمتر لە پیشەی ڕۆژنامەنووسی بگیرێ. ئەوەی گرنگ نییە و بیریان لێی

نەکردۆتەوە، ڕێساکانی ئێتیکی پیشەی ڕاگەیاندنە، بۆیە پێویست بە هێنانەوەی نموونەکانی هەردووك گۆڤار لەم بەرهەم و نووسینە ناکا.

## ب - نموونەی ڕۆژنامەکان

بۆ ئەم بەشەی کتێبەکەم، تەواوی ڕۆژنامە و هەفتەنامەکانی کوردستان وەرنەگیراون، کڕینی ڕۆژنامەکانیش بە بەرنامە و پلان نەبوو، بەڵکو دوو جار چوومەتە ناو شاری هەولێر و لەم دوو جارە چی نوێ لە کۆشکەکان هەبووبێت کڕیومە. لەڕاستیدا سەیرکردنی یەك ژمارە و باسکردن لەسەر بواری لادانی ڕێساکانی ئێتیکی پیشە لەوانەیە ئاسان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، لەبەر ئەوەی لەیەك ژمارە نووسین بە زۆربەی ژانرەکان هەیە، ژمارەی لاپەڕەکان زۆرە، هەمان ستاف و سەرنووسەری پێشترە، ئەگەر حوکمەکە سەد دەر سەدیش نەبێت، لە ڕاستییەوە نزیکە.

لەو ژمارانەی بەردەست، بە شێوەیەکی گشتی لایەنی ئێتیکی ڕۆژنامە و هەفتەنامەکان باشە، نووسینەکان خوێنەر بریندار ناکەن، تێکستەکان ڕەنگدانەوەی سەردێرەکانن، وێنەکانیش خراپ نین. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر بیریان لێبکەینەوە، دەبین زۆر بابەت هەن تێر نین، ڕۆژنامەنووس دەیتوانی باشتر کاریان لەسەر بکا، کۆمێنتی ژێر وێنەکان باش نین و کورتن، لید لە زۆربەی نووسینەکادا نییە.. ئەوانە کەموکورتین، پێویستە چا بکرێن. دەبێ ڕۆژنامەنووس هەموو توانای بۆ بەرهەمەکەی بەکار بێنێ، ئەگەر بۆ نووسینێك پێویست بکا، کەسێك ببینێ، نابێ خۆی ڕازیبکا، بەوەی بە تەلەفۆن پرسیارەکانی لێبکا. ئەم شێوە کارکردنەش پەیوەندی بە لایەنی ئێتیکی پیشەوە هەیە.

ڕۆژنامە و هەفتەنامە کوردییەکان، باشتر لە گۆڤارەکان توانیویانە بێلایەنی خۆیان بپارێزن، نووسینەکانیان جوانتر بکەن، ڕەخنەکانیش نەرمتر دەربڕن..

لەکاتی ئاشتی و تەبایی ڕۆژنامە و هەفتەنامە کوردییەکان بەشێوەیەکی گشتی باشن، بەڵام لەکاتی گرژی نێوان پارتە سیاسییەکان دەردەکەوێ، بێلایەن نین و سیاسییەکان وەك داشی دامە ڕۆژنامەنووس بۆ مەرامی خۆیان بەکار دێنن.

لەخوارەوە ناوی ڕۆژنامە و هەفتەنامەکان دەنووسین، کە بۆ ئەم کتێبە بە وردی هەندێك لە بابەتەکانم خوێندۆتەوە، باشتریش سەیرم کردوون و لە ڕوانگەی ئێتیکییەوە هەڵمسەنگاندوون.

ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ

ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە 5915 ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 31 - 10 - 2012:

لە ژمارەی بەردەست، هیچ نووسینێكم بەرچاو نەكەوت، كەسێك لایەنێك یان چین و توێژێكی كۆمەڵایەتی یان ئاینێكی ئاسمانی بریندار كردبی. لەوانەیە سەردێرە زەق و قەڵەوەكان بەتایبەتیش لە لاپەڕە 1، 4، 5، 6، 7 لەگەڵ هەشت، چاوی خوێنەر هیلاك بكەن، بەڵام لە روانگەی ئێتیكییەوە ئەم چاو هیلاككردنە، لە ڕاگەیاندن وەك پێشێلكاری سەیری ناكرێ.

ڕۆژنامەی خەبات

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە 4188، ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 6 - 11 - 2012:

لە ژمارەی بەردەست، جگە لەوەی سەردێرەكانی لاپەڕە 4 - 5 مشەوەشن و چاو هیلاك دەكەن، لایەنی ئێتیكی بە باشی پەیڕەو كراوە، كەس بە خوێندنەوەی بریندار نابێ، هێرشی بۆ سەر كەس تێدا نییە.

هەفتەنامەی ئاوێنە

هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە 350، ڕۆژی سێشەممە ڕێكەوتی 6 - 11 - 2012:

لە ژمارەی بەردەست، زۆر باس لە كێشەكانی نێوان پارتی و یەكێتی دەكا، هەرچەندە هەوڵیانداوە، بێلایەنانە نووسینەكان بنووسن، لەگەڵ ئەوەش هەندێك سەردێری زەق لە لاپەڕەی یەكەم بەرچاو دەكەون، لەوانەیە باش نەبێ، بەتایبەتیش هەموو لایەك دەزانی، بە لێدوان و قسەی توندی كادرانی باڵای هەردووك لا، بازاڕ كز دەبێ و كاسبی كەم دەبێتەوە.. سەردێرەكان زەق و ڕەقن نموونە:

شاڵاوای عەلی عەسكەری: /یەكێتی بە سەقەتی لەدایك بووە و هەرواش دەڕوات/

دڵشاد گەرمیانی: /خەڵەفانە ئیسلامی ڕێبازی پێغەمبەر بگۆڕێ و خۆی بە دیموكراسییەوە هەڵبواسێت/

حاكم لەتیف شێخ مستەفا:/ من لە شوێنی تاڵەبانی بومایە خۆم و خەڵكم هەڵنەدەخەڵەتاند/

هەفتەنامەی چاودێر

هەفتەنامەی چاودێر، ژمارە 394 ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 22 - 10 - 212:

لە ژمارەی بەردەست، هیچ نووسینێك نابیندرێ، لایەنی ئێتیكی شكاندرابێ.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی

ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە 918 ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 1 - 11 - 2012:

لە ژمارەی بەردەست، لە لاپەڕەی یەك تەنیا یەك سەردێر بەم شێوەیە: /نەخۆشخانەكانی هەولێر "مەترسیدارن"/ هەیە، لەوانەیە وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێم بتوانێ سكاڵا لەسەر ڕۆژنامە

تۆمار بکا، چونکە خوێنەر هەست دەکا، تەواوی نەخۆشخانەکانی هەولێر خراپ و باش نین. ئەمە دەکاتە بریندارکردنی دانیشتوانی شارێك، بریندارکردنی تەواوی کارمەندانی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر، بۆیە لە روانگەی ئێتیکی پیشە، دانانی ئەمجۆرە سەردێرە زەقە و بەمشێوەیە و بەو کورتییە، لادانە لە ڕێساکانی ئێتیکی پیشە. ئەگەر هەمان سەردێر بەمشێوەیەی خوارەوە بووایە: /زۆربەی نەخۆشخانەکانی هەولێر مەترسیدان/ هێشتا باشتر بوو، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەنووس بچووبایەتە هەر هەموو نەخۆشخانەکان و زانیاری لەسەر هەرهەموو نەخۆشخانەکان کۆکردبایەوە و لە ئەنجامدا بگەیشتبایە ئەو بڕوایەی، کە نەخۆشخانەکانی هەولێر بەڕاستی مەترسیدران، نەیدەکردە لادان لە ڕێساکانی ئێتیکی پیشە..

لە ناوەوە هەمان بابەت بەمشێوەیە نووسرایە:/زۆرینەی نەخۆشخانەکانی هەولێر مەرجی ژینگەییان جێبەجێ نەکردووە/. ئەگەر هەر ئەو نووسینە لە لاپەری یەکەم داندرابایە، هیچ گرفت نەدەبوو، چونکە خوێنەر تێدەگەیشت کەموکورتییەکان لە بواری ژینگەن، نەك دکتۆر و کارمەند و دەرمان...هتد.

بە خوێندنەوەی نووسینەکان، وێناچێ ڕۆژنامەی هاوڵاتی بێلایەن بێ، ئەگەرچی ئەم بێلایەن نەبوونە، هیچ پەیوەندی بە خراپە یان باشەی ڕۆژنامەکەوە نییە. ئەگەر ئازادی رادەربڕین هەبێ، سەرنووسەر ئازادە لەوەی چۆن لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی پڕدەکاتەوە. ئەگەر خوێنەر بە نووسینی ڕۆژنامەکە رازی نەبێ، دەتوانی نەیکڕێ و نەیخوێنێتەوە.

هەفتەنامەی ڕووداو

هەفتەنامەی ڕووداو، ژمارە 234 ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 5 - 11 - 2012:

لە ژمارەی بەردەست، کۆمەڵێك تێبینی لە روانگەی لادان لە ڕێساکانی ئێتیکی پیشە هەیە. خوێنەر ئەگەر سەر بە لایەنێکی سیاسی بەتایبەتیش یەکێتی یان گۆڕان بێ، بە خوێندنەوەی بابەتەکان بریندار دەبێ. ئەم برینداربوونە دەبێتە کەمکردنەوەی متمانەی جەماوەر بە ڕۆژنامە و گۆڤار لە کوردستان، شێواندنی رووی جوانی پرێسی کوردی.

هەفتەنامەی ڕووداو لە تەواوی ژمارەکانی نووسینی زۆر زەق و ڕەقی تێدا، حوکم لەسەر بابەتەکان دەدا، دۆخی سیاسی کوردستان دەشێوێنێ، گرژی لەنێوان ئەندامانی یەکێتی و پارتی و گۆران دروست دەکا، لایەنێك بەرزدەکاتەوە و لاکەی دیکەش ناشیرن دەکا، وەك ئەوەی کار بۆ خۆئامادەکردنی شەڕی ناوەخۆ بکا. ئەم شێوە ڕاگەیاندنە بۆ ئەمڕۆی کوردستان هیچ باش نییە.. لەخوارەوە هەندێك نموونەی ژمارەی بەردەست وەك خۆی دەنووسمەوە:

- ئۆپۆزیسیۆن: /حکومەت بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکردوون/
- عەبدولئەمیر زەیدی: /هەماهەنگییەکی باش لەنێوان هێزی دیجلە و پێشمەرگەدا هەیە/
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان: /لە گرتووخانەکانی تورکیادا مانگرتن نییە. شۆ هەیە/

- مەحمود سەنگاوی: /نە من عەرەبی دەزانم و نە زەیدیش کوردی تاوەکو قسە لەگەڵ یەکتر بکەین/

- /پڕۆژەکانی سلێمانی 5 ملیار دینار زیان بە ژینگە دەگەیێنن/

- مالیکی بە شاندی کوردی دەڵێ: /ئایا کەرکوك ناوچەیەکی کوردییە؟/

(باڵوێزی ئێران لە بەغدا گوتوویەتی 6 مانگ بوو ئامادەکارییان دەکرد بۆ چوونی ئەو شاندەی کوردستان کە پێش جەژنی قوربان چووە بەغدا. مام جەلالیش داوای لە شاندەکە کرد بە زمانی چەپکەگوڵ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا قسە بکەن و تەنیا باسی کوردستان نەکەن)

- پێنج مانگ بوو شووی کردبوو: /تەلەفۆنی بۆ مێردەکەی کرد و خۆی خنکاند/

لەم نووسینەی سەرەوە باس لە رووداوێك دەکا، لە کەلار روویداوە، لەم نووسینە ناوی مێرد و بووك هەیە، ئەمەش بۆ کۆمەڵگایەکی بچووکی وەك کەلار، کە هەموویان یەکتر دەناسن باش نییە، چونکە دەبێتە هۆی بریندارکردنی خزموکەس..

- /نەسرینی کوشت و ڕایکردە ئێران/

- /بووك و خەسوو پێکەوە سووتان/ ناو و تەمەنی هەردووکیان نووسرایە

بابەتە سیاسییەکانی ئەم ژمارەی رووداو بێلایەنانە نەنووسراین، بە ئەنقەست زانیاری هەڵە بەخوێنەر دەدا، بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیش، ئەو سێ سەردێرەی نووسیمان، لە شارۆچکەی بچووك روویانداوە و کەسەکان بە ئاسانی دەناسرێنەوە، بۆیە خزمەکانیان بە خوێندنەوەی بریندار دەبن، بەتایبەتیش کاردانەوەی خراپی لەسەر ژیانی منداڵ دەبێ.

ڕۆژنامەی هەولێر

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە 1471 ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 6 - 11 - 2012:

لەم ژمارەی بەردەست، هیچ وێنە، سەردێر یان نووسینێکم بەرچاو نەکەوت، کە ڕێساکانی ئێتیکی پیشەی شکاندبێ.

هەفتەنامەی باس

هەفتەنامەی باس، ژمارە 116، سێشەممە ڕێکەوتی 6 - 11 - 2012:

لەم ژمارەی بەردەست، لە تەواوی لاپەڕەکان، تەنیا یەك سەردێر بەرچاو دەکەوێ، بەئاشکرا پشتیوانی لە لایەنێك دەکا و لایەنەکەی دیکەش دەشکێنێ. لەخوارەوە وەك خۆی دەنووسینەوە:

= /دیجلە لە ناوچە دابڕاوەکانی مووسڵ هیچی پێ ناکرێ و لە کەرکوك باڵادەستە/

مام رۆستەم: /بەهێزبوونی دیجلە لە کەرکوك بە ڕێکەوتن کراوە/

هێزەکانی دیجلە لە ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لە سنووری کەرکوك و دیالە و گەرمیان،

(کە یەکێتی هێزی باڵادەستی کوردییە تیادا) تا دێ بەهێزتر دەبن و لەناوچە دابڕاوەکانی مووسڵ و مەخموریش (کە پارتی وەك هێزی کوردی تیادا باڵادەستە) تا ئێستە هیچ جموجۆڵێکیان نییە...

ئەم نووسینەی سەرەوە بێلایەنانە نەنووسرایە و لەوانەشە پەلەی تێدا کرابێ و ڕۆژنامەنووسانی هەفتەنامەی باس ئاگایان لە لێدوانەکانی د. نەجمەدین بەگشتی و چاوپێکەوتن لەگەڵی لە ڕۆژنامەی ڕووداو، ژمارە 234 ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 5 - 11 - 2012 لە لاپەڕە 9 نەبێ، کە دەڵێ: /بە مالیکیم گوت ئەگەر بتەوێ شەڕ ببێ و دۆخەکە تێکبچێ بەردەوامبە لە هێزی دیجلە/ .. هەروەها لە هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە 494 لە ڕێکەوتی 3 - 11 - 2012 لە لاپەڕە یەك نووسرایە:/پارێزگاری کەرکوك دانیشتن لەگەڵ زەیدی ڕەتدەکاتەوە/..

ئەگەر لایەنی سیاسی لە هەفتەنامەی (باس) بۆ ئەم بابەتەمان باس نەکەین، بەشێوەیەکی پیسپۆرانە هەفتەنامەکەیان دەردەکەن، زانیاری تێر لەسەر بابەتەکانیان دەدەن، ناوەڕۆکی هەفتەنامەکە زانیاری بەخشە، خوێنەر بە خوێندنەوەیان بریندار نابێ، فێڵی لێ ناکرێ، نووسینەکانیش ڕەنگدانەوەی سەردێرن..

هەفتەنامەی هەواڵ

هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە 494 لە ڕێکەوتی 3 - 11 - 2012:

لەم ژمارەی بەردەست، هیچ سەردێر یان نووسینێکم نەبینی، ڕێساکانی ئێتیکی ڕۆژنامەوانی پێشێل کرابێ. ئەگەر لەشوێنێك نووسینێك هەبێ، بە ئەنقەست دانەندراوە، هەرچەندە لە ژمارەی بەردەست ئەویش نییە.

لانەدان لە ڕێساکانی ئێتیکی پیشە دەکاتە ئەوەی، نووسەر هەوڵبدا بێلایەنانە بابەتەکەی بنووسێ، ئەگەر ڕایەك هەبێ، ڕای بەرامبەریش وەربگرێ. لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی، کەم بیر لەم لایەنە دەکەنەوە، هەندێك لەوان بۆ شکاندنی لای بەرامبەر نووسنیەکانیان بێلایەنانە نانووسن، ئەوانەی دیکەش لە تێنەگیشن و بەهەند وەرنەگرتنی لایەنی ئێتیکی دەنووسن، بۆیە دەبینین، لە ئەنجامدا لایەنێك، گروپێك، ئاینێك، هۆزێك...هتد بێئاگا بریندار دەبن.

لایەنی ئێتیکی ڕۆژنامە کوردییەکان زیاتر لە کاتی هەڵبژاردن پشتگوێ دەخرێ، هەڵمەتەکان لە تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن توندن، هاوڵاتییان تووشی دڵەڕاوکێ دەکەن، ترسی شەڕی ناوەخۆ دەخنە جەستەیان، بێبەرپرسانە دەنووسن، حزبەکانیش غرورییەت دەیانگرێ. ڕۆژنامەنووسان، وەك ئالەتی مۆسیقا دەکەونە بەر دەستی سیاسییەکان و ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان تەلەکان دەجوڵێنن، نۆتەکان یاری پێدەکەن، زۆر دەگمەنیش گوێ لە ڕای ڕۆژنامەنووسان دەگیرێ.

ڕاگەیاندن لە کوردستان حزبییە و حزبەکانیش بە مافی ڕەوای خۆیان دادەنێن، چۆنیان بوێ، بەوشێو

لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان پڕ بکەنەوە، بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن پڕبکەنەوە، بێئەوەی لایەنی ئێتیکی بەلایانەوە گرنگ بێ.

ڕۆژنامە یان ئۆرگانەکانی حزب لە کوردستان باشتر لە ڕۆژنامە یان هەفتەنامە ئەهلی یان سێبەرەکان، پەیڕەوی ڕێساکانی ئێتیکی پیشە دەکەن.

بۆئەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانمان هێشتا زیاتر بایەخ بە لایەنی ئێتیکی بدەن، بۆئەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی، زیاتر رووی پرێسی کوردی نەشێوێنن، متمانە لەنێوان ڕاگەیاندن و جەماوەر توندوتۆڵ بکەن، پێویستە خول لەسەر ئێتیکی ڕاگەیاندن پێش هەمووان بۆ سەرنووسەر و دەستەی نووسەران، بەڕێوەبەرانی ئێزگەی رادیۆ و گەنالی تەلەفزیۆن، ئینجا ڕۆژنامەنووسان بکرێتەوە، بۆئەوەی تێبگەن، چۆن کار لەسەر بەرهەمەکانیان بکەن، چۆن زۆرترین زانیاری لە نووسینەکانیان بە خوێنەر بدەن، بێئەوەی کەس بریندار بێ.

ڕۆژنامەنووس ئازادە لەوەی هەرچی دەیەوێ بینووسێ و لە ڕۆژنامەکەی بڵاوی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر بڵاوبوونەوەی بابەتەکە ببێتە هۆی کوشتن و نەمانی خۆی، کوشتنی منداڵێك، ژنێك، گەنجێك، پیاوێك.. ئەگەر بڵاوبوونەوەی نووسین یان فیلمی ئەو بووە هۆی دووبەرەکی نانەوە لەنێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان، خێڵ و هۆزە کوردییەکان، خزم و کەس و دراوسێکان، دوو بنەماڵە، دوو خزم، دوو پارتی سیاسی.. ئەگەر بەرهەمەکەی بووە هۆی تێکدانی باری ئاسایشی گەرەك، گوند، شارۆچکە و شار و وڵات.. هیچ پێویست ناکات شانازی بە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی بکات..

ئەو ڕۆژنامەنووسە پێویستە بزانی:

سنوورێك بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە هەیە و هێڵەکانیش لەناو چاو و هەست و نەست و دڵ کێشراون، بۆیە بەهیچ شێوەیەك نابێ کار یان بەرهەمی ڕۆژنامەنووسێك، ببێتە هۆی فرمێسك ڕشتن، نابێ ببێتە هۆی نەهێشتن یان لاوازکردنی متمانە لەنێوان ڕاگەیاندن و جەماوەر...

لەبەر ئەوەی زۆربەی هەر زۆری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە پیشە ڕۆژنامەنووس نین و خۆیان خۆیانیان کردۆتە ڕۆژنامەنووس، لە ڕێگای ئەدەب یان بوارەکانی دیکەی نزیك لە ڕۆژنامەگەری هاتوونەتە ناو ئەم پیشە نوێیە، لە وردەکاری ئێتیکی ڕاگەیاندن باش شارەزا نین، بەلاشیانەوە زۆر گرنگ نییە.. ئەگەر نموونەی کۆنفرێنسەکانەوە بهێنینەوە، دەبینین لە کاتژمێری یەکەم تەواوی ڕۆژنامەنووسان ئامادەن و دوای یەك کاتژمێر ژمارەیان کەمتر دەبێت و دوای چوار کاتژمێر، ئەگەر کۆنفرێنسەکە ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆن پەخش نەکرێ، یەك ڕۆژنامەنووسیش نامینێتەوە. لەکاتێکدا پێویستە تا تەوابوون ئامادەبن و زانیارییەکان زۆر بە وردی و بە ئەمانەتەوە بگوازنەوە. لەبەر تێنەگەیشن لە گرنگی ئێتیکی ڕاگەیاندن، لەبەر تەنگی بووارەکە، کەمتر و کەمتر خۆیان بەم لایەنە خەریك دەکەن و هەقی تەواو بە کارەکەیان نادەن، لەکاتێکدا یەك لە خاڵە گرنگەکانی ڕێسیاکانی ئێتیك دەڵێ: لەسەر ڕۆژنامەنووس پێویستە هەموو

توانای خۆی بۆ بەرهەمی ئامادەکراو تەرخان بکا. ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە بووەستین دەبینین، هەر هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی لەم بوارەوە لاوازن.. خوێنەر نووسین دەخوێنێتەوە، پاش تەواو کردنی کۆمەڵێك پرسیاری لا بێوەڵام دەمینێتەوە. بینەر سەیری بەرنامەی تەلەفزیۆن دەکا، بەتەواو بوونی ڕۆژنامەنووس خۆی دەڵێ: هێشتا کۆمەڵێك پرسیارمان مابوو، کات نەبووە وەڵامیان بدەینەوە.. ئەگەر کەسی ڕۆژنامەنووس هەست بکا، پرسیار زۆر مابوون، دەبێ بینەر چ هەستێکی لا دروست ببێ، جگە لە فێڵکردن لێی.. یەك کاتژمێر سەیری بەرنامە دەکا، ڕۆژنامەنووس نەیتوانیوە تەواوی پرسیارەکان لە قارەمانی بەرنامە بکا، ئەمەش زۆر بە ڕوونی دەکاتە لادان لە ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن. ڕێساکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن ورد و تەنکن، هەموو کەسێك لێیانەوە تێناگا، ئەگەر ڕۆژنامەنووسی باش نەبێ.

پەراوێزەكان

1 - گۆڤاری شەقام. ساڵی هەژدە، ژمارە (237)، 30ی ئەیلولی 2012 .ل. 20 - 21
2 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 17
3 - گۆڤاری هۆنیا. ژمارە 15. 6 - 10 - 2012 ل.1
4 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 17
5 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 36
6 - گۆڤاری سڤیل. ساڵی چواردە، ژمارە (155) شەممە 3 - 11 - 2012 ل. 16 - 19
7 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 46 - 47
8 - گۆڤاری چرکە. ژمارە (81) 18 - 10 - 2012. ل. 2 - 4
9 - هەمان سەرچاوەی پێش. ل. 19 - 22

# کتێب و سەرچاوە

کتێب و سەرچاوەی بۆ نووسینی ئەم کتێبەم سوودم لێوەرگرتوون

بەزمانی کوردی:

1 - بەختیار کەریمی. بەرەوڕۆژنامەوانی مۆدێرن. دەزگای موکریان – هەولێر، 2006

2 - پاول ئێدواردسۆن. و: چنوور فەتحی. مێژووی فەلسەفەی ئەخلاق. هەولێر، 2010

3 - جەمال عەبدول. فەرهەنگی ڕاگەیاندن. ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی، دەزگای سەردەم - سلێمانی، 2006

4 - حەبیب کەرکوکی. هونەری ڕۆژنامەنووسی. و: سەمیرە ئەحمەد. دەزگای موکریان – هەولێر، 2008

5 - حەسەن عماد مکاوی. و: مەم بورهان قانع. ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووسی. سلێمانی، 2004

6 - دێڤید راندالْ. ڕۆژنامەنووسی جیهانی. و: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری. چاپخانەی کارۆ، 2010

7 - سەپان مەغدید، دکتۆر. ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (1450 - 1500)کۆڕی زانیاری کوردستان. هەولێر، 2005

8 - سەپان مەغدید، دکتۆر. ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات. سلێمانی، 2007

9 - سەپان مەغدید، دکتۆر. ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ. بەرگی یەك و بەرگی دوو. کەرکوك، 2012.

10 - فرێدس سیبێرت، سیۆدۆر پیترسن، ویلبەر سکرام. چوار تیۆرەکەی ڕاگەیاندن. و: هاوکار حسێن. بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان. چاپخانەی روون، 2012.

11 - کەمال سەعدی د.، چوارچێوەی یاسایی ئازادیی رۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا. دەزگای ئاراس. ل. 49. ئەویش لە کتێبی: د. عبدالتیف حمزەی وەرگرتووە.

12 - تۆماس ئێل ماکفیل. تیۆر – ئاڕاستە – خاوەنداریێتی. وەرگێڕانی/ هەندرێن شێرزاد.

13 - عەبدولخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان رەحمان. کارامەییەکانی نووسین لە رۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا. چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، 2010

14 - هەڵۆ کاکەوەیس. مێژووی چاپخانە لە کەرکوك و رۆلی محەمەد ئەمین عەسری لە پێشکەوتنیدا. سلێمانی، 2011

15 - هێمن مەجید، عومەر ئەحمەد رەمەزان. و: یاسین قادر بەرزنجی. سلێمانی، 2009

16 - جۆن ل. هاتلنگ. ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی. و: مەم بورهان قانع. سلێمانی، 2004

17 - هێرش رەسول، ئازادی رادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (1993 - 2007)

بەزمانی سویدی:

1-AndersROlsson.Yttrandefrihet&tryckfrihet.Handbokförjournalister.Femte upplagan. 2006.

2 - Björn Nöljer. Så snickar du en tidningsartikel. Borås، 1994

3 - Catharina Grunbaum. Språkbladet. Borås، 1998

4 - Donald Jackson. Skrivkonstens Historia. Hongkong، 1987.

5 - Ernst Klen، Ulf Nilson. Om Pressen kommer. Falun، 1997

6 - Eva Ram - Inghult. Svenska skriv regler. Uppsala، 1993

7 - Eva Jimsdotter. Tala inför andra. Prisma، 2000

8 - Fredric Bagge. Grafisk industri. Stockholm، 1940

9 - Göran Rosenberg. Journalstik. Prisma،. 2000

10 - Hans Sallander. Medeltidens boktryckerihistoria. Uppsala، 1959

11 - Helena Giertta. Journalisten.se. 2009.12.03.

12-HåkanLind.JennyLindahlpersson،MartinBorgs.Medietränad.Trondheim،2005

13 - Janerik Larsson. Fri radio en utopi. Stockholm، 1990

14 - Jarl Backman. Att skriva och läsa vetenskapliga rapporter. Lund، 1985

15 - John Mattock & Jöns Ehrenborg. Förhandla bättre. Falun، 1999

16 - Jokum Smith. Bokframställning. Stockholm، 1970

17 - Lars J Hulten. Journalistikens villkor. Borås، 1993

18 - Maria - Pia Boethuius. Mediernas svarta bok. Falun، 2001

19 - Marshall McLuban. Media. Falun، 1999

20 - Nielsen L. Chr.، Boktryckerikonstens uppfinning. Malmö، 1900

21 - Nils Funcke. Tryckfriheten Ordets män och statsmakterna. Fallun

22 - Osmo A Wiio. Kommunikation - vad är det؟ Borås

23 - Paul Ronge. När janne Josefsson Ringer.Falun،200.

24 - Richard Denny. Bli en bättre talare. Falun، 2000

25 - Rune pettersson. Rubriker. Nyköping، 2003

26 - Stig Hadenius، Lennart Weibull. Massmedier. Falun، 2003

27 - Söran Larsson. Att skriva i tidning. Stockholm، 1985

28 - Trond Berg Eriksen. Budbärarens övertag. Kristianstad، 1992

29 - Åke Edwardson، Kenth Andreasson، Per andersson - Ek. Göra tidning. Värnamo، 1998

بەزمانی روسی:

1 - Беспалова А. Г.، Корнилов Е. А.، Короченский А. П.، Лучинский Ю. В.، Станько А. И. История мировой журналистики. М.، 2003

2 - Ворошилов В. В. Журналистика и рынок. СПб.، 1997

3 - Ворошилов В. В. Право и этика в журналистике. СПб.، 2004

4 - Головня И. А. С чего начиналась фотография. М.، 1991

5 - Гуревич С. М. Работа с письмами в редакции. М.، 1991

6 - Гуревич С. М. Газета и рынок. М.، 1998

7 - Гуревич С. М. Номер газеты. М.، 2002

8 - Д.С. Аврамов. Профессиональная Этика Журналиста. М. - 1991

9 - Есин Б. И. История русской журналистики. М.، 1991

10 - Засурский И. И. Масс - медиа второй республики. М.، 1999

11 - Засорина Т، Федосова Н. Профессия – журналист. Ростов н/д; 1999

12 - Корконосенко С. Г. Основы творческой деятелъности журналиста. СПб، 2000

13 - Кузнецов И. В.، Овсепян Р. П.، Иванова Р. А. История отечественной журналистки.(1917 - 1945) М.، 1999

14 - Лазутина Г. В. Профессионалъная этика журналиста. М، 1999

15 - Лазутина Г. В. Основы творческой деятельности журналиста. М.، 2000

16 - Маршалл Маклюэн. Понимание медиа. М.، 2007

17 - Мельник Г. С. Mass - media: Психологические процессы и эффекты.СПб.، - 1996

18 - Миньяр - белоручев Р. К. Теория и методы перевода. М.، 1996

19 - Михайлов С. А. Современная зарубежная журналистика: состояние، переспективы. СПб.، 1998

20 - Михайлов С. А. Мировые тенденции и национальные особенности в современной зарубежной журналистике. СПб.، 2002
21 - Михайлов С. А. Современная зарубежная журналистика: Правила и парадоксы. СПб.، 2002
22 - Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб.، 2003
23 - Накорякова К. М. Литературное редактирование. М.، 1994
24 - Орлов Ю. Я. Печать ФРГ. М.، 1970
25 - Парфенов Л.، Чекалова Е. Нам возвращают наш портрет. М.، 1990
26 - Прохоров Е. П. Введение в теорию журналистики. М.، 1995
27 - Самолетов С. А. Дизайн современной газеты. СПб.، 1998
28 - Сапан М. Печать курдской диаспоры: история и современное состояние. СПб.، 1998
29 - Смелкова З. С. Риторические основы журналистики. М.، 2002
30 - Станько А. И. Журналистские расследования. Ростов н/д; 1997
31 - Соколов В. С.، Виноградова С. М. Периодическая печать Италии. СПб.، 1997
32 - Соколов В. С.، Михайлов С. А. Периодическая печать соединенных штатов Америки. СПб.، 1998
33 - Сиберт Ф.С.، Шрамм У.، Питерсон Т. Четыре теории прессы. – М.، 1998
34 - Таказов В. Д. Журналистика и литературный процесс в Осетии. СПб.، 1998
35 - Тертычный А. А. Жанры периодической печати. М.، 2000
36 - Тертычный А. А. Расследовательская журналистика. М.، 2002
37 - Ф. Уэбстер. Теории информационного общество. М.، 1998
38 - Шереля А. А. Радио журналистика. М.، 2000
39 - Юровски А. Я. Телевизионная журналистика. М.، 1964

40 - Юрков А.А. Этика журналистского творчество. СПб. - 2003

41 - Эдмонд Б. Ламбет Приверженность Журналистскому Долгу. Об Этическом подходе в журналистской профессии. Москва 1998.

بەزمانی ئینگلیزی:

1 - Bob Franklin، Martin Hamer، Mark Hanna، Marie Kinsey and John E. Richardson. Key Concepts in Journalism Studies 2005، by SAGE Publications Ltd.

2 - George Roman. Mass Media in a Changing World – Second Edition، 2009.

3 - Joseph R. Dominick. The Dynamics of Mass Communication – Tenth Edition. 2008.

4 - Marcel Danesi، Dictionary of media and communications. 2009، by M.E. Sharp، Inc.

ماڵپەری ئێلیکترۆنی

1 - http://chernila.org.ua/?p=26

2 - http://community.livejournal.com/journalism_s/2772.html

3 - http://sv.wikinews.org/wiki/Wikinews:Hur_man_skriver_en_artikel

4 - Источник: Joun.ru–библиотека журналиста

5 - http://wikipedia.org/Rudyard_Kipling

http://evartist.narod.ru/text3/93.htm#з_016 -

http://evolutsia.com/url.php?site=http://uadoc.com/interes/censura.

# پاشکۆکان

پڕۆژەی یاسای

# ئەنجومەنی باڵای سەربەخۆی ڕاگەیاندن
# لە هەرێمی کوردستان - ئێراق

نووسینی

دکتۆر سەپان، د. ڕەزوان بادینی، د. ڕەحیم سورخی

مادەی یەك: پێناسەی زاراوەکان

هەرێم: هەرێمی کوردستان – ئێراق

ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای سەربەخۆی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان - ئێراق

مادەی دوو: سروشتی ئەنجومەن

1 - ئەنجومەن خاوەنی کەسایەتییەکی مەعنەوییە، سەربەخۆیە لە لایەنی دارایی و کارگێڕییەوە و بۆی هەیە هەموو کارێکی یاسایی پێویست بکا لە چوارچێوەی یاسادا بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی وا لەم یاسایەدا دیاری کراون.

2 - پێگەی سەرەکی ئەنجومەن لە شاری هەولێر دەبێت.

3 - ئەنجومەن سەر بە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانە.

مادەی سێ: ئامانجەکانی ئەنجومەن

ئەنجومەنی باڵای سەربەخۆی ڕاگەیاندن بۆ گەشەکردن و ڕێکخستنی کاری ڕاگەیاندن و گەرەنتیی ئازادی ڕادەربڕین بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی خوارەوە کار دەکا:

1 - لە پێناو چۆنایەتییەکی بەرز و هەمەجۆر و جێگیرکردنی بنەماکانی دیموکراسیەت و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، چاودێری دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکا.

2 - گرنگیدان بەزمان و فەرهەنگی کوردی و نەتەوەکانی دیکەی کوردستان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.

3 - چاودێریکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕێگرتن لە: توندڕەوی و جیاکاری و ڕەگەزپەرستی و هاندانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی، ئاینی، نەتەوەیی.

مادەی چوار: ئەرکو دەسەڵاتی ئەنجومەن

1 - بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەنجومەن لەبارەی ڕەوشی ڕاگەیاندن لە کوردستان وێڕای ئاگادارکردنەوەی هەر سێ سەرۆکایەتی؛ هەرێم، پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران لەناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە.

2 - دیاریکردنی لایەنی کەمی رادەی موچە و هەقدەستی ڕۆژنامەنووسان.

3 - ڕێنوێنی کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی لەسەرەوە هاتوون.

مادەی پێنج: دارایی ئەنجومەن

ئەنجومەن بودجەیەکی سەربەخۆی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانەوە بۆ تەرخان دەکرێ و خەرجییەکانیشی دەکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوەی دیوانی چاودێری داراییەوە.

مادەی شەش: پێكهاتەی ئەنجومەن

1 - ئەنجومەن لە دەستەیەكی باڵای پسپۆڕ و شارەزای بوارەكانی ڕاگەیاندن، بەرەچاوكردنی پێكهاتەی دانیشتوانی كوردستان لە نۆ ئەندام پێك دێ.

2 - ئەندامانی ئەنجومەن لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانەوە دەستنیشان دەكرێن و بە مەرسومێكی هەرێمی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە پلەی تایبەت دادەمەزرێن.

3 - ئەنجومەن لەیەكەم دانیشتنیدا، لەنێو خۆیاندا سەرۆك، جێگر و سكرتێر هەڵدەبژێرن.

مادەی حەفت: مەرجەكانی دانانی ئەندامانی ئەنجومەن

1 - لە رووی تیۆریی و پراكتیكی شارەزایی و پسپۆریی لە بواری ڕاگەیاندن هەبێت و جگە لە زمانی دایك، زمانێكی دیكەش بزانێ.

2 - لانی كەم خاوەنی بڕوانامەی زانكۆ بێت و 1/3 ی ئەندامان دەرچووی خوێندنی باڵا بن.

3 - هیچ كار و ئەركێكی دیكەی نەبێت و (موتەفەریغ) بێت بۆ كاری ئەنجومەن.

4 - لە هیچ ڕێكخراوێكی رەگەزپەرست و توندڕەو كاری نەكردبێت.

مادەی هەشت

ئەنجومەن بۆ بەڕێوەبردنی كار و دانانی پەیكەری ئیداری خۆی و دیاریكردنی مووچەی ئەندامانی پەیڕەوێكی ناوخۆ دەردەكا.

# پرۆژەی

# یاسای ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان

ئامادەکردن و نووسینی

د. مەغدید سەپان

د. رەزوان بادینی

د. رەحیم سورخی

لێژنەی پێکهاتوو بە پێی فەرمانی وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە (4 – 3 - 703) لە ڕێکەوتی 4/ 9 / 2006

پێداچوونەوە و دارشتنەوەی

جەودەت سەعید میر سادق: نوێنەری وەزارەتی داد (ئەندامی داواکاری گشتی)

مەسعود مستەفا حەسەن: نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری (مافپەروەر، سکرتێری لێژنە)

د. مەغدید سەپان: بەشی ڕاگەیاندن/ زانکۆی سەلاحەدین

د. رەحیم سورخی: بەشی کوردی/ زانکۆی سەلاحەدین

| | |
|---|---|
| پێشەکی | |
| بەشی یەکەم: پێناسەکان | |
| بەشی دووەم: ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن | |
| بەشی سێیەم: ئازادی چاپەمەنی | |
| بەشی چوارەم: مافەکانی چاپەمەنی | |
| بەشی پێنجەم: سنووری چاپەمەنییەکان و قەدەغەکراوەکان | |
| بەشی شەشەم: مەرجەکانی داواکار و مۆڵەت پێدانی | |
| بەشی حەوتەم: دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن | |
| بەشی هەشتەم: تاوانی چاپەمەنی | |
| بەشی نۆیەم: مافەکانی ڕۆژنامەنووس | |
| بەشی دەیەم: چاپەمەنی جاروبار (پیریودی) | |
| بەشی یازدەم: رادیۆ و تەلەفزیۆن | |
| بەشی دوازدەم: - - - - - بڵاوکراوەی ئێلیکترۆنی | |
| هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە | |

پێشەکی

ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، بەردەوام و بە درێژایی مێژوو لە مەترسیدابووە، تەنانەت لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشدا مەترسی ئەوە هەبووە، کە ئازادییەکان بخرێنە پشتگوێ یان پێشێل بکرێن، هەربۆیە ئازادی وەك مافێکی سروشتی مرۆڤ زۆر کرچە (ناسکە) و دەبێت بە یاسا پشت ئەستوور بکرێ.

لە ئارادا نەبوونی یاسایەکی پوختی نووسراو لە کوردستان، کە سنوورەکانی کاری ڕۆژنامەنووسان بە وردی دەستنیشان بکات، ڕۆژنامەنووسانی ناچار کردووە، بۆ خۆ پاراستن لە ڕەخنە گرتن و ئاکامەکانی (سزادان و هەڕەشەکان) ڕاست بە خەتی حیزبدا هەنگاو بنێن، لەبەر ئەمەش خۆسانسۆر کردن وەك کاریگەرترین جۆری چاودێری لە سەر ڕۆژنامەکانی لێهاتووە. دیارە یاسای ڕاگەیاندن دەبێت لەگەڵ ئەو یاسایانەدا جووت بێت، کە ڕێز لە سەربەخۆیی ڕۆژنامەکان، هەڵوێستی ناحیزبیانەیان و نووسین لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەییدا دەگرێت.

دەزانین، کە کوردستان خەریکی پێکەوەنانی قەوارەیەکی دیموکراتیانەیە، لە ڕێگەی هێزە دیموکراسی خوازەکانیەوە، فرە حیزبی و هەبوونی گروپ و ڕێکخراوی یاسایی خەریکە جێدەکەوێ. تایبەتی هەر وڵاتێکی دیموکراتیش ئەوەیە، کە ژمارەی دەستێوەردانەکان پتر دەبێ و دەسەڵاتی جەماوەری بەهۆی بەرژەوەندی گروپەکانەوە، ئەگەر یاسایەك نەبێ و سنوورەکان دیاری نەکات و ڕێگە بۆ مافی بەشداریکردنی جەماوەر لە دەستەڵات و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە خۆش نەکات، هێندێ جار لاواز دەکرێ.

ئێمە سێ پسپۆر لە بواری ڕاگەیاندن و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین، لە ڕوی باوەڕێکی نەتەوەیی و دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان و ماف و ئازادییەکانی ڕاگەیاندن، زوو هەستمان بە پێویستیی نووسین و داڕشتنی یاسایەکی نوێ و هاوچەرخ لەسەر ڕاگەیاندن کرد.

ئەم پرۆژەیە بەپێی یاسای چاپەمەنی وڵاتانی پێشکەوتو، ئازاد و دیموکراتی وەك: سوید، فەرەنسا، روسیا، بەریتانیا...هتد وە ڕەچاوکردنی ڕەوش و بارودۆخی کوردستان و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی حکومەتی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی داڕێژراوە.

تێبینی:

+ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەڕێز کاك عەدنان موفتی بۆ نووسینی ئەم پرۆژەیە هاوکاری و پشتگیری مەعنەوی لێکردووین، زۆر سوپاسی دەکەین.

+ وەزیری ڕۆشنبیری کاك فەلەکەدین کاکەیی بۆ پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی هاوکاری باشی کردووین. زۆر سوپاسی دەکەین.

د.مەغدید سەپان

د. رەزوان بادینی

د. رەحیم سورخی

هەولێر 26 - 5 - 2006 - (20 - 6 - 2007)

## بەشی یەكەم

# پێناسەكان و زاراوەكان

مادەی 1: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەیە، كەلە بەرامبەریان هاتووە لە دوتوێ ئەم یاسایەدا.

### یەكەم: ڕۆژنامەنووس

ئەم ناونیشانانەی خوارەوە بە ڕۆژنامەنووس دەژمێردرێ:

1 - نووسەری چاپەمەنی هەر كەسێك، كە بەشێوەیەكی پیشەیی بەكاری نووسین یان وەرگێڕان لە ڕۆژنامە یان گۆڤارەوە خەریك بێت.

2 - پەیامنێر: نوێنەری ڕۆژنامە، گۆڤار، ئاژانسی هەواڵ، رادیۆ و تەلەفزیۆن، بڵاوكراوەی ئەلیكترۆنی یان دامەزراوەیەك، ئەم سێ بووارەی خوارەوە دەگرێتەوە:

ا - پەیامنێری سیاسی: تایبەتمەندە بە بواری ڕامیاری و شیكردنەوەی ڕوداو و هەواڵەكان.

ب - پەیامنێری كاروباری كۆمەڵایەتی: تایبەتمەندە بە بوارەكانی ئابووری، یاسایی، هونەری، ڕۆشنبیری، فێركاری، ئەدەبی و وەرزشی...

ج - پەیامنێری وێنەگر: تایبەتمەندە بە كاری وێنەگرتن، یان فیلم هەڵگرتنەوە.

### دووەم: ڕۆژنامە

ڕۆژنامە بریتییە لە: ئەو بڵاوكراوانەی، كە بەشێوەی زنجیرەیی و بەدوای یەكدا، بەناونیشان و ڕێكەوتی دەرچوون و ژمارەی زنجیرەی دەرچوون و ناوی خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر و تیراژ، لە بوارە جۆرا و جۆرەكان دەردەچن بە بڵاوكراوە ئەلیكترۆنییەكانیشەوە.

### سێیەم: بڵاوكراوەكان

ئەمجۆرانە دەگرێتەوە

1 - ڕۆژنامەی ڕۆژانە:

هەفتەی بەلای كەم چوار ژمارەی لێدەربچێت.

2 - هەفتە نامە:

هەفتەی یەك ژمارەی لێدەربچێت.

3 - دوو هەفتە نامە:

هەر دوو هەفتە جارێك ژمارەیەکی لێدەربچێت.

4 - مانگانە:

مانگێ یەك ژمارەی لێدەربچێت.

5 - وەرزی:

سێ مانگ جارێك یەك ژمارەی لێدەربچێت.

6 - شەش مانگی:

شەش مانگ جارێك ژمارەیەکی لێدەربچێت.

7 - ساڵنامە:

ساڵێ یەك ژمارەی لێدەربچێت.

### چوارەم: بڵاوکراوەی پێریودی

دەرکراوەی "پێریود"ی بریتییە لە: ڕۆژنامە، بڵاوکراوە یان ئەو چاپکراوانەی بە ناونیشانێك بەلای کەم چوار جار لەکاتی جیا جیا بەژمارە و نووسراوێکی بەبەرگ لە ساڵێکدا دەربچێت.

پێنجەم: دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

هەر دەزگایەك تایبەت بێت بە چاپ و پەخش و ئەنجامدانی چالاکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

### شەشەم: میدیای ئەلیکترۆنی

هەموو جۆرە ئامێرەکانی تەکنیکی، کە بتواندرێ بەکار بهێندرێت وەك: شەپۆلی ئەلیکترۆنی و هەڵگری دەنگ بەهۆیەوە: نووسین، وێنە، فیلم، دەنگ، لە لایەنێکەوە بۆ لایەنی تر بگوازرێتەوە.

ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن لە هەرێم.

سەرۆك: سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن لە هەرێم.

وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

وەزیر: وەزیری ڕۆشنبیری.

## بەشی دووەم

# ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن

### یەکەم: پێکهێنانی ئەنجومەن

مادەی 2:

ئەنجومەن:

ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن دەزگایەکی سەربەخۆی پێکهاتووە، کار بۆ گەرەنتی ئازادی کاری ڕاگەیاندن و ڕێکخستن و ئەنجامدانی پێشبڕکێی ئازاد و ڕەوا لە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکا و بە سکاڵاکانی بواری ڕاگەیاندندا دەچێتەوە.

مادەی 3:

### دووەم: ئەرکەکانی ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن

1 - چاودێری کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن تا لەسنووری یاسا دەرنەچن وە چۆنایەتییەکی بەرز و هەمەجۆر بۆ بەرنامەکان و پێشوەبردنی بەرهەم لەسەر ئاستی هەرێم.

2 - پاراستنی زمان و فەرهەنگی کوردی و وە زمان و فەرهەنگی هەموو هاونیشتمانانی کوردستان.

3 - فۆرمولەکردنی پێشنیازەکان لەسەر ڕاگەیاندن بۆ پێشخستنی هەمە لایەنی.

4 - بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری لە ناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگا.

5 - ڕێگرتن لە هەموو جۆرە ڕەگەز پەرستی و توندڕەویی لە بواری ڕاگەیاندن لە کوردستان.

6 - پێشکەشەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر بواری ڕاگەیاندن بۆ سەرۆکی هەرێم و ڕێگەدان بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکان لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاشکرانەکردنی نهێنییەکان.

7 - ئەنجومەن دەبێت ساڵانە ڕادەی مووچە و هەقدەستی سەرنووسەران، گوتارنووسان، پەیامنێران و کارمەندانی دیکەی ڕاگەیاندن دیاری بکات، تاکو مافی هیچ ڕۆژنامەنووسێك پێشێل نەکرێت و ببێتە هاندەرێك بۆ چالاك کردنی ڕۆژنامەنووس لەکارەکەی خۆیدا.

### سێیەم: دارایی ئەنجومەن

1 - ئەنجومەن بودجەیەکی تایبەتی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەنجەمەنی نیشتمانی هەرێم بۆ دابین دەکرێ.

2 - ئەنجومەن بۆی هەیە پشت بە سەرچاوەی دارایی تر ببەستێت:

ا - وەرگرتنی ڕێژەیەکی پێویست لە داهاتی ڕێکلام و مافی پەخش و مۆڵەت وەرگرتن.

ب - وەرگرتنی یارمەتی لە رێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتییەکان، بە مەرجێك کار نەکاتە سەر شێوەی کارکردنی ئەنجومەن و لەدەستدانی سەربەخۆیی خۆی.

چوارەم: چۆنێتی پێکهاتنی ئەنجومەن

1 - ئەنجومەن لە نۆ ئەندام پێك دێ و بەڕاگەێندراوی فەرمی لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دادەمەزرێ.

2 - سێ لە ئەندامانی ئەنجومەن، لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشنیاز دەکرێن.

3 - سێ لە ئەندامانی ئەنجومەن، لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشنیاز دەکرێن.

4 - سێ لە ئەندامانی ئەنجومەن لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیاز دەکرێن.

5 - سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن، دەبێ بێلایەن بن و سەر بە هیچ حیزبێکی سیاسی نەبن، کە ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدابێت:

ا - ئەندامێکی داواکاری گشتی بەهەماهەنگی لەنێوان ئەنجومەنی دادوەری هەرێم و سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم دیاری دەکرێت.

ب - ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، کە بێلایەن بێ لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دیاری دەکرێت.

ج - ئەندامێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کە پلەی لە سەرنووسەر کەمتر نەبێت، بە هەماهەنگی لەنێوان وەزیر و ئەنجومەنی سەندیکا دیاری دەکرێت.

6 - هەموو ئەو ئەندامانەی لەلایەن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاز دەکرێن، بۆ ماوەی پێنج ساڵ دادەمەزرێن.

## پێنجەم: میکانیزمی کارکردنی ئەنجومەن

مادەی 4:

1 - ئەنجومەن لە یەکەمین دانیشتنیدا، لە هەر قۆناغێکدا لە نێوان خۆیاندا، دەستەیەکی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێرێ، کە پێکدێك لە: سەرۆك، دوو جێگر لەگەڵ دوو سکرتێر.

2 - دەستەی سەرۆکایەتی بەرپرسیارێتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و ڕاگەیاندنی ڕاو و بۆچوونی ئەنجومەن بەو شێوەیەی لەم یاسایەدا دێ لە ئەستۆ دەگرێت.

3 - دەستپێکردنی وتووێژ و گفتوگۆ، ڕاوەرگرتن و ڕاگەیاندنی ڕاو و بۆچوونی کۆتایی پێهێنانی دانیشتنەکە لە ئەستۆی سەرۆك دەبێت.

4 - کۆنووسی دانیشتنەکە لەلایەن سکرتێرەوە ئامادە دەکرێ و ئەرکی پاراستنی نهێنی دانیشتن و کۆبوونەوەکان و دەکومێنتەکانی دەکەوێتە ئەستۆ لەگەڵ پێڕاگەیاندنی ئەندامان بە دانیشتنەکان.

5 - کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، مانگێ جارێك لە ڕۆژی یەکشەمەی هەفتەی یەکەم لە کۆشکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوە دەچێت.

مادەی 5:

1 - کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە بەشداری دوو لەسەر سێی کۆی ئەندامان دەبەسترێ وە بڕیارەکانیش بە زۆرینەی ڕەها دەردەچن وە ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەو لایەی سەرۆکی ئەنجومەنی لەگەڵدایە پەسەند دەکرێ.

## شەشەم: مەرجەکانی دانانی ئەندامانی ئەنجومەن

مادەی 6:

1 - ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت شارەزایی باشیان لە ڕاگەیاندن لەهەردوو ڕووی تیۆری و پڕاکتیکی هەبێت و جگە لە زمانی کوردی، بەلای کەم زمانێکی دیکە باش بزانن.

2 - دوو لەسەر سێی ئەندامان دەبێ دەرچووی خوێندنی باڵای زانکۆ بن.

3 - ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت تەمەنیان لە 35 ساڵ کەمتر نەبێت و لە 63 ساڵیش زیاتر نەبێت.

4 - ناو و ناتۆرەی خراپیان لەسەر نەبێت، حوکم نەکرابن بە یەکێ لە تاوانەکانی لەکەدار بە شەڕەف (المخله بالشرف).

5 - لە هیچ ڕێکخراوێکی توندڕەو کاریان نەکردبێ ئەندام نەبن تێیدا.

## بەشی سێیەم

## ئازادی چاپەمەنی

مادەی 7:

1 - هەموو هاوڵاتییەکی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان، مافی نووسین و ئازادی ڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوەی بابەتە جۆراوجۆرەکانی هەیە.

2 - هیچ دەزگایەکی حکومی یان ئۆرگانێکی تر، لە پێش نووسین، یان کاتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکە، بۆی نییە، کۆسپ یان بەربەست بخاتە پێش بڵاوکراوەکە مەگەر دادگا حوکمی قەدەغە کردن و بڵاوکردنەوەی بۆ دەرکردبێت.

مادەی 8:

ڕۆژنامەکان مافی خۆیانە ڕاو و بۆچوون و هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و پێشنیازەکان و ڕوونکردنەوەی جەماوەر و بەرپرسانی حکومی بە پێرەوکردنی یاسا و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی بڵاو بکەنەوە.

مادەی 9:

ئەگەر بڵاوکراوەیەك دوای چاپ کردن و بڵاوکرانەوەی گومانی سوود وەرگرتنی خراپی لە ئازادی چاپەمەنی لێکرا، یان بۆ ئەم ئامانجەی سەرەوە کاری کردبێت، هیچ لایەنێك جگە لە دادگا بۆی نییە، خاوەن ئیمتیاز، سەرنووسەر، بەرپرسی لاپەڕە، نووسەری بابەتەکە بانگ بکات یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات و دەست بەسەرخۆی یان چاپکراوەکەیدا بگرێت.

## بەشی چوارەم

## مافی چاپەمەنییەکان

مادەی 10:

هیچ کاربەدەستێکی حکومی یان ناحکومی مافی ئەوەی نییە، کە بۆ چاپکردنی بابەت یان وتار، فشار بخاتە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن یان بیخاتە ژێر سانسۆر.

مادەی 11:

دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئازادن لە بڵاوکردنەوەی بابەت و زانیاریی و هەواڵی ناوخۆو دەرەوە، بەپێی یاسا وە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای کوردستانی.

مادەی 12:

1 - پێویستە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بڕیارە پەسەند کراوەکانی ئەنجومەن پەیڕەو بکەن.

2 - لەکاتی جێ بەجێ نەکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن، تەنیا دادگا دەتوانێت بۆ ماوەی دوو مانگ بە شێوەی کاتی بڕیاری ڕاگرتنی بدات و وەدەبێ دۆسیەکەی لەو ماوەیەدا بێنۆرەگرتن تاوتوێ بکرێ.

مادەی 13:

ئەگەر بڵاوکەرەوە بابەتێکی ڕاگەیاندنی بڵاوکردەوە و زانیاری نا دروستی تێدابوو، بەرانبەرەکەی یان یەکێك لە میراتگرانی بۆی هەیە ئەم بابەتە وەڵام بداتەوە، چ وەك هەواڵ یان وتار یان داوای ڕاستکردنەوەی بکات، بڵاوکەرەوە دەبێت ئەو وەڵامدانەوەیە یان ڕاستکردنەوەیە بە خۆرایی لەیەکەم ژمارەی داهاتوو

لەدوای وەرگرتنی وەڵامەکە لەهەمان شوێن و بەهەمان فۆنت بڵاوبکاتەوە.

مادەی 14:

مافی چاپکردن و کۆپیکردن و بڵاوکردنەوە پارێزراو دەبێت بۆ خاوەنی بەرهەم و کەس بۆی نییە بەرهەمەکە چاپکاتەوە یا دانەی لێزیاد بکات مەگەر رێگەپێدانی فەرمیی خاوەنەکەی لەسەر بێت و هەروەها زانیاری لەسەر شوێن و ساڵ بۆ دانە زیادکردنەکە تێدابێت.

## بەشی پێنجەم

## قەدەغە کراوەکان

مادەی 15:

یەکەم: ڕاگەیاندن ئازادە جیا لەم بابەتانەی خوارەوە نەبێت:

1 - ئەو بابەتانەی هاندانیان تێدابێت بۆ دووبەرەکی نانەوە لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتیش لە ڕووی نەژادی، نەتەوەیی، ئاینی.

2 - بڵاوکردنەوەی ئەو بابەت و وێنانەی هانی کرداری تیرۆریستی، تاوان دەدەن وە ڕێوشوێنی بۆ خۆش دەکەن و تین و توانای بۆ دابین دەکەن، وەیان جنێو و سوکایەتی کەسەکان، یان سوکایەتی بە دین و مەزهەبەکان و داب و نەریت و پێڕەو (سیستەم) ی گشتی و ئادابی گشتی کۆمەڵگەیان تێدابێت.

3 - دزیکردن لە ناوەڕۆکی باس و بڵاوکراوە (بە جۆرێك، کە بە ئەنقەست و بە مەبەستی تایبەت بەشێك یان تەواوی بەرهەم و نووسراوەی کەسانی تر بدرێتە پاڵ خۆ، یان کەسانی تر، تەنانەت ئەگەر بە وەرگێڕانیش بێت، بەبێ ئاماژەکردن بەسەرچاوە رەسەنەکەی.

4 - رێکلامی بازرگانی، کە رێکلام و پروپاگەندە بۆ جۆرەکانی خواردنەوەی ئەلکهول یان توتن و جگەرە دەکا.

5 - بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕوتی مرۆڤ بەهەردوو ڕەگەزەکەیەوە یان ئەو بابەتانەی کە کاریگەری خراپی لەسەر پەروەردەکردنی کۆمەڵگا هەیە.

6 - بڵاوکردنەوە و چاپ کردن و پەخشی هەر بابەتێك بەبێ ڕەزامەندی خاوەن مافی بەرهەم (نووسەر، وێنە، دەنگ، نەخشە، بەرنامەی ئەلیکترۆنی، کۆپی کردنی CD، فیلم، کاسێت...هتد).

7 - بڵاوکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنت و فەرمانی نهێنی سەربازی و نهێنییەکانی لەشکری یان نەخشەی قەڵاو پێگە لەشکریەکان لەکاتی شەڕ یان ئاشتیدا.

8 - بڵاوکردنەوەی دانیشتنەکانی نائاشکرای پەرلەمان و گفتوگۆی نائاشکرای دادگایی کردنی دادگاکان یان نهێنییەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان یان توێژینەوەی سەرچاوەی ئاسایش لە هەرێم.

9 - بڵاوکردنەوەی ئەو باسانەی، کە لەکەدارن یان نهێنی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستانی ئاشکرا دەکەن.

10 - بڵاوکردنەوەی ڕێکلام و پڕپاگەندەی هەڵبژاردنەکان لە کاتی قەدەغەکراویاندا.

11 - بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی سیاسەتی ئابوری هەرێم و بەرژەوەندییەکانی گشتی دەخەنە مەترسی.

12 - ئاشکراکردنی نامە، تەلەگرام یا ئەو جۆرە دەکومێنتانەی لە لایەن ئۆرگانەکانی حکومی بۆ پێداچوونەوە و چاك کردنی یا بۆ خوێندنەوەی نووسینەکە داندراون.

13 - بڵاوکردنەوە و چاپکردنی چاپەمەنییەکان و دەنگ و فیلم و وێنە و نامەی تایبەتی و یان هەر دەکومێنتێکی تر کە کەسێك دەیداتە دەزگایەك وەك ئەرشیڤ بۆ: پاراستن، چاك کردن، لێکۆڵینەوە و کارکردنی خوێندکاران لەسەری.

دووەم: هەموو ئەوکەسانەی زەرەر مەندن لەرووی مادی و مەعنەوی لە ئەنجامی پێشێلکردنی بڕگەکانی مادەی سەرەوە مافی بەرزکردنەوەی سکاڵایان هەیە لەبەردەم دادگاو داوای قەرەبووکردنەوە بکەن.

سێیەم: داواکاری گشتی تایبەتمەندەبە بەرزکردنەوەی سکاڵای گشتی و بەدواداچوونی لەبەردەم دادگا لە کاتی پێشێلکردنی بڕگەکانی ئەم یاسایە کە تایبەت بێت بە مافی گشتی.

مادەی 16:

هیچ کۆسپێك لەبەر هێنانی چاپکرا و بۆ کوردستان و بردنی بۆ دەرەوەی کوردستان نییە. تەنیا ئەوانە نەبێت، کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەن و لادەر دەکەوێتە بەر لێپرسینەوەی یاسایی بە هەردوو جۆرەکەی: شارستانی و سزایی.

مادەی17:

ئەم خاڵانەی خوارەوە بە لادان و سەرپێچی لە چاپ و بڵاوکردنەوە دادەنرێن:

1 - وەرنەگرتنی مۆڵەت لەلایەنی پەیوەندیدارەوە.

2 - هەڵوەشانەوەی مۆڵەت و ڕاگرتنی بە بڕیاری دادگا بە شێوەی کاتی یان کۆتایی.

3 - بڵاوکردنەوەی هەر بڵاوکراوەیەك کە لەگەڵ بڵاوکراوەیەکی هەبوو یان بڵاوکراوەیەکی تر لەیەك بچێ.

4 - بڵاوکردنەوەی هەر بڵاوکراوەیەك کە بەشێوەی کاتی یان کۆتایی ڕاگیرابێت و لە ڕوی ناونیشان و نەخشەسازییەوە لە بڵاوکراوەیەکی تر بچێت و ببێتە هۆی لێتێکچوونی وەرگر.

4 - هەر بڵاوکراوەیەك ناوی: خاوەن ئیمتیاز، سەرنووسەر، ناونیشانی دەزگا یان فەرمانگە یان کۆمپانیا و تیراژ یان چاپخانەکەی لەگەڵ نرخی بڵاوکراوەکەی لەسەر نەبێت.

5 - بۆهیچ ناوەندێکی بڵاوکردنەوە و چاپکردن و دابەشکردن و فرۆشتنی بڵاوکراوەکان، نییە، ئەو بڵاوکراوە و چاپکراوانەی لە لایەن دادگاوە ڕاگیراون یان هەڵوەشێندراونەتەوە، بڵاوبکەنەوە یان بیفرۆشن.

6 - هەر بڵاوکراوەیەك یان چاپەمەنییەك یان فیلم و وێنەیەك ئەگەر یەکێك لەو حاڵەتانەی تێدا بێتە دی

کەلە بڕگەکانی مادەی پانزە لەم یاسایە هاتووە، ئەوا دەزگای بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی بڵاوکراوەکان بەرپرسیار دەبن.

## بەشی شەشەم

## مەرجەکانی داواکار و مۆڵەت پێدانی

### مادەی 18:

چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان لەلایەن کەسانی مەدەنی یان حکومییەوە لە ناوەوە و لە دەرەوەی هەرێم بەسەرمایەی کوردستانی یان ڕێکخراوە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پاش وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەت ئازادە.

مادەی 19:

- خاوەنی ئیمتیاز دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

ا - مەرجی گشتی بۆ مۆڵەت پێدان بە چاپەمەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن

1 –لەژیاندا بێت.

2 - لێهاتوویی یاسایی هەبێت.

3 - دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

4 - تەمەنی لە 25 ساڵ کەمتر نەبێت.

5 - ناو و ناتۆرەی خراپی نەبێت، حوکم نەدرابێت بە تاوان یان کەتنێکی لەکەداری ناموسی.

6 - لانی کەم خوێندن و نووسین بەزمانی چاپکراوەکە یان دەزگای پێوەندیدار بزانێ.

7 - داواکاریی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت بکات.

ب - مەرجی تایبەت بە چاپەمەنی

1 - بڕی 1 ملیۆن دینار بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانە، حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار بۆهەفتانە، نیو ملیۆن دینار بۆ مانگانە دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ دوو هەفتەجارێك، بخاتە سەر کۆنتۆی ئەنجومەن.

2 - مۆڵەت بۆماوەی 3 ساڵە، لەکاتی نوێکردنەوەی نیوەی ئەو بڕە پارانە دەخرێتە کۆنتۆی ئەنجومەن.

3 - بڕی یەك ملیۆن دینار بۆ کردنەوەی نووسینگەی گۆڤار و ڕۆژنامە جیهانییەکان بۆ ماوەی 3 ساڵ وە نیوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ نوێکردنەوەی بدرێ.

مادەی 20:

ئەنجومەن دوای تاوتویێ کردنی دۆسیەی داواکار کەلە وەزارەتەوە بۆی بەرزدەکرێتەوە بۆچوونی خۆی بۆدیاریکردنی لێهاتوویی داواکار ( خاوەن ئیمتیاز) و بەڕێوەبردن بە وەزیر ڕادەگەێنێ.

مادەی 21:

ئەنجومەن ڕاستەوخۆ یان لەسەر داوای وەزیر یان داواکاری گشتی بەلادان و سەرپێچییەکانی بڵاوکراوەکاندا دەچێتەوە و ئەگەر دەرکەوت سەرپێچی مەرجە یاساییەکانی ئەم یاسایەیان کردووە، داوایەك پێشکەش بە دادگای شارستانی دەکا بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی و داخستنی نووسینگەکانی.

مادەی 22:

ئەنجومەن لەسەریەتی لە ماوەی یەك مانگ، لە کاتی وەرگرتنی داواکاری بۆ ئیمتیازی بڵاوکراوە، بە دۆسیەکەیدا بچێتەوە و ڕازی بوون یا ڕازی نەبوونی خۆی وێڕای ئاماژە کردن بە هۆیەکانی و بەڵگەکانی، بۆ بەڕێوەبردن بەوەزیر ڕابگەێنێ، وەزارەتیش لەسەریەتی لانی زۆری تا 15 ڕۆژ لە ڕێکەوتی ڕەزامەندی ئەنجومەن مۆڵەتی بڵاوکراوە بۆ داواکار دەربکات.

مادەی 23:

خاوەنی ئیمتیاز لە ماوەی 6 مانگ پاش دەرچوونی مۆڵەتەکەی لەلایەن وەزارەت دەبێت بڵاوکراوەکەی بڵاوبکاتەوە، ئەگەرنا دوای ئاگادارکردنەوەیەك و درێژکردنەوەی مۆڵەتەکەی بۆ ماوەی 15 ڕۆژی تر ئەگەر بیانوویەکی دڵنیاکەری نەبێت، مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

مادەی 24

دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لەسەریانە تیراژی کتێب یان توێژینەوە لەسەر کتێب و توێژینەوەکان چاپ بکەن و مانگانە تیراژی فرۆشتنی خۆیان بۆ وەزارەت بنێرن.

مادەی 25:

هەر ڕۆژنامە یان گۆڤارێك، دەبێت دەفتەری حیساباتی سەربەمۆری خۆی بەپێی یاسا هەبێت. هەموو خەرجی و داهاتی خۆی تێدا تۆمار بکات، پلانی ساڵانەی داهاتەکەی و هەزینەکەی بخاتە بەردەستی دەستەی چاودێری دارایی هەرێم، دەستەی چاودێریش هەرکات بە پێویستی بزانێت، دەفتەری ماڵی دامەزراوەکان تاوتوێ دەکا.

مادەی 26:

چاپخانەکان لەسەریانە هەر بڵاوکراوەیەك، کە چاپی دەکەن، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك 5 دانە لە ژمارەی بڵاوکراوەکە بە خۆڕایی بۆ ئەرشیڤی وەزارەت و 2 دانەشی بەخۆڕایی بۆ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی هەرێم بنێرن.

## بەشی حەوتەم

## دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

مادەی 27:

ا - مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەت

1 - داواکاریی مۆڵەت لەگەڵ پێڕەو و پرۆگرام پێشکەش بە وەزارەت دەکرێ .

2 - وەزارەت لە ماوەی دوو مانگ دەبێ وەڵام لەسەر دانی یان نەدانی بداتەوە.

3 - لەم داواکارییە دەبێ: ناو، ناوی کەس یان کۆمپانیا، ناونیشان، ژمارەی تەلەفۆن، ژمارەی فاکس لەگەڵ ناونیشانی ئەلێکترۆنی تێدا بێت.

4 - زانیاری تەواو لەسەر کەس یان دەزگای داواکاری مۆڵەت بەتەواوی نووسرابێت.

مۆڵەت بۆ ماوەی 2 ساڵ دەدرێ و سێ مانگ پێش تەواو بوونی، خاوەن مۆڵەت، بۆی هەیە سەرلەنوێ وەك جاری یەکەم داواکاری نوێکردنەوە بە نووسین پێشکەش بە وەزارەت بکات.

مادەی 28:

خاوەنی دەزگا دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێت:

1 – مەرجەکانی بڕگەی (ا) ی مادەی 19 ی ئەم یاسایەی تێدابێت.

2 - بڕی 5 ملیۆن دینار بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بخرێتە سەر کۆنتۆی ئەنجومەن.

3 - لانی کەم خوێندن و نووسین بە زمانی دەزگاکە بزانێ.

هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت لەم بوارانەی خوارەوە دەبێت:

1 - ئەگەر خاوەنی دەزگا بەنووسین داوای هەڵوەشانەوەی کرد.

2 - ئەگەر شەش مانگ بەسەر دانی مۆڵەت ڕەت بووبێت بێئەوەی هیچ دانەیەك لە بڵاوکراوەکە دەرچووبێت یان پەخشی بەرنامەی رادیۆ یان تەلەفزیۆن کرابێت.

مادەی 29:

دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی نووسەر بۆیان نییە بەرهەمەکانیان چاپ و بڵاوبکەنەوە یان بەرنامەی تەلەفزیۆن یان ئێزگەی رادیۆ پەخش بکەن.

## بەشی هەشتەم

## تاوانی چاپەمەنی

مادەی 30:

تاوانی ڕۆژنامەنووسیانە ئەو تاوانەیە، کە بەهۆی چاپ و هێنانی باسێك یان وێنەیەك لە بڵاوکراوەیەکدا بێتە ئاراوە.

مادەی31:

لەکاتی تاوتوێ کردنی تاوانی ڕۆژنامەنووسیانە لەلایەن دادگاوە پێویستە بە ئامادەبوونی ئەندامێکی ئەنجومەن ئەنجام بدرێ.

مادەی 32:

دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەن، بۆ تاوتوێ کردنی دۆسیەی تاوانی ڕۆژنامەنووسیانە، دادگا لانی کەم یەك هەفتە بەر لە ڕۆژی دادبینی، دەبێ ئەنجومەن بۆ ئامادەبوون ئەندامێکیان، ئاگادار بکاتەوە.

ئاشکراکردنی دۆسیە کەسییەکان

مادەی 33:

هەموو هاوڵاتییەکی کوردستان بۆی هەیە زانیاری لەسەر کێشە و بابەتەکان بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە وەربگرێت.

مادەی 34:

ئەو کەسەی ئارەزووی لە وەرگرتنی زانیاری تایبەت هەیە، مافی وەرگرتنی ئەم دەکومێنتانەی هەیە دوای وەرگرتنی ڕزامەندی لایەنی پەیوەندیدار.

مادەی35:

هیچ کەسێك مافی لێپێچینەوەی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بە دەکومێنتەکان یان بە پاڕاستنی دەکومێنتەکان نییە لەکاتی دانی زانیاری لەسەر ئەم دەکومێنتانە تەنها لەو کاتانە نەبێ، کە پێچەوانەی بڕگەکانی ئەم یاسایە بێت.

## بەشی نۆیەم

# مافەکانی ڕۆژنامەنووس

مادەی 36:

مافی خۆ ئاشکرا نەکردن

نووسەری نووسینی چاپکراو، ناچار نییە ناوی خۆی، نازناو یان ئیمزا لەسەر نووسینەکەی دابنێت.

مادەی 37:

ئەوەی نووسینەکەی وەرگرتووە یان چاپی کردووە یان بڵاوی کردۆتەوە بۆی نییە ناوی کەسی نووسەر، هێنەر، چاپکەر لای هیچ کەسێك ئاشکرا بکات تەنیا لە دادگا نەبێ.

مادەی 38:

حکومەت یا دەزگاکانی حکومی بۆیان نییە لێکۆڵینەوە لەسەر زانینی ناوی نووسەری بابەت و ڕەخنەکان بکەن، کە ڕەخنەکانیان ئاڕاستەی حکومەت و دەزگاکانی حکومی کردبێ، بە مەرجێ ڕەخنەکان لەسەر بنەمای دوور لە ڕاستی بێت.

مادەی 39:

ئەگەر بە بڕیاری دادگا یان بڕیاری ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن، بڵاوکراوەکە ڕاگیرا، خاوەنی ئیمتیاز لەسەریەتی ژیانی کارمەندانیان بۆ ماوەی شەش مانگ دابین بکات.

مادەی 40:

دەست درێژی کردنە سەر ڕۆژنامەنووسان بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیانەوە وەك دەست درێژی کردنە بۆ سەر فەرمانبەران لەکاتی دەوامی فەرمی.

بەشی دەیەم

# چاپەمەنی جار و بار (پێریودی)

مادەی 41:

خاوەنی بڵاوکراوەی پێریودی دەبێت بڕگەکانی مادەی 20 لەم یاسایەدا تێدا هاتبێتە دی، جگە لە بڕگەی 5 نەبێت.

مادەی 42:

هەموو بڵاوکراوەی پێریودی دەبێ خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری هەبێت.

مادەی 43:

نابێت دوو ڕۆژنامە یان گۆڤار یان هەر بڵاوکراوەیەکی دیکە بەهەمان ناو دەربچن.

مادەی 44:

مۆڵەتی دەرکردنی پێریودی بۆ ماوەی 3 ساڵ لە ڕۆژی دەرچوونیەوە دەست پێدەکا و بۆ نوێکردنەوەش پەیڕەوی هەمان مەرجەکانی دەرچوونی پێویستە.

مادەی 45:

هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت لەم بوارانەی خوارەوە دەبێت:

1 - ئەگەر خاوەنی ئیمتیاز بەنووسین داوای وەستانی بڵاوکراوەکەی بکات.

2 - ئەگەر شەش مانگ بەسەر دانی مۆڵەت ڕەت بووبێت بێئەوەی هیچ دانەیەك لە بڵاوکراوەکە دەرچووبێت.

## بەشی یازدەم

# ئێزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن

مادەی 46:

هەر هاوڵاتییەكی دانیشتوی كوردستان مافی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ دانانی تەلەفزیۆن یان ئێزگەی ڕادیۆی لە كوردستان هەیە بەمەرجێك:

1 – مەرجەكانی بڕگەی (ا) ی مادەی 19 ی ئەم یاسایەی تێدابێت.

2 - داواكارییەك بە نووسین پێشكەش بە وەزارەت بكات.

3 - لەم داواكارییە دەبێ: ناو، ناوی كەس یان كۆمپانیا، ناونیشان، ژمارەی تەلەفۆن، ژمارەی فاكس لەگەڵ ناونیشانی ئەلێكترۆنی تێدا بێت.

4 - زانیاری تەواو لەسەر كەس یان دەزگای داواكاری مۆڵەت بەتەواوی بنووسێت.

مۆڵەت بۆ ماوەی 3 ساڵ دەدرێ و سێ مانگ پێش تەواو بوونی، خاوەن مۆڵەت، بۆی هەیە سەرلەنوێ وەك جاری یەكەم داواكاری نوێكردنەوە بە نووسین پێشكەش بە وەزارەت بكات.

5 - بڕی دوو ملیۆن دینار بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی كەناڵی سەتەلایت و حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و رادیۆ، هەروەها بۆكردنەوەی نووسینگەی كەنالەجیهانییەكانیش 5 ملیۆن و 2ملیۆن دیناریش بۆ رادیۆ جیهانییەكان بخرێتە سەر كۆنتۆی ئەنجومەن.

6 - مۆڵەت بۆماوەی 3 ساڵە، لەكاتی نوێكردنەوەی نیوەی ئەو بڕە پارانە دەخرێتە كۆنتۆی ئەنجومەن.

مادەی 47:

مۆڵەت وەرگرتن بۆ پەخشی كەناڵی تەلەفزیۆن یان ئێزگەی ڕادیۆ بە كەسان دەدرێ.

مادەی 48:

دوای دەرچوونی ئەم یاسایە، نابێ هیچ كەناڵێكی تەلەفزیۆن ناوی حیزب هەڵبگرێت یان لە ژێر ئارمی حیزبەوە بەرنامەكانی پەخش بكات.

مادەی 49:

مەرجەكانی پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆن

مەرجەکانی پەخش دەبێت لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بێت:

1 - هەموو پرۆگرامەکانی بۆ هەموو ناوچەکانی هەرێم یان بۆ بەشێکی پەخش بکات.

2 - بەرنامەکان لەسەر بابەتی جیا جیا پەخش بکات.

3 - لە بەرنامەکاندا، پەیرەوی بنەماکانی دیموکراتی لە کوردستان بکرێت و رێز لە تاك بگیرێ و هێرش نەکرێتە سەر هیچ کەس و لایەنێك.

4 - ئەو ئاگاداریانەی لەلایەن حکومەتەوە بۆ هاولاتیان دەردەچن وە زانینیان بۆ هاولاتیان گرنگ بێ، دەبێت لە کاتی خۆی بەبێ بەرامبەر بلاو بکرێنەوە.

مادەی 50:

بلاوکردنەوە و پەخشکردنی بەرنامە ئازادە جیا لەم بابەتانەی خوارەوە نەبێت:

ا - هەموو ئەو بابەت و باس و وێنانەی کەلە برگەکانی مادەی 15 دا هاتوون کەلە قەدەغە کراوەکان دەژمێردرێن.

ب - هەموو فیلم و رێکلام و وێنە و بابەتەکانی هانی توندوتیژی و پیلان و بەدرەوشتی دەدەن.

مادەی 51

ئەو بەرنامانەی دەربارەی ژیانی رۆژانە ئامادە دەکرێن و لە تەلەفزیۆن پەخش دەکرێن، دیمەنەکان ناشازن و کار لە بینەرنی هەستیار دەکەن، پێش نیشاندانی دەبێ بە پارچەیەك مۆسیقا، نووسین و دەنگ، بینەری لێ ئاگادار بکرێتەوە. ئەم بەرنامانە نابێت پەخش بکرێن، ئەگەر بزانرێت بینەری منداڵ یان هەرزەکار سەیریان دەکا، ئەگەر هۆی تایبەتی نەبێت.

مادەی 52:

نابێت بیر لە سوود و بەرژەوەندی ئابووری بکرێتەوە لەو بەرنامانەی کە رێکلام نین.

رێکلام و ئاگادارییەکان

پێناسەی رێکلام

بەو ئاگادارییانە دەگوترێ کە پرۆپاگەندە بۆ بەرەواجکردنی بەرهەمو کالای کۆمپانیا یان کەس و لایەنی تایبەت دەکا بۆ گۆرینی ئاراستەی وەرگران بە قازانجی ئەوان.

مادەی 53:

ا: شێوە و کاتی رێکلامەکان

1 - پێش نیشاندانی رێکلام لەگەڵ کۆتایی نیشاندانی، دەبێت ئاگادارییەك نیشان بدرێت کە رێکلام لە بەرنامەکانی تر جیا بکاتەوە. ئەم ئاگادارییە دەبێت بە دەنگ و نووسین بێت.

2 - لەو فیلم و زنجیرانەی كە كاتی بڵاوكردنەوەیان لە چل و پێنج خولەك كەمترە نابێ ریكلام لەكاتی پەخشدا بڵاوبكرێتەوە.

3 - ئەو فیلم و زنجیرانەی كە كاتی بڵاوكردنەوەیان لە نێوان چل و پێنج تا هەشتاو نۆ خولەكە تەنیا یەك جار بۆیان هەیە ریكلامیان تێدا بڵاوبكرێتەوە.

4 - فیلمی سینەمایی كە كاتی بڵاوكردنەوەی لە نێوان نەوەد90 تا سەد و نۆ 109 خولەك دایە، دوو جار دەكرێ ریكلامی تێدا بڵاوبكرێتەوە.

5 - ئەو فیلمە سینەماییانەی لە سەد و دە110 خولەك درێژترن بۆیان هەیە سێ جار ریكلامیان تێدا بڵاوبكرێتەوە.

6 - دەبێ كاتی بڵاوكردنەوەكان لە هەر ناوبڕێكدا بۆ ریكلام لانی كەم بیست خولەكیان نێوان بێت.

7 - بڵاوكردنەوەی هەر جۆرە ئاگاداری و ریكلامێك لە بەرنامەی ئایینی و هەواڵی تەلەفزیۆنی و بەرنامەی منداڵان لە 45چل و پێنج خولەك كەمتر بێت قەدەغەیە.

8 - پەیامەكانی تایبەت بە خودی دەزگاكانی رادیۆ و تەلەفزیۆن و بەرهەمە پێوندیدارەكان بەم بەرنامانەوە و پەیامی رێكخراو و دەزگاكانی خزمەت گوزاری گشتی و بانگەوازە خێرخوازییەكان كە بەلاش بڵاودەكرێنەوە، بە ریكلام داناندرێن و بڵاوكردنەوەیان رەوایە.

9 - چاپی دانەی تایبەت بە ریكلامی رۆژنامەكان لە كاتێك دا رەوایە كە بارستایی ئاگاداری و ریكلامەكانیان زیاتر لە %30سی لە سەدای دانە تایبەتەكە پڕنەكاتەوە.

10 - ریكلام نابێت لە بەرنامەیەك لە 8 خولەك زیاتر داگیر بكات.

11 - ئەگەر بەرنامەكە كەمتر لە یەك كاتژمێر بێت، دەكرێ %10 ی بەرنامەكە بۆ ریكلام تەرخان بكرێت.

12 - ڕێژەی گشتی ریكلام لە بەرنامەی تەلەفزیۆن نابێت لە %10 ڕێژەی گشتی كاتی پەخشی بەرنامەكان زیاتر بگرێت.

ب: ناوەڕۆكی ریكلام

1 - ئەو كەسانەی رۆلی دیاریان لە پێشكەش كردنی دەنگ و باس یان لە نووسینی كۆمێنتاری (موحەللیل) ی سیاسی هەیە، نابێت بەشداری لە ئامادەكردن و پێشكەشكردنی ریكلام بكەن.

2 - سەرپەرشتی كردنی ریكلامی رادیۆ و تەلەفزیۆن لە لایەن ئەو بنكە و دەزگایانەوە كە چالاكی سەرەكیان بەرهەم هێنان، یان فرۆشتنی كاڵای وەك سیگار و توتون و ئەلكهولە قەدەغەیە.

3 - ریكلام لە بەرنامەی تەلەفزیۆن نابێ ئاڕاستەی منداڵ و مێر منداڵ لە ژێر تەمەنی 14 ساڵ بكرێ و ریكلام ئەوان لە دەورەی خۆی كۆ كاتەوە.

4 - بڵاوكردنەوەی ریكلام بۆ كاڵای بازرگانی لە رەوزە(باغچەی ساوایان)، قوتابخانە و خوێندنگەكانی

ناوەندی و دواناوەندی قەدەغەیە.

5 - پەخشی بەرنامەی رادیۆ و تەلەفزیۆن لە رێگەی سەتەلایتەوە بە پێی قانونی یەکێتی نەتەوەکان بێ و بڵاوکردنەوەی ڕاستەوخۆی رێکلامی بازرگانی لە رێگەی ئەم کەناڵانەوە دەبێ بە پێی رێکەوتنی تایبەتی نێوان وڵاتی بڵاوکەرەوە و وڵاتی وەرگری ئەو پەیامانە بێت. لەم بەرنامانەدا دەبێ:

ا - رێز لە دەسەڵاتی رەسمی و یەکسانی وڵاتان بگیرێ.

ب - دەبێ دەسەڵاتی ئازادی زانیاری رەچاو بکرێ.

ج - دەبێ جیاوازی نێوان قانونی نەتەوەیی وڵاتانی وەرگر رەچاو بکرێ.

6 - بنەماکانی رێکلام و پڕۆپاگەندەی بازرگانی دەبێ لەگەڵ سیاسەتی نەتەوەیی پێشکەوتن و گەشەکردنی نیشتمانی و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و کولتوریی یەك بگرێتەوە.

7 - بەکارهێنانی وێنە و نیشانی کاربەدەستانی بەرزی سیاسی و حکومی و وێنە و پەیکەرەی پێشەوایانی ئایینی و نەتەوەیی و کەسایەتییە مێژوییەکانی کوردستان لە رێکلام و ئەو بەرنامانەی کە بۆ مەبەستی فرۆشتنی کاڵا و سودی ماددی بێ، قەدەغەیە.

مادەی 54:

رێکلام نابێت ڕاستەوخۆ پاش تەواو بوونی بەرنامەی منداڵان لە تەمەنی14 ساڵ کەمتر یان پێش بەرنامەی ئەوان لە تەلەفزیۆن نیشان بدرێت.

بەدواداچوون و چاودێری کردن

مادەی 55:

پێویستە لەسەر کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ئێزگەکانی رادیۆ بەرنامەکانی خۆیان بە تۆمارکراوی بۆ ماوەی یەك مانگ لە ئەرشیڤی خۆیان بپارێزن.

مادەی 56:

ئەنجومەن سەرپەرشتی و چاودێری کار و بەرهەمەکانی پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیش دەکا.

مادەی 57:

داواکاری گشتی تایبەتمەندە بە سکاڵای گشتی لە دژی کەنالەکانی تەلەفزیۆن و ئێزگەکانی رادیۆ لەکاتی پێشێلکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە ئەگەر تایبەت بوو بە مافی گشتی.

مادەی 58:

مۆڵەت لەم بوارانەی خوارەوە هەڵدەوەشێتەوە:

1 - بەلەدەست دانی مەرجە یاساییەکان.

2 - ئەگەر لە ماوەی شەش مانگ، لە وەرگرتنی مۆڵەت بڵاوکردنەوەی هیچ بەرنامە لە کەنالی تەلەفزیۆن یان ئێزگەی رادیۆ پەخش نەکرابێت.

3 - ئەگەر سەلمێندرا بە پارەی دەوڵەتانی دەرەوە، بۆ پڕوپاگەندەی ناڕاست، دژ بە دانیشتوانی هەرێم دامەزراوە.

4 - لە رادیۆ و تەلەفزیۆن مۆڵەت هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەر خاوەنەکەی خۆی داوای بکات.

## بەشی دوازدەم

## بڵاوکراوەی ئێلیکترۆنی

مادەی 59:

1 - پێناسەی بڵاوکراوەی ئێلیکترۆنی:

بڵاوکراوەیەکە کە لە مەیدانێکی دیجیتاڵیدا وەك بڵاوکراوەی چاپی لە ئەنجامی کاری ڕۆژنامەنووسی بەرهەم دێ؛ بەشێوەی زنجیرەیی، بەناونیشانی چەسپاو، بەرێکەوت و ژمارەی زنجیرەیی دیاریکراو لەیەك یان چەند بواری سیاسی، ئابووری و رۆشنبیری.

2 - دانەی دیجیتاڵی بڵاوکراوە چاپییەکان کە مۆڵەتیان وەرگیراوە پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن نییە.

3 - بابەت و ناوەڕۆکەکانی بڵاوکراوەکە دەبێ لەگەل بواری بڵاوکراوەکە کە لە مۆڵەت نامەکەدا هاتووەبگونجێت و یەك بگرێتەوە.

4 - بڕگە و ئەحکامەکانی ئەم یاسایە لە مێدیای ئەلیکترۆنی پەیڕەو دەکرێت و بۆ هەر میدیایەکی دیکە کەلە داهاتووش دێە کایەوە.

مادەی 60:

بۆ پاڕاستنی سیستێمی گشتی و بەرژەوەندی نەتەوەیی، دەبێت ئازادی منداڵ و مێرمنداڵان لە مێدیای ئەلیکترۆنی بە پێی ئەم یاسایە سنووردار بکرێت.

## بەشی سێزدەهەم

مادەی 61

1 - یاسای چاپەمەنی ژمارە ...... ساڵی 1992 هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە.

2 - کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێ ئەگەر پێچەوانەی بەندەکانی ئەم یاسایە بێت.

3 - ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبجێ دەکرێ و لەڕۆژنامەی رەسمی هەرێم (وەقائعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا هیچ یاسایەکی سەربەخۆ بۆ ڕاگەیاندن نییە، کە گشت بوارەکانی ڕاگەیاندن بگرێتەوە، وەلەبەر ئەوەی یاسای چاپەمەنییەکانی کوردستان ژمارە (......) ساڵی 1992 وە هەموارکراو لە ساڵی 2002 زیاتر لە 15 ساڵ بەسەر دەرچوونی تێپەڕیوە. بە درێژایی ئەم ماوەیە، چەندەها گۆڕانکاری گرنگ لەبواری چاپەمەنییەکان و ڕاگەیاندن هاتۆتە ئاراوە. یاسای ناوبراو، وێڕای ئەوەی، کەموکوڕی تێدایە و تایبەتمەندە بە چاپەمەنییەکان، هیچ ئاماژەیەکیشی بە بوارەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لە دووتوێ یاسایەکە نەداوە. لەبەر هاتنەکایەی چەندەها هۆکاری تری ڕاگەیاندن و بەرەو پێشچوونی تەکنۆلۆژیا، کە گرنگترینیان سەتەلایت و بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانن، وە بۆ ئەوەی، یاسایەکی پوخت و گونجاومان هەبێت و لەگەڵ سەردەم و گۆڕانکارییەکان بگونجێت و بۆ وەدیهێنان و پیادەکردنی پرەنسیپی ئازادی لەم بوارە بەشێوەیەکی ڕەها و دوور لە سانسۆر و دەست تێوەردانی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن کاربکات. ئەنجومەنێکی باڵا بۆ ڕاگەیاندن لە کەسانی لێهاتو و بێلایەن لە هەرێمی کوردستان پێك بێت، کە سەرپەرشتی بواری ڕاگەیاندن بکات و ئازادی و ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و بەرژەوەندییە باڵایەکانی هەرێم لەبەر چاو بگرێ و خاوەنی بودجەیەکی سەربەخۆ بێت، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کارکردن و سەرپەرشتی کردنی ڕاگەیاندن. لەبەر هەموو ئەم هۆکارانەی سەرەوە ئەم یاسایە داندرا.

یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق

پشت بەستن بە حوکمی برگە (1)ی مادده (56) لە یاسای ژمارە (1)ی سالی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ژمارە (33) ڕۆژی 11/12/2007 بە هۆی ئیمزا نەکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، بە پێی بڕیاری ژمارە(1)ی سالی 2008 ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق، لە دانیشتنی ژمارە (4)یدا کە لە 22/9/2008 گرێدرا، بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەیدا:

## یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007

## یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان

## بەشی یەکەم

## پێناسەو پرەنسیپەکان

### ماددەی یەکەم:

بۆ مەبەستی ئەم یاسایە زاراوەکانی خوارەوە ماناکانیان لە بەرامبەردا هاتووە: -

یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

دووەم : سەندیکا : سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

سێیەم: نەقیب : نەقیبـی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

چوارەم: رۆژنامەگەری: پیشەی رۆژنامەگەرییە لە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا.

پێنجەم: ڕۆژنامەنووس: هەرکەسێك کە لەبواری رۆژنامەگەرییدا لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا کار دەکا.

شەشەم: ڕۆژنامە: هەر چاپکراوێك کە بە شێوەیەکی خولی و بە ناوێکی دیاریکراو و بە ژمارەی ڕیز بەندو بەرێکوپێکی دەربچێ و دابەش بکرێ.

ماددەی دووەم:

یەکەم: ڕۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەرنییە و ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستە بەرە، لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە تایبەتیەکانی تاکەکان و تایبەتمەندیی ژیانیان بەپێ ی یاسا و پابەند بوون بە ئیتیکی ڕۆژنامەگەری بەپێی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان (ساڵی 1954 هەموارکراو)

دووەم: ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەك کە بایەخی بۆ هاوڵاتیان هەبێ و پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتیەوە بێ وەدەست بێنێ بەپێ ی یاسا.

سێیەم: سەبارەت بەو داواکارییانەی دەخرێنە بەردەم دادگا ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە سەرچاوەی زانیاری، یان ئەو هەواڵانەی کە بەدەستیان دینێ نهێنیان بپارێزێ، مەگەر دادگای تایبەتمەند بە پێچەوانە بڕیار بدا.

چوارەم : هەر کەسێکی سروشتی یا مەعنەوی مافی خاوەندارێتیی ڕۆژنامەی هەیە و دەتوانێ بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەری بکا.

پێنجەم: ڕۆژنامە قەدەغە ناکرێ و دەستی بەسەردا ناگیرێ.

## بەشی دووەم

## مەرجەکانی دەرکردن ودەستبەرداربوون لە ڕۆژنامە

ماددەی سێیەم:

دەرکردنی ڕۆژنامە پێویستی بەم مەرج و ڕێکارانەی خوارەوە هەیە :

یەکەم: خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی ڕاگەیاندنێك لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەرێم بڵاوبکاتەوە، کە ناو و نازناو و ڕەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن ئیمتیاز یاخود، دامەزرێنەر و ناوی ڕۆژنامەکە وئەو زمانەی کە پێی بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵا ناوی سەرنووسەر وماوەی دەرچوونی تێدا

بنووسرێ. ڕاگەیاندنەکەش بە بەیانی دەرکردنی رۆژنامە دادەنرێ.

دووەم: دەشێ خاوەن هەر بەرژەوەندییەك لە دەرکردنی رۆژنامەکە ناڕازی بێ و بۆی هەیە لە ماوەی (30) رۆژ لە مێژووی بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنەکەوە لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە لە هەرێم بە سیفەتی پێداچوونەوە ناڕەزایی تۆمار بکات و بە پێچەوانەوەش دەرکردنی رۆژنامەکە بە پەسندکراو دادەنرێ.

سێیەم: پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی، بەیاننامەی دامەزراندن پێشکەش و لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان تۆماری بکا، لەگەڵ بەدەرخستنی سەرچاوەی ئەو لایەنەی داراییەکەی لێ دابین دەکا و سەندیکاش وەزارەتی رۆشنبیریی لێ ئاگادار بکاتەوە.

چوارەم: ئەو کەسەی کە نیازی دەرکردنی رۆژنامەی هەیە، دەبێ لە ڕووی یاساییەوە شایستەیی ( ئەهلیەت)ی تەواوی هەبێ.

پێنجەم: نابێ لە هەرێمدا دوو رۆژنامە بەیەك ناو دەربچن.

شەشەم: پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکە لە شوێنێکی دیاری رۆژنامەکە بەشێوەیەکی روون ناوی خۆی و سەرنووسەر و شوێن و مێژووی دەرچوونی رۆژنامەکە و ناوی ئەو چابخانەیەی کە لێی چاپ دەکرێ بڵاو بکاتەوەو ڕاگەیاندنێك لە هەر گۆڕانکارییەك، یان هەموارکردنێك لەسەر ناوەڕۆکی بەیانی دامەزراندن رووبدات لە ماوەی (30) سی رۆژ لە رێکەوتی گۆرانکارییەکە، یان هەموارکردنەکەدا بڵاوبکاتەوە.

## ماددەی چوارەم:

بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەر رۆژنامەیەك سەرنووسەرێکی دەبێ و سەرپەرشتیی ئەو بابەتانە دەکا کە تیایدا بڵاودەکرێنەوە: -

یەکەم: دەبێ ڕۆژنامەنووس بێ و زمانی رۆژنامەکە بەخوێندنەوەو نووسین بزانێ.

دووەم : سەرنووسەرو نووسەر بەرپرسیارێتیی مەدەنی و سزایی ئەو بابەتانەیان لە ئەستۆدایە کە بڵاو دەکرێنەوە، هەرچی خاوەن ئیمتیازە بەرپرسیارێتیی مەدەنی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر بەشداریی لە نووسینی رۆژنامەدا کرد ئەوا هەمان بەرپرسیارێتیی سەرنووسەر هەڵدەگرێ.

## ماددەی پێنجەم:

لەگەڵ رەچاو کردنی ئەو ڕێکارانەی کە دەقەکەیان لەم یاسایەدا هاتووە، خاوەن ئیمتیاز مافی ئەوەی هەیە

واز لە هەموو، یان هەندێك خاوەندارێتی خۆی بۆ کەسێکی دیکە بێنێ، بەمەرجێك وازهێنەر پێش (30) سی رۆژ لە مێژووی دیاریکراو لە وازهێنانەکەی ئاگادارییەك لە رۆژنامەیەکی رۆژانەدا بڵاوبکاتەوە.

## بەشی سێیەم

## وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوە

### ماددەی شەشەم:

یەکەم: ئەگەر رۆژنامە زانیاریی نادروستی بڵاوکردەوە، ئەوا ئەو کەسەی کە بابەتە بڵاوکراوەکەی پێ پەیوەستە، یاخود یەکێك لە میراتگرانی، یان ئەوەی لە رووی یاساییەوە جێگریەتی بۆی هەیە داوای ڕاستکردنەوەی بکا و وەڵامی هەواڵ، یان وتارەکە بداتەوە. پێویستە سەر نووسەریش ڕاستکردنەوە، یاخود وەڵامدانەوەکە لە یەکێك لە دوو ژمارەی دوای مێژووی گەیشتنی وەڵامەکە لە هەمان جێ و بە هەمان پیت و هەمان ئەو قەبارەیەی کە پێی بڵاو کراوەتەوە بڵاو بکاتەوە.

دووەم: پێویستە رۆژنامە وەڵامدانەوە یان ڕاستکردنەوە بڵاوبکاتەوە، بە پێچەوانەوە بە بڕێك پارە کە لە (1،000000) یەك ملیون دینار کەمترو لە (2.000000)دوو ملیون دیناریش پتر نەبێ غەرامە دەکرێ.

سێیەم: سەرنووسەر بۆی هەیە وەڵامدانەوەکە یان ئەو ڕاستکردنەوەیەی بە پێی بڕگەی یەکەم و دووەمی سەرەوە بۆی دێ لەم حاڵەتانەی خوارەوە بڵاونەکاتەوە:

ئەگەر رۆژنامەکە بەر لەگەیشتنی وەڵام، یان ڕاستکردنەوەکە، بابەتە بڵاوکراوەکەی بەشێوەیەکی وردو تەواو ڕاستکردبووەوە.

ئەگەر وەڵامدانەوە، یان ڕاستکردنەوەکە بە ناوێکی خوازراوەوە بێ، یان بە زمانێکی جیا لە زمانی بابەتە بڵاوکراوەکە نووسرابوو.

ئەگەر ناوەڕۆکی وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوە پێچەوانەی یاسا بێ.

ئەگەر وەڵامدانەوە، یان ڕاستکردنەوە دوای (90) نەوەد رۆژ لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ، یان وتارە وەڵامدراوەکە گەیشت.

## بەشی چوارەم

# ماف و ئیمتیازەکانی ڕۆژنامەنووس

### ماددەی حەوتەم:

یەکەم: ڕۆژنامەنووس سەربەخۆیە و لە بەجێهێنانی ئەرکە پیشەیەکەی هیچ دەستەڵاتێکی بەسەرەوە نییە جگە لە دەستەڵاتی یاسا.

دووەم: نابێ ئەو ڕاو بۆچوونەی کە لە لای ڕۆژنامەنووس دەردەچێ، یان ئەو زانیارییانەی کە بڵاویان دەکاتەوە ببنە هۆی تێکدانی باری ژیانی، یان زیان بەخۆی و مافەکانی بگەیەنێ.

سێیەم: ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکا، تەنها بەبڕیاری دادوەری نەبێ.

چوارەم: ڕۆژنامەنووس مافی ئامادە بوونی لە کۆنگرەو چالاکییە گشتییەکاندا هەیە.

پێنجەم: هەر کەسێکێك بەهۆی کارەکەیەوە سووکایەتی بە ڕۆژنامەنووس بکا، یان دەستدرێژیی بکاتە سەر ئەوا هەمان ئەو سزا یە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێك لە کاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە.

شەشەم: ئەگەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەو رۆژنامەیە روویدا کە ڕۆژنامەنووسەکە کاری تێدا دەکا، یان بارودۆخی گرێبەستییەکەی گۆڕا، ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە ئەو گرێبەستە یەك لایەنە هەڵبووەشێنێتەوە، بە مەرجێك(30) سی رۆژ پێش ئەو هەڵوەشاندنەوەیە ئاگاداری رۆژنامەکە بکاتەوە، بێ ئەوەی مافی ڕۆژنامەنووسەکە لە قەرەبوو کردنەوەدا بفەوتێ.

حەوتەم: پێویستە دەزگاکانی رۆژنامەگەری و بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەکان پابەندی هەموو ئەومافانە بن کە لە یاسا بەرکارەکان و گرێبەستی پەسندکراو لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕۆژنامەنووسان دیاریکراون.

هەشتەم: لە بارێکدا ئەگەر ڕۆژنامەنووس هەموو مۆڵەتە ئاساییەکانی، یان هەندێکیانی دوای کۆتایی ساڵی دارایی وەرنەگرتبوو، ئەوا ئەو پارەیەی پێدەدرێ کە دەیکەوێ بە مەرجێك لە مووچەی مانگێکی پتر نەبێ.

نۆیەم: لە کاتی تووشـــبوونی ڕۆژنامەنووس بە نەخۆشی وپێکان لە کاتی راپەڕاندنی ئەرکەکەی، یان لە پێناویدا ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کە کاری تێدا دەکا، خەرجی چارەسەر کردنی دەکەوێتە ئەستۆ.

دەیەم: ئەگەر ڕۆژنامەنووس لە رۆژانی پشووی فەرمیدا کاری کرد، پێویستە ئەو دەزگا رۆژنامەگەرییەی کاری تێدا دەکا قەرەبووی ماددی ئەو رۆژانەی بۆ بکاتەوە بە بڕی کرێی دوو رۆژ بۆ هەر رۆژێك.

## بەشی پێنجەم

## پشتەوانە (حەسانە)

### ماددەی هەشتەم:

یەکەم: لەکاتی گرتنەبەری رێکاری یاسایی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووس کە بەکارێك تۆمەتبار دەکرێ پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە، سەندیکای لێ ئاگادار دەکرێتەوە.

دووەم: نابێ لێکۆڵینەوە لەگەلأ ڕۆژنامەنووس بکرێ، یا شوێنی کارو ماڵەکەی بپشکنرێ لەبەر ئەو هۆیەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە مەگەر بە بڕیاری دادوەریی نەبێ  و نەقیب یان ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی جێی دەگرێتەوە بۆی هەیە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئامادەبێ.

سێیەم: لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی سزاییدا، نابێ دیکۆمێنت و زانیاری و بەیاننامەو پەڕاوگەکانی ڕۆژنامەنووس بە بەڵگەی تۆمەتبارکردن لە دژی بەکاربهێنرێ، تەنیا مەگەر پەیوەندییان بە بابەتی سکاڵای تۆمارکراو لە دژی ڕۆژنامەنووسەوە هەبێت.

چوارەم: نووسین و بلاوکردنەوە لەسەر کارەکانی فەرمانبەر یان کەسێکی ڕاسپێردراو بۆ خزمەتگوزاری گشتی یان، سیفەتی نوێنەرایەتی گشتی هەبێ تاوان نی یە  ئەگەر هاتو بلاوکردنەوەکە لە چوارچێوەی ئەرکی فەرمانبەری و خزمەتی گشتی و نوێنەرایەتی دەرنەچێ بەو مەرجەی بەلگەی سەلمێنەری دانە پالییان لەسەر هەبێ.

پێنجەم: نابێ دوای تێپەڕبوونی(90)نەوەد رۆژ لە مێژووی بڵاوکردنەوە هیچ جۆرە رێکارێکی یاسایی لە بەرامبەر ڕۆژنامەنووس بگیرێتەبەر.

### ماددەی نۆیەم:

یەکەم: ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر، بەبڕێك پارە غەرامە دەکرێن کە لە (1،000000) یەك ملیۆن دینار کەمتر و لە (5،000000 ) پێنج ملیۆن دینار پتر نەبێ. کاتێك یەکێك لەم خاڵانەی خوارەوەی بڵاوکردەوە: -

1 - چاندنی تۆی ڕق و کینەو لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵ.

2 - سوكایەتیكردن بە بیرو باوەڕە و ڕێ و ڕەسمە ئایینیەكان.

3 - سوكایەتیكردن بە سیمبول و پیرۆزییەكانی هەر ئایین و ئایینزایەك و لەكەداركردنیان.

4 - هەربابەتێك پەیوەندی بە نهێنیەكانی ژیانی تایبەتی تاكەوە هەبێ، هەر چەندە ڕاستیش بێ، بەڵام بڵاوكردنەوەی ببێتە هۆی لەكەداربوونی.

5 - جنێودان وتوانجی ناڕەواو ناوزڕاندن.

6 - هەر بابەتێك زیان بە رێكاری لێكۆڵینەوەو دادوەری بگەیەنێ تەنیا مەگەر دادگا رێگای بە بڵاوكردنەوەی دابێ.

7 - پێشێلكردنی پرەنسیپەكانی بەڵێننامەی (میپاق شرف)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی (1954)ی هەمواركراو كە پاشكۆی ئەم یاسایە.

دووەم: رۆژنامەی بڵاو كەرەوە بە برێك پارە غەرامە دەكرێت كە لە (5،000000) پێنج ملیۆن دینار كەمترو لە (20،000000) بیست ملیۆن دینار پتر نەبێت، ئەگەر یەكێك لەوانەی لە برگەی (یەكەم)دا هاتووە بڵاو كردەوە.

سێیەم: لەكاتی دووبارەكردنەوەدا دادگا بۆی هەیە سزا داراییەكەی زیاد بكا، بە مەرجێك لە دوو هێندەی پارەی سزاكە كە لە برگەكانی(یەكەم و دووەم)ی سەرەوەدا هاتوون پتر نەبێ.

چوارەم: داواكاری گشتی و زیان پێ گەیشتوو بۆیان هەیە بەپێی یاسا داوا تۆمار بكەن.

## ماددەی دەیەم:

حوكمەكانی ماددەی (نۆیەم) ئەو رۆژنامەو چاپكراوانە ناگرێتەوە كە بەمەبەستی زانستی تەواو لەلایەن دەزگا حكومی و زانكۆكان و سەنتەرەكانی تۆژینەوەی زانستی دەهێنرێن.

## ماددەی یازدەم:

هەر بابەتێك لەسەرچاوەكانی دەرەوەی هەرێم وەرگیرابێ یاخود وەرگێڕدرابێ لە بەرپرسیارێتیی تاوانەكانی بڵاوكردنەوە نابووردرێ.

## ماددەی دوازدەم:

كار بەهیچ دەقێك ناكرێ كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێ.

## (حوکمە کۆتاییەکان)

### ماددەی سیازدەم:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

### ماددەی چواردەم:

ئەم یاسایە، لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)ەوە جێبەجی دەکرێ.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**

### هۆیە پێویستەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

ئەمڕۆ رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگای کوردستانی و نێودەوڵەتدا گرنگیەکی زۆری هەیە و، ئاسۆییەکی فراوانی لە ئازادی لەبەردەمدایە و، ئەمەش وای خواستووە یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچێت تاکو کاری رۆژنامەگەری بە جۆرێکی وا رێك بخات کە لەگەڵ گیانی سەردەم و گەشەسەندنەکانیدا بگونجێ و وابکات هاووڵاتی ئاگاداری ڕاستیی رووداوەکان بێ و لە پێناو دابین کردنی پێداویستیەکانی ئازادی رۆژنامەگەری بە روونی و پیشەیی و دەربڕینی بیروبۆچوونەکان بۆ بەشداری کردنێکی کاریگەر لە دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی و رەخساندنی پرانسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئەم یاسایە دانرا.